دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدان ، الخلاني ، شەقام ، الجمهورية ،
بەغدا ص.پ ١٤١٤ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

● دوو شەممە ٢٨ تشرینی دووەم ژمارە ٣٩٨ ●

٨ لاپەڕە

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

٢٥ فلس

شۆڕشەکەمان ، ڕێزی گەل ئەگرێتەو سەربەرشتی دەسەڵاتی و هەڵسوکەوتی دیموکراتیانەی بەو جۆرە ئەکات هەڵی بنیاتنانی هاوولاتی نوێ ئەرەخسێنێ کەتوانای ئەوەی هەبێ بەرگەی لێپرسینەوەی تێکوشانی پاشە ڕۆژ بگرێ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی نوێ .

سەرۆکی فەرماندە | حەسەن البکر

● الاثنين ٢٨ تشرين الثاني العدد ٣٩٨ ●

هێزە پێشکەوتوخوازەکانی عەرەب وشۆڕشی فەلەستین دژی تاووتوکردنی سازاندن

کۆنفراسی سازاندن لە قاهیرە بیلانێکی تری ڕژێمە خۆبەدەستەوەدەرەکانە

هاوڕێ احمد حسن البکر بروسکەیەکی سوپاسنامەی لەسەرکردەکانی سۆڤیەتەوە پێ گەیشتوە

هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی و ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرۆکی کۆماری عیراق لەمەودوا بەهێزتر ئەبێ و لەسەر ئەو بنچینە چەسپیوە پەرە ئەسێنێ کە پەیمانی دۆستایەتی نێوان سۆڤیەت و عیراق بەچاکەی گەلی هەردووولاتو بەچاکەی تێکۆشان لەپێناو ئاشتی و ئاسایشی گەلانداا پێکی هێناوە .

ئەو دەرفەتە بەهەل ئەزانین بۆ دەربڕینی هیواو خواستمان بە تەندروستباشی بۆ شەخسی بەڕێزتان و بۆ هاوڕێیانتان ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشکەوتن و گەشەداری یەکی زیاتریش بۆ گەلەکەتان .

لیونێد بریژنێف
ئەلەکسی کۆسیگن

هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی و ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکۆماری بەڕێزی عیراق . ئەناخی دڵمانەوە سوپاستان ئەکەین بۆ ئەوپەڕۆزبایی یە جوانەو ئەو خواستانەی بەبۆنەی یادی بیرەوەری شەستەمینی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەرەوە دەرتان بڕیبوو ، هەمان بڕوامان هەیە کە پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری عیراق بەهێزتر بکات و بەرەو گەشەکردنی بەرفراوانتر و بەرەو بنچینەی چەسپاو بڕۆات .

بەڕێز صدام حسین پێشوازی جێگری سەرەک وەزیرانی تورکیاو وەزیری پەروەردەی موریتانیا ئەکات

دوێنێ نیوارە بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە مەکتەبی ڕەسمی خۆی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی پێشوازیی دکتۆر نجم الدین اربکان جێگری سەرەکی وەزیرانی تورکیاو وەفدەکەی لە گەلیایەتی کرد .
لە چاوپێکەوتنەکەدا باسی پەیوەندی دووقۆڵی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێو ڕێبازی بەهێزکردنو پەرەسەندنی کرا ، بەوەی کە بەرژەوەندی هەردوو گەلی عیراقو تورکیای بەرژەوەندی هەردوو گەلی عیراقو تورکیای لە چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێز عدنان حسین ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەخشەکێشانو هەنسوڕێنەری کاروباری تورکیا لە بەغدا ئامادەبوون .

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، دوێنێ نیوارە لە مەکتەبی ڕەسمی خۆی چاوی بە بەڕێز احمد ولد سیدی بابا وەزیری پەروەردەی موریتانیاو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی گەلی موریتانیا کەوت .

لەم چاو پێکەوتنەدا بەڕێز عبدالملك الیاسین جێگری وەزارەتی دەرەوە ئامادەبوو .

تایە عبدالکریم لەگەڵ وەزیری وزەی ئەندەنۆسیا کۆئەبێتەوە

دوێنێ بەڕێز تایە عبدالکریم ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ئەوت لەگەڵ دکتۆر محمد سادل وەزیری وزەو کانەکانی ئەندەنۆسیا گفتوگوی کردوەو گفتوگۆکانیان دەربارەی کونگرەی داهاتوی ڕێکخراوی ئوپێك بوە کە بریارە (٢٠)ی مانگی داهاتو لە کاراکاس ببەسترێ .

ئەم گفتوگویانە لە چوارچێوەی پەیوەندیی یەکانی وڵاتانی ئەندامی ئوپێکەدەربارەی دیاری کردنی هەڵوێستیان لە ڕووی نرخی نەوتەوە کە لە کونگرەکەدا باس ئەکرێ .

تەقینەوەیەك لە بەردەم بانقێکی زایونیزمەکاندا لە پاریس

ئیمڕۆ تەقینەوەیەکی بەهێز ڕووکاری بانقی (لومی) زایۆنی لە پاریس هەڵتەکاند .
سەرچاوەکانی پۆلیسی فەرەنسا ڕایانگەیاند کە ئەو ڕووداوە بووەتە هۆی تێك وپێك دانی گەلێ ئۆتۆمۆبیل و زیان گەیاندنێکی دارایی زۆر بەو خانووو بەرانەی لە دەوروبەرەی ڕووداوەکەبوون ، سەرچاوەکان بەنجەیان واکێشا کە ئەو تەقینەوەیە نارەزایی دەربڕینە بۆ سەر سەردانە سەر شۆڕانەکەی سادات بۆ فەلەستینی داگیرکراوکردی .

وەفدێکی ئەمەریکا سەر لە میسر ئەدات

بەیانی وەفدێکی ئەمەریکی بەسەردانێك لەمیسر کە چەند ڕۆژێك ئەخایەنێ ئەگاتە قاهیرەو لەسەردانەکەیدا لەگەڵ (عبدالمنعم القیسونی) جێگری سەرەك وەزیرانی ڕژێمی میسر بۆ کاروباری دارایی و ئابوری و لەگەڵ چەند کاربەدەستانێکی تری ئەو ڕژێمەدا سەبارەت بەهاوکاری ئابوری هەردولاوە گفتوگۆ ئەکەن .

پورتوگال لەگێژاوی تەنکوچەڵەمەی سیاسیدا

لشبۆنە ٢٧ ی تشرینی دووەم ـ ئا.د.ع ..

ئەو کۆسپو تەگەرانەی کە ئیمڕۆ لەبەینی سواریز سەرەك وەزیرانی ئیستای پورتەگالو نوێنەرانی حزبە بەرهەڵستەکان ڕوویداوە بۆتەهۆی ئەوەی حکوومەتی سواریز کە (١٦) مانگ حوکمڕەوای پورتوگال ئەکات بەرەو نەمان بڕوات .. چاولێکەرە سیاسیەکان لەو بڕوایەدان کە سواریز داوا لەکۆمەڵەی یاسادانان ئەکات کە لە ڕۆژی هەینی داهاتوودا باوەڕی خۆیان بەرانبەر حکوومەتەکەی دەربڕن وهیوای سواریزیش لە مەدا زۆر کەمە .

ئەم قۆرتەش کە سواریز تیا کەوتووە لە ناوەراستی مانگی داهاتوودا سەری هەڵدایەوە کاتێك کە داوای لە نوێنەرانی هەر سێ حزبە بەرهەڵستەکان کرد کە پشتگیریەکی بێ سنوور لە کۆمەڵەی یاسادان بدرێتێ بۆ نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی سیاسەتی حکوومەتەکەی کە سەرۆکایەتی ئەکات بێ ئەوەی لەم سیاسەتەدا دەستیان هەبێت .

ئەوبوو حزبی شیوعی پورتوگالی لە کاتی خۆیدا پشتگیری ئەم بیروڕایەی کردبوو بەڵام حزبی ناوەندی دیموکراتی کۆمەڵایەتی و حزبی دیموکراتی ناوەندی کۆتەویستەکان ئەم بیروڕایەیان قبوڵ نەکردوە . بەڵام سواریز بەوە قایل نەبووە کە داواکاری ئەوان جێبەجێ بکات و هەڕەشەی کردووە کە دەست لە حوکم ڕانەکێشێت ئەگەر بە تەنیا حزبەکەی حوکم ڕەوایی نەکات .

سەربازیکی ئرلەندەیی لەنزیك خانوویەکەوە کە کۆمەڵی چەکدار دەکەسیان نیا گرتوە دوای ڕفاندنیان لەسەرووی شاری دبلن .
وێنە بەرادیو تایبەت بە « ئا . د . ع »

داواکاری کارتەر لەسەرۆکی ڕژێمی سوریا !

پاریس ٢٧ تشرینی دووەم ئا.د.ع

جێگری کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا داوای لە حافظ اسدکرد کە لەو کۆنفرانسی سازاندنەدا کە بڕیارە هەفتەی ئایندە لەقاهیرە ببەسترێ بەشداری بکات .

ئەمە دووەم جارە لەماوەی دوو ڕۆژدا کە کارتەر داوای بەشداربوونی ئەم کۆنفرانسە لە اسد ئەکات ، چونکە پێشتر شەو داوای لێکردبوو کە ئەویش چاو لەسادات بکات و بەرەو فەلەستین بکەوێتەڕێ لەگەڵ کاربەدەستە زایۆنیەکاندا بکەوێتە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ .

کارتەر ، سەردانی خیانەتکارانەی ساداتی بۆ فەلەستینی داگیرکراو بە شتێکی باش باسکردبوو ووتبوی ئەم سەفەرە بوو بە هەنگاوێکی تر بەرەو چارەسەرکردنێکی سەرانسەری .

وەزیری دەرەوەی سادات کێیە ؟

دوێنێ سەرچاوەیەکی نیشتمانی میسر ڕای گەیاند کە بطرس غالی جێگری وەزیری دەرەوەی سادات لە خێزانێکە زۆر تاوانی دژی گەلی میسر کردوە ، باپیری بطرس غالی سەرۆك وەزیرانی سەردەمی عباس حلمی دووەم بوە لە ساڵی ١٨٩٩ دوای ڕێکەوتنی فەرەنساو بەریتانیا لە سودان لەگەڵ (کرومر) کە لەکاتی خۆیدا گەلی میسر ئەو ڕێکەوتنەی تاونا ڕێکەوتنی نەهامەتی . باوکیشی ـ بطرس غالی ـ سەرۆکی محکەمەی (دانشوای) بو کە ژمارەیەکی زۆر لە فەللاحەکانی میسر لەسێدارەدا چونکە دژی هیزەکانی بەریتانیا لە ١٩٠٦ وەستان .

گۆڤاری « فلسطین الثورة » : سەردانەکەی سادات شتێکی کەوتەپێشەوە

گۆڤاری (فلسطین الثورة) ڕووباتی کردەوە کە سەردانی انور الساداتی خیانەتکار لەفەلەستینی داگیرکراو ئەنجامێکی کوتومتی ئەوسیاسەتەیەتی کە لە ڕۆژی کارگرتنە دەستیەوە ڕەچاوی کردووە ، ئەو کارگرتنە دەستەی کە خۆی لەسیاسەتی لێدانی بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتیانەی میسر وهاوپەیمانی کردن لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆی وعەرەبی دا ئەینوێنێ .

گۆڤارەکە کە بەزمانی لیژنەی سیاسی شۆڕشی فەلەستینەوە قسەدەکاتە لەوتارێکی نارەزایی دا لەژمارەی حەفتانەی ئەمڕۆدا وتوویەتی ، ئەو سەردانە شتێکی کوتوپڕ نەبووە ، بەلکو ئەنجامی ئەوسیاسەتەیە کە سادات لەڕووکردنە ئەمەریکاو لێدانی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتو دەولەتە سۆشیالیستەکاندا ڕەچاوی کردووە .

هەروەها وتی ئەوەی لەسەرو ئەوەوە ڕووی داوە ئەوەیە کە پشتگیری هێڵی ئەو سیاسەتەی ئەمەریکا ئەکات کە ئەیەوێ ناوچەی عەرەبی لە جەنگی نیشتمانی شۆڕشگێڕانەوە بەرەو شەڕی کۆنەپەرستانەو شەڕی وزە لەبەربڕینی ناوخۆیی و کەرت کەرت بوونی ناوخۆ ڕووبێنێ وەرگێڕێ و زۆرانبازی یەناسەرەکی یەکان بتەقێنێتەوەو هاوولاتیان بکا بەتایەفەتایەفە .

ئەمەشی دووپات کردەوە کەهەموو ئەوکارانە بەتەنها سادات خۆی دروستی نەکردوون بەلکو هێزی تری عەرەبی دروستی کردوون کە لەداڕشتنی ئەو ڕێبازەداو لەقوولکردنەوەی و فرەوان ـ کردنیدا بەشداریان کردووە ، لەوهێزانە هێزی فەلەستینیش کە ملی داوەتە (ئاشتی) و سات و سەوداگەری قبوڵ کردووەو بەرگری لە ڕێبازی سادات کردووە .

تاوانێکی تری ڕەگەزپەرستان لە خواروی ئەفەریقا

هێزە پۆلیسیەکانی سەر بە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خواروی ئەفەریقا کەوتە تەقەکردن و بەکارهێنانی گازی فرمێسك ڕێژ بۆ بڵاوەپێکردنی ئەو ئەفەریقاییانەی لەناشتنی لاوێکدا بەشداریان کردبوو کە لە بەندیخانەی ڕژێمی ڕەگەزپەرستیدا مردبوو .

وە بە هۆی ئەو ڕووداوەوە کە لە نزیك جوهانسبورگەوە ڕووی دا دوو کەس بریندار بوو . کاربەدەستە ڕەگەزپەرستیەکان وایان نیشاندا کە ئەوڵاوە خۆی لەبەندیخانەدا خۆی لەناوبردووە ، بەڵام درندەیەتی ئەو کاربەدەستانەو ئەو شێوازە چەپەڵانەی بو نازاردانی هاوولاتیە ئەفەریقاییەکان لەبەندیخانەکانیادا پەنای ئەبەنە بەر ئەوە ئەسەلمێنێ کە بە کوشتن مردووە .

پیلانەکەی سادات هەروا بە ئاسانی تێ ناپەڕێت

● مصلح جلالی ●

ڕۆژی شەممە ١٩ـ١١ـ١٩٧٧ ڕۆژێکی ڕەشە ، ڕۆژی غەدرو جەورو ڕوو ڕەشی یە لە مێژووی خیانەتکردنی کەسانو تاقمە ڕوخاوە بەزیوەکاندا دژی ئەو نەتەوەو میللەتە دلێرانەی لە پێناو مافی ڕەوای نەتەوەیی و مرۆڤ پەروەری یاندا تێ ئەکۆشن .

لەم ڕۆژەدا ساداتی خاین گەشتێکی شومی بۆ خاکی داگیرکراوکردو خۆی گێل کرد لە ئاقار خوێنی گەشی دە هەزاران خەباتگێڕی عەرەبو سەربازانی شەهید ... ئەوانەی لە پێناوی مەسەلەی فەلەستینو لەپێناوی نیشتانی گەورەدا قوربانییان بە خوێنی گەش و گیانیاندا . خۆی لە سی ی ساڵی ڕەبەقی فیداکاریی و خەباتی نەتەوەی عەرەب گێل کرد ، بۆ ئەوەی نەخشەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو زایۆنیزمی جیهانی جێبەجێ بکات لە نێو تەوژمو گوڕی نارەزایی دەربڕینی میللیو تورەبوونی توندوتیژی جەماوەردا کە ئەمەش تەنیا عەرەبەکانی نەگرتەوە بەلکو ڕای گشتی جیهانو بزوتنەوە نیشتمانیو پێشکەوتنخوازەکانی گرتبوەوە لە ئاسیاو ئەفەریقاو ئەوروپاو ئەمەریکادا .. هتد . خۆپێشاندانو مانگرتنو بروسکەی نارەزایی دەربڕینو سوتاندنی ئاڵای میسر بەلکەو نیشانی ئەم نارەزایی دەربڕینو تورەبوونە بوون دژی ئەم گەشتە ڕوو ڕەشە ، گەشتی سەر شۆڕیی و خۆ بەدەستەوە دان .

ساداتی خاین لەم گەشتە بێ شەرمەیدا تەنیا نوێنەری تاقمە کۆنە بنەکەی چارەسەری خۆبەدەستەوەدانو سازدانو کۆنەپەرستانی عەرەبە وەك حافظ اسدو کاربەدەستە خاینەکانی تر کە هەموو پەیوەندیی یەکیان لە گەڵ نەتەوەی تێکۆشەری عەرەبدا پچڕاندوە ، دوای ئەوەی نکولیان لە هەموو نیشانو دیاردەکانی سەربەرزیی و کەرامەتی نەتەوەیی کرد . جا بۆیە ئەمانە لەوە بەولاوە کە تەنیا نوێنەری خۆیانو

بڕوانە ل ٧

بزوتنەوەکە ئەوەی ڕاگەیاندوە کە هەڵویستی توندو بەرپەچدانەوەی ئەو هەنگاوە گومان لێکراوەمان ئەبێ .

سادات لە قسەکردنێکدا بۆ تەلەفزیۆنی ئەمەریکا ، ووتی کەوا هیچ بەلایەوە گرنگ نیە کە جارێکی تر بچێتەوە بۆ قدس بۆ هەمان مەبەست لەم قسەکردنەدا سادات زۆری بەشانو باهووی ئەمەریکادا هەڵدا بۆ ئەو دەوری کە لەپێناوی سازاندنی خوبەدەستەوەدارانەی نێوان ڕژێمەکانی سازاندنو دوژمندا بینیوی سەردانەکەی فەلەستینی داگیرکراوی هیچ لەم دەورەی کەم نەکردەوتەوە وئەوەی کە لە (٢٧) ڕۆژی ڕابردوودا ڕووی دا ئەوە دەردەخا کە ئەو ڕاستی دەکرد کە دەیگوت سەدی نەوەدی کاغزەکان بەدەستی ئەمەریکاوەن .

لەلایەکی ترەوە بەگوێرەی هەواڵەکان ، وەزیری دەرەوەی میسر ئیستا خەریکی بانگکردنی ئەو لایەنانەیە کە بەیوەندیان بە مەسەلەکەوە هەیە تا ڕۆژی شەمەی ئایندە بێن بۆ قاهیرەو دەستبکەن بە قسەو گفتوگۆی ڕێ پاککەری بۆ کۆنفرانسی خۆبەدەستەوەدانی جنێف ولەمبارەیەوە نوێنەرانی ئەولایەنانە لە قاهیرە بانگ دەکرێن و مەسەلەکەیان بۆ ڕادەگەیەنرێ ، بەڵام وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە دەبێ . هەندێ لەپیاو ماقوڵانی ڕۆخی ڕۆژئاواو غەزەش بانگ دەکرێن بۆ ئەم مەبەستە .

بێری شەویش لەبەیاننامە-

بڕوانە ل ٧

Institut kurde de Paris

هەموو عەرەب و گەلانی جیهان دژی «سادات» و سەردانەبێ ئابروانەکەی ین

لەماوەی ئەم هەفتەی رابوردووەدا بێ ئابروانەترین کردەوە لەلایەن سەرۆکی رژێمی میسرەوە (ئەنوەر السادات)ەوە رووبدا ئەویش، زیارەتە بێشەرمانەکەی بوو بۆ فەلەستینی زەوتکراو ، ودرێژکردنی دەستی ئاشتی ، بۆ دوژمنە دێرینە مێژووییەکەی ئەتەوەی عەرەب کە ژاپونیەتو قەوارە بە زور سەپێراوەکەی یەتی لەناوچەرکەی خاکی عەرەبدا ٠

لەگەڵ ئەوەی هەموو کۆنەپەرستی عەرەب ، هەر لە شا حەسنی مەغریبەوە تارژێمی خوێناوی ئەردەنو سودانو سوڵتان قابوسی عومان ، پشتی گرتو داوایان لەگەلانی عەرەبکرد پەلەنەکەن !! و چاوەڕێی ئەنجامی پڕ خیرو بەرەکەتی ! ئەم کردەوە بێشەرمانەی خایەنی ئەتەوەی عەرەب (سادات) بکەن بەلام هەموو ئەتەوەی عەرەب بەرپەچی ئەم خیانەتە ئاشکراو بێ ئابروانەی دایەوە ، ئەوەبو حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست سەرکردەی ئەتەوایەتی ، هەر گورج بەیانە مێژووییەکەی دەرکرد و سادات و هەموو ئەوانەی بەخیانەت تاوانبارکرد کەدەست بۆزایونی دوژمن درێژ ئەکەن ، هەروەها هەموو عیراق لەداخو قیندا ئەکولا چەند خۆدەرخستنی جەماوەریان کرد ، هەروەها لە لیبیاو یەمەنی خوارروو جەزایرو لبنان ٠٠ هەموو هێزە سیاسی یە سەرەکی یەکان بەتوندی بێزاری خۆیان دەربڕی لیبیا پاش بڕینی پەیوەندی دبلوماسی دەستی کرد بەراوێژ کردن لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی عەرەب بۆیەکخستنی هەلوێستیان دژی ئەم سەردانەو ، عبدالسلام جلود سەرەکی وەزیران گوتی هەموو شتێك ئەکەین بۆ پوچەل کردنەوەی ئەم کردەوە ناپەسندە ٠٠

هەروەها سەرۆکی جەزایر (هواری بومدین) گوتی : سادات ، بەم کردەوەیەی لەهەموو سنوورێك دەرچوو ، وە گەلی جەزایر ئەمەی زۆر لەلا سەیر بوو وە بەتوندی بێزاری خۆی دەربڕی ٠

لەمیسر ، سەرەڕای ئەو هەموو توندو تیژیەی پولیسو مەباحسی ساداتو گرتن و راونانی نیشتمان پەروەرەکان ٠٠ قوتابیەکانی زانکۆی اسکندریە خۆدەرخستنیکی گەورەیان کرد دژی ئەم خیانەتە ، هەروەها یانەی سۆشیالزم بەیاننامەیەکی دەرکرد دژی ئەم سەردانە شوومە وە خالد محی الدین سەرۆکی چەپرەوەکان ، بەئاشکرا نارەزایی حزبەکەی لەم کردەوە خۆبەدەستەوەدانە دەربڕی ٠٠ وە لە مەغریب حزبی پێشکەوتن وسوشیالزم وحزبی سەربەخۆیی بەتوندی دژی ئەم کردەوە بێ ئابروانە وەستانو گوتیان ئەمە هەلکەرانەوەیەکی ئاشکرایە لە ئاواتی گشتی ئەتەوەی عەرەب ٠

وە لەلبنان سەرۆکی هێزم نیشتمانیەکان ولید جنبلاطو سەرۆکی حزبی سوری ئەتەوەیەتی عبدالله سعادە بێزاری خۆیان دەربڕی وە (هانی حسن) راوێژکاری یاسر عرفات گوتی ئێمە لەم کردەوە بێ ئابروانەیە بۆ بەختی ڕەشی خۆمان ئاگرین ، بەلکو بە پشتی گەلەکەمانو خواستی قارەمانانەی و بارەمەتی هەموو وولاتانی سوسیالزمو پێشکەوتن خوازو گەلەکی گوللەو بارود دروست ئەکەینو رێگا چەند دۆزاریی بەزەبری چەك و خوێن سەرکەوتن وەدەست ئەهێنین ٠

یەکێتی نووسەرانی لیبیا لە بەیاننامەیەکدا دەڵێ: لە ئەمڕۆوە سادات یەکیکە لە دوژمنە خاینەکانی ئەتەوەی عەرەب وە ڕۆژنامەی (المجاهد)ی جەزایری دەڵی : سادات بە چ هەقێك خۆی کردوە بە دەمراستی گەلی فەلەستینو ئەتەوەی عەرەب ، لەوکاتەی هەموو گەلانی عەرەب دژی سەردانە بێ ئابروانەکەین وە لە ئەردەن ، پیاوە ناسراوەکانو هێزە نیشتمان پەروەرەکان بەیاننامەیەکیان دەرکرد بەتوندی دژی ئەم کردەوە بێشەرمانە بوون ٠ وە لە تونس ڕۆژنامەی (بلادی) نووسی سادات بە چ رووییەکەوە دەستی خستە ناو دەستی دوژمنەکانی گەلەکەی هەروەها زوربەی ئەو میسریانەی لەوولاتانی عەرەب ئەژین ، بێزاری خۆیان دەربڕی و دەریان خست کە گەلی میسر دژی ئەم خیانەتەیە ٠

ئەمانەی گشتی رێکخراوی سوشیالیستەکان وپێشکەوتنخوازەکانی ناوچەی دەریای سپی ناوەراست بەیاننامەیەکی دژی ئەم کردارە سەرشۆڕانەیە دەرکردو گوتی ئەمەش ئەلقەیەکە لەزنجیرە بیلانێکی ئیستعمار دژی گەلان وە لەنیویورك یەکێتی رێکخراوەکانی عەرەبە ئاوارەکانی هەردوو ئەمەریکا کە ملیونو نیوێك ئەندامی هەیە ، داوای کرد کە سادات استقالە بکات چونکە ئێستا ئەو ناتوانی خواستی گەلی میسر بنوێنی ٠

میشیل کاملو محمد امین عالم دوو نیشتمان پەروەری میسری ئاوارەن لەپاریس بەناوی هەموو ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکانەوە ، بێزاری خۆیان دەربڕیو داوایان لەهەموو هێزە شورشگێرەکانی عەرەب کرد کە خۆیان بەزووترین کات یەك بخەن دژی ئەم بیلانە چەپەڵە ٠٠

لەکویت ڕۆژنامەی (الرای العام)و (الوطن) هەردووکیان بەتوندی هێرش دەبەنەسەر هەنگاوە سەرشۆڕانەکەی سادات و دەڵین ئەمە وازهێنانە لەخەباتی نیوسەدە بۆ ئازاد کردنی خاکی عەرەبی داگیرکراو ٠٠

لە جیورج حبش سەرۆکی ڕێکخراوی بەرەی ئیسلامی ڕزگارکەری فەلەستین گوتی ئەم کردەوەیە دەری خست کە ڕێگای ڕزگاربوون خەباتی چەکدارو جەنگی ڕزگارکردنی میللی درێژخایەنە ٠٠

لە عدن ڕێکخراوە جەماوەریەکان بەیاننامەیەکیان دەرکردو گوتیان ئەمەش ئەلقەیەکە لەپیلانی ئیمپریالزمی ئەمەریکا بۆ پاراستنی پەروەردەی ئەوتیەکانی لە هەموو وڵاتی عەرەبدا ، بەلام



، ئەم بۆستەرە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا بڵاویان کردۆتەوەو گاڵتە بەسادات ئەکات کە ڕێزونرخی خۆی فرۆشت بەزایونیەکانو ئەمەریکا ئەمەیە ڕوویەکی نوێی بەکرێ گیراوێکی نوێیە ٠

مێژووی خەباتی گەلان دەری خستوە ، هەر سەرکەوتن بۆ میللەتانە ٠

جیهانی ئازادی ، جیهانی سوشیالزمو پێشکەوتنخواز لەگەڵمانە دژی کردەوە سەرشۆڕانەکەی سادات

ڕادیوو ڕۆژنامەکانی سوفیات ئەوەیان ڕوون کردەوە کە سادات بەمە ڕێزەکانی نەتەوەی عەرەبی تێکداو وازی لە ڕێکخراوی ئازادکەری فەلەستین هێنا ٠٠ ڕۆژنامەکانی فەرەنساو بەریتانیاو ئەمەریکا پێشتر لەدەستی هێزەیان بردە سەر ئەم کردەوەیەی سادات کەبوو بەهۆی لاوازکردنی بەرەی گەلانی عەرەبو هاندانی زایونیە دەست درێژەکان کە ئانێستا بوردومانی جنوبی لبنان ئەکەنو خەلك زیاتر ئەکوژن ٠٠

هەروەها ڕۆژنامەی (لیبراسیونی) چەپەکی فەرەنسی گوتی : سادات یەکەم مەسەلەی نەتەوەی عەرەبی فرۆشت ٠٠

ڕۆژنامەی (لوروج) گوتی سادات بەرەسمی دانی نا بە ئیسرائیلدا ، کەچی نەیویرا تەنانەت ناوی ڕێکخراوی ئازادکەری فەلەستین بهێنێ ٠

ڕۆژنامەکانی فەرەنسا بەیاننامەی ڕۆشنبیرەکانی میسریان لەفەرەنسا بڵاوکردەوە کەدەریان خست ، هێشتا لەمێژوودا ڕووی نەداوە سەرۆکی دەوڵەتێك بچێت جۆك دابدات لای دوژمنەکەی بۆ داواکردنی ئاشتی ئەمە خۆ بەدەستەوەدانو ترسنۆکی نەبی هیچی تر نیە ٠٠

ڕۆژنامەی (فیان دانی) فیتنامی نوسی دەڵی ئەو ڕێگایەی دەچێ بۆ خاکی قدسی پیرۆز ، ڕێگای خەباتی بێ پرانەوەیە تاسەرکەوتن ئاژانسی تاسی سوفیتی بڵاوی کردەوە کەوا عەرەبەکانی خاکی داگیرکراو عەمەو نارەزاو بێزار بوون لەم سەردانە ٠

خەریتەی سیاسی

یونان لە ئاوینەی هەڵبژاردنی دووهەمی پرلەماندا

یونان ، دەوڵەتە دێرینەکەی بالقانو لانکەی شارستانیەت پاش ڕزگاربوونی لەدیکتاتوریەتی سەربازەکان دووەم هەڵبژاردنی - پاش هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٧٤ - کرد پێش هاتنی کاتی دەست نیشان کراوی خۆی کە ساڵی (١٩٧٨)ە دیارە مەبەس (کارامنلیس) ئەوە بوو گورج بچێتە ئەم هەڵبژاردنەوە ، پێش ئەوەی نرخی شتومەك گران بکات کە ئەمە ئەبێتە هۆی کەم بوونەوەی دەنگ بۆ حزبەکەی ، هەروەها سوودی بینیوە لە ترس و لەرزی خەلك لە کردەوە تۆقێنەرەکانی تاقمە (چەپرەوە)کانی ناوخۆو ئەوروپا ، تاکو دەنگ دەرەکان وا لێ بکات دەنگی بدەنی بەناوی ئەوەی ڕزگاریان بکات لە تۆقاندن ٠

حەوت پارتی لەم هەڵبژاردنەدا بەربەرەکانێ ئەکەن ٠٠ یەکەمیان پارتی دیموکراتی تازە بەسەرۆکایەتی (کارامنلیس) سەرەك وەزیران کە لەلایەن ئەمەریکاوە پشتی ئەگیرێ نزیکەی ٤٣٪ دەنگی وەرگرت (١٧٥) کورسی ، پاش ئەوەی لەهەڵبژاردنی ١٩٧٤ ٥٤٪ دەنگی وەرگرت - وە (٣٥) کورسی دۆڕاند ٠٠

دووهەم بزوتنەوەی سوشیالزم ٢٥٪ دەنگی وەرگرت (٨٨ کورسی) ، سێهەم یەکێتی ناوەراستەکان کەلە ١٣٪ دەنگیان وەرگرت (١٦) کورسی ، چوار هەم پارتی کومیونیست کە لە ١٢٪ دەنگیان وەرگرت (١١ کورسی) ، هێزەکانی تریش یەکی ٢ کورسی و ٣ کورسیان وەرگرتوە ٠

بەمجۆزە بزوتنەوەی سوشیالزم و کومیونستەکام و هاڤالەکانیان بەرەیەکی بەهێز پیکەوە ئەنین لەدووهەم بارلەمانی یونانداا ، کە ئەیانەوی بێ لایەن بێ و دووربێ لەکێشەکانی (ناتۆ) ٠

لینکزلینە وەی سیاسی

دۆنکیشوتی سیاسەتی عەرەبی ، أنور السادات

ناتوانێ گەلانی عەرەب لاس بدات و هەڵبخەلەتێنێ ، چونکە مام دۆنکیشۆتی ڕەحمەتی هەرچەندە کە ئەو ، نیازو ئامانجەکانی پاکو بێ گەردبوو بەلام شێوەو چەکەکانی ، کۆنو یەك کەوتەبوو لەبەر ئەوە ، بوو بە گاڵتە جاڕی هەموو مێژووی ڕۆشنبیری مرۆڤ ، بێ گومان أنور الساداتی کڵول گەلێك لە دۆنکیشۆت بەد بەختتر ئەبێ چونکە ئەم نەك تەنها چەکو شێوەکانی کۆنو ڕزیوە بەڵکو نیازو ئامانجەکانیشی گڵاوو بۆگەنن و هەموو گەلانی عەرەب و جیهان دەزانن خەریکی چ جۆرە گەمەیەکە لەم ئاوچەیەدا ٠٠٠

ئیمپریالزمی جیهان بە تایبەتی ، ئیمپریالزمی ئەمەریکا پاش تێشکانەکانی لە فیتنام و ڕۆژهەلاتی خواروی ئاسیاو لە ناوەراستی ئەفەریقا ، لە ئەنگولاو مۆزەمبیق ، سەرەڕای ئەو تەنگوچەلەمە ئابوریەی کە تا بیناقاقای هاتوە ، تووشی تەنگوچەلەمەی سیاسی بووە ، و ئابروچوونەکەی (ووترگیت) و کردەوە بێشەرمە درندانەکانی (سیا)ش بە یەکجاری وای لە ئیمپریالزمی ئەنگیونراوکرد ، کە دەست بکات بە پەلە قاژێو هێرش بردنی تازە ، ئەوەبو پاش سەرخستنی (کارتەر) دەست کرا بە هەرەشەو گورەشە لە هەموو ئاشتی جیهان ، وە نسیبی وڵاتانی عەرەب ، لەم پیلانو هەرەشەو گورەشانە کەمنەبوو ، ئەوەبو بە ئاشکرا نەخشە دانەنێن بۆ داگیرکردنی ناوچەی خلیج بەبیانوی پاراستنی سامانی نەوتەوە وە نەخشەی هەرە گەورە ، بە هێزکردنو پرچەڵکردنی قەوارەی زایونیە کە ئێستا بۆتە جبەخانەیەکی گەورەی چەکو تفاقی ئەمەریکا ٠٠ بۆ هەرەشەکردنی بەردەوام لە گەلانی عەرەبو بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی هەروەها ، بەیارمەتی کۆنەپەرستانی عەرەبو ئەو ڕژێمە بێ بارە خاینانەی کە ئەمە چوار ساڵە لە سەرشانۆی لبنانی شەهیدا ئەو پیلانە ئەهێننەدی کە ئیمپریالزم ئەلقەکانی داناوە ٠٠٠

پیلانی ، پارچە پارچەکردنی یەکێتی وولاتان و گەلانی ئازادیخوازی عەرەبو بەهێز کردنی قەوارەی زایونی ، کە بۆتە سەگی پاسەوانی بەرژەوەندیە نەوتیەکانی لەم ناوچەیەدا ٠٠

لەم شانۆگەریەی ئیمپریالزمدا هەریەکە لەم نوێنەرانە ، دەوری خۆی پێ سپێدراوە ، ئەوەبو دەوری شا حسینی ئەردەن لە ئەیلولی ١٩٧٠ تائێستا ، لەناوبردنی بزوتنەوەی گەلی فەلەستین لە ئەردەنو سوری ئیسرائیل وە دەوری کونەپەرستو گۆشەگیرەکانی لبنان بە یارمەتیو هاوبەشی ڕژێمی ریگا خۆش کردن بۆ زایونی دوژمن تا خواروی لبنان تا ڕووباری (لیطانی) داگیربکات بەلام دەوری انور السادات ، سەرەکی ڕژێمی میسر ، لەم شانۆگەریەدا لە هەموویان چەپەڵترو بێ ئابروانە تربوو ئەوەبو ئۆبالی هەڵوەشاندنەوەی دەسکەوتەکانی شۆڕشی یولیوی ١٩٥٢ و کردەوە چاکەکانی جمال عبدالناصری خستە سەرشانی خۆی بەلی ئەم لۆتیەی کە ئەمڕۆ بە هەموو بێ ئابروییەکەوە ، بە ناوی ئاشتیەوە دەست ئەخاتە ناو دەستی دوژمنە دێرینەکانی گەلانی عەرەبو جیهان ، هەر ئەمبوو چەند مانگێك لەمەوبەر ، بە فرمانی ئیمپریالزمی ئاغای لە جەنگەلەکانی زائیر شەڕی ئەکرد بۆ پاراستنی (مۆبۆتۆ)ی نوکەری مۆنوپولەکانی جیهان ٠٠ هەر فرۆکەکانی (سادات) بوو بنکەی (جمال عبدالناصری) لە لیبیا بۆردومان ئەکردو سەربازی عەرەبی لیبی ئەکوشت ٠٠ لەبەرئەوە گەلانی عەرەب باش ئەزانن کە انور السادات درۆئەکات ، بەدوای ئاشتیدا ناگەڕێ ، بەڵکو بەدوای ئەوەدا ئەگەڕێ کە پیلانو ئەخشەکانی ئیمپریالزم و کۆنەپەرستی عەرەب بهێنێتەدی ٠

کڵولی سادات لەوەدایە ، کە ئەم بۆتە قارەمانی چێروکێك هەموو مەبەسو چەکەکانی زانراوو ناشکرایە ٠٠ لەبەر ئەوە ئەوەندەی پێ ناچێ کە ئەبێتە پەندی زەمانە ٠٠ چونکە ئیمپریالزم لە زەحمەتی تەنگوچەلەمەی سیاسیو ئابوری و کومەڵایەتیدا هەر ڕۆژە توشی گرفتێکی تازەئەبێت ، لەلایەکی ترەوە هەموو گەلانی جیهان ، بەئەتەوەی عەرەبی خەباتکەرەوە ، قۆلی خەباتیان لێ هەڵمالیوە ڕۆژ بە ڕۆژ دۆستو دوژمنی خۆیان لا ئاشکرا ئەبێ ، وە لە هەمووی ئاشکراتر ئەم بەرپەچدانەوە توندەی هەموو گەلانی عەرەبە بۆ دوا کردەوەی سەرشۆڕانەی ساداتی خایەن ٠٠

ئێمە ئەڵێین لەبەر ئەوە ئەنجامی ساداتو هەموو دۆنکیشۆتەکانی وەکو ئەو شەرمەزاریە ٠

Institut Kurde de Paris

له یادی پانزەهەمی کۆچی گۆران ـ دا

ئەو دیوانەی پێویستە چاپ بکری

نومێد ناشنا

ئەو دیوانە می گۆرانە ـ خۆی کۆی نەکردۆتەوەو نیازی چاپ کردنیشی نەبووە • (هەلبەت هۆی ئەمە دیارە) • شیعرەکان هەریەکەی لە سوچێکی گۆفارو رۆژنامەو یاخود کە شکۆلو کاغەزی ژاکاوی زۆر گیرفانی ئارەقاوی‌و بن زەوی‌و کەلەبەردا کۆ کراونەتەوە ، چ ئەوانەی شیعری خۆپەتی چ ئەوانەش کە خۆی بە هونەرو وەستایەتی کردونی بە کوردی هەندێ جار بەشێوەی ـ سەیر !! ـ خەیال ئەمبات‌و ئەچمە دنیایەکی ترەوە • شتی سەیر دێتە پێش چاوم ، ئەبینم هەموو کەس ئەزانێ ـ گۆران ـ ئە چ پارچە حاکێکی گردەکەی سەیواندا نێزراوە

ئەبینم بەجوانترین شێوە ئەوە شیاوی ـ گۆران ـ ببێت گۆڕەکەی هەلبەستراوە وبە شیعرو وێنە گۆران ڕازاوەتەوە ، ئەیان ژیانەوە ـ هەر بەیانیەی چەپکێ گولی بۆن خۆش وڕەنگین لە بەر پەیکەرەکەیدا دانەنێن !! دیوانێك ئەبینم تەواوی شیعرەکانی گۆرانەو کە دەستی ئەدەبیتی پەڕەکانی زەرد نین‌و بە دەستەوە هەلناوەرێن !!

ئەزانم من هەر خۆم نیم کە ئەم خەیالو دالغەیەم هەبێت • زۆری تریش هەن • بەلام نا چارم بێمەوە ناو ـ واقیع ـ و یەك قسە هەیە بیکەم ئەم قسەیەم بۆ هەر کەس‌و دەزگاو کۆمەلێکی ڕۆشنبیری کوردیە کە بەر پرسیارە لە بێش چاو خستنی‌و ژیانەوەی شیعرو ئەدەبی ڕەسەن‌و هاوچەرخی کوردی ئەلێم ـ من ئەو دیوانەم لایە ـ ئەو دیوانەی گۆران بریتیە لە (١٢٤) پارچە شیعر کە هیچیان لەو چوار دیوانەدا نین کە چاپ کراون‌واتە

ـ بەهەشت‌و یادگار
ـ فرمێسك‌و هونەر
ـ لاوك‌و پەیام
ـ سروشت‌و دەرون •

لە لایەکی تریشەوە هەموو پەخشانەکانی ـ گۆران ـ م لایە چ پەخشانە کورت‌و هونەریەکانی چ لێکۆلینەوەو ئەو ـ موحازەرە ـ ئەدەبیانەی لە کۆلێجی ئەدەبیات‌ی بەغدا وتویەتیەوە •

ئەوا لەخوارەوە ناوی شیعرو پەخشانەکان ئەنوسم هەر کەسێکیش لەوانەی من زیاتری لایە با قەلەمێك دەربێنی‌و بیگرێ بەدەستیەوەو ژمارەیەکی گریش بخاتە سەر ئەو (١٢٤) ژمارەیە •

من ئامادەیی تەواوم هەیە تەواوی ئەو دیوانەو نوسینەکانی گۆران بەو دەستە بسپێرم کە پێیوێ لە چاپی بدات بە بێ ئەوەی هیچ خەلات‌و پارەیەکم بوێت •

ئەمەش ناوی شیعرو نوسینەکانە •

ناوی شیعرەکان :

وەلامی پرس ، بێداریەك ، بێشکەی منال ، تیرو کەوان ، بۆ لاوان ، مۆسکۆی ئایار ، مۆسکۆی جوان ، ڕێگای لینین ، ئاوا بونێك ـ لە کۆچی ڕەفیق حیلمی ـ دا ، یادی بێ کەس ، یادی پیرەمێرد ، ئەورۆزی ١٩٦١ ، ئەورۆز ئەکەم ، ئەورۆز ئەورۆزی ئەمسال ، بۆ عەلی کەمال باپیر ـ کەمالی ، لە زیندانا چواردەی تەموز ، شۆڕشگێڕ ، بەستەی ئەبەز ، سروودی گەل ، چواردەی تەموز ، بت بتەوان ، تاسەی دیدار ، بۆ سەربازی جمهوریمان ، بۆ مایکل ، بۆ پۆل ڕۆبسن ، زیندانی ئەژدەهاك ، ئۆ پەرێتی ئەنجامی ئەژ دەهاك ـ یەك پەردەیە ـ ، لە بینی بیرا ، بە ڕێگادا بەرەو کۆنفرانس ، چیرۆکێکی برایەتی ، دەمی‌ڕا پەڕین ، مارشی ئاشتی خواز ، گۆرانی قوتابیان ، کوردستان ، ساوای ئاشتی خواز ، گۆرانی کەو ، پشکەکەم ، جگەرتان‌نین ، دەنکەگەنم ، ئەی کەر ، کەرویشك ، ئەی بەرخۆلەکە ، جەژنە پیرۆزەی ئاشتی خواز لە ١٩٥٤ ـ دا ، جەژنە پیرۆزەی لاوان لە ١٩٦٠ ـ دا ،

ئەو شیعرانەی لە فارسیەوە کردونی بە کوردی ناوی شاعیرەکانی نووسیوە •

خەباتی گەل ، ئاهەنگی موغان ، پرسیارێکی ناصر خەسروە ، تەرجیع بەندێکی بە ناوبانگ ، هێزی گەل ، داستانی هەیاس‌و کاکە عابدین ـ مەسنەوی سیاسی ـ ، ـ شیعری ـ بت ـ کێ شکانی سەری بت •

ئەو شیعرانەی ـ نازم حیکمەت ـ کە گۆڕیویەتی بۆ کوردی بەلام ناشکرا نیە لە تورکیەوە یا خود لە عەرەبیەوە ئەمە ناوی شیعرەکانە

هەورەکان تێ ئەپەڕن ، ئینسانی گەورە ، هەر وەك کەرەم ، لە بارەی شیعرەکەمەوە ، نا یەلن بلێنێن ، پیەلوتی •

ئەو شیعرە عەرەبیانەی کردونی بە کوردی‌و ناوی شاعیرەکانی نووسیوە •

گەڕانەوە لە زیندان ، ئامۆژگاری ئیمپریالیزم دوێنێ ، قەیسی شەهید ، ڕاست بنەوە ، گۆرانی لاوانی

بروانە ل ٧

لەبیرەوەری پانزە ساڵەی کۆچی دوایی ـ گۆران ـ ی نەمردا

ئەوەی بۆتە باوو بە کارێکی نەشیاویش دەژمێردرێ ئەوەیە ، پاش کۆچ کردنی کۆتایی شاعیرێ یا هونەرمەندێ یا هەر کەسێکی‌تری ناسراو ئەمەندە بە شان وبالیدا دێن‌و ئەمەندە بەرزی‌دەکەنەوە کە لە بەر چاوی خەلکی وەکو ئەفسانەیەکی لێدێ و بەشێوەیەك باسی هونەرمەندی‌و جوامێری دەکەن‌کە تەرازووی راستی تیای‌دا لاسەنگ دەبێ •• یەکسەر ئەوشانۆکەریەی (بۆل بۆڕلا) مانوە بیر دەخاتەوە کەدەیانەوێ پەیکەر بۆ شاعیرێك دروست بکەن‌و وادەزانن کەلە کاتی شۆڕش‌دا شەهید کراوە •• ئیتر هەر ستایش کردنەو دادەباری بە سەر پەیکەرەکەی‌داو هەر ئاخ‌و ئۆف‌هەلگێشانە بۆ ئەمانی شاعیرو هەر کەسێکیش رۆژێ لە گەلیدا ژیا بێ ئیتر شانازی بە هاورێیەتی‌و بینینیەوە دەکا •• شاعیریش خۆی بە بەرگێکی شڕو وڕەوە لەو ناوەدا دێتەودەچێو کە خۆی ئاشکرا دەکاو ئەوە دەسەلمێنی کەشاعیر بوە بەلام ئەمەندە (مەزن) نەبوە وەکو ئەوان‌باسی دەکەن •• بە تەکان دەیکەنە دەرەوە •

ئەم جۆرە موبالەغەکردن‌وپیاهەلدانەی بۆتە باو لە ناو ئێمەو میللەتانی تردا ،ئەگەر زۆر لە مرۆڤانی ناسراوی تری گرتبێتەوە ،ئەوەیان گۆرانی (لاوکی‌سوور) و (دەمی‌راپەرینە)و (بۆ پۆل رۆبسن)و •• هتد ناگرێتەوە ••

چونکە هەرگیز موبالەغەوپیاهەلدان نیە نرخی راستەقینە مرۆڤێکی شاعیری‌وەك گۆران بخرێتە روو کە پەروەردەی بیرێکی مەزنی‌مرۆڤایەتی بوە خاوەنی بەهرەو تاقیکردنەوەیەکی بەرزی‌هونەری شیعری بوە •• ئەمە هەقیقەتێکەو ئینکار کردنی‌زۆر ستەمە ••

ئەو شاعیرەی کە لەگەل(کۆریای ئازا)دا فرمێسکێکی بەخوڕیش بۆ نەتەوەکەی‌بڕێژی •• ئەوەی کە هەلوێستی رۆژانەی لەگەل‌فیکرو ئایدیۆلۆژیەتی‌دا یەك خست‌و ئەو شاعیرەی‌گۆڕانێکی بنەڕەتی خستە شیعرو تەکنیکی‌شیعری کوردیەوەو تەوزمێکی گەورەی بێ‌داهەرگیزاو هەرگیز نە موبالەغەیەو نە بەشان‌و بال‌مەلدانە ، گەر لە بیرەوەری پانزە ساڵەی دوا کۆچی‌دا •• یا بە واتەیەکی تر لە بیرەوەری حەفتاو سێ ساڵەی لە دایك‌بوونیدا چەند راستیەك بوترێ‌و بیرەوەری لە یادنەکرێ ••

لە ژیانی شاعیرمان‌داکوێرەوەری‌و بەندیخانەو تالاو چەشتن جێگەیەکی دیاری‌کراوی گرتبوە ••

گۆران بڕوای‌بەوە هەبووکە شاعیرێتی‌و هونەرمەندێتی بورجێکی جیاواز بۆ مرۆڤ‌تەرخان ناکاو دابڕی ناکا لە تێکڕای تێکوشانی جەماوەران، بەلکو بەپێچەوانەوە دەورێکی گرنگتری پێ دەسپێری ئەرکی‌سەر شانی هونەرمەندو ئەو نامەیەی ئەو دەیگەیەنێ گەورەترە لە هی مرۆڤی ئاسایی •••لە بەر ئەوە شیعرو قەلەم‌و ژیانی لەگەل تێکوشانی‌جەماوەران‌دا ئاوێتە کردبوو •

سەرەڕای ئەمەش گۆران لەسەمایەکی بێ ئامان‌دا بوو لەگەل گشت جوانیەکان‌دا •• بە هەموو هەست‌و نەستێکیەوە تێکەلی سروشتی جوانی نیشتمانەکەی دەبوو ئیلهامی شیعری لێ وەردەگرت سۆزو ئاوازو هەلبەستی بەسەردا دەرژاند ••

بەراستی ئەمانەی لێرەدانوسراوە واتێ ئەگەم لەوە زۆر بچووکترەو لاوازترە کەبچێتە هاو شانی گۆران‌و ناچار لەگەل خۆیدا دەلێم •• (جی بنووسم خوایە هێزی ئینشایەك) •

رؤوف حسن

ناخی تۆدا یەك ئەگرمەوە •••
ئەو خۆشەویستیە بۆ کۆیمان
ئەبا با بمانبا ، ئێستا
هەست ئەکەم ترس لە لەشما
ئەماوە ••• لە باوەشتا
هەست بە سەر بەستی
تەواو ئەکەم • تەمی هەموو
سنوورەکان لە بەر چاوما
ئەڕەونەوە •• ئاسۆیەکی
فروان ئەبینم دنیای
داپۆشیوە • تۆ فێرت
کردم •• مری‌فم زیاتر خۆش
بوێ وبگەمە ئەو راستیەی
خۆشەویستی دوای هەموو
شتی هەر ئەمێنێ •) رۆژ
بە رۆژ بۆم روونتر
ئەبێتەوە ناتوانم چیتر لێرە
بژیم ئەبێ هەموو شەوەکان
بەو ئازارەوە رۆژ بکەوە
رۆژەکانیش بە سەر
گەردانیەکی وشك • خۆم
وەکو شاخێکی دووکەلاوی بێ
ئاو ئەبینم • ناتوانم ئەو
رێگایە بە تەنیا ببڕم • یا
بە بەفر بارین بڕوانە
تێکەلاوی شتی نابم •• (ئاوا
بوونی هەندی شت لەو
زەمینەدا دڵی مرۆڤ تەنگ
ئەکا • بەلام خۆشیەکی
قووڵیشیان بە دواوەیە •••
ئەویش هەلماتنەوەیانە •
هەموو ئێواران پێکەوە بە
ئاوابوونی خۆرو کۆچەکان
ئەڕوانین ••• یا ون بوونەوە
ئەستێرەکان زۆر جاریش بە
گەلا رێزانی پایزان •• تەنیا
ئەو کۆچانە سەختن کە هیوای
هەلهاتنەوەیان لێ ناکرێ ،
تۆ ببە بە بایەکی توندو
هەموو ئەو کێوانە لە بن
بێنە کە لە پشتیانەوە ئاوا
ئەبم •) رەنگە بە کۆچ
کردنم زۆر شت کۆتای بێ •
ئەم هەموو شتێ وەکو خوی
ئەمێنێتەوە • چ لێرە
چ لەوێ کێشەکە کێشەی
خۆشەویستیە دیارە زەمانی
ئریش چراکەم دوا چرا
ئەبێ لە داگیرسانەو
کوژانەوەی دەورو پشتم لە
ناوە دانی ناچی •• خەلکی
بۆتە پیشەیان ئیواران پێش
پەلەوەرو مالاتەکانیان
ئەخەوێ‌و تاریکو روونیش
ناوایی ئەکەنە گورستانێکی
سامناك و چۆل •• خۆ
ئەگەر بشمرم بە تەنیا
ئەمرم •• تا زەمانێ لاشەکەم
لەو زوورەدا ئەمێنێتەوە •
کەس بە مردنم نازانێ •
دەبێ هەموو شەوێ ئەو
شتانە لە ناخمدا دووبارە
بێتەوە •• خەویشم لێ
نەکەوێ‌و لەگەل ئەو
رابردووە سەختەدا تێکەلاو
بم • دنیاش بە تەواوی سپی
بوو ••• ئەستێرەکان
جریوەیان کەم بووەوە ،
رێگاکان کەمێ دەرکەوتن •
زۆر شتیش لە زووەکەمدا بە
ئاسانی ئەبینری •• و رەوە
باڵندەکانیش گوێی
سوانەکانیان جێ هێشت ••
رووبارەکەش دەنگی لە شەو
کەمتر بووەوە ••• منیش
هەر لەگەل ناوەوەوەم لێك
نەبوومەتەوە •• ئەشزانی
خۆر گەیشتووتە سەر دێ ••
(خۆزکە یادگارەکان ئەوەندە
زال نە ئەبوون بە سەر
ماو ئەو بەیانیەش گەرم
ئەبوومەوە) •

عبدالکریم دەشتی

ـ ١ ـ

تۆ خۆت گولیت ، کەچی بالای گولی عەشقم لێ‌ئەشکێنی ،
چۆلەکەیت‌و کەچی وەکو منالێکی کۆتر بازی‌و
چۆلەکەی حەزم ئەفرێنی !
ئەوا جەژنەو بۆچی نایەیت ؟
ـ کراسی خەم ـ لە سەڕ ڕستەی دڵی مندا بترازێنی
کلی شادی بخەیتە پێلوی چاوانم
ئەوا چەژنەو •• بۆچی نایەیت ••؟
(هەمو عالەم کراسی خەم ئەسووتێنێ
منی پڕ فیتنە هەر دایم خەریکی سینە سوتانم)

ـ ٢ ـ

لە دەرگات دا ، یاخی بوویت‌و نەت‌ئەزانی منیش وەکو تۆ هەزارم
لە دەرگات دا ، نەت‌ئەزانی لەم جەژنەدا منیش وەك تۆ بریندارم
بۆ یاخی بوویت ؟ ڕاستەکاتێ منالی ڕووت یاخی ئەبێ
پێستەی دڵی خۆی جێ دێلێ !
جەژنی لە دایك‌بوونی خۆی ، بە مۆمی نینۆك ئەکێلێ
بەلام خۆ منیش هەزارم ••
مۆمێك نیە ! لە زووری سەرما گول‌بێت‌و دایگیرسێنم
منیش پەنجەرەیەك نیە بیکەمەوە
هەتا « دونیای » تیا ببینم !

ـ ٣ ـ

چاوەکانت دوو کۆتری خەم ڕەوێن بوون
بەلام خەمیشیان زۆر پێ‌بوو ••
پێم نەووتی خۆشەویستی دەریایەکی گەلێ قووڵە
پێم نەووتی هەیە ئەستێرەیەو جوانە ، بەلام ئەڕژێ‌و لە بار ئەچێ ؟
پێم نەووتی عشق هەیە ئەسووتێت‌و ، هەشە عەشقی لە یاد ئەچێ ؟

Institut Kurde de Paris

سەرۆکی هەرێمەکە پرۆژەیەکی تەمەنی وڵاتی دوەمیش وەرگرت

[illegible]

سەرۆکی هەرێمەکە سوپاسنامەیەکی ئەمنیەتی موسڵمانی وەرگرت

[illegible]

سەرۆکی کۆمار کۆشکی کۆماری (الثورة) جێبەجێ کرد

[illegible]

کۆبوونەوەی بازرگانەکان کە پەیوەستبوون بە گەشتکردنی وەزارەتەوە دەکرێت

لە [illegible] بازرگانەکان [illegible] ساڵی ١٩٧٨دا [illegible] ٤٥٨ هەزار [illegible] ٦٠ دینار [illegible]

دانانی هاوری

[illegible]

دەزگای (الثورة) [illegible] وەزارەتی [illegible] ڕۆژنامەی (الثورة) [illegible]

[illegible] ڕۆژی ١٩ [illegible] ١٩٧٧

[illegible] سەرۆکی [illegible] ڕۆژنامەگەری [illegible]

[illegible]

ئەحمەد حسن البکر بەرێوەبەری سەرکردایەتی ئەوانی

قبوڵکردنی شەقامەکانی ناوشاری سلێمانی کە بەکۆتا

[illegible] ناو ناحیەی [illegible] ماڵەکانیدا [illegible] ساڵانە [illegible] دینار [illegible]

هاوکاری هاوشێوەی [illegible]

[illegible] ڕۆژی [illegible] ٢٠٠ هەزار [illegible]

[illegible] ڕاگەیاندن ١ وشەی متەشرین وشەی چەکیکی کاریگەر دژی من کەوت

[illegible]

[illegible] ئەوەی کە [illegible] ڕاگەیاندنی [illegible] ئەمنیەتی [illegible]

[illegible]

وەزیری خوێندن بەرزوئیکۆتینەوە زانستی کوردی چیاو دەربارەی خوێندنی کە پەرەی سەندە لە [illegible]

[illegible]

[illegible] هاشم حسن و مسعود محمد دەربارەی خوێندن چەند دەرسێت بە سەرەبی ئەدەبی کوردستان نەدوێن

[illegible]

[illegible] لە ڕۆژنامەی [illegible] ساڵی ١٩٧٧ [illegible]

[illegible]

[illegible] لە ڕۆژنامەی [illegible] ساڵی ١٩٧٧ [illegible]

[illegible]

Institut Kurde de Paris

بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری پێشکەوتنخوازو

مەڵبەندی رۆشنبیری زانکۆی سلێمانی

بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان زانکۆوجەماوەر

● ئاشکرایە کە ماوەی دوو ساڵ زیاترە مەڵبەندی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلیمانی قۆنی کارامەیی لێهەڵکردوەو بەردەوام لەپێناوی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی لەپارێزگای سلیمانیدا کارئەکات · مەڵبەندی ناویراو بەهەوڵی هونەرمەندانی لێهاتوی شارەکە باشترین چالاکی هونەری نواندوە ·

لەمماوەیەدا بەگشتی ئیشوکاری هونەریانە لەهەموو رویەکەوە خویان دەرخستوە، وەکو پێکهێنانی تیپی مۆسیقای میللیو مۆسیقای رۆژئاوایی‌و تیپێکی شانۆگەری‌و گەلێ شتی‌تری هونەری وەکو دانانی ستۆدیۆیەکی تایبەتی وێنەگرتن‌و پێش‌کەش‌کردنی بەرنامەی زانکۆ لەتەلەفزیۆنی کەرکوك کە گەلێ بابەتی ئەدەبی‌و رۆشنبیری بەکەڵك بڵاوئەکاتەوە · وماوەیەکە دەوراتی فێربوونی زمان ئەکەنەوە بۆ فەرمانبەرانی پارێزگای سلیمانی‌و یەکی لەو دەورانەیان ئێستا بەردەوامەو خوێنەرانی فێری زمانی ئینگلیزی‌و کوردی ئەکرێن‌و مامۆستایانی دەورەکان هەموویان دکتورەکانی زانکۆ‌و شارەزای زمانەکانن ئێمەیش بۆ هەندێ روون کردنەوەی چالاکیەکانی ئەم مەڵبەندە سەرمان دا لە بەرێوەبەرایەتیان‌و چاومان‌کەوت بەهەندێ لێ‌پرسراوانیان‌و ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا کردن ·

رۆشنبیری کۆمەڵایەتی لەپارێزگای سلیمانیدا کارئەکات · مەڵبەندی ناویراو بەهەوڵی هونەرمەندانی لێهاتوی شارەکە باشترین چالاکی هونەری نواندوە ·

● لەسەرەتادا بەڕێز مامۆستا عبدالمنعم محمود بەریوەبەری مەڵبەندەکە دەربارەی ئیشوکارەکانیان ووتی ·

★ وەکو ئەزانن مەڵبەندەکەمان تازەیەو لە ٣٠-١٢-١٩٧٥ دا بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سلیمانی کردیەوە بەنیازی ئەوەی کە ببێتە کۆڵەکەیەکی گرنگ بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی زانکۆ وە لەم‌روەوە گەلێ ئیشوکاری گرنگی پێ‌سپێراوە وەکو ئەوەی کە ببێتە هۆی بەیوەندی نێوان زانکۆو کۆمەڵو هەربەهۆی ئەمەوە جەماوەر ئاگاداربێت لەهەموو چالاکیەکانی زانکۆ هەتا بتوانێ گیروگرفتی خۆی‌و جەماوەر بەیەکەوە نەهێڵن وە بۆ ئەم مەبەستەیش گەلێ ئیشوکارمان پێ‌سپێراوە وەکو ·

١ - بڵاوکردنەوەی بیروڕای پێشکەوتوانە لەناو دەستەوبەرەی زانکۆدا ·

٢ - بەهێزکردنی بەیوەندی دۆستایەتی لەناو ئەندامان‌و دەستەی بەریوەبەرانی زانکۆداو بەهێزکردنی بەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان ·

٣ - زیانەوەو گرنگی‌دان بە کەلەپوری نەتەوایەتی کوردو عەرەب ·

٤ - هاندان‌و بڵاوکردنەوەی باس‌و وتوێژی ئەدەبی‌و هونەری لە ناو زانکۆدا ·

٥ - بانگ‌کردنی زاناکان لەناوەوەو دەرەوەی عیراقدا لەوانەی کە دەستیان هەیە لەبابەتەکانی زانیاری‌و هونەری‌و ئەدەبیدا ·

٦ - کردنەوەی دەوراتی بەهێزکردنی زمانی عەرەبی‌و کوردی‌و ئینگلیزی بۆ هەموو فەرمانبەران ·

٧ - دەرکردنی گۆڤار‌و بڵاوکراوە کە چالاکیەکانی زانکۆ ئەخەنە روو ·

٨ - گرنگی‌دان بەمۆزەخانەی زانکۆو کەلەپورەکان ·

٩ - دانانی کتێبخانەیەکی باشو پڕ کتێب بۆ زانکۆ ·

١٠ - ڕێك‌خستنی گەشتو چالاکی وەرزشی‌و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی ·

١١ - پێك‌هێنانی پێشانگای هونەری بۆ هونەرمەندانمان‌و گرنگی‌دان بە لایەنی هونەری ·

● دوای ئەوە بەڕێز کاك ئەحمەد سالاری هونەرمەند یاریدەدەری بەریوەبەری مەڵبەندەکەو لێ‌پرسراوی بەشی هونەری‌و رۆشنبیری لێ‌پرسراوی تیپی پێشڕەوی زانکۆ دەربارەی هەنێ بابەتی چالاکی هونەری مەڵبەندەکە وتی ·

★ هەر لە سەرەتای دامەزراندنی مەڵبەندەکەمانەوە ویستومانە هەموو ئامانجەکانمان بەباشترین شێوەی تازەبابەتی سەردەم بپێنینە دی ، هەروەها ویستومانە گرنگی بدەین بەلایەنی هونەری لەهەموو لایەنەکانی ترو هەر لەم روەشەوە گەلێ چالاکی‌و ئیشوکارمان پێك هێناوە بۆ پێش‌خستنو بروپێدانی هونەری کوردیمان لەهەموو رویەکەوە بەهەوڵ و تەقەلای هەموو هونەرمەندانی دلسۆز لەشارەکەماندا‌و هەمیشە چاوەڕوانی باشترین پاشەڕۆژێن بۆ هونەری کوردیمان · لەو ئیشوکارانەیش لەم روەوە پێك‌مان هێناون ئەمانەن ·

ئیپێکمان دامەزراندوە بۆ شانۆی زانکۆ بەناوی (تیپی پێشڕەوی زانکۆ کە تا ئێستا گەلێ چالاکی شانۆیی پێش‌کەش کردوە بەجەماوەرو بەردەوامیشە لەخزمەت کردنی هونەری شانۆگەری کوردیدا · هەروەها یارمەتی چالاکی هونەریمان‌داوە بۆ سەرخستنی ئیشوکارەکانیان · بۆ پێك‌هێنانی تیپی مۆسیقاو گەلێ شتی‌تر · کە هەموویان بەکەلکن بۆ پێش‌خستنی هونەری کوردی ·

هەروەها مۆزەخانەیەکمان هەیە کە سەر بە مەڵبەندمانەو کۆمەڵێکی باش باشماوەو شتی دەگمەنی تیایە کە هەمووی کەلەپوری نەتەوەی کورد زیندونەکاتەوەو لەزۆر رووی هونەریەوە کەلکیان هەیەو شتی زۆر نایابمان تیا دانراوە وە هۆڵێ فارابی‌مان هەیە کە بۆ کۆبونەوەو کۆڕو وانەوتنەوەی تایبەتی بەکاری ئەهێنین‌و نزیکەی ١٥٠ کەس ئەگرێت ·

هەروەها بەشێکی تایبەتیمان هەیە بۆ وێنەگرتنی سینەمایی‌و فۆتۆغرافی کە هەموو چالاکیەکانی زانکۆ بەوێنە تۆمارئەکەن لەباشترین شێوەدا ·

حمە سعید حمە کریم

بروانە ل ٧

لەگەڵ ئافرەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا

★ گفتوگۆیەك لەگەڵ یەکەم کرێکاری ئافرەتدا لە کارگەی جگەرەی هەولێر ·

ئافرەت لە توانایدانەبوو جل‌و بەرگی خۆی‌هەڵبژێرێت ئەوەتا پیاو هەڵیئەبژێرێ بۆسەرۆکایەتی نقابەکان ·

هاڤە بەدری

ئەو ڕاپەڕینە شارستانیەتە کە لە کوردستاندا ڕوونەدا بلەیەکی ڕوونی پیشەسازیە ، دروست بوونی پیشەسازیەکی ڕاستەقینە لکاوە بە بەرپاپوونی شۆڕشی تەموزو چەسپاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی‌یەوە ··

وەئێستا بەهەر ڕیگایەکدا تێبەر ئەبیت دامەزراوە نوێ‌یەکان چەند نیشانەیەکی دیارن ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیاد بوون‌دایە وە لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕش ئەو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتی‌یانە گوڕدران سەبارەت یە ئافرەت بەچەشنێکی یەك لەدوای یەك ·

ئەنانەت ژمارەی ئافرەتی ئیشکەر لەچەند بەشێکی کارگەکە زۆرترن لەژمارەی بیاو ، ئەمیش شتێکە جاوە ڕوان ئەکراو بوو لەم نزیکانەدا ·

ویستم چاوم بە کرێکارێکی ئافرەت بکەوێت ، بۆ ئەوەی ڕادەی ئەو گۆڕانکاریانە بزانم بە هۆی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی‌وە هاتونەتەکایەوە··

سەرۆکی یەکیتی کرێکارانی کوردستان ئافرەتێکی بۆ دەست‌نیشان کردم لە کۆمیانیای گشتی جگەرەی نیشتمانی ، لە ماڵەکەیدا سەردانێکی بکەم . لە نێوان خێزانەکەی‌دا دوور لە دەنگ‌و هەرای کارگە ··

خوشکە ناهیدە علاءالدین پێشوازی لێ‌کردم لەماڵی خۆیاندا کە ئەکەوێتە یەکێك لە ئاوەدانی‌یەکانی هەولێر لەوخانوو بەرانەی کەسەر بە کۆمپانیاکەن بۆ کرێکاران دروست کراون - ماڵەکان جێگایەکی جوانی‌یان داگیرکردوە ، پێك‌هاتووە لە چەند خانوویەکی یەك نهوومو هەریەکە دوو ژوورو هۆڵێك‌و باخچەیەکی بچکۆلانەی تیدایە بە بزەیەکی خاوێنەوە بەخێرهاتنی کردم ، وەك بڵێی چەند ساڵێکی دوورو درێژە یەکتر ئەناسین بەزمانێکی ساکارو پاراو گەشەوە هاتە گفت ·

خوشکە ناهیدە تاوەکو بۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندوتی‌و شەش منالی هەیە گەورەکەیان (٢٠) ساڵە (فیتەرە) خزمەتی سەربازی ئەواو کردووە ، بچووکەکەیان (زەهرە) پێنج ساڵە ·

··· کەی دەستت بەکارکردن کردوە ·· ئایا ئاسان بوو بەلای تووە ؟

وتی : من هەر بە ئەژاد خەڵکی هەولێرم وەهەر لەوێش شووم کردوەو کابانی ماڵ بووم ، دوای ئەوە گواستمانەوە بۆ بەغدا ، لەوێ چونکە بێویستی خێزانەکە وای هەڵئەگرت دەستم‌کرد بە یارمەتی دانی میردەکەم‌و لە کارگەی درووین (الخیاطه) ساڵی ١٩٦٣ دامەزرام ··

پێش دەرچوونی ئۆتۆنۆمی ئێش‌کردن بۆ ئافرەت کارێکی ئەگونجاو بوو بەڵکو کۆمەڵ بەتووندوتیژیەوە ڕەفزی ئەکردو منیش یەکەم ئافرەت بووم لە کۆمپانیاکە لە ساڵی ١٩٧٣ دەستم بە ئێش‌کردن کرد ، پرسیار کردن لەو شتە لە ناو کۆمەڵدا بە جۆرێکی گران ڕوویدا دەرباری ئەم هەڵویستەی من ئێستا کە (١٤٠) ئافرەت لە کارگەکەدا ئێش ئەکەن ، هەتا وەکو شەوێش تا کات‌ژمێر یازدە شان بە شانی برای پیاوی ئێش ئەکا ، وەئەمیش ئەو شتە بوو باوەڕی پێ نەئەکرا ·

··· وادیارە گۆڕانەکە گەورە بوو ؟

ناهیدە گەڕایەوە بەرەو بیرەوەریەکانی منالی ·

وتی : منال بووم لەبیرمە ئافرەت ئەینەتوانی جل‌وبەرگی خۆی هەڵبژێرێت چونکە باوك

بروانە ل ٧

هەندێك گیروگرفتی خوێندن بەکوردی لەقوتابخانەکان ..

ئەوەی کە گومانی تێدانی‌یە زمانی کوردی وەکو هەر زمانێکی زیندووی تر لە جیهاندا توانای گرتنەخۆی هەموو ئەو زاراوە نوێ‌یانەی هەیە کە لە کۆڕی ئەدەب‌و زانستەوە کەوتوونەتە ڕوو بەپێی پێشکەوتن‌و پەرەسەندنی بارەکانی ژیان ·

زمانەکەشمان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی جیهان بە وشەو زاراوە تەنانەت هەندێ‌جار بۆ یەك مانا زیاتر لە (٥) ووشە بە کاردێت کە هەموویان یەك مانا دەدەن بۆیە دەبینین کە توانایەکی تەواوی هەیە کە بە کار بهێنرێت وەکو زمانێکی رۆشنبیری لە هەموو کۆڕێکدا ، وەکو لە خوێندن ، کە ئێستا هەموو هەنگاوەکانی خوێندن بە کوردی دەخوێندرێت ، لە هەنگاوی خوێندنی سەرەتاییەوە تا ناوەندی‌و ئامادەیی‌و تاقیکردنەوەی چەند ساڵمان ئەم راستیەی بۆ سەلماندین زمانی کوردی هەر چەند مەودایەکی فراوانی هەیە لە ئەدەب هەروەهاش بۆ زانست ·

بەڵام بەداخەوە دەربارەی خوێندن بە کوردی بێ گیروگرفت نی‌یە

ئەویش وەرگێرانی پەرتووکەکانی قوتابخانەکانە بۆ کوردی کە ئەویش ئەم چەند خاڵە دیار دەکەوێت :

١ - نەبوونی تاکە فەرهەنگێك بۆ زاراوە کوردییەکان کە هەموو وەرگێرەکان بە کاری بهێنن لە وەرگێراندا ، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی هەمان زاراوە کاتێك لە عەرەبی وەردەگێردرێت بۆ کوردی جوارپێنج زاراوە لە جیاتی بەکار دەهێنرێت بۆ نموونە لە پەرتووکی کیمیا بەجۆرێك‌و لە فیزیك‌و گیانەوەرزانی هەریەکەی بە جۆرێکی‌تر ،

ئازاد رەشوانی - کۆلێجی ئەندازیاری - بەغدا

بروانە ل ٧

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

خەباتمان‌و سیاسەتی نێودەوڵەتان

برایان :

هەموو هەڵس‌و کەوتێ‌و هەموو کارێك ، پێویستە بە ئامانجێکی ئاشکراوە بەسترابێ ، ئەك بەتەنها لای ئەخشەکێشە ستراتیجیە سەرەکیەکانەوە بەڵکو لەلایەن ئەو کەسانەشەوە کەڕای ئەبەرنین ، ڕونی ئامانجیش قیمەتی لەئاراستەی ئیدارەی ئەخشەکێشراودا نیە بە تەنیا بەڵکو لە داهێنانی کەرەسەو شێوازی نوێ چاکیشدایە بۆ ڕابەراندنی ، چونکە هەتا ئامانج ئاشکرابێ باڵیوز ، یان هەرکاربەدەستی لێپرسینەوەی ئەزمەنر لەلایەنە ئەخشەکێش‌و سەربەرشتی کارەکانی لە ئەستۆدایە توانای هەڵیژاردنی چاکترین‌و لەبارترین شێوازی ئەبێ بۆ بەدی هێنانی ئەوئامانجەبە شێوازیەکی باش ، لەبەر ئەوە ئێمە هەمیشە پێویستیان بەیاری سەرنج‌و پێشنیارە کانتان ئەبێ چونکە عەقڵی (بارەگا) هەمیشە پێویستی بەچاوی سەنگەری پێشەوەیەو ئەمەش بەسەرکاری سیاسیشدا ئەچەسپێ هەروەك بە سەرکاری هێزە چەکدارەکان‌و چالاکیەکانی تردا ئەچەسپێ ·

گرنگ ترین مستلزماتی بنەڕەتی بریاری سەرکەوتو بونی مەعلوماتی وردە لەڕوی مەسەلەی بریارەکەوە لەبەر ئەوە کاتێ بارەگای سەرکردایەتی سەرەکی‌یان پشتەوە ئەیەوێ بریارێك بدات بێگومان ئەبێ پشت بە مەعلوماتی چاوەڕوانکەییەکان ببەستێ هەروەك لە هێزی چەکدارداباوە ، جاکە چاوەکانی سەنگەرەکانی پێشەوەی هێزەچەکدارەکان ڕێی‌پێ‌درابوو ، یان داوای لێ‌کرابو تەنیا مەعلومات بگەیەنێ ئەوا کارگێرانی لایەنە بزوێنەکانی تر وەك باڵوێزەکان ، ئابێ تەنیا بە گەیاندنی دیاردەکان دەست هەڵگرن بەڵکو داوای ئەوەشیان لێ‌ئەکرێ شیکردنەوەی سەرەتایش بگەیەنن ·

لەسەریانە دیاردەکان بەرادەیەکی باشی شی‌کردنەوەو ئەنجام گەیاندنو پێشنیازەوە بگەیەنن ، قەوارەی دیاری یکەن لەگەڵ بەیوەندی لە واقیعی کۆمەڵایەتی‌و واقیعی سیاسی‌و جیهانی دەوڵەتی دیاری کراوەوە لەگەڵ تێکرای دیاردەو ڕاستیەکانی تری دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە ، ئەوسا بۆچونو پێشنیارەکانی خۆیان بەپێی پێویست بخەنە بەرچاوی ئەوسەرکردایەتیە یان ئەوڵایەنە دیاری کراوەی لەسەریەتی بەجێی بهێنێ‌و پێویستە بەهیچ جۆرێ سڵ‌لەوە نەکەنەوە یان هیچ وای بۆنەچێ کەمە علوماتەکان‌و بیروڕاو شی‌کردنەوەکانتان لەلایەن مەرکەزەوە پێویست‌نیە ، چونکە گوایە هی چاکتری لاهەیە ، چونکە عەقڵی سەرکردایەتیە کان‌و بارەگاسەرەکیەکانی ئاتوانن پێویستیان بەچاوی سەنگەرەکانی پێشەوە نەبێ ، یان‌پێویستیان بەعەقڵی ئەوان نەبێ لەپاڵ ئەوەشدا کەهەموو مرۆڤێ لەکۆمەڵدا یان لە دەزگاکانی دەوڵەتدا داوای لێ‌کراوە کە لە موقعی خۆیەوە لەگەڵ لقەکانی تاقی‌کردنەوەی شۆڕشدا بەو جۆرە هەڵس‌و کەوت بکات ، کەسودی هەیەو دوانەنجامی کاروانی سەرکەوتو لە قۆناغە ، یەك‌لەدوای یەکەکانداو ئەرکە هەمەچەشنەکانی دوانەنجامی هەموو مەوقعەکاندا لە دەوڵەت‌و لەناو هەموو کۆمەڵدا ، کە حزب سەرکردایەتیان ئەکات ، لەپاڵ ئەمانەشدا هەموو عەقڵی سەرکردەکان ناتوانێ هوشیارو سەرکەوتوبێ ، ئەبێ کاری یەکگرتنی نێوان بەرزونزم بەپێی ئەم لێك دانەوەیە ، عەقڵی سەرکردە بەرزەکان لەوانەیە زۆر شتی بە سەراتێ بەڕێت کە لە بارەگا مەیدانیەکانو « چاوەکانی سەنگەری پێشەوە » تێ ناپەڕن ·

لایەنە لێ‌پرسراوەکان بەرامبەر بە بریاردانی‌یان لەهەرپلەیەکی تردا متمانە بەدو لایەنی بنەڕەتی ئەکات :

لایەنی خاوەن فیکرو ئەخشەو ستراتیجی کێشەکان‌و ئەولایەنەی کەپەیوەندی ڕاستەو خۆو تێکڕایی بە کۆمەڵو ژیان‌گەوە هەیە ·

لەبەر ئەوە ئەوانەی بەشداری لەئەخشەکێشانی سیاسیدا ئەکەن لەم دولایەنە نەبڕێن · لایەنی خاوەن فیکرو شی‌کەرەوەکانی‌و ئەولایەنەی بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆو تێکڕایی بە کەپەیوەندی ڕاستەو خۆو تێکڕایی بە کۆمەڵو ژیان‌گەوە هەیە ·

ئەم پێشەکیە کورتە پێویست بوو ، بەر لەوەی باس لە ئامانج بکەین ·· ئایا ·· ئامانج چیە ؟

- ماویەتی -

Institut Kurde de Paris

هەر وەکو چۆن چرۆ دەمی بۆ ماچی ڕۆژ ئەکاتەوە ، هۆنراوەکانی ئەم دوایی‌یەی شاعیری لاو «عەبدولا عەباس» کەلەم ماوەیەدا کەوتە بەردەم خوێنەران بونەتە ئامێزو باوەش بۆ خۆشەویستی چەمی سیروانو فاتەو هەژارەکان ئەکەنەوە ... گۆڕینی هەندێ هۆنراوە بۆ دەولەمەند کردنی ڕۆشنبیری گەلەکەمان لە بەرهەمی بێگانە .. بە هەنگاوێکی تری کارامەی شاعیر ئەژمێرێ .

ئەم هۆنراوانە فۆرم نیشانەیەکی تایبەتی ئەوتۆیان هەیە کە زمانی دەربڕینی هۆنراوەکان بونەتە تایبەتی ، بە شێوەیەك بە کار هاتون بۆیە وشەکانی تێدا ئەو پەڕی ووردیو ناسکی بە خۆیەوە گرتووە ، بەلام لە هەندێکیانا مۆسیقای تێدا لە ناو چووە ئەمەش بە هۆی نزیك بونەوەیان لە زمانی پەخشانی، دیارە ئەمیش ڕەنگدانەوەی باری دەروونیو بەرزی ڕۆشنبیری شاعیرە بۆ مامەڵە کردن لەگەل هۆنراوەی نوێدا. وەکو ئاشکرایە سەرەتای چرۆی هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە لەگەل نوێ کردنەوەی هۆنراوەکانی هەفتادا بوو . شاعیر لە هۆنراوەکانیا بەڕیرانەو هوشیارانە ئەڕوانێتە دیاردەکان بەلام لە ئەنجاما هەندێ هیواو خواستو نیازەکانی ورده ورده ئەتوێنەوەو ئەستێرەکان لە بەر چاوی کوێر ئەبنەوە تاریکی یەخەیان ئەگرێ بۆیە بە کول ئەڵێ :

ـ گۆرانیەکان ،
« ڕۆژ لەلای ئێمە ،
قەرسیلی کێڵگەکان سەوز ناکا !
ـ وە .... گۆرانیەکان ،
« باڵندەکانی گەرمیان ، لە کوێستانا ، بەرەو سووتاون ! »(١)

بەلام شاعیر بەم دیمەنە تۆقێنەرانە دۆش داناشێنێ بۆیە ڕو ئەکاتە ڕەنگ زەردو برسیو هەژارەکانو بەرەو سبەینێ بانگیان ئەکاتو ورەیان ئەداتێ :

ـ برسیەکانی شاری تاساو !
گازی تووڕە ..
گیرکەن لە مێخی سنووری سبەینێتان
لە ڕوناکی سبەیتنی‌دا
« زەردەخەنەی « مینا »ی نازدار

شیرنی زەماوند ئەبی! »(٢)
کاتێ شاعیر دەورو پشتی بانگ ئەکات دیارە لە خۆی ڕادەبینێ چونکە شاعیر بە ئیمانێکی تووندو پڕ لە بڕوا بە پشتی خۆشەویستەکەی هەنگاو ئەنێ بەرەو ئاسۆی مەبەستو سەرکەوتن هەر وەکو ئەڵێ :

(خۆشەویستیم «باوەڕێکە» قینی هەژارو برسیەکان
ئەکاتە پەیژەی سەرکەوتن)
دۆزیمەوە(٣) .

شاعیر بڕوای زۆری بەخۆشەویستەکەیەتی هەمیشە هەوڵ ئەدا هەنگاو بنێ بەرەو لووتکەی کۆڵنەدان لە خۆشەویستی‌دا ، بێ گومان ئەمەش شتێکی ئاسایی‌یە چونکە شاعیر ئەگەر خۆشەویستی ڕاستەقینە بکات خۆ ئەگەر بەردیش ببارێ **تابێ** لە چێژی ماچی خۆشەویستەکەی بتورێ ، بەلکو وێنەی شیرینی خۆشەویستی لە سیمای هەسوو تاریکی‌یەکدا ڕشنگ بداتەوە ، کەواتە با دڕکەزیش ببارێو خۆشەویستەکەشی ماچ بکا :

ـ گیانە ، لە ژێر دار بی یەکا ماچم کردی ،
گەڵاکانی ،
دڕکەزیان لێ نەباری ،
ـ کێ ئەتوانێ ،
کێ ئەتوانێ ،
کێ ئەتوانێ (٤) :
لە ژێر زامی دڕکەزیا ، دەزگیرانەکەی خۆی ماچکا ؟!

هەر چەندە لەم کۆبەلەیدا لە خۆبایی بونی شاعیر بەدی ئەکرێ ئەوە نی‌یە ڕۆ ئەکاتە خەلکیو سێ جار ئەڵێ « کێ ئەتوانێ » بەلام من ئەڵێم : زۆر ئەتوانێ ... خۆ ئەگەر شاعیر بیەوێ چرۆ سەوزەکانی حەزەکانی تیشکی ڕۆژ ماچ بکەن یاخودی بە تیشکی ڕۆژ ڕەنگ بگرنو ببنە گوڵ بۆیە ئەبێ بەلایەوە ستەم نەبێ دڕکەزی دەرزی ئاژنی بکاو ببێتە خاوەن زامو زامەکان زوو زوو بکولێنەوە ! چونکە شاعیر خۆشەویستی ئەکات .

ـ « غەمت » ، خۆی‌یەو .. « ئارەزووم » ، زام ..
غەمەکەی « تۆ » و ...
ئارەزووی « من » ..! ،
لیمەودۆزی ورد کوتراوە ،
ئەڕژێتە سەر(٥) .

زۆر جار شاعیر وای لێ دێ تا ئومێد ئەبێو بە تەنیا بەرەو کەناری مەبەست خۆی ئەخشێنێ بەلام بە هۆشمەندانە نەك ڕەش بیینانەو خول خواردن لە ناو گێژاوی فنجاندا ، هەرچەندە لەوە ئەچێ ئەم هەنگاوە تەنیایانە بۆنی خۆخۆیەتی لێ بێ ، بەلام ژیرانە ئەڕوانێتە خۆشەویستەکەیو دژی تارمی‌یەکان ئەڵێ :

ـ من خۆم ، پەیژەم
من ، خۆم ، قاچم
من ، خۆم ، بە سەر پەیژەی خۆما

بە هەنگاوی باوەڕی خۆم ، سەرئەکەوم(٦)

بەلام ئەم دورەوپەرێزی‌یەش هۆی باری ئالۆزو ناخۆشی دوێنێیە کە لە تاریکی‌دا نوچی داوەو شوێن هەنگاوەکانیان داخ کردووە بۆیە ئەڵێ :

« بۆ چی ، منتان کرد بە بەردێك . چوومە
ناو قۆچەقانی جامبازەکان.
کە هەڵسوڕام
سەری خۆمتان پی شکاندم . » (٧)

وادیارە شاعیر توانیویەتی خۆی لە قوچەقانی‌یەو سەر شکاندن ڕزگار بکاو دوێنی کاتی بسوتێنی .. ئاواتەکانی سەر چاوەیان گرتووە ، ڕوباری هیوای لە لیخنی کەوتووە ... ئەمیش جۆرێکە لە چرۆی بیر کردنەوەی نوێو بڕوا بە حەتمیەتی گوڕانو داهاتنی ئاسۆیەکی ڕوناك بۆیە ئەڵێ :

ـ من ئەزانم تۆ « غەمیت »و « پێکەنینی »
خەو ، ناچێتە چاوی ئێمەو ..
گۆرانیەکانی پۆل ڕۆیسن
ئەم دنیایە ، بە گۆرانی‌یە ڕووناکەکان
ڕوناك ئەبێو هەنگاو



بەڵدایە .. ئەی هەر جوتیار بەش خوراون ..؟ ئەی کریکارە شەتەك‌و ماندووەکان! ئەوی لە کوتایی‌دا ئەمەوێ بیڵێم شاعیری لاو « **عەبدولا عەباس** » هەر چەندە هەندێ لە هۆنراوەکانی سینای پەخشانیان لەئامێز گرتووە بەلام بەهرەی شاعیرێتی هەنگاو ئەنێو بەبڕوایەکی بتەوەوە ئەچێتە ناخی شتەکانەوەو مامەڵەی ڕاستگۆیی‌یان لەگەل ئەکات‌و وەتوانیویەتی لە هەندێ لایەنەوە بە ئاوێنەی گوڕینی بڕوایەوە تیشکی ڕاستی

دەستی زیری
لە کێڵگەی ژیان نەساوێ
« نان ، نان
بۆ برسیەکان (٩)

یان داوای مافی جوتیارە بەش خوراوەکان ئەکاو ئەڵێ :

ـ دێوو درنج
قەرسیلەکانیانیان هەڵئووشی
شار ، سەرە تا پا
خرۆشاوە
« زەوی بدەن بە
جوتیاران » (١٠)

بەلام لێرەدا باشتر وابوو شاعیر باسی هەموو زەحمەت کیش‌و ڕەنج خوراوێکی بخاتە ڕۆ وەهەولی داوە زوربەی زۆری لایەنی تاریك‌و ئاڵۆز کاوی کۆمەڵەکەی ڕوناك بکاتەوە سەنگ‌و مەحەك بۆ ژیانو بوونو بۆ چوونو بیر کردنەوەی مرۆڤ وەك بێوست بخاتە بەر چاو هەرچەندە لە هەندێ هۆنراوەشا خۆشەویستی « ذاتی » خۆی‌و دەورو پشتی جوێ ئەکاتەوە .. بەلام ئەتوانم بڵێم ... ئەگەر باسی هۆنراوەی نوێ بکەین ... ڕەچاو کردنی ئەم هۆنراوانە شیاوە .

سەرچاوەکان :
(١) ل : ٢٧
(٢) ل : ١٢
(٣) ل : ١٧
(٤) ل : ٨
(٥) ل : ٢٦
(٦) ل : ١٦
(٧) ل : ١٦
(٨) ل : ٣٢
(٩) ل : ١٨
(١٠) ل : ١٨

لە هۆنراوەکانی « چرۆ دەمی بۆ ماچی خۆر ئەکاتەوە »

ڕیبازی ڕەمزی‌یش هیچ هێرشێکی نەکردەسەر سیما وێژدانی‌یەکەی لیریکیزم ، ئەوەندەنەبێت هەوڵی گۆڕینی فەلسەفەی دەربڕینی‌دا ، واتە لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆشتەکان دەربڕێ ، ئەی‌ویست بەهۆی وێنەکێشانەوە مەسەلەکان بخاتەڕوو ، بێ ئەوەی لێك‌چواندن خوازەکاری ومەجاز بۆ مەبەستی شێوەسازی‌یەکی ڕووت‌و قووت بەکاربهێنێ ، بەپێچەوانەوە بەکارهێنانی ئەوانەیان ئەکردە هۆیەك بۆ دەربڕینی ناوەوەی دەروون ..

سوریالیزمیش ، دەست بە ڕداری وێژدانی تا کە کەس نابێت ، بەلکو هەوڵئەدا ت بەناخی‌دا بچێتە خوارەوە ، تاوەکو جیهانی بێ ئاگایی ـ لا شعور ـ وئەوشتانەی تیایا کپ‌کراوە بیدۆزێتەوە .

ڕیبازی (تەعبیری)یش لای خۆیەوە ، ویستی‌ی ئەو هەستەی مرۆڤ نیشان بدات کە لەئەنجامی بینینی سروشت‌و تاقی کردنەوەی ژیان‌دا پەیدا ئەبێت .

کەوابوو لیریکیزم هەمیشە شیعری وێژدانی‌ی بووە ، تەنانەت لەورتبازەیش‌دا کەمۆرکی ریالیزمی پێوە دیارە » .

بەکورتی ڕۆمانسیزم بیریتی‌یە لەوێنەکێشانی تاقی‌کردنەوەی تاکە کەسی : « ... ئەو تاکەی ، بەتەنها ئەیەوێ ڕووبەڕووی دونیا ببێتەوە وخۆیشی مرۆڤێکی ئاتەواو نامۆیە لەکۆمەڵدا » .

لەبەر ئەوە ئەبینین لەڕاستی‌ی هەڵدێت‌و بیرو ڕایەك ئەخولقێنێ تەم مژێکی زۆر باڵی بەسەردا کێشاوەو شتێك پێش‌کەش ئەکات مرۆڤ توانای دەرك پێ‌کردنی‌نی‌یەو دواجاریش بەناچاری‌یەوە پاش‌گەز ئەبێتەوە ، بێ ئەوەی توانیبێتی ڕۆلێك بگێڕێت لەمەیدانی کۆمەڵایەتی‌دا ، چونکە شیعرلای ڕۆمانسی‌یەکان ئەوەیە : « شتەئاشناو ئاسایی‌یەکان بگۆڕێت بەشتی غەریبو سەرسوڕهێنەر .

هەرلەبەر ئەوە ئەبینین ڕۆمانسیزم گوڕی دایە خۆی‌و کەوتە بەکارهێنانی کەرەستەکانی شیعرو ڕووەوشتی « درندە » و « نامۆ » هەنگاوی نا . ئەمە جگە لەوەی کە جیهان‌یان ناونا ، جیهانی ماددی‌و گەرەکیان بوو خۆیان لە سروشت نزیك بخەنەوە ، چونکە سروشت سنوورێکی دیاری کراوی‌نی‌یە .. دیارە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو هەولیان ئەدا بایەخ بە « هەڵچوون » و « خەیالی سەرکەش » بدەن ، بەوناوە وەگوایە هێزێکی خولقێنەرەو لەتوانای‌دا هەیە تەعبیر لە سروشت بکات‌و حەقیقەت قووڵ تربکاتەوە !! چونکە سروشت کۆمەڵە ڕەمزێکەو دەلالەت لەدونیایەکی بەرین ترو فراوان تر ئەکات !! ڕومانسیزم ، جگە لە خۆشەویستی‌ی دڵو ، وزەی لەبن نە هاتووی خەیال باوەڕی بەهیچ شتێکی دیکەنی‌یە ، کە ئەمەیش زیاتر لە « خواوەند ئەچێت کە لە تاوانەکانی مرۆڤ خۆش ئەبێ » .

مەفهوومی شیعرلای ئەوانە بە جۆرێکە ، گوایە شیعر نموونەی هەرە باڵای بیرکردنەوەی شاعیرە ... هەموو شیعرێکی چاك بریتی یە لە کشانێکی لەسەر خۆو لەخۆوەی بەهێزترین هەست‌و ئەستی مرۆڤو لە ناخی‌ئەو عاتیفەیەوە هەڵئەقوڵێ کە لە دۆخێکی ئاسایی‌دا ئەکەڕێتەوە بۆ خەیالی شاعیر .. لێرەدا تێ ڕامان‌و ، ووردبوونەوە لە وەهەست ونەستە ، لەدۆخە ئاسایی‌و ڕاوەستا وەکەی دەربازی ئەبێو لەشوێنی ئەوە عاتیفەیەك دروست ئەبێ کە لە وەوبەر ـ واتە بەر لە دروست بوونی شیعرەکە لە دەروونی شاعیر دامەبووە ـ چونکە هەست‌و عاتیفەی دوایی بەتەواوی‌ی تەعبیر لە مێشك ئەکات . ئالەو کاتەداو لەو دۆخەدا چاکترین شیعر ئەنوسرێت ... » .

ڕۆمانسی یەکان بڕوایان وابوو کە لە جیهانێکی لەتوبەت دانەژین کە جێگەی ئەوانی تیا نابێتەوە ، لەبەر ئەوە خۆیان بە مرۆڤی نامۆ ئەزانن ، دیارە ئەم بۆ چوونەیشیان کارێکی زۆری کردە سەر شێوەی خەیال‌و بیرکردنەوەیان ، بەڕادەیەك بووەهۆی :

« ... چەشنە هەڵاتنێك لەسەردەمی‌ی خۆیان‌و گەڕانەوەیان بۆ سەردەمەکانی ڕابوردوو .. چونکە خۆیان لەسەردەمێك‌دا ئەبینن تیایا مرۆڤ بووەتە بەشێك لە ئامرازی بەرهەم هێنان ، لەبەرئەوە ئەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست ، کە کاری پیشە یی هەمەجۆر ـ ئەیتوانی تارادەیەك هەستی هونەری‌ی زیاتر بەرز بکاتەوە ، واتە ئەوکاتەی پەیوەندی کۆیلەیەتی خەڵکی بەیەکترە وە ئەبەست ـ مارکس ـ ، ئائەمەیشە تەواوی ئەوبیانووهێنانەوەو بەرگری کردنەی لە ڕۆمانسیزمی کۆنەپارێز ئەکرا .. » .

ئەم دووڕوویی‌یە لای ڕۆمانسی‌یەکان تاکە ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لەوگەڕانەوە نابەجێ‌یەی هیچ مەنتقێك‌و هیچ پەیوەندی‌یەك ماوەی نادەن ، چونکە لای‌ئەوانە تاکەڕێگایەك هەبێت بۆ تێگەیشتن لەجیهان‌و واقیع گەڕانەوەیە بۆدوواوە .

ڕۆمانسیزم بەهەموشێوەکانیەوە ولەگشت ئەو شوێنانەدا کەزەمینەی گەشەکردن‌و پەیدابوونی بۆزەخسابێت ، خاسی‌یەتێکی تایبەتی‌و هاوبەشی‌یان لە نێوان‌دا هەبووە ، ئەویش ، هەست‌کردنە بەشێواوی‌ی بیر ، چونکە ڕۆمانسی‌یەکان لەجیهانێك دانەژین توانای ئەوەیان نی‌یە سەقامگیر ببن ، هەست بە گۆشەگیری‌ی‌و نامۆیی ئەکەن ، ئەم شێوە بیرکردنەوەیە وای لێ‌کردن بیرلەجیهانێك بکەنەوە کە جۆزە یەکێتی‌یەکی کۆمەڵایەتی‌ی نوێی تیابێت‌و گرنگی‌ی بدات بەگۆرانی‌ی‌و داستانەکانی ئەمەیش سەبارەت بەوەی کە ڕۆمانسیزم پایەیەکی ئێجگار بڵند ئەدات بەخود پەرستی‌ی بێ‌سنوور ، ـ لە بابەتی ئەو خودپەرستی‌یەی کە ـ بایرون ـ ی شاعیری ئینگلیزی دووچاری بوو بوو ـ بەوجۆزە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەمڕێبازەوە نوسەری ـ سەربەست ـ هاتەکایەوە ،

بڕوانە ل ٧

خالد حسین

هەروەکی مەلوتاری پێش دیارکری ، نالبەندی سال کریە چاردەم ، بهارو هافینو پائیزو زفستان ، ژین هەروەسا پاکریە چار دەم ، بجویکی ، ولاوینی ، پاش پیری‌و دیفدە مرن ، وپشتی مرنێ هەر چار دەمن عوزر قەخازی‌و خاستنا سەرفەرازی ، دیفدە روژا حسابێ ، پاشی بەحسێ بەحەشتێ ، ودوماهی **مێهفانیا** خودێ ، ئەقە ئەو دەم هەر وەکی نالبەندە دبێژە :

شوبهی ئێکن عمرێ مە صالو زمان
بۆ مەژی چار وەفتن ئەف عمرو قەمان

دابێنە سەر دەمێ ئێکێ ژ سالێ کو بهارە دابینین کا بهارا نالبەندی چ ڕەنگ‌و چ دەمە ، خوشیا بهارا نالبەندی لکیرێیە ، بناف وباو دەنگێ خوشیە ، یان بمێرگ‌و کانێ جوانە ، یان تشتەکی دی‌یە .

مەیفێن بهارێ نادارو نیسان‌و گولانە

هەر سێ هەیف نادارو نیسانو گولانێ
ئەوە بەحەشتا عالێن ئەنافو نانێ

بهارە ڕاستی بیکا نافا جار دەمێن سالێ دەردکەفت‌و چافێن هەر کەسێ لێیە ئەخاسمە چافێ مللەتێ مە خودانێ جوانترین بهار .. بهارا نافا کوردستانێ نە وەکو بهارا ڕەخو بەرو وەلاتەکی دی‌یە ، بهارەکە نافا فێ بهارێدە هەر کەسەك دزانت سەرێ سالا کوردانە ئەو روژا نەوروزی‌یە ، روژەکە زمێرویا ئەمرا مە کوردایە ، ئەوروز ئەو بیرهاتنە یا کاوەی سەر لئەژدەهاکی پەقاندی‌و بن بێ مللەتێ خو رزاندی ، وملەت زوێ تەنگافی‌و ئەخوشێ دەرکری‌و دویرکری ، بەلێ ئەم فی تشتی نافا فی هوزانێ نابینین ، ئەم فێدبێژین‌و دزانین نالبەندی یا ژبیرکری ـ نە ژبیر ئەکریە .. و ئەوروزا نافا خوینا نالبەندی یا ژیای ، تاکو روژا سەرێ خو دەینای ورانەکەری .

نالبەندی گەلە حەز گولادکر ئەخاسمە ئەو گولێن مێرگ‌و چیمەن دنەقشاندن‌و ڕەنگاو ڕەنگ دکرن ، وەکی کولیلك‌و بنەفش‌و یاسەمینا ، هەروەسا سورگولو سنبلاو قاگولا ڕەخەکی فرەهۆ ژ هناف‌و جەرگێ ئەحمەدی گرتبی ، دا ئەم ئەماشا ڕەنگێ مێرگ‌و دوول‌و دەشت‌و چیا بچافێ نالبەندی بکین دەما دبێژە :

مێرگ‌و چیمەن دەر بهارا نازەنین
شین دبن تێدا بنەفش‌و یاسمین
وان کولیلکا دەر سەحەر گرتن خناف
ڕەخ بڕەخ بشکوژ بشکفتن بەلاف
عەندەلیبو بلبلا سەر چیکە چیك
صور گولو سونبل موزیەن بو نەبیك

جارەکادی نالبەند بشکوژو پشکا دبینە ، هێشتا سەر ئەهلدانە نە ئەبینە ، خونافو خویارێ سەرێ لێ گرتی‌و نخوین‌کری ، فی ڕەخێ دی ئەماشا دکەت دبینە باخچەك سیسن‌و نیرگزو گول بەروژو ڕەیحان بایێ سپێدێ لێددەو سەرێ وا دەهەژینە هەر وەکی هێسکێ دکن زدل خوەشیا دەرکەتنا سپێدا روژەکا نوی :

بای کولیلك‌و بەلگ‌و طالێ خیفکرن
لەو مەلەك هەر بەلگەکێ سەر ژاکرن
هەر لسەر زکری دکەن طەیرو طەوال
بەلگ‌و طاهەژیان بەباطن ئەهلێ حال

سپێدێن بهارێ نیشانەکا بینێیە ـ بینا ژینەکا دەمەکی کەلە حەز گولادکر ئەخاسمە ئەو گولێن مێرگ‌و چیمەن دنەقشاندن‌و ڕەنگاو ڕەنگ دکرن ، وەکی مروفی تنێ بەلێ وە هەیە سەر طەیرا هەر دەما سپێدێن چەند ئاوازو سرودو خوەندن تێکلی هەف دبن ، دبن ئاوازەکی نوی ، هەر وەکی دڤێن خۆ بکەهینن نوییاتیا سپێدێ ، هەر یەك بڕەنگەکێ تێ بەراهیا سپێدێ دگرە ، و دبێژە ئاوازێن خوەش ، بلبل‌و چوچك‌و کەو وکوند وشالیل :

سەر تەراشا طەیرکا بو ویچەویچ
عەردەکی خالی ژ زکری نینە هیچ
لێك خورین چویچك بەزکری ڕاستو چپ
قەبقەبا دەنگێ کەوا گرتن مسمب

تاف گەرم دبە ، باران دبارن ، پاشی گیاو دارشین دبن بشکوژو پشك دپەڤن ، دەشت‌و زوزان خەملا خۆ نوی دکەن لاووقیز دچن گەشت‌و سەیرانا :

لەو دلێ خەلکێ تەژی عەشق ئەفین
دەشت‌و زوزانا تازە خملین صورو شین
تو ژخەوی ڕابە سەر دەنگێ طەیرکا
دا ببارینی ژ هەردو چافا ڕوندکا

بهارا کوردستانێ چەند جوانە :

مێرگ‌و چیمەن دەر نهالو بن تەراش
کاملن جوملە قەدان لبسو قوماش

ئەرێ کچێن کوردا چ لبەر خو دکەن دەما دچن نافا چیمەن‌و مێرگا :

دەرکەتن سەیری بە هیزارو نیقاب
چونە ناف کولیلکێن میرگا بێ حساب

لێ تشتێ خوەش دۆم ناکە ، حەتا حەتا نامینە ، هەروەسا بهار ، چونکە تشتەکی فەرە خوەش ژبەر دەف مروف بچە داکو جارەکا دی بزاف خەباتی بکی بۆ تشتەکی خوەشترو شیرین‌تر ومەستر ، لەوا بهارا نالبەندی سەرێ خوە دهەژینەو بەرەو روژئافا دشەڤینە :

نێ وەکی وەصفا بهارێ بۆ کەمال
سەر نشیف بۆ هاتە سەر نەقصو زموال
کار کرو خاترا خۆ خوەستو دامەپشت
ئەو ژواری دەرکەتو هافین گەهشت

تا کو روژەکا دی ، ئەمێ لهویقیا هافینێ ..

Institut Kurde de Paris

ئەم کاتەت باش



● ناوم صلاح قادرەو مەشهورم بە صلاح چاوشین ، دەرچوی خوێندنگای ئیدارەی سلیمانیەو ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی – مەڵبەندی سلیمانیم ٠

● زۆر لەمێژەوە هەستم بەوە کردوە کە توانای سەرشانۆو شانۆگەریم هەیەو هەر لە مناڵیەوە حەزم ئەکرد لاسایی خەڵکیو ئەکتەرەکان بکەمەوە – هەتا ساڵی ١٩٧٠ تیپی هونەری میللیمان دامەزراندو گەڵێ بەرهەمی شانۆییو تەلەفزیۆنیمان پێشکەش بەچەماوەری خۆشەویست کرد وەکو (بەقەدەر بەرەکەی خۆت بێراکێشەو ئازاوەو ئافرەتو تاوان ٠٠ هتد) ٠

● لە ساڵی ١٩٧٦ دا بوم بە ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ٠٠٠ لەبەرهەمەکانی ئەم دواییەدا هاوبەشیم کردوە کە دواییەن بەرهەمیان چێژۆکی ژیان بوو ٠

● بۆ شانۆی کوردی ئەمرۆ ئەڵێ ٠

★ دەربارەی شانۆی کوردی ئەتوانم بڵێم گەیشتۆتە قوناغێکی باشو لە پێشکەوتنی زیاتر بشایە – سەرەڕای گەڵێ گیروگرفتو تەنگو چەڵەمەیش – هێشتا ئەڵێم ئەبێ شانازی بە هونەرە کەمانەوە بکەین کە ئەتوانی خۆی لەبیری جەماوەر نەباتەوە ٠

هیوداریشم هەموو هونەرمەندێکی دڵسۆز بە هونەری گەلی کوردمان زیاتر خۆی هیلاک بکات بۆ خزمەت کردنو پێش خستنی هونەرمان ئەمیش بەیارمەتی جەماوەری خۆشەویست ٠

حمە سعید حمە کریم

چاپکراوی نوێ

● رۆشنبیری نوێ ●

ژمارەی ٦٣ی گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) کەوتە بازارەوە ، ئەم ژمارە نوێیەی (رۆشنبیری نوێ) هەڵگاوێکی بەرەو پێشەوەیە لە رووی شێوەی رێکو پێکو سەرکەوتوانەی چاپەوەو لەرووی ئەوو نووسراوە بەکەڵکانەوە لە چیرۆکو شیعرو لێکۆڵینەوە تیایدا بڵاوکراوەتەوە ،لەم ژمارەیەدا ، دەستەیەکی باش لە نووسەرو رۆشنبیرەکان بەشداریان لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیانا کردوە ٠

● بەیان ●

هەر لەم هەفتەیەشدا ژمارەی (٤٤)ی گۆڤاری (بەیان) دەرچوو ، هەروەك رۆشنبیری نوێ ، (بەیان)یش هەڵگاوی بەرەو پێشکەوتنی چالاکی رۆژنامەگەریانەی لەم ژمارەیەوە زیاتر پێوە دیارە ، لەژمارەی ئەمجارەی (بەیان)دا چەندان لێکۆڵینەوەی سیاسیو رۆشنبیریو زمانەوانیو شیعرو چیرۆك بخوێنەرەوە ٠



کچی بەغدای

بنیات ناوە

نەبوخوذ نەصری شای بابلیەکان لەم دواییەدا دەنگێکی گوورەی لەبەغدادا دایەوەو مێژووی بەغدای سەروژێر کرد ٠

ئەمشایە مەسەلەی خۆی بەنیشانەیەکی بەرچاو دەرئەبڕێ ئەویش ئەوەیە کە ئەم بەغدای دروستکردوەو ئەبو جەعفەری مەنصور شوێنەوارەکەی دۆزیوەتەوە ٠ ئەوشتە بەبەرچاوەی کە ئەمشایە ئەیدانە دەستت ئەوەیە کە خۆی خاوەنی ئەوبیرە بوە کە شوێنی بەغدا هەڵبژێریو شارێکی لێدروستبکا ٠ کە ئەوەش پاشماوەی خانوبەرەیەکی بێشومارە وەك پردو پەرستگەیەك یان پرۆژەیەك لەپرۆژەکانی ئاودێری سەر دیجلە ٠ کە لەم دواییەدا دۆزرانەوە ٠

لەسەر یەکێك لەخشتە گەورەکان ، زانایەکی شوێنەوارناس ئەم دێڕانەی بەزمانی بسماری خوێندەوە ٠

ئێمە نەبوخوذنەصری شای بابلین ، شای هەر چوار لا ئەم خانوە بۆ خواوەندی مەردۆخ دروست کراوە نەبوخوذنصر مۆری خۆی بەمشارەوە ناوەو ماوەتەوە ٠ بەمجۆرە بەگوێرەی مێژو ، مافی خۆی پاراستوە کە دامەزرێنەرەو مەسەلەیەکی وروژاویشی بۆ زاناکان جێهێشتوە ٠

ئەوەی لەبارەی بەغدادەوە نوسراوە ئەبێبگۆڕێ ، بەڵام ئەم گۆرانەش کارێکی ئاسانئیە ٠ ئەمشوێنەوارە لەکاتی ئیشکردنی پردی ئاسنی سەر دیجلەدا دەرکەوت کە پردی (باب المعظم)ە ٠



له پیشه میللی‌یەکانمان
ئالەتی موسیقای میللی

شەوێك لە ژیانی خانزاد

لەچاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی ، شانۆی « شەوێك لە ژیانی خانزاد » نووسینی مامۆستا حەمە کەریم رەمەزان کەوتە بازارەوە ، ئەم شانۆییە بریتیە لە سێ بەش و لە پێنج پەردەدا بە چاپێکی قەشەنگی (١١٨) لاپەڕەیی چاپکراوە ، ئەوەی شایانی باسە ، ئەمە پێنجەم چاپکراوی دەزگای رۆشنبیریە لەم ماوەیەدا بڵاو کراوەتەوە ٠

ریاره‌و

دەورمان لە رۆشنبیرکردنو رۆڵمان لە چاودێری کردنو دەورمان لەکارتێ کردندا دەرفەتی ئەو کەسە ناڵەبارو سادانە کەم‌ئەکاتەوە کە ئەیانەوێ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەك لەو مەسەلانەی دێنەپێشەوە بارێکی ناثاسایی بخوڵقێنن ٠

« هاوری صدام حسین »

جیهانی منال

مناڵە خۆشە ویستەکان بەسەرهاتی مراویەکی زیرەك و هۆشمەندتان بۆ ئەگێڕمەوە :

مراوییەك ئەبێ حەز لە ئیشو کاری رۆژنامەگەری ئەکات ٠٠ هەمو رۆژێك چەند نامەو رێپۆرتاژ ئەنوسێو هەندێکیان لەبەر خۆیەوە ئەدرێنێو هەندێکی تریشیان ریوی‌یەکی فێڵباز بە خواردنەکە بۆتۆ ، ئەگەر نەت پێکا ئەوا خواردنەکەم بۆ بێنەرەوە ٠٠ مام رێوی ئەڵێ زۆر باشە ٠٠ چەند بەردێك خواردنەکە بژتۆ ، ئەگەر نەت پێکا ئەوا خواردنەکەم بۆ بێنەرەوە ٠٠ ئەگەر ئەم زیرەکیو هۆشمەندیو روداوە بکەمە رپۆرتاجێك بۆ رۆژنامەکان شتێکی باشە ٠٠ خێرا ئەڕواتەوە ماڵەوەو رپۆرتاجەکە ئەنوسێتەوەو ئەی نێرێ بۆ رۆژ نامەیەکی مناڵانەو بۆی بڵاو ئەکەنەوە٠٠ ئەمە ئەبێتە سەرەتای سەرکەوتنی لە نوسینەکەیا ٠٠

ئەنێرێ بۆ رۆژنامەکان ، بەڵام لەبەر لاوازی بڵاوییان ناکەنەوە ٠٠ رۆژێك ئەچێت بۆ سەیرانگایەکی دڵگیر بۆ ئەوەی شتێکی باشی بەبیردا بێتو بینوسێ ، هەندێك خواردن لەگەڵ خۆی ئەبات‌و لەسەر کانیو ئاوێك خواردەمەنیەکە دائەنێ ٠٠ بیربکاتەوەو خواردنەکەی بسێنێتەوە ٠

نیگاری دارێك لەسەر روی دیوارێك ئەکێشێو بەمام ریوی ئەڵێ : بامەو تۆ گرەو بکەین ٠٠ ئەو دارەی بەروی ئەو دیوارەوەیە چەند بەردێکی تێ بگرە ئەگەر پێکاتو شکاندت هەمو ئەوە یەکێك لەخشتە گەورەکان ، زانایەکی شوێنەوارناس ئەم دێڕانەی بەزمانی بسماری خوێندەوە ٠

ئیتر لەو کاتەوە لەپێشا بیری لە هەر باسێك ئەکردەوە کە بیویستبا یە بینووسێ ئینجا بە وردی ئەینوسیو بەو جۆرە بوو بە بەیامنێری لێ هاتووی یەکێك لە رۆژنامە مناڵانەیی بۆی ئەکەنەوە٠٠ ئەمە ئەبێتە سەرەتای سەرکەوتنی لە نوسینەکەیا ٠٠

عەبدولقادر عەلی مەردان
ئامادەی کردوە

دەنگوباس جیهانی مناڵان

لەشاری سلێمانی تیپێکی مۆسیقا بۆ مناڵانو دامەزراوەو ناوی نراوە (تیپی مەولەوی) ٠

هونەرمەندانی کورد هەر لەهاوینی رابوردوەوە تەقەللایەکی چاکیان لەمبارەیەوە داوەو بۆ پێشخستنو بەرەپێدانی مۆسیقای مناڵانو کەمتەرخەمیان نەکردوە ٠

تیپەکەش واتە (تیپی مۆسیقای مەولەوی) لە (٢٨) مناڵ پێکهاتوەو ئەم قوتابیانەش لەتەمەنی «٩» ساڵیەوە تا «١٦» ساڵینو مامۆستا « نامدار » سەرۆکی تیپی ناوبراوە ٠

ئەندامانی ئەمتیپە لەسەعات «٩» ی بەیانیەوە تا سەعات «١٢» ی نیوەڕۆ لەپشوی هاویندا و ئیستاش تەنیا هەر رۆژانی هەینی خەریکی خۆفێرکردنو راهێنانی زیاترن ٠

مناڵەکانی ئەمتیپە ئەمئالەتە مۆسیقاییانە بەکارئەهێنن : ئۆکوردیون ، کەمان ، گیتار ، نای) ٠

بێگومان ئەمهەنگاوە جێگای خۆشیە بۆ مناڵان کەوا ئەمرۆکە بۆیان هاتۆتەدیو بەڵام گەڵێ شتی تریش بۆدەرخستنو پشتگرتنی ئارەزوو پێشکەوتنی بەهرەی مناڵانی کورد ماوە وەکو « گۆڤاری مناڵان » لەئێزگەو لەرۆژنامەی (هاوکاری) دا کە پێویستە بایەخیان پێبدرێ ٠

ئەمەش ناوی ئەومناڵە چالاکانەن کە لە تیپەکەدا بەشدارن ٠

١ – ئاراز ٠٠ ئالەتی مۆسیقا کەمان بەکارئەهێنێو قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی قوتابخانەی « بێخەو »ە ٠

٢ – ئەردەڵان ٠٠ ئالەتی مۆسیقا گیتار بەکارئەهێنێو لەپۆلی شەشەمی سەرەتایی قوتابخانەی « پیرەمەگرون »ە٠

٣ – ژوان فایق ٠٠ ئەمکچە بچکۆلەیەش « ئۆکۆردیون » بەکار ئەهێنێو قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەو لەقوتابخانەی « بڵێسە » یە ٠

نامادەکردنی «چیناز بەکرخان»

هاوڕێیانی گۆشە



شیروان یوسف محیی‌الدین

بیان کریم حسن — ئاسۆ کریم حسن — دلێر کریم حسن — شیلان عبدالله — کارزان محمد — لیث علی — حیدر نصرالدین — نیشتمان سعدالله — عباس محمد — نازەنین کاوە الحفید

لە چاپخانەی (دار العراق)لە چاپ دراوە

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلس

وەزارەتی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
صحیفات «الثلاثاء، شەقاق، الجمهوریة»
دەرهێنەری ئەندازیاری: محمد امین محمد
سەرنووسەر: محمد امین محمد

لەسەر چاوە یەکیەتی چینە نیشتمانیەکانی گەلەوە، بنچینەی هاوپەیمانی نێوان کرێکاران و وەرزێران و رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان، چ مەدەنی و چ سوپایی دووپات ئەکەینەوە لەپێناوی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم قۆناغەدا.

سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر

● پێنج شەممە ١ی کانوونی یەکەم ژمارە ٣٩٩ ●

● الخميس ١ كانون الاول العدد ٣٩٩ ●

کۆبوونەوەیەکی گرنگی کۆنگرەی حوتری و کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب

هاوڕێ صدام حسین

ئەبێ بڕەو بە پەیڕەوی هۆشمەندانەی شۆڕشگێڕانە بدەین

عێراق بڕیاری ئەدات لە کۆنفرانسی باڵای طرابلس بەشداری بکات

کۆبوونەوەی کونگرەی قطری حزب:

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ناکۆکی نێوە دەوڵەتە عەرەبەکان بووەستێنرێت بۆ ڕوبەڕووبوونی مەترسی گەورەتر

پێرێ بەیانی هاوڕێ میشێل عفلق ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەکۆبوونەوەی نائاساییەکەی کۆنگرەی هەرێمایەتی و کادیری پێشکەوتووی حزبدا ئامادە بوو.

لەسەرتای کۆبوونەوەکەهاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی و ئەمینداری نهێنی هەرێمایەتی و وتەیکی دا باسی بارەی ئێستای عەرەب و ئەوگۆڕانانە کرا کە دوای سەردانەکەی انورالساداتی خائین بۆ فەلەستینی داگیرکراو هاتنە کایەوە.

هاوڕێ البکر دەستی بۆ ئەوکۆبوونەوانە کێشا کە سەرکردایەتی نەتەوەیی و هەرێمایەتی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەستی دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی سەردانەکەی ساداتی خائین و ئەوبەیاننامەیەی کە لە سەرکردایەتی نەتەوەیی خربەوە دەرچووە بووە هۆی تووڕەبوون و نارەزاییەکی هێجگار زۆری هەموو چینەکانی گەل بەدرێژایی نیشتمانی گەورەی عەرەبداو ئەوهەڵوێستە نارەزاییانەی کەهەندێ ڕژێمە عەرەبیەکان نواندیان دژی ئەوسەردانەخیانەتکاریە کە هەموو خوو ڕەوشتێکی پێشێل کردوو مافەنەتەوەییەکانی بەرباد کرد.

هاوڕێ جێگری ئەمینداری گشتی و ئەمینداری نهێنی هەرێمایەتی باسی ئەو سەردان و نامەو پەیوەندیانەی کرد کە لەنێوان سەرکردایەتی حزب و شۆڕش و سەرۆکانی جزائیر و لیبیاو سوریا کراو لە باسی دوو خاڵی سەرەکی دوا.

یەکەمیان.. ئەوبارو دۆخەی کە ئێستا باڵی کێشاوە بەسەر نەتەوەی عەرەب و لەئەنجامی سەردانی سادات بۆخاکی داگیرکراوو گفتوگۆکردنی لەگەڵ لێپرسراوە زایۆنیەکاندا هاتۆتە کایەوە زیان بەمانی نەتەوەی عەرەب و گەلی فەلەستین ئەگەیەنێت..

جا لەبەر ئەوە پێویستی بەهاوکێیی و هاوکاری کردەوەی هاوبەش هەیە لەنێوان هەموو دووەمیان.. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەبەر بەرژەوەندی گشتی لە ناکۆکی نێوان دەوڵەتە عەرەبەکان بووەستێنرێت بۆ ڕووبەڕوو بوونی مەترسیەکی گەورەتر لە ناکۆکیەکانی هەرێمایەتی و خەباتکردن لەپێناوی دەستەبەرکردنی پاشەڕۆژی عروبەو دووڕخستنی لەسەر شۆڕی و مل کەچیدا.

بروانە ل ٧

کۆبوونەوەیەکی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز

پێرێ بەیانی هاوڕێ صدام حسین جێگری سەرۆکی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەبینای ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی بەرەی کرد.. لە کۆبوونەوەکەدا باسی بارەی ئێستای ناوچەی عەرەبو ئەوگۆڕانکاریانە کرا کە دوای سەردانەکەی سەرۆکی رژێمی میسر بۆ خاکی عەرەبی داگیرکراو هاتە کایەوە.

هاوڕێ صدام حسین لە کۆبوونەوەکەدا ئەنجامی سەردانە خیانەتکارانەکەی سادات و هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی سیاسی حزب و شۆڕش بەرانبەری ڕوونکردەوە هەروەها باسی ئەو یەکگرتنەی کرد کە ئێستا پێویستە لەنێوان هێزە نیشتمان پەروەرەکان و شۆڕشی عەرەبی لە ڕێگای خەباتدا بێتەکایەوە بۆ ئەوەی ڕوو بەڕووی ئەو شلۆقیەی ئێستا بووەستێت.

هەروەها هاوڕێ صدام حسین دووپاتی کردەوە کە ڕۆیشتنی سەرۆکی رژێمی میسر بۆ قودسی داگیرکراو بەکردەوەیەکی ترسناک ئەژمێردرێت و پێویستی بە هەڵوێستێکی تایبەتی و ئاماژەیی هەیە. هاوڕێ صدام حسین لە کۆبوونەوەکەدا ئەنجامی سەردانە خیانەتکارانەکەی سادات و هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی سیاسی حزب و شۆڕش جێگری سەرۆکی سەرکردایەتی

کۆبوونەوەکەی قاهیرە وچەند تێبینی یەک

لیکولینەوەی سیاسی

تهێنی سەردانەکەی سادات

جیمس شلزنجر وەزیری وزەی ئیستای ئەمەریکاو ، وەزیری بەرگری حکومەتەکەی فۆرد کە یەکێکە لە کۆلەکەو نەخشە کێشی هەموو سیاسەتی ئەمەریکا ، رۆژی یەکشەمەی رابوردوو بەپێی بنچو بەنا گوتی :

مانەوەو بەردەوام بوونی (ئیسرائیل)یکی بەهێز لەرووی سەربازیو هەموو رووی یەکی ترەوە ، بۆ مسۆگەر کردنی هاتنی پترول لە ولاتانی عەرەبەوە بەرەو ئەمەریکا ، ئامانجێکی سەرەکی سیاسەتی ئەمەریکایە ...

لەگەل ئەوەی کە سەرمایەداری ئەمەریکاو کومپانیایە مۆنۆپۆلەکانی هەمووکاتێ درێغیان نەکردوە لە چەوساندنەوەو راوەدووت کردنی سامانی هەموو گەلانی جیهان ، لەهەمو کاتێکیش بوونی بەتایبەتی لە سەرچاوەکانی نەوتی رۆژهەلاتی ناوەراست ، بەلام ئەمرۆ پێویستی ئەمەریکا بۆ نەوت باش کرێبوونی [illegible] ئەمەریکا خۆی وەناچاربوونی [illegible] بۆ بەرێوەبردنی وەزارەتی [illegible] سەربازیە بزرگەکەی [illegible]

لەگەل ئەوەی ، هەموو هێزو شانو شەوکتی ئەمەریکا لە [illegible] بەپێی وتەی ([illegible]) [illegible] گرنگترین رووداوی ئەم ساڵانەی دوایی سەدەی بیست کۆبوونەوەی نەمانی نەوتە لە ئەمەریکا .. وەناچار بوونی کە بەهەر شێوەیەک بێت ئەم جارە (پترول) مسۆگەر بکات ..

راپورتی شارەزایان دەری خستوو کە نەوتی ناوچەی عەرەب گرنگترین سەرچاوەیە ئەوە بو لە شەش مانگی ئەمساڵدا (۱۹۷۷) ۴۱٫۳٪ی هەموو نەوتی ئەمەریکا لەم ناوچەیەوە بۆی چووە وئەم رادەیە هەر لە زیاد بوندایە ..

ئەمە زمانی ژمارەیە کە هەرگیز جێی گومانیش نیە و بە پروپاگاندە دانانرێ ، کەواتە ئەمە چی دەگەیەنێ ؟!

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ، کە چارەنوسی ئەمەریکاو مانەوەی وەکو یەکە دەولەتی بەهێزی جیهانو سەرکردەی بەرەی سەرمایەداری بەستراوە بەناوچەی عەرەبو نەوتە کەیەوە ..

بۆیە ، ئیستا لە هەموو رۆژی زیاتر ئەمەریکا بەهەموو توانای دەبەوی بارو دۆخی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەک دابمەزرێنی کە بۆ بەرژەوەندی خۆی و دەزگا سەرمایەداریەکەی و زایونیزم بێت ..

ئەخشەکێشەکانی ئەمەریکا ، لەم بیلانەیاندا باش بە هێزکردنی قەوارەی زایونیزم [illegible] بەردەوامی ، دەورێکی گرنگیان داناوە بۆ کونەپەرستی عەرەبو هەموو شان شل کردوو عەمل پەرستەکان ..

سەیر ئەکەیت کونەپەرستی عەرەب کە چەندەی ئەوەی ناوچەکەی بەدەستەوەیە وهەموو بارەو سەرمایەی نەوتی لە بانقەکانی زۆرئاوا بۆ بەرژەوەندی ماکینەی سەرمایەداری بەکار ئەهێنێ وهەمیشە بۆتە کۆسپ لەرێی زیاد کردنی نرخی نەوت بۆ مەسلەحەتی دەولەتە ئیمپریالیستەکان وسووک کردنی باری گرانی لەسەر شانیان وفرێدانی بۆ سەرشانی گەلانی عەرەب ...

سوور بوونی ئەم کۆنەپەرستیانە لەسەر ئەوەی کەنابێ نرخی نەوت زیاد بکرێو نابێ نەوت وەکو چەکێک بەکار بهێنرێ دژی دوژمن هەروەها داواکاریان بۆ سیاسەتی دەرگاکردنەوە وازهێنان لە گەمارۆدانی ئابوری عەرەب دژی .. (ئیسرائیل) ئەمانە عەمووی گەورە ترین پاڵپشت بوو بۆ ئەو ئەخشە بێ ئاپروانەی کە ساداتی خاین ئەمرۆ جێبەجێی ئەکات ، ئەخشەی بەستنی چارە نووسی هەموو هێزی ئازادیخوازی جیهان ..

بەلام بێ گومان ، کە ئەم ئەخشە دۆزخیانە ناچێتە سەر لەسایەی خەباتی بێ پرانەوەی ئەتەوەی عەرەب ویارمەتی هەموو هێزی ئازادیخوازی جیهان ..

پاش سەردانە شووم وشەرمەزارەکەی سادات بۆ خاکی داگیرکراوی فەلەستینوکۆبوونەوەی لەگەل لیپرسراوانی دوژمندا گشتهەوڵێکی تەرحان کرد بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی ترلە قاهیرە وەکو سەرەتایەک بۆ کۆنفرانسی خۆ بەدەستەوەدەرانەکەی جنێف کە وا چاوەڕوان دەکرێت لە ١٥ی مانگی داهاتوودا ببەسترێت .. بۆئەم مەبەستەش بانگەوازێکی بڵاوکردەوە تیایدا داوای لە لیپرسراوە زایۆنیستەکانو لایەنە خۆبەدەستەوەدەرەکان کردووە رۆژی شەممەی داهاتوو ئامادەبن لە قاهیرە ..

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لایەنگیری ئەم بانگەوازەی ساداتی کردووەو داوای لە رژێمی سوریا کردووەو بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەی ناوبراودا ... هەروەها جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمریکا وتوویەتی سەردانەکەی ئەم دووایی‌یەی سادات بۆ خاکی داگیرکراو هەنگاوێکی ئیجابیەو !! نووسینە رژێمەکانی سوریاو لیبیەش رژێمەکانی هاوی بکەن .. بەلام سادات ئەوەن جوتکە بروای بە سەرکەوتنی کۆبوونەوەکەی قاهیرەو کۆنفرانسی جنێف [illegible] دوودلیەکی کوشندەی تووش بووە وتوویەتی ئەگەر تەنیا کاربەدەستە زایۆنیستەکان ئامادەبن لە قاهیرە کۆبوونەوەکە دەست بێدەکاتو دەبەسترێ ..

ئاوڕدانەوەیەکی بچووک لەم قسەیەی سادات ئەومان بۆ روون دەکاتەوە کە بەتەواوی وزەی بەرداوەو هیچ بڕوایەکی بەهێزو مێژووی گەلی عەرەب نەماوەو خۆی خزاندۆتە باوەشی ئەمریکاوە بۆ ئەوەی رێگای نیشانبدات ..

بانگەوازەکەی سادات بۆ کۆبوونەوەی قاهیرە پارچەیەکی ترە لە ئەخشەو پیلانەکانی هێزە خۆبەدەستەوەدەرەکان دژی مافە رەواکانی گەلی فەلەستین ، لەم بارەیەوە بەیاننامەیەک لەلایەن رێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستینەوە لە بەیرووت بڵاوکراوەتەوە تیایدا داوایان لەگشت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەلی عەرەب کردووە لەبەرەیەکی یەکگرتوودا یەکبگرنەوەو هاوکاری نەکەن لەگەل ساداتی خۆفرۆشداو بەدەستێکی ئاگرین وەلامی پیلانە جەپەلەکانی بدەنەوە .

هەروەها بەیانەکە دەنێت گیروگرفتی گەلی عەرەب بە کۆبوونەوەو کۆنگرەی کارتۆنیو دروستکراو چارەسەر ناکرێو تەنیا چەک دەتوانێت ئامانجو مەبەستە رەواکان بێنێتەدی ، لەکۆتاییدا بەیانەکەی رێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستین ئیشارەتی بۆ ئەوە کردووە کە هیچ کام لەو لایەنە بەزیوانەی میسرو سوریا نوێنەری گەلی فەلەستین نینو بەلکە گەلی فەلەستین خۆی سەربەستە لە دیاریکردنی چارەنووسی کە ئەویش بریتیە لە سەندنەوەی تەواوی خاکی داگیرکراو .

دوا بەدوای بانگەوازەکەی سادات ، (مناحیم بیگن)ی سەرەک وەزیرانی دوژمن ئەوسەردانەی هەلوەشاندەوە بۆ جنێف کە بڕیار وابو لە ٧ی مانگی داهاتوودا بیکات ، هۆی سەرەکی هەلوەشاندنەوەی سەردانەکە بەستراوە بە کۆبوونەوەکەی قاهیرەوە چونکە دەولەتۆکەی دوژمنیش لەو بڕوایەدایە ئەگەر بەتەنیا رژێمی میسری تیادا ئامادەبێت ئەم بەشداری تیادا دەکات .. هەروەها وتوویەتی ئیسرائیل ! بەم زووانە وەفدی خۆی بەرەو قاهیرە رەوانە دەکات .

لەلایەکی ترەوە ، رێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستین ـ کە لەلایەن ساداتی خایەنەوە داوای لێکرابو بەشداربێت لە کۆبوونەوەکەی رۆژی شەممەی داهاتوو ـ تووڕەییو بێزاری خۆی دەرخستووەو وتوویەتی ئەوهێزەی بڕوای بە پاشەـ ڕۆژی مێژووی عەرەب هەبێت بەشداری ناکات لەو کۆبوونەوە چەپەلەدا کە ئەلقەیەکی ترە لە زنجیرە رەنگاو رەنگ و بۆیاخ کراوەـ کەی سادات و هاوڕێ خۆبەدەستەوەدەرەکانی ..

هەروەها رێکخراوی (فتح) یش لەم بارەوە بەیانێکی بڵاوکردۆتەوەو وتوویەتی بانگەوازە گومان لێکراوەکەی سادات رەنگدانەوەی سەردانە سەرشۆڕانەکەی ئەم دووایی‌یەتیو هیچ پەیوەندیـ یەکی شۆرشگێرانەی بە چارەنووسی گەلی فەلەستینەوە نیە ، بەیانەکە دەڵێ ئەگەر سادات رێگای بەخۆی داوە نوێنەری گەلی فەلەستین بێت گەلی فەلەستینیش بە زووترین کات وەلامی دەداتەوەو بەرهەڵستی دەکات .. چونکە هیچ کەسێک ناتوانێ بەپێی هەوەس و ئارەزووی خۆی وازی بە مێژوویەک بکات کە لاپەڕەکانی بەخوێنی هەزاران رۆڵەو شەهیدی نەبەرد رازێنرابێتەوە ..

جەژنی دەساڵەی دامەزراندنی کۆماری یەمەنی دیموکراتی

پاش داگیر کردنی نیوسەدە ، دە ساڵ لە مەوبەر دوا سەربازی بەریتانی خاکی‌عەدەنی بیرۆزی بەجێ هێشت .. ئەمەش پاش خەباتێکی‌دوورو درێژ کە هێزە شوڕشگێڕەکانی ناچار کردلە ساڵی ١٩٦٣ شۆڕشی چەکدار بەرپا بکەن وە لە ٣٠تشرینی دووهەمی ١٩٦٧ سەرکەوتن وە دەست بهێنن لەم دە ساڵەدا حکومەتی شورش کە (بەرەی نەتەوایەتی) سەرکردەی ئەکات گەلی هەنگاوی گرنگی ناوە ، وەکو دابەش کردنی زەویو بەهێزـ کردنی کەرتی گشتی لەهەموو ژیانی ئابوری وراکێشانی جەماوەر لە تاریکایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە ، بۆ ژیانی هاوچەرخ .

کۆماری یەمەنی دیموکراتی هاوبەشێکی چالاکانە ئەکات ، لە خەباتی گەلانی عەرەبو هەموو جیهانا دژی کونەپەرستو ئیمپریالیزم .. پەیوەندی عراق لەگەل کوماری یەمەنداو رۆژ بە رۆژ بەهێزتر ئەبێت بەتایبەتی پاش سەرـ کەوتنی شورشی ١٧ تەموز لەبەرئەوە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست هەموو یارمەتییەکی پێشکەش کردوە وئامادەیە بۆ بەهێزکردنی لە هەموو رووی‌یەکەوە ..

هەموو گەلی عیراق هاوبەشی جەژنی سەر بە خوێی گەلی یەمەنی دیموکراتی ئەکا .. وبە دل پیروزبایی لێ ئەکا ..

لەهەندەران — بۆچ باسە؟

★ ئاژانسی تانیوگی یوگوسلافی بڵاوی کردەوە کەوا رژێمی ئەسیوبی بەردەوامە لە ڕاونان وگرتنی ئەوانەی دژی حکومەتی سەربازی ئەسیوبین ..

★ یەکێتی قوتابیانی تونس داوای لە حکومەتی ساداتی کرد بە گورجی قوتابی‌یەفەلەستینیەکان بەر بدا کەدژی سەردانەکەی سادات خۆیان دەرخستبو ..

★ پێرێ سەرەکی صومال بۆ سەردانێک چوو بۆ سعودیە ، چەند رۆژێک لەمەو بەر چووبۆ قاهیرەو سودان .

★ چین تاقی کردنەوەیەکی ئەتۆمی کردوە باش ئەوەی دوو جاری تر لەم تاقی کردنەوەیەدا سەرنەکەوتوە ..

★ رژێمی دیکتاتوری لە نیکاراگوا خەلکێکی زۆری خستۆتە زیندانەوەو جانەوەرانە لەگەلیان دە جوڵێتەوە ..

★ لە یەکوادور گرنکارانی کارگەی سەکر ئەنیان گرتوە داوای چاکردنی گوزەرانیان دەکەن . حکومەتیش لە جیاتی ئەوەی گوێ بگرێ بڕیاری بەدار خوازی یەکانیان لەسەر لەکاتە سەریان ..

★ لەگەل ئەوەی کە نوزەمبێق ماوەیەکە بۆتە نیشانەکەی هێرشی نارواو جانەوەرانی حکومەتی رودیسیاو خواروی ئەفەریقا ، بەلام هەر لەسەر خواستی خۆی ئەروا کە یارمەتی دانی بزوتنەوەی نازادی هەردوو گەلی زیمبابویو نامیبیایە ..

★ لە نایجیریاوە وەفدێکی رەسمی جوو بۆ موسکو بۆ بەهێز کردنی بەیوەندی لەنیو مەردوو لادا .

★ نووسەری سیاسی ئاژانس نوفوستی سوفیاتی لەبارەی سەردانەکەی انور الساداتەوە ئەڵێ : ئەم سەردانە بەهیچ جۆری هاوبەشی ناکات بۆ چارەسەرـ کردنی کێشەکانی رۆژ هەلاتی ناوەراست بەلکو بەپێچەوانە بووبە هۆی ئەوەی زیاتر « ئیسرائیل » پێ دابگرێو دەست درێژی بکاتە سەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی عەرەب ..

★ رۆژنامە چیەکانی زایونی خۆیان ئامادە کردوە بچن بۆ قاهیرە . بۆ هاوبەشی کردنی نووسین لەبارەی کۆنگرەی قاهیرەوە کە سادات داوای بەستنی کرد .

★ چین بێزاری خۆی لە پێ داکوتانی ئەمەریکا لە ناوچەی ئوقیانوسی هیندی ، دەربری .

★ لە کولومبیا بریاردرا بەداخستنی دوو کومپانیای ئەمەریکا کە دەستیان گرتوە بەسەر پیشەسازی تەختەدا

★ ئیران بەرنامەیەکی داناوە بۆ دامەزراندنی دەزگای ئەتۆمی بۆ پێشکەش کردنی وزە بەنرخی ٢٨ ملیار دولار ، ئەڵمانیای رۆژئاوا بریاری داوە قەرزو یارمەتی پێشکەش بکات لەم رووەوە .

★ تەرازوی بازرگانی ئەمەریکا ئەمسال خراپترین دەست کورتی بەخۆیەوە دیوە کە ٣٠ ملیار دۆلارە کە ئەمەش چەندانەی دەست کورتی یەکەی پارە ئەمەش ئەبێتە هۆی بێکاری و کەم بوونەوەی بەرهەمو قوول بوونی ئەنگو چەلەمەی ئابوری ..

★ فوکودا ، سەرەک وەزیرانی ژاپون ، قابینەیەکی ٢١ وەزیری تازەی دامەزراند ، بۆ بەرەنگاری کردنی خراپترین بارو دۆخێک کە ژاپونی تێکەوتوە لەرووی بازرگانی‌یەوە لەگەل ئەمەریکاو دەولەتەکانی بازاری هاوبەشی .

پێشکەش بێت بە تەقەلا گومانلێکراوەکانی ساداتی خاین

رێ پاککردنەوە بۆشەڕێکی دەست درێژانەی نوێ

رۆژی هەینی ، رێکەوتی ٢٨ـ١٠ـ١٩٧٧ (سیحا ئیرلیخ) وەزیری دارایی‌دوژمن چەند بڕیارێکی دەرکردووە بۆ پتەوکردنی‌ئابووری زایونی !! کە لەناو دەیان گیروگرفتی بێ سەروشوێندا دەخولێتەوە ، لەوانە بەرەڵلاکردنی لیرەی زایونی(لە روی نرخەوە) و وازهێنان لەپشتگیری کردنی حکوومەت‌بۆ بەرهەمهێنانی شەکرو ئاردو مریشک .. لەراستیشدا بەرەڵلاکردنی لیرەی سەهیۆنی ئەوە دەگەیەنێت کەوا نرخی کەمدەبێتەوە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی‌لەنێوان ٤٠٪ـ٥٠٪ وازهێنانی پشتگیری‌کردنی حکوومەتیش‌لە بەرهەم هێنانی پێداویستە سەرەکیەکانی وەک شەکروئاردو مریشک دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی بەرادەی (٥١٪) و نرخی نەوتو سووتەمەنیەکانیش‌بەرادەی (٢٥٪) بێجگە لەگرانبوونی تکتی سەفەر کردن بەنیسبەتی (٢١٪) ، ئەمجیاوازیەش لەنێوان‌گرانبوونی نرخو بەرەڵلاکردنی لیرەی سەهیۆنیدا دەبێتەهۆی نزمبوونەوەی باری ئابووری نیشتە جێبووەسەهیۆنیەکان لەکاتێکدا کە هیچ کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەرچینە بۆرژواکان ، لیرەوە بۆمان دەرئەکەوێ کەواسەهیۆنی دوژمن بۆ یەکەمجار دووچاری گیروگرفتێکی وەهاسەختو کوشندە دەبێت .. هۆیەکانی ئەم گیروگرفتەش‌دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بڕیارەکەی وەزیری ئابووری‌دوژمن پێش‌ئەوەی بڕیارێکی ئابووری بێت ، بڕیارێکی‌سیاسیەو لەئەنجامی چەند بارێکی عەسکەری‌یەوە هاتۆتەئاراوە .. چونکە وازهێنانی میری لە پشتگیری‌کردنی‌بەرهەمهێنان بۆ ئەوەیە ئەو پارەیەی لەرێگای پشتگیری‌کردنەکەدا سەرف‌دەکرا تەرخان‌بکرێت بۆ کرینی‌چەکو تفاقی نوێو دابەش بکرێتە سەر لایەنە عەسکەری‌یەکان .. هەر بۆیەش بڕیارەـ کانی (رۆژی هەینی رەش)کە گوایە بۆ پتەوکردنی ئابووری نیشتمانیە !! فرێ‌بەسەر راستیەوە نیەو یەکێکە لە تاکتیکە چەپەلەکانی‌سەهیۆنی دوژمن بۆ بەرزـ کردنەوەی بوودجەی‌عەسکەری ..

ئەمەو .. دوو لایەنی ترەش‌کە بەیوەندی‌یەکی راستەوـ خۆیان بە بڕیارەکانەوە هەیە ،یەکەمیان : هەتا جووڵانەوەی (داش) نەهاتۆتە ریزەکانی‌حکوومەتی دوژمنەوە دەستـ نەکراوە بە جێبەجێ‌کردن‌وەرچاوکردنی بڕیارەکانی ئیرلیخ ، ئەمەش بۆ شاردنەوەی ئەوهێزانەی پالیان بەئیرلخەوە ناوە باری ئابووری‌بخاتە ژێر مەرحەمەتی بێداویستە عەسکەری‌یەکانەوە.. چونکە هەموومان دەزانین حکوومەتی دوژمن هیچ کاتێک‌هەنگاوێک نانێت ئەگەر چەندین حیساباتی سیاسی‌وبۆنەکات .. لایەنی دووەم ئەوەیە ئەم بڕیارانە لەکاتێکابڵاوکراونەتەوە چەند سەرکردەیەکی عەسکەری‌نوێی دانراون هەموو لە تاقمە چەتەکانی (شتیرن‌و هاگانا)ن‌کە ناسراون بە رەگەزـ پەرستی‌و رق‌و کینە دژی گەلی‌عەرەب .

ئەم دوو لایەنەش ئەومان‌بۆ روون دەکاتەوە حکوومەتەـ کەی بیگن دەیەوێ کەلەپووری‌زایۆنیستانەی کۆن نوێ بکاتەوەو بەردەوام بێت لەسەرزەوت کردنی فەلەستینی داگیراکراوو کێشانی دەیان‌تەختەو پلانی نارەوا بۆ جێبەجێ‌کردنی بەرژەوەندی‌یەبێ‌کۆتایی‌یەکانی هێزەکانی زایۆنیستو سەرمایەدارەکانی‌ئەمەریکا ..

Institut Kurde de Paris

چیرۆك

لەوڕۆژەوە (دلشاد)ی کوڕی تووشی ئەو بەلایە بوویو کەوتبووە گێژاوێکی بێ‌سنووزەوە بەتایبەتی کەقسەکەی بیبیر ئەکەوتەوە : « بابەکەی قاچم بۆ دروستئەکەی ۰۰۰؟ »

دایکیشی زوو بەگوێ‌یاندا « هەتاماوی کوڕەکە بەرەبۆ دەرەوە چارەسەرێکی بکە ۰۰ »

بڕیاری دا بیبات :

« ئەبینم زۆر هەست‌بەناتەواوی ئەکات ، لەمەولا خەریکی پەساپۆرتئەبم ۰۰۰ »

× × ×

پەساپۆرتی دەرهێنا ۰۰۰ بردی بۆ شاری (م) لەتوتیلی

جەنرال ، دابەزین ۰

عەمر چوون بۆ لای بزیشك و ڕۆژی ئەشتەرگەری‌یان دیاری کردو بەرەو توتیلەکە ووردەووردە کەوتنەڕێ :

« سەیری ئەم شەقامو بازاڕو کۆشکانەکە ، بەڕاستی ئەمەیە ئیشانەی شارستانییەت ، ئەمەی بزیشکەکە بۆنانی‌ی ئەتووت فریشتەیە بەدەمەڕۆقەوە پێ‌ئەکەنی ۰۰ لەو بڕوایەدام ئەخۆش بەچاو پێ‌کەوتنی باری لەشی سووك‌ئەبێ ۰۰ » ۰

(دلشاد)یش هەر سەیری ئەملاو ئەولای خۆی‌ئەکرد :

« لێرە کەس سەیرم ناکات ! لەوێ لەترسی تانەوتەشەری منالی کۆلانەکە سەرم ئەئەهێنتایەدەر بەتایبەتی منالەکانی (خولە) ئاشەوان بە (دلە) شەل لێم‌ڕازی ئەئەبوون بێیان ئەوەتم : (دلەگێر ۰۰) ۰۰ » ۰

لەپێش ئەوەدا بگەنە توتیلەکە قەرەباڵغییەکیان بەدی کرد ۰۰ چوونە پێش‌ترەوە ۰۰ سەیریان‌کرد سەگێك بەلاداکەوتووە خۆین لەدەم‌ولووتی ئەڕوات ۰۰ ژنێکیش بەدیاری‌یەوە ئەگریا ۰۰ جارجاریش بەدەستە سڕەکەی لووتی ئەسڕی ۰۰ ئۆتۆمبێلێکیش لەلایان وەستابوو « دیارە ئەو ۰۰۰ لێی‌داوە ۰۰۰ » ۰

لەولاوە دوو پۆلیس هاتن سواری ئۆتۆمۆبیلەکەیان کردو بردیانن ۰

ئەویش لەیەکێکی پرسی :

– بۆکوێ چوون ؟

– بۆ خەستەخانە ۰۰ تیماری ئەکەن ۰۰

– ئەی ئەگەر نەژیا ؟

– بێی ئەبژێرن ۰۰ ئەگەر لێی‌نەبووری بەندیشی ئەکەن ۰۰

« خەستەخانە ۰۰ تیمار ۰۰ بەند ۰!!! سەگیش ژیانی بارتەزراوە ۰ ئیستایش لای ئێمە دەمی سەگ لەلەشی هەندێ کەس بکەوێ بەقوڕاو گلاوی دەرئەکەن ۰۰ یان بتەوێ یەکێك بشکێنی پێی ئەڵێ : « سەروسەکوتت لە سەگ ئەکات ۰۰ » بەمەدا قسەکانی باوکم بیر ئەکەوێتەوە « کوڕم بزیشك چی‌یە ؟ خواحەسێبە ۰۰۰ » (دلشاد) ووتی :

– ئەڵێ چی ؟

– سەکەکە ئەبەن بۆ خەستەخانە تیماری ئەکەن ۰

– گاڵتەئەکات ۰

– ڕاست‌ئەکات ۰۰ کەچوویەوە ئەم چیرۆکە بۆ بابیرت ئەگێڕبەوە ۰۰

سەلام هەنمی

چ دچینن وی دهەلینن

○ دایکا ڕۆندکێ ○

بەند ۰۰ گوتەکا بچوێکە خوێندەڤانێ هێژا ۰۰
واتایەکا مەزن یاهەی ۰

چەندی واتا بەندێژی بەرفرەهتر بیت بتر دێ‌شێت خۆ دناف ژینێدا بنەجهکەت‌ولبەر باوباڕۆڤێت چەرخان ڕاکرێتەو ، ژ دەڤێت دهی خۆگەهینێتە گوهێت ئەفرۆو ژ ئەفرۆ بۆ سبەهی‌و ۰۰ هەرهۆسا ۰

دەمێ بابوباپیرێت مە گوتی : « چ دچینن وی دەهەلینن » ڕامانا وان هەر ئەو ئەبوویە : یێ تۆفێ گەنمی بچینیت دێ گولیکێت گەنمی دروێت کو ـ ئەف نموونەو یێت وەکو وێ ـ ڕاستیەکا خۆڕستێ‌ئەو چ خش تێدا نینە ۰ بەلکو ئەف پەندە وەکو چاڤێ ڕۆژێ‌یەو ، وێڤەی هزار هەزار تیشك‌و تاڤان ژێ بەلاڤدبن ۰ هەلبەت هەروەکو هەمی پەندێت دی یێت ژیهانی ۰۰ هەرکەسەك لدوی پێدڤییا خۆ دشێت بکاربینێت ۰

یێ هەی دێ‌بێژێت : ئەو بچوێکێ جوان بێتە سەخبێرکرن دێ ئەندامەکێ باش‌و بکێهاتی ژێ چێبیت‌و ۰۰ وەکو دێ ژی هەر ڕاستە ۰

یێ هەی‌ژی دێ‌بێژێت : یێ چاکێن بکەت دێ چاکی هێتە ڕێکێ‌و ، یێ زیانێ بگەهێنێتە خەلکی دێ زیانێ بینێت ۰

ئێکێ دی دشێت بێژێت : یێ کارێ خۆدا دلسۆزبیت دێ بسەرکەفیت‌و ۰۰۰ مرۆڤێ زکڕەش هەرێ ڕوپڕەشە ۰

هەروەسا مرۆڤ دشێت بێژێت : یێ ژ دل‌ومراد حەز هەڤالێ خۆکر هەڤالێ وی ژی دێ حەز وی کەت‌و ۰۰ بەروفاژیا فێ ژی ڕاستە ۰

ئێدی ژ فی ڕەنگی‌و لنك من هەمی‌ژی دڕاستن ۰۰ من نەڤێت ژی لڤێرێ لدویف هەمی چەق‌و طاکێت فێ پەندێ بچم چونکی ناهێنەهزمارتن ۰۰ بەلێ من دڤێت ئەم هزرا خۆد مەژێ وان بابوباپیران‌دا بکەین یێت کو ئەف فلی‌یە کری‌و ئەف پەندە گوتی‌و بۆ مە هێلای ۰۰ ڕاستی هێژایێت هندێ‌نە هەکە ئەم چ بۆ نەکەین ، گوتنێت وان هەر د دڵێت مەدا ۰۰ د خوینا مەدا دەنگفەدەن‌و ۰۰ باش گوهەینێ ۰

□

جوانی هۆنراوە

کە ئەو تازدارە بەنەلام
ئەی دانەنیشێ بە ئارام
سلاوێکی بە شەرم ئەکا
تەماشایەکی گەرم ئەکا
کاتێ کە لەروم ئەروانێ
تایێ دلم ئەزانێ
نەبێتێ ڕەنگم تێك‌چووە
کاری لە دلم کردوە
ئەمجا خۆی ئەخلاڤێتێ
مەجەلەو مۆدێل نەهێشێ
بەرە بەرە بیا ئەروانێ
لە مۆدێلیش هیچ نازانێ
ئەزانێ کە خۆشم ئەوێ
ئەیەوێ لای من دەرکەوێ
بەیێ ئەوەی رازی هەبێ
کەچی ئەبی نیازی هەبێ
باسی مۆدێلی بیانوو
بۆ شیعری دڵگیر هاتووە
دڵی لەسەر کەفو کرلە
شیعری منی زۆر بەدڵە
ڕوشی نایە بیدرکێنێ
ئەیەوێ من بیزوێنێ
خۆی مۆدێلی شیعرەکانمە
جرکەی دڵ‌و زمانمە
کە لە جوانیەکەی ئەروانم
خۆم بەخوای شیعر ئەزانم
ئەویش هونراوە بەرستە
منیش بەدانەو بەرستە
شیعری‌ئوای بۆ ئەخوێنمەوە
ئەوەی ئەیڵێم ئایڵێنەوە
هەستی دەرونم سەرئەکا
وەکو جاڕ شیعر دەرئەکا
ئەو تۆزە کاتەی ژیانم
بەخۆشترین کات ئەزانم

(مەهوش)

ڕمانەوانی

« بلێزەوە » و چەند سەرنجێك

ئەحمەد تاقانە

لە بەرکی پێنجەمی ساڵی ۱۹۷۷دا مامۆستا مەحمود کەزەنگی لە ژێر ناوونیشانی (هەڵدانەوەی چەند ڕووبەڕوبێکی زمانی کوردی) دا بلاوکردبووەوە لە لاپەڕە (۲۹۶ ـ ۲۹۷)ی ئەم گۆڤارەدا لە بارەی ئەو جیاوازیانەی نێوان (بلێزەوە)و (بلێوە)دا هەیە دوابوو ۰۰۰ کوتبووی : کەس نازانێ ئەم دەنگەی (ر)ی لاوازە لە کوێوە بەڕیوەتە ئێوان فیعلەکەو پاشگرەکەی (وە) وە چۆن فیعلێکی تری وەك ئەمیش هەیە لە شێوەناخاوتنی سلێمانیدا ئەکەی لاوازی تێ دەترنجێت » ۰

هەروەها مامۆستا دەڵێ : کەزەنگی دەزەوەی سلێمانی بەئێربوونو لاسایی‌کردنەوەنەبێ بەدڵیدا نایەت لە لاوە ڕێیەکی لاواز بخوازێتەوە پۆزێژەی ئەزمانی ئەو فیعلانە » ۰

ئەوەی مەبەستم بێ لەم نووسینەدا ئەوەیە کە ڕای خۆم بخەمە بەر چاوان‌و بەتایبەتیش بەرچاوی مامۆستا (مەسعودمحەممەد) ، نوسەرەوام کە منیش بەمەوە هەنگاوێکی‌بچووکم نابێت بەرەو وەڵام دۆزینەوە بۆ ئەو گوتە بڕسیارنامێزەی مامۆستاو بۆچوان ڕوون بێتەوەو بزانین ئەمەدەنگی (ر) یە لە کوێوە هاتووە ۰ هەروەها (وابزانم)هەرئەم نووسینە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەو دەنگی (ر) یەتەنیا (سلێمانی) زیادی ناکەن ۰

★ ـ لە (دیوانی‌مەولەوی) ی چاپی (۱۹٦۱) ی (مەلا عەبدولکەریمی‌مودەریس)دا ئەم دێڕانەمان بەرچاو دەکەوێت :

۱ ـ (بەهەر) پێم نۆش‌کەم‌چون هەردەجاران
وەرەغم گردین گرۆی‌مەیخواران ۰۰۰ ل ـ ۳
۲ ـ شیعر وێم تەنخوای‌سەمتوور سازێ
(لێدەر) ، سا نەی‌چی ،هەرتاریش گازێ ۰۰۰ ل ـ ۳
۳ ـ مغنی (لێدەر) یەك‌نیمشەو سازان
بەشقی ئەو کەسە تۆش‌ناوات وازان ۰۰۰ ل ـ ٤
٤ ـ سادەی ، صاحب نەی !ریشەی دل کەرپەی
تا لیم (دەر) ئەی‌فەردوەنەزمەکەی نەی ۰۰۰ ل ـ ۲۳
٥ ـ هیچ (مەوەر) وەتەنگ‌ویانەشەوە
پەرێ بەلەدیم ، بکیانەشەوە ۰۰۰ ل ـ ۳۰
٦ ـ بەو نائیرەوە ، بەوەدائیرەوە
خاس (بنیەر) هەستیەوە نایرەوە ۰۰۰ ل ـ ٤۰
۷ ـ جەی خار دندان ژارناوردەی مار
خاطر نازك وێت(مەدەر) نازار ۰۰۰ ل ـ ۹۷

لەم کارانەدا کە دێرەشیعرەکانی سەرەوەدا دەست نیشان کراون : (بەدەر ،لێدەر ، دەر ، مەوەر ، بنیەر ، مەدەر) بۆمان دەردەکەوێت کەئەم ڕێژە فەرمانە بەزیاد کردنی (ب) ی نیشانەی فەرمان لە پێش (ڕەگی‌کار) ەوەو نیشانەی فەرمان لە پێش(ڕەگی‌کار) ەوەو نیشانەی (ەر) لە پاشیەوە دروستدەبێت ۰

لەوە دەچێت لە کرمانجیدا ئەم دەنگی (ر) ی لاوازە بەبێ‌ی یاسای کورت‌کردنەوەوە لابرابێت ۰

★ بەبێ‌ی ئەم شێوەداڕشتنە گەلێ جار دەبینین لە (کرمانجی‌ی خوارو) بشدا(ر) ی لاواز بەیدا دەبێت ، دیارە ئەو ووشەی (بلێزەوە)یەی وا مامۆستا باسی کردووە بەر ئەم بەشەیان دەکەوێت‌ئەمەش وەئەبێ زیادکردنەوەی (ر) بێ ، بەلکوو مانەوەی‌ئەو (ر) یەیە کە لە سەرەوەدا بینیمان ، وەکو دەڵێین :

دووسێ هەرمێ (بخەرە)خوارەوە ۰
دەفتەرێکی (بدەرێ) ۰۰۰ تاد

★ هەر بەبێ‌ی یاسای‌کورت کردنەوەو لابردنی دەنگی (ر) وە (جاری‌واهەیە دەنگی (ر) ی ئەوتۆ لادەبرێت کە لە کرۆکی(ڕەگی‌کار) دایە ۰ لە بەر ئەوە هەندێك جار تووشی گیبیرو گرفتی دۆزینەوەی (ڕەگی‌کار) و هەندێك جارتێکە پشتنی ڕێك‌وپێکی یاسای ڕشتەکردنی ئەوکارانەمان لێ تێك دەچێت ، وەکو لە (بردن) و (کردن) دادەبینرێت :

لە جیاتی ئەوەی بڵێین(ببرە) و (بکرە) دەلێین (ببە) و (بکە) ۰۰ هەروەهاناوچەی واش هەیە (ببەرە ، بکەرە) و هی تریش بەکاردەهێنرێت ، دەگوترێت : ئەم کتێبە (ببەرە) ماڵەوە ۰۰۰ ئەی‌بێ با کتێبەکە (بەرێتە) ماڵەوە ۰

ئەو دەرگایە (بکەرەوە)۰۰ ئەو دۆڵە (بکەرە) ناو مەشکەکەوە ۰

★ لە مانەوە بۆمان‌دەردەکەوێت کە دانانی ئەم (ر) یە ۰۰ (هەڵە) ۰۰! یان‌شێتێکی تازە کووڕە نی‌یە ، شێوە ڕشتەیە کە بێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی بەراوورد کراوی فراوانتر هەیە ۰۰

Institut Kurde de Paris

چاوەنێڕی

صبری احمد

ز ئەڤینا تەیو دلبەر
گهام جۆلا واوەیلاین
کول و دەردان هلاڤێتم
کەلەمپەر یۆم لیبەر باین
دیسان مۆیەك ژتە بادەم
بسەد جولێت و لەپلاین
لیەی تەمە ، چاف لتەمە
هەتا مابم ئەنیاین
هەر نوێژەنم دڤێ ڕێ دا
خۆگر ئەزم بەر بەلاین
ئەڤە سۆزا من و دلبەر
برینا ڕەش بزاف داین
ژوێ دیلانا گەرم و گەش
ئاوازێ ژینێ بەردایین
چاڤەنێرم بیم زانا
کی دبێژێت دوشەڤێ ئاین

خۆزگەکان..
بەڕووبالا دەم ئەهێنن

مکرم رشید تالەبانی

بە منداڵی ، دلدارێك بووم
کە دەمبینی
ئەستێرەکان ، ماچی گۆنای ۰۰۰
یەکیان دەکرد ؟
بەلە هەوزە ستێرەکانیش ۰۰۰
لە باوەشی یەکتریدا
سەرخەوێکیان بۆی دەشکاند !
۰۰۰ منی خەمیش
ڕووبارێك بووم ۰۰
بە دووی چاوی گەنارێك‌دا
دەگەڕام‌و
حەزم دەکرد
ئەو قردێلە نایابە بم
بە تای زوڵفی
کیژی گەورە مالێکەوە !!

× ×

بە منداڵی ، دلدارێك بووم
حەزم دەکرد ۰۰ بێ‌بەسابۆرت
بە کیشوەری ۰۰
جووتە مەمکی تۆکالێك‌دا ۰۰۰
هەلبزنم ۰۰۰

لە ناو کۆشکی گۆی هەمك‌دا
دامرکێم‌و تێر بحەسێم !!
بە ناو دەشتی سینەیەك‌دا
گەشتێك بکەم ۰۰
جش با باشەوانی پادشاش بێن‌و
بێم بزانن ۰۰
شتو هەر لۆی ۰۰ بەلکم دەکەن !

× ×

بە منداڵی ، دلدارێك بووم ،
حەزم‌دەکرد بە تەنێی ۰۰
لە ڕووباری ماچی لێودا
بخنکێم‌و ۰۰
ناوی خۆم‌و ماچەکانمیش
لە پەڕاوی ۰۰۰
خەون‌و چاکەی دنکەمان‌دا ۰۰
نەدۆزنەوە !!

× ×

بە منداڵی ، دلدارێك بووم ۰۰
لە وولاتی ئەوینەوە
خەونی قەشەنگ زوو دەهات‌و
بەدزی‌یەکی بالا بەرزی
وەك شەوچرای بۆ دەهێنام
تێر یەکترمان دەگەوزاندو ۰۰۰
لە ناو ماچدا
دەتوانیەوە !
کە بەیانی هەڵدەستام‌و ۰۰
هەستم دەکرد ، لێو باوەشم ۰۰
ساردو سڕە
لێتر دادەنیشتم ۰۰۰
تێر دەگریام !!

× ×

کە گەورە بووم
ئەو خۆزگانە ۰۰ بوون بە تووترك
لە جەنگەلی دڵم ئالان ۰۰!
لە گیانم‌دا ۰۰
گەشتەیان سەند !!
لە فەرهەنگی ژیانم‌دا ۰۰
زاوی تاسەی جرۆبریان ۰۰
کرایەوە ۰۰
بەڕو باڵی بەرۆشییان
تێدا ڕووا ۰۰!
بەڵام ، دەستێك نەبوو ، لێویك نەبوو ۰۰
ئەم دەردانەم تیمان بکات ،
چاوی زامەکانم ، هەر بۆ تاوێك ، لە یەك بنات !!

بۆ جوانی

لە بێ دەنگی‌و لە فرمێسکا
جیابوینەوەو لێك دابڕاین
دوو دڵمان هەبوو
نیوە تێك شکاو !
کە جیابوینەوە
ڕومەتت ڕەنگی بەڕێ‌و تەزی
وەك جۆن نیازت
هیوامی بۆ ماچێکت بڕی
ئێستا ئەو کاتەیە
خۆت جیابونەوەت تیا ئەدی
ئەو کاتەیە
ئێشتی خەمێکی قورسی تیا هاتەدی
دلۆپێ ئاونگی بەربەیان بازی دایە
سەر نەوچەوانم
ئەویش ساردبوو ، وەك هەستم سڕ
ماندو ، بەزدەوام ، کە چاوەڕوانم
هەچ پەیمانێکت دامێ شکانەت
کە ناوت دێ ڕاناچەنم
کە ناوت‌دێ شەرم ئەکەی
نا چاریشم
بەشداری شەرمت‌بکەم
کە ناوت دێ
زەنگێك ئەبیستم مردو بەڕێ بکا
بروسکەیەك تێك‌بشکێ‌و
سەرنجم ڕانەکێشێ !!
ئەوانەی نزیکن لێنەوە
وەك من کەی لە ناخنا ئەتوێنەوە !!
بەزدەوام خەمی منیت‌و
وەك من کێ ئامی حەسرەتی قولت بۆ هەلئەکێشێ
بێ هودە بە یەك‌گەیشتین
لە بێ‌دەنگیدا نازار ئەکێشم
ئەو دڵەت توانی یادێ ئەڕامۆش‌کا
ئەو گیانەت داوی تەفرەیەکی نایەوە
ئەگەر ڕێکەوت باش چەند ساڵێ
بە یەکتری گەیشتینەوە
لە بێ‌دەنگی‌و لە فرمێسکا ، چۆن بتوانم
بتدوێنمەوە !!؟
گەشتێکی‌تر ناکەینەوە
لە درەنگە شەوێکی وەهادا
لەبەر تریفەی مانگ‌و
ئارامی‌ی دڵی خۆشەویستیا
گەشتێکی‌تر ناکەینەوە !
شمشێر ئەژی
گەر چی لە کێلان دابڕێ
گیان نەمرە
دڵیش لێدانی خۆی ڕاگرێ
دل مەحالە ئەبێ بتاسێ
خۆشەویستی خۆی بەحەسانەوە بناسێ
هەرچەندە شەو بۆخۆشەویستی خولقاوە
هێندە نابات ڕۆژ دێتەوە
ئەوا ئێمەش بۆ هێجگاری
تریفەی مانگ نابینین‌و
گەشتێکی‌تر ناکەینەوە !

شیعری شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزی
ـ لۆرد بایرۆن ـ

ئومێد ئاشنا ـ لە ئینگلیزیەوە
کردویە بە کوردی

بۆ جوانی

سەرۆکی فەرمانده پیرۆزبایی لەسەرۆکی یەمەنی دیموکراتی ئەکات

بەڕێز سەرۆك احمد حسن‌البکر بروسکەیەکی پێرۆزبایی ئاراستەی سەرۆك سالم ربیع‌علي سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری یەمەنی دیموکراتی میللی کردوە . بە بۆنەی بیرەوەری جەژنی‌سەربەخۆییەوەو ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

برای بەڕێز سالم ربیع علی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری یەمەنی‌دیموکراتی میللی ـ عدن ٠

بەبۆنەی بیرەوەری جەژنی‌سەربەخۆیی یەمەنی دیموکراتی میللەوە ، شادمانم بەناوی گەل‌و حکوومەتی عیراق‌و بەناوی خۆمەوە جوانترین پیرۆزبایتان لێ‌بکەم هیوام تەندروستی باشی بەڕێزتان‌و یێشکەوتن‌و بەختیاری گەلی عەرەبی برایە لە یەمەنی‌دیموکراتی میللی ٠

احمد حسن البکر
سەرۆك کۆماری عیراق

لە بروسکەیەکدا بو سەرۆکی بەڕێزو جێگری بەڕێز ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان ناڕەزایی بەرامبەر سەردانەکەی خیانتکاری سادات دەردەبڕێ

ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناڕەزایی بەرامبەر سەردانە خیانەتکارانەکەی سادات بوخاکی داگیرکراو دەردەبڕێ ٠

لەبروسکەیەکدا بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر و بەڕێز صدام‌حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش ، ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی،دووپاتی‌کردەوە کەواجەماوەری کورد لایەنگری سەرکردایەتی‌سیاسی حزب‌و شۆڕش دەکا لەڕاوەستانیدا دژی ئەو شالاوەدڕندانەیەی کە دامودەزگا ئیستیعماری‌و زایۆنی‌وکونەپەرستەکان بۆ پاکۆدانی مەسەلەی فەلەستین هێناویانە،ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

بەناوی ئەنجومەنی‌یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە کەئەمڕۆکۆبۆنەوەی سیبەمی‌دەکا ، ناڕەزایی و توڕەیی خۆمان بەرامبەر ئەو سەردانی سەرشۆڕی و شوورەییە دەردەبڕین کە سادانی خاین بو خاکی داگیرکراو کردی و کەواپۆپەلاکی پیلانگێڕانی پاکۆدان کردنی‌گرتەوە ، و ئاکامێکی‌سروشتی‌ی بیروراکانی خۆبەدەستەوەدانە بۆنەخشەکانی ئیمپریالیزم وزایۆنیزم ٠ ئێمە لەکاتێکدابە توندی ناڕەزایی خۆمان بەرامبەر بڕیارو ئاکام ولقەکانی ئەم سەردانە پرشوورەییە دەردەبڕین کەسەرۆکی رژێمی میسر بۆخاکی داگیرکراو کردی بەناوی گەلی‌کوردمانەوە بەردەوام بوونی تێکۆشان دووپات دەکەینەوەدژی هەموو نەخشەکانی پاکۆدانێ مەسەلەی سەرەکی ودژی هەوڵ‌و تەقەللاکانی ئەمەریکاو ئیمپریالیزمی‌جیهانی دژی جولانەوەی ئازادیخوازی ناوچەکەمان ٠

ئێمە بە سوورییەوەلەگەلتانین بەرەو ئازادکردنی فەلەستین ، خوابتان هێنێ بەسەرکردەیی گەلەکەمان و کاروانە سەرکەوتوەکەی ٠

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی بەڕێزان گونرە گلایبر سەروك وەزیرانی ئەلمانیای دیموکرات‌و تیورکارد وەزیری بازرگانی‌و پیشەسازی دانمارك چونە کۆشکی کۆماری‌و بەبۆنەی هاتنیان بۆعیراق ناوی‌خۆیان نووسی ٠

دیسان بەڕێزان طارق نسیب بەریوەبەری گشتی گواستنەوەی نەوتی عیراق‌و دوکتور طارق حسن مصطفی سەرۆکی زانکوی سلیمانی بۆئزن وەرگرتن‌و سەردان لەدەرەوەی عیراق ناوی خویان نووسی ٠

کۆبوونەوەی کۆمەڵەی‌هەرەوەزکاری جوتیاران لە هەولێر

هەولێر ٣٠ ـ تشرینی‌دووەم ـ ئا٠ د٠ ع : دوێنێ مەکتەبی ڕابەراندنی یەکێتی‌خۆجێی کۆمەڵەی هەرەوەزکاری جوتیاران لەپارێزگای هەولێر کۆبوونەوەیەکی کرد ٠٠ تیاداباسی ئەو ڕێگایانە کرا کە بۆ بەرەپێشدانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ کەلکی هەیەو وەغساندنی هەموو شتێك بۆ جێ بەجێکردنی نەخشەی کشتوکاڵی ئەمسال ٠ بەپێی نەخشەی کشتوکاڵی وەرزەی زستانی ئەمساڵدا ملیۆنێك‌و ٨٩ هەزار دۆنم بە بەرهەمی کشتوکاڵی جۆربەجۆر ئەچینرێت ٠

لە کۆتایی‌دا بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە ناوی جەماوەری جوتیاران پیرۆزبایی ئەو هەلویستە مەبدەئیانەو گۆڕانانەی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕشیان کرد لە روو بەرووبوونی نەخشە خۆبەدەستەوەدەرەکان‌و سەردانە سەرشۆڕانەکەی انور ساداتی خائین بۆ خاکی عەرەبی داگیرکراودا ٠

پارێزگاری سلیمانی سەر لە قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکە ئەدات

دوێنی پارێزگاری سلیمانی بەڕێز ارشد احمد محمد سەری داوە لە قەزای دوکان‌و ناحیەکانی خەلەکان‌و چوارقورنەو لەگەل سەرۆك دائیرەکانی ئەو پناوچانەدا کۆبۆتەوە بۆ باسکردنی پێویستیەکانی هاوولاتیەکان‌و لەبەر روناکی راسپاردەکانی سەرکردایەتی سیاسیدا ٠

بەڕێز پارێزگاری سلیمانی سەری لەو شوێنانەداوە ، لەو ناوچەیە کۆمەڵە خانویان تیا دروست ئەکرێ بۆ جوتیاران‌و فەرمان دراوە دەستو برد لە تەواو کردنیاندا بکرێ بۆ ئەوەی فریای ئەم زستانە بکەون ٠

هاوڕێ صدام حسین :

هەستی جەماوەر بەوەی سەرکردایەتی حزب هی خۆیەتی ندك تەنیا سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالستە دیاردەیەکی ئیجابی گەورەیە بۆسوودی حزب و بنیات نانی نەتەوە

کاتێ کە باسی ئەو بارودۆخە ئەکەین کە بۆبەرپابوونی شۆڕشی ١٤ ڕەمەزانی سالی ١٩٦٣ داو١٧ی تەمووزی سالی ١٩٦٨دارەخسابوو ٠٠ تێکەیشتنی مەوزووعی وامان لێ‌ئەکات‌کە بەچاوێکی شۆڕشگێڕانەی‌ساغ دەستنیشانی ئەو بارودۆخانە بکەین کەشانبەشانی ئەو دووروداوانە ئەڕۆیشتن ٠

ئەم مەسەلەیە بەپێی‌بایەخی مێژوویی‌و نرخەگەورەکەی بە پێداویستێکی خەباتکەرانە ئەژمێردرێت بۆچەسپاندنی ئەو بەڵگانەی کەبەدرێژایی ڕەوتی خەباتماندا پەیرەومان کردووەو بووەپالپشتێکی بەغششی گەورەبۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان‌و ١٧ی تەمووز ٠

وەکو شتێکی پێویست بۆ ئەمە لێرەدا چەند سەرنجێك ئەخەمە روو دەربارەی شۆڕشی ڕەمەزان‌و تەمووزو چۆن یەکێکیان لەساڵی ١٩٦٣دا هاتەکایەوە ٠٠ ئەو شتە هەرەگرنگ‌و سەرەکیەی کە لە یەکەم هەنگاودا بووە پالپشتێکی گەورەی سەرکەوتنی شۆڕش ٠٠ ئەو تەوژمە ناڕاسایی‌یەی شۆڕشی جەماوەرو حزبەوو ٠٠ ئەگەر بێتو ئەو دەربڕینەش ڕاست بێت ئێمە ئەو تەوژمە ٠٠ بەهێزی شۆڕشگێڕانەی ناڕاسایی ناو ئەبین ٠٠ ئەم هێزە شۆڕشگێڕیە بە شێوەیەکی ئوندو تیژو لێکدەری لە ئەندازە بەدەر بەکار هێنراو ئەم بەکارهێنانەش دەربڕینێك بوو بۆ سووربوونێکی بە هێزو ئارەزوویەکی زاتی مەوزوعی جێبەجێ ئەکردو لەهەمان کاتدا مەسەلەیەکی مەبدەئی جێبەجێ ئەکات کە بەستراوە بەتێکۆشانی‌و ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەداو ئەو تاوانانەی کە عبدالکریم قاسم لەکاتی خۆیدا کردبووی بەڵام قۆناغەکانی دوایی کە پێویستیان بەکارکردنێك‌و ئیشکردنێکی گەلێ وردەوە هەبوو بەشێوەیەکی تەواو حسابیان بۆ نەکرابوو ، لەبەر ئەوە سەرکەوتن نەهێنرایە دی‌بەبەکارهێنانی عەقل‌و بەکارهێنانێکی تەوا ووراست لەحسابکردنی قۆناغەکانی دوای ئەوان‌دا ، لەبەر ئەوەکاتێ قۆناغەکە پێویستی بەوەکرد کە ئەبێ ئەقل بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانەی وورد بەکاربهێنرێت ، شۆڕش تووشی نوشوستی‌بووو لە ١٨ی تشرینی ١٩٦٣دا هەلگەرانەکە هاتەکایەوە ٠

بەڵام لەشۆڕشی ٦٨دا وێنەکە وێنەیەکی تربوو ٠ لە شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا حزب وەکو ڕێکخراوی‌و پشتگیری جەماوەر فراوانتربوو لە ساڵی ١٩٦٨دا ٠٠ لەڕووی ڕێکخراویەوە حزب لە ساڵی ١٩٦٣ لەبەر بارودۆخی ئەوسا وەلایەنی ڕێکخراوی زۆر توندوتۆڵ‌و وردبوو زیاتر لە ساڵی ١٩٦٨دا ٠

ئەم هۆیانە سەرەڕای تاقیکردنەوەی نوشوستی‌و گواستنەوە بەکۆمەڵ لە ئاراداببوون ٠٠ تاقیکردنەوەی نوشوستی لەگەل تاقیکردنەوەکانی تری حزبەکەمان‌و گەلێ هۆی‌تر لەنیشتمانی عەرەبدا بالپێوەری سەرەکی‌بوو کە وا لەسەرکردایەتی بکات بەپێی‌وەی پرۆگرامێکی ئاقلانەو شۆڕشگێڕانە بکات چونکە لەتوانا نەبوو بەپشتیوانی هێزە شۆڕشگێڕەکان سەرکەوتن وەدەست بکەوێت ئەگەر هاتوو هەمان هێزو هەمان لا بەکاربهێنرێت کە کاتی خۆی لەساڵی ١٩٦٣دا بەکار هێنرابوو ٠

ئەو بارودۆخە وای بەسەر سەرکردایەتی سەپاند کە مەسەلەی ئەقل بەشێوەیەکی ورد بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانە دەسگیرکات کە لە کاتی خۆیدا لەیەکەم هەنگاوەکانی شۆڕشی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ دەسگیری کردبوو ٠

لەباڵ کاری ئاقلانەی شۆڕشدا بەهەمو تێکراییەکی کارکردن‌و لقە وردەکانیەوە لەلایەکانی داهاتودا ٠

تێك ئالۆزاویەکانی ڕۆژگاری ساڵی ١٩٦٨و سەلبیاتەکانی پاششۆڕش لە نۆمانگی ساڵی ١٩٦٣ داو شکاندنەوە نەفسیەکانی لای جەماوەر ، وایکرد جەماوەر بە شێوازی عەقلەوە پالپشتی شۆڕشی ساڵی ١٩٦٨ بکات ، واتە ، جەماوەر پشتگیری بۆ شۆڕش یەنکەنکە ئەدا نەك بە شێوەی تەوژمی « گیانی دەریا » بەڵام ئەم وێنەیەش دوای ساڵی ١٩٧٢و دوای تامیمکردنی نەوت گورا ، جەماوەر پشت گیری موتلەقی حزبی‌کردو پشتی تەواوی سەرکردایەتیەکەی گرت بە جۆری وێنە عەقلانیەکەی پشت‌گیری کردن بوبە بەرنامەیەکی تر تێکەڵ بە عاتیفەی شۆڕشگێڕانە بوو ، جا ئەم حاڵە پێویستە لەحزب‌و لای جەماوەر سەرنجی بۆ رابکێشرێ‌و تەوازونی پێبکرێ بە جۆری کە وای لێ‌نەیەت بە ناراستی بەکار بهێنرێ‌و پەلەی ئەوەنەکات عاتیفەو مەنتقی بیانو جێگای پشت‌گرتنی عەقلانی‌و ڕەخنەی ڕووناك بینی بگرێتەوە ، ڕاستە ئێمە بێزار نین لەوەی پشت‌گرتنی بەم جۆرەی لای جەماوەر بەیدابوو بەرامبەر بە حزب‌و سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و بەرامبەر حزب‌و بیروباوەڕی ، بەڵام داوالێ‌کراوین کە کار بۆ ئەوەبکەین ، بەرنامەی عەقلانی بەردەوام بێ لە دەست خستنی پشت‌گرتنداو لە پێ‌گەیاندن‌و قوڵکردنەوەو ئەهونی پشت گرتن‌و بەردەوامیدا ، وە لە چاودێری‌کردنی هەڵەکاندا لەناو ژیانی حزبیداو لەدەزگاکانی دەوڵەتدا ٠

زنجیرە سەرکەوتنەکانی ئەم سەردەمەو ڕوونەدانی نوشستی لەناو شۆڕشدا هەندێ جار هەستی لەخۆبایی بوونی لەناو حزبداو لەنێوان جەماوەردا دروست ئەکرد ، ئەم هەستکردنەبە لە خۆبایی بوونە ، ئەگەر ڕۆژێ شۆڕشی خستە بەردەم نوشستی‌و لێزبوونەوە بەهویە وە حسابی بۆ نەکراوە ئەوا ئەنجامی گەلێ ترسناکی ئەبێ وە هەستمان بەوەکرد ـ لە گەل جیاوازی جەوهەری گەورەدا لەنێوان تاقی‌کردنەوەی عبدالناصر‌و تاقی‌کردنەوەی ئێمە دا ـ کە چۆن رد فعلی جەماوەری میسرو عەرەب بەگشتی چۆن متەوازن نەبوو کاتێ ئالۆزی ناڕاسایی لەئەنجامی ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا ڕووی‌داو رد فعلی سەلبی جەماوەر لە میسر زۆر لەوەی پێویست بێ گەورەتربو ، تا ڕادەیەکی وا ئالۆزو هەندێ جاریش ترسناکبوو ، چونکە ئەو جەماوەرە پشت گرتنی خۆی بەبێ وردبینی دابوو بەرژیمی ئەوساو لەسەر ئەساسی عاتیفیەکی ناعەقلانی‌و نامەوزوعی ، کە واتە لەستەوای‌ـ سەرکردایەتی‌و مستەوای حزب تێکڕاو لە مستەوای ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا داوالێ‌کراوین بە بڕەو پێدانی بەرنامەی عەقلانی شۆڕش‌و بڕەو پێدانی بەرنامەی عەقلانیش بنچینەی مەیدانی یەخەگیریدا کە شۆڕش بەرێی بڕواکانی لە پێشکەوتن بەرەپێشەوە دیاریی‌کردوون ٠ چونکە شۆڕش لە بەشێکە شۆڕشگێڕی‌و مەبدەئی‌یەکانیدا تەنها هەر لەسەر وڵاتی عیراق بەند نیە ، تا وەکو بڵێین ئەتوانین بە ئاسایش‌و خۆشیەوە ئەژین ٠ کە واتە ئێمە هەمیشە کە ئەگینە خاڵێکی بەهێز داوامان لێ‌ئەکرێ کە هەمیشە بە دوای ڕادەو جۆری ئەو هێزەدا بگەڕێین کە زیادبوونی داواکراوە بۆ ئەوەی بەهەمان ڕادە لەمەیدانەکانی تری ساحەکانی تێکۆشانی ئەتەوەیی یاخود نیشتمانیدا گوژم بدەین ٠

ئەو هەستەی یەکێك لەهاوڕێیان پەنجەی بۆ کێشا کە هەستکردنە بە ناسایشێکی تەواوو بەو هۆیەوە (وەك وتی) مەترسی‌یەك نابینین ڕووی تێ‌کردبین ، ئەو هەستە خۆی مەترسی‌یەکی ڕاستەقینەیە ، چونکە باشترین دۆخ بۆ ڕاوکەر ، بۆ هاتنەدی مەبەسەکەی ئەوەیە کە ڕاو (نێچیر) هەست بەبوونی ئاسایش بکات ٠ کاتێك ئەو نێچیرەی مەبەستە ڕاوبکرێ هەست بەبوونی ئاسایشبکا ، ئاسانە بۆ ڕاوکەر مەبەستی خۆی لێ‌ببینێتەوە ٠

ئێستا کە بێ پەروا هەست بەناسایش ئەکەین ، ئەو هەستبە ئاسایش‌کردنەش تەنها بەندە بەستیەری زانینی باری قوتری‌و دۆخی ئێستاوە بێ‌ئەوەی ئەو مەترسی‌یە لێ بکات خاڵی لاوازیی لە خۆماندا نەبینین‌و بێداویستە بنچینەیی‌یەکانی زیادبوونی خاڵەکانی بەهێزی یەکەش نەبینین ٠

ئەو خاڵی لاوازی‌یەی لە قۆناغی ئێستادا تێماندایە بە بڵەیەکی سەرەکی خاڵی هونەری‌و مەیدانی دانەنرێن ، بەڵام هەندێکیان شایستەی پەرەسەندنن ئەگەر هات‌و بەوردی ڕەفتاریان لەگەڵ نەکرا ٠ وە ئەگەر هات‌و تەوژمی شۆڕشگێڕی بەرەو لایەنێکی مەترسیدا ست بوو ، ئەنجامە سلبیەکانی ، شوێنەوارێکی ستراتیجی پێچەوانەی ئەبێ ٠

پێشووتر ئیمپریالیزم ئەو بڕانەی کە ئیمپریالیزم لەبوونی ئێمەوە وەك شۆڕشێك ، لە ناوچەکەدا هەستی پێ‌ئەکا ، لەگەڵ ئەو نەخشە دژانەشدا کە لە لایەن ئیمپریالیزمەوە بە دوایادێت٠٠

کاتێ ئەڕوانینە دەوروپشتی خۆمان ئەبینین شۆڕش فرمانە سەرەکی‌یە هەڵاگیرساوەکانی لەناو وڵاتداو هەروەها لەگەل هەندێ لەدراوسێکانمان بەلایەکا خستووە ، بەڵام لەسەرمانە ئەوەبخەینە حیسابی خۆمانەوە کە مادامکی شۆڕش بەهەمان گوژم‌و بەهەمان وێنە بەردەوامە ، ئیمپریالیزم بەمەترسی‌ی لەقەڵەم ئەدا بۆ سەرخۆی ٠٠ نەك تەنها لەعیراقدا ، چونکە بەمەندێ واقیعی ڕەفتارکردن لەشوێنی نوێوە لەگەل شۆڕشدا ڕۆژێ لەڕۆژان مل دائەنەوێنێ ئەگەر هاتوو شۆڕش تەنها بەوەوازی هێنا کە تەنها لەعیراقدا بەرەنگاری بێتەوەو لێ‌ی‌بکاتە دەرەوە ٠٠ بەڵام ئەوەی نیگەرانی ئەکا ئەوەیە کە شۆڕش سەرجاوەیەکی تیشکدانەوەیێ لەناوچەیەکی ناسکی وەك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و سەرجاوەی تەنگ پێ‌هەڵچنین‌و هەڕەشەکردنێ‌ی لە بەرژەوەندە ستراتیجیەکانی لەو ناوچەیەدا ٠ هەستکردن بە ئاسایش ٠٠ وەهەستکردن بەبەهێزی بەشێوازی لەخۆزابینینێکی ڕەواو بەباوەڕ مەسەلەیەکی پێویستە، بەڵام مەترسی لەوەدایە کە هەست کردنمان بە بە هێزی خۆمان بکاتە بڵەیەکی ئەوتۆ کەوامان لێ بکات خاڵی لاوازی‌یەکانی بەهێزیمان لە لایەن ئیمپریالیزمەوە وەك خاڵی لاوازی بۆ بەلامار دانمان یا لاوازکردنمان یا شڵەژاندنمان بەکار نەهێنرێ ٠ وە هەست کردن بە ئاسایشێك کە لە بەهێزیەوە بێت ، لە گەل هەستکردن بە هێمنی بەبێ توندکردنی‌و داخستنی شوورەکانی دەرەوەو بە هێزکردنی ئێشکە گرتن لە دەرگاکانی ناوەوە ، ئەگەوێتە ناو ئەوشی کردنەوەیەوە ٠

لە ماوەی پێش (٥) ی حوزەیرانداو سیاسەتە عەرەبیەکان سیاسەتێکی عاتیفی بوون ٠٠ عبدالناصر خوا لێ‌ی خۆش‌بێ لە چەسپاندنی ئەو پروگرامە عاتیفی‌یە لە سیاسەتی نیشتمانیدا دەورێکی سەرەکی گێڕا ٠

سیاسەتی نیشتمانی عەرەبی لە سەر ئەو ڕێبازە دامەزرابوو هەروەها لایەنگیرییش لە پەیوەندیی عبدالناصر بە جەماوەرانی عەرەبەوە زیاتر لە سەر ئەو ڕێبازە عاتیفی‌یە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یانە دامەزرابوو وەك ئەوەی لەسەر مەزندەی ئەقلی ئەیدیۆلۆجی ڕاست‌و ورد دامەزرابێ ٠

هەندێ سوودیان لەو ڕێبازە بینی بۆ ئەوەی دوای (٥) ی حوزەیران لە پرۆگرامێکی عاتیفی شۆڕشگێڕانەی گشتی‌یەوە بیگۆڕن بەرەو پروگرامێکی ژیرانەی ڕاستڕەوو چەوت ، واتە ڕاست ڕەوەکان لە نیشتمانی عەرەبیداو هەروەها ئیمپریالیستەکان دوای سەرنەکەوتنەکە پێویستی‌ی جەماوەرانی عەرەبیان بە مەسەلەی ژیری‌ی دەرك پێ‌کردو دوای ئەوەی دەست نیشانیان‌کرد بە پێی پرۆگرامێکی چەوت بەملاو ئەولادا بەکاریان هێنا ٠٠ ئەو ڕێبازە ژیرانەیەش کرا بە بەردە بۆ هەندێ ئامانجی گومان لێ کراو ٠٠ چونکە ئەو هێزانە بۆیان دەرکەوت کە بەکارنەهێنانی ڕێبازی ژیرانەی چەوت جێگایەکی زۆر فراوان بۆ ڕێبازی ژیرانەی شۆڕشگێڕانە دەهێڵێتەوە ٠ واتە ئەو هێزانە ، لە پێناوی شێواندنی ڕێباری ژیرانەی شۆڕشگێڕانەو بەردەکێشان بەسەریدا یاخود لە دەستدانی دەرفەتی مێژوویی لێ‌ی ، ڕێبازێکی ژیرانەیان خستەکار، بەڵام بەلای کوێرەڕێدا ، واتە ڕێگایەکی ڕاستڕەوانەی‌گومان لێ‌کراو کە بە مێشکێکی ڕاست ڕەوانەو گومان لێ‌کراوەوە نەخشەی بۆکێشراوە ٠

کەواتە ، دەبێ ژیری بە کاربهێنین ، بەڵام بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە ٠٠ بەکارهێنانی ژیریش بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە نە دەست پێشخەری لادەباو نەخۆ تێ‌فڕیدانی حیساب بۆکراو ، ناشبێ ببێتە هۆی هەڵتروشکانی هەرئامایەتی یاخۆ بلاوبوونەوەیەك کە بە وزدییەکی هاوکێش حیسابی

بروانە ل ٧

ئەبێ گیانی بەکۆمەڵ کارکردن‌و ڕەخنەی هەوزوعی گەشە پێ بدەین

هەرچەند شۆڕش بەهەمان تەوژم‌و هەمان شێوە بەردەوام بێ ئەوەندە ئیمپریالیزم بۆسەرخۆی بەترسی دائەنێ

Institut kurde de Paris

ئاوێك لە پرۆژەی وانەی کشت وکاڵو

ئەم پرۆژەیە لە ساڵی١٩٦١ ـ ١٩٦٢ دا لەسەر بریارێکی میری هاتوەتەکایەوە ، سەبارەت بەمەش کۆمەڵەی یونسکۆ و یۆنیسیف‌دەستی یارمەتیان بۆ دەرچۆکردوە ئەویش بە ئەنجامدانی کەرەسەی کشتو کاڵی • وەزارەتی ئاوخۆوپەروەردە دەستێکی باڵایان لەم رووەوە هەبوە •

لەساڵی ١٩٦٨ ـ ١٩٦٩ دامیری نیشتمانی هەوڵێکی بێ شوماری لەروی بەرەپێدانی‌ئەم پرۆژەیەوە داوە بۆ دووپاتی ئەمەش لە هەموو پارێزگایەکدا بەشێك کرایەوە بەناوی پرۆژەی وانەی‌کشتو کاڵو باخچەی قوتابخانەکان ، هەر لەم‌روانگەیەوە بو کە وانەی کشتو کاڵ لە پۆلی چوارەمی‌سەرەتایی‌یەوە تا پۆلی شەشەم دانرا •

سەبارەت بە بەشەکانی مامۆستا نظیف بابا حاجی لێ‌پرسراوی ئەو پرۆژەیە ووتی پرۆژەکەمان پێك هاتوە لە چوار بەش :

١ ـ بەشی سەرپەرشتیار کردنی باغچەی قوتابخانەکان کە سەرپەرشتیار خۆی پێی هەڵدەستێت •

٢ ـ بەشی ئامادە کردنی شەتڵی دارو دەوەن‌و گوڵی هەمە چەشنە بۆ قوتابخانەکان •

٣ ـ ئامادە کردنی کەرەسەی کشتو کاڵ بۆ قوتابخانەکان •

٤ ـ قەلا چۆ کردنی مێروی زیان بەخش • لە پاشان مامۆستا نظیف کاروباری ئەو پرۆژەیەی لەم چەند خاڵانەدا روون کردوەوە :

١ـ ئامادە کردنی شەتڵی گوڵو دارو دەوەن لە بەهارو پایزدا •

٢ ـ کۆ کردنەوەی هۆی روونکردنەوەی کشتو کاڵ وەك تۆو ، گەڵاو گوڵو خۆراکی دروست کراو •

٣ ـ دابەش کردنی کەرەسەی کشتو کاڵ بەسەر قوتابخانەکاندا •

٤ ـ دابەش کردنی پەیینی کیمیاوی‌و تۆوی چاك •

٥ ـ قەلاچۆ کردنی نەخۆشیەکانی رووەك •

٦ ـ تاقی کردنەوەی رووەکی خۆرست (النباتات الطبیعیة) وە پێ‌گەیاندنیان لەبەشەکەماندا •

٧ ـ دانانی نەخشەیەك بۆ ئەو قوتابخانە نوێیانەی کەدێنە ریزی پرۆژەکەمانەوە •

٨ ـ دروست کردنی باخێك‌و شەتڵ دانێك بەناوی بەرێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانیاوە بۆ یەکەم جار لە کۆماری عێراقدا

لە پاشان لێ‌پرسراوی پرۆژەکە چالاکیەکانیانی لەم چەند خاڵانەدا روونکردەوە :

١ ـ بەشدار بونمان لەجەژنی دارودرەختدا •

٢ ـ کردنەوەی پێشانگای گوڵی ساڵانە کە تا ئێستا سێ پێشانگامان کردوەتەوە ، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧٥ و دووەمیان لە ساڵی ١٩٧٦ و سێهەمیان لە ١ـ٥ـ١٩٧٧ دا وە ئەمانەش بە سەرکەوتو دانراون •

٣ ـ بەشداربونمان لە پێشانگای یەکەمی کشتو کاڵی (٧) ی نیسان کە پلەی سێهەمیمان لەناو سەرۆکایەتی کشتو کاڵی سلێمانیدا وەرگرتوە •

٤ ـ بڵاو کردنەوەی پروپاگاندەی کشتو کاڵی لەناو رۆڵە ساواکانماندا تاوەکو بایەخ بدەن بە زەویی‌وزاری وولاتەکەمان •

٥ ـ ئامادە کردنی بڵاوکراوەیی کشتو کاڵی بەناوی بەشەکەمانەوە •

پرسیار : باشە لەم رووەوە هیچ کەمو کورتیەکتان هەیە ؟

وەڵام : پێمان خۆشە ئەو کەمو کورتیانە لەم چەند خاڵانەدا پیشان بدەین :

١ ـ کەمی ئاو لە هاوینا •

٢ ـ نەبونی کەرەسەی تایبەتی کشتو کاڵی و تۆوی چاك لەبازاڕدا •

٣ ـ نەبونی جەترو خانوی شوشە لەبەشەکەماندا •

٤ ـ کەمی هۆی گواستنەوە •

٥ ـ کەمی تەرخان کردنی دارایی تایبەتی ساڵی ١٩٧٧ کەبەیارمەتی‌و هەوڵی بەرێز بەرێوەبەری پەروەردەی سلێمانی دارایی تایبەتیمان بۆ تەرخان کرا کە زیاتر لە ١٠٠٠ دیناره •

پرسیار : باشە مەبەست لەم پرۆژەیە چیە ؟

وەڵام : مەبەستمان لەم پرۆژەیە گۆڕینی بیروباوەڕی ساوایانە سەبارەت بەکارکردنیان لەکێڵگەکاندا هەروەها بڵاو کردنەوەی خۆشەویستی کشتو کاڵە لەناویاندا لەگەڵ جوان کردن‌و رازانەوەی قوتابخانەکان و جاندنی هەندێك رووەکی خۆراك لەلایەنی قوتابیانەوەو دابەشکردنیانە بەسەریاندا •

پرسیار : ئەی سەبارەت بە پاشە رۆژی پرۆژەکەتان چی ئەڵێن ؟

وەڵام : بەهۆی ئەوەوە میری نیشتمانی دەستێکی باڵای بۆ پێش خستنی پرۆژە کشتو کاڵیەکان درێژ کردوە هەروەها گەلی کوردیش زۆر بایەخی داوە بەکشتو کاڵ هیوا دارین ئەم پرۆژەیە بگاتە ڕیزی وولاتە پێشکەوتوەکان •

تاقی کردنەوەیەکی نوێ ؟

ئەم رووەوە مامۆستا نظیف بابا حاجی ووتی : بەشەکەمان هەمیشە هەوڵی ئەوە ئەدات کەبەهۆی تاقی کردنەوەی نوێوە بەرهەمی نوێ بهێنێتە کایەوە تائێستاش توانیومانە ئەم ئاکامانە بهێنینە ئەنجام :

١ ـ جاندنی نێرگزی دێمی لەجۆری سپی کە ڕێژەی سەرکەوتنی لەسەدا سەدبوو •

٢ ـ جاندنی گوڵی مێلاقە (تیولب البری) کە ڕێژەی سەرکەوتنی لە سەدا هەشتا بو ، ئەوەی شایانی باسە سەلکی پیاز لەدەرەوەی وولات کەدەبهێنین بە ٢٥ فلس دەکەوێت لەسەرمان بەڵام لە شاخەکانماندا بە هەزاران سەلکە پیاز کەوتوە هیوادارین لەباشا رۆژدا سوودیان لێ وەربگیرێت •

٣ ـ جاندنی قەڵەمی گوڵە باغی فەرەنسی لە وەرزی پایزدا بۆ یەکەم جار کە ڕێژەی سەرکەوتنی لەسەدا سەد بوو •

٤ ـ رواندنی رووەکی ئاو بیابانی خواروی وولات کە رووەکی (صبیر)ە لە پارێزگا کەماندا •

٥ ـ جاندنی گوڵی مێخەك بە « قەڵەم » •

٦ ـ دروست کردنی فەرشێك لە چیمەنی بولغاری بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا •

٧ ـ بەکار هێنانی خۆی‌و شەکر بۆ هەڵگرتنی گوڵ لە جیاتی هۆر مۆن •

پ• هاوکاری لە سلیمانی

باخچەی قوتابخانەکان لەپارێزگای سلێمانی

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

خەباتمان‌و سیاسەتی نێودەوڵەتان

ئامانجەکانمان لەم قۆناغەدا لە راپۆرتی هەشتەمین کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا دەستنیشان کراوەو لە هەر کوێیەك بین ڕێ‌نیشاندەری کارمانە ، لە بەر ئەوە ، لەم لایەنەوە قسە ناکەم ، بەڵکو باسی لایەنە تێکراییەکان ئەکەم لە ناو ئامانجە گەورە ناشکراکاندا ، یان ئەوەی لە راپۆرتی سیاسیدا دیاری کراوە ، بۆ نمونە ، چۆن سەرنجی دیاردەکانی ئەوروپا ئەدەین ؟ ئەو دیاردانەی لە جوڵانەوەی ئەوروپادان کامانەن کە پێویستن چاویان تێبڕین ؟

بەدیهیە بوترێ ، ئێمە پەیوەندیمان بەکشتی لە گەڵ وڵاتانی دنیادا چاك بێ . بەڵام ئەمە لە خۆیدا ئەو کارە نیە کە ئەبێ سەرنجی بۆ رابکێشین ، ئەوەی ئەمانەوێ سەرنجی بۆ رابکێشین قەوارەو جۆرو لایەنی پەیوەندیەکانو • مەبەستەکانیەتی چونکە قەوارەی پەیوەندیو مەبەستەکانی بە دوو مەسەلەوە بەستراون : سوودی ناوکۆیی‌و رادەو لایەنی پێکگەیشتن ، یان یەکگرتنی لە ستراتیجیەتدا لە پاڵ مەسەلەی بۆچونی باشەرۆژمانو جوڵانەوەی لە چوارچێوەی کۆمەڵەی دەوڵەتانو ئەو ناوچەیەی کە ئێمە بەشێکین لێی ، لە گەڵ بۆچونی باشەرۆژی ئەو وڵاتە ، یان وڵاتانەی تر کە لایەنی دووەم ئەبن لە پەیوەندیەکانداو جوڵانەوەو کار تێ‌کردنی لە چوارچێوەی کۆمەڵەی دەوڵەتاندا •

لە سەر ئەم ئەساسە قەوارەو لایەنەکانی پەیوەندیەکانمان لە گەڵ ئەرەنساو ئەڵمانیای رۆژئاواو سوێدو زاپۆن‌و وڵاتانی تر دیاری ئەکەین •

ئەبینین جوڵانەوەی جیهان خێراتر بوەو زەمین بە خێراتر ئەسوڕێتەوە تا رادەی زیاتر لە باری سروشتی خۆی‌و زیاتر لە ساڵانی رابوردو مەبەستم ، سوڕانەوەی فەلەکی ئەقلیدی نیە بەڵکو مەبەستم سوڕانەوەی سیاسیە •

جیهان ئێستا لە سەر کۆڵەکە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەوڵەتان بەرەو نوێ وەستاوە ، ئەو جوڵانەوەیەی بەرەو یەکبەتانی ئەو کۆڵەکانە ئەچێ لە جوڵانەوەی ساڵانی رابوردوو خێراترە ، تا رادەیەکی زۆرك لە حاڵەتی دروست بوونی سیاسی دوای جەنگی دووەمی جیهان ئەکات ، هەر چەندە لە روی شێوازەوە جیاوازەو زیاترو تێکرا تر لەو وەختە لە جوڵاندایە •

جیهان ، بە پێی هۆ سەرەکیە بەکارەکانی لە سیاسەتی دەوڵەتاندا دروست ئەبێ‌و دوا شێوازی رۆژگارێکی دیاری‌کراو وەرئەگرێ ، ئەوا ئەو هۆ سەرەکیانەی لایەنەکانی دروست بوون ئەنەخشێنێ بەردەوام کار ئەکاتە سەر سیاسەتی دەوڵەتانو جوڵانەوەو ئامانجو کەرەستەکانی لەماوەیەکی درێژدا •

ئەگەر هاتو لە سەر ئەوە رێکەوتین کە سیاسەتی ئێستای دەوڵەتان لە قۆناغی دروست بوونی نوێ دایە ، ئەوا لە سەرمانە هەڵسو کەوتمان توانامان لە نەخشەکێشانو راپەراندا زیاد بکەین، بۆ ئەوەی شوێنو دەوری دیاری کراوی خۆمان لەو شوێنو رۆژگارەی ئەمانەوێ لە سەر زەمینی بچەسپێنین • بۆ ئەوەی کار تێ‌کەرو ئامادەبین ، ئێستاو لە باشە رۆژداو بە قەدەر هۆ سەرەکیەکانی کار تێ‌کردن لە سیاسەتی دەوڵەتانداو لایەنە بە کارەکانی دروست بوندا ، بەڵام ئەگەر دەوری خۆمان بەراستی نەگێڕین ئەوا چاوەڕێی ئەوە ئەکرێ ، « هەندێ بەشی » و « بانایی » پێویست لە جوڵانەوەی سەر زەمیندا بە ماوەیەکی زۆر درێژ ئەبێ جارێکی کە هەڵنەکەوێتەوە ، ئەوسا هەلی گەورەمان لە کاری پێکهێنانو دروست بوندا لە کیس ئەچێ لە کاتێکدا پێویست ئەبو دەسەڵاتمان دەوری خۆی تیا بگێڕێ •

مەسەلەی پێك‌هێنان لە روی سیاسەتی دەوڵەتانەوە هەموان ، تیایدا بەشدارن ، یان وەك هۆی یاریدەدەر ، یان وەك هۆی بنەڕەتی ، هەر یەکە لە لای خۆیەوەو بەپێی زرۆف‌و توانای کارتێ‌کردنی ، بەپێی بۆچونمان ، بیست ساڵەی داهاتو ، مەرکەزی هێز بەیداکردن‌و کۆکردنەوەی نوێ ئەبینێ ، کە وەك سەرکردایەتی کار ئەکاتە سەر سیاسەتی دەوڵەتان ، ئەمە سەرەڕای مەرکەزەکانی هێزی ئێستا •

بە پێی بۆچونی‌ئێمە ، چین مەرکەزێکی گەورەی کارتی‌کردن‌و کۆکردنەوە ئەبێ ، لە ئەوروپاشدا فەرەنسا دەورێکی گەورە ئەگێڕێ‌و میحوەریکی دیارو جیا ئەبێ لە ئەمەریکا لە رووی کارتی‌کردن‌و حۆ کۆکردنەوەوە •• زاپۆنیش ، بەتایبەتی ئەگەر بڕیاری ئەوە بدات بچێتە هەندێ مەیدانی پیشەسازی چەکی ستراتیجیەوە لە چوارچێوەی گرنگی دەوڵەتاندا ، دەورێکی گرنگی لە باری خواروی رۆژهەڵاتی ئاسیادا ئەبێ ، دیسان نیشتمانی عەرەب مەرکەزێکی بەهێزو بەکار ئەبێ‌و •• تا دوایی •

ـ ماویەتی ـ



لە گەڵ ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا

کرێکارێکی ١٨ ساڵانە

هالە بدری ئامادەی کردوە

لەنوسینگەی سەرۆکی‌یەکێتی کرێکارانی کوردستان، چارم بە کچێکی گورچ‌وگوڵو چاپوك کەوت ، کە بەبێ گرێو هیچ جۆرەتێك‌چوونی لە ناو ژمارەیەك پیاوانی کرێکاردا کار ئەکا •ئەم کچە ئەندامی نقابەی خواردەمەنیو سکرتێری‌پەیوەندی ناوخۆیە •

سەدریە ئەجم کرێکاری کارگەی گشتی دوکەڵە ، تەمەنی ١٨ ساڵە ، تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندوە ، لە ساڵی ١٩٧٤ وە کرێکارە ، ساڵی ١٩٧٥ بوە بە ئەندامی نقابە •

لەوەڵامی پرسیارێکا دەربارەی کارکردنی‌و گرنگی‌دانی بە نقابە ووتی : چارەسەرکردنی تەنگ‌و چەڵەمەی کرێکاران، سودێکی گەورە بەنیشتمان ئەبەخشێ . هەروەها هاندەرێکە بۆ زۆرکردنی بەرهەمهێنان •

پێش ئەوەی بچمە نقابەوە کرێکارێکی چالاکبووم وە پەیوەندیم لەگەڵ هاورێکانما گونجاو بوو . بەرهەمێکی زۆرپشم هەبوو •

هەموویان هانی ئەوەیان ئەدام کەبچمە ڕیزەکانی نقابەوە. ئەویش لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیە زۆرەی لە مەودای کارکردندا لەگەڵ کرێکاراندا هەمبوو وە بەهۆی ئەوەوە کە ئەم توانی بە شێوەیەکی ئاسان ئاکۆکیەکانیان چارەسەر بکەم •

لێم پرسی : دەوری تۆ چیە لە نقابەدا ••

وتی : بەشداری ئەو ئەدوە نقابیانە ئەکەم کە بۆ کرێکاران لە کارگەکاندا پێك‌دەهێنرێت بەو پێیەی ئافرەتان دەورێکی دیاریان لە زۆر بواری کارکردندا گرتوە وە وا چاکترە بەڵکو پێویستە کە ئافرەتیش لە نقابەدا هەبێ تا وەکو بیتە نوێنەری ئەو ئافرەتانەی کە لەوێدا هەن • لە چارە سەرکردنی کێروگرفتی کرێکارە ئافرەتەکاندا بەشداری ئەکەن ئەویش بەوەی وریایان دەکەمەوەو رێگەیان نیشان ئەدەم لە ناو کارگەکاندا •

هەروەها سەرپەرشتی بەشداریەکانیان دەکەم لە بیردەوەریە نیشتمانی‌و ئەتەوەیەکاندا •

بەوکچە کرێکارە تازە پێ‌گەیشتوەم وت کە چارەسەری گیروگرفت دەکاتو هێشتا تەمەنیشی ١٨ ساڵەو هەموو لایەك رێزی لێ‌دەگرن • باسی گوزەرانی ئافرەتی کوردم بۆ بکە لەپێش ئۆتۆنۆمی‌و دوای ئۆتۆنۆمی‌دا ••

ئافرەتان پێش ئۆتۆنۆمی زۆر دواکەوتوو بوون ئەویش بەهۆی ئەو سەیرکردنو ڕوانینە دەرەبەگیەو عەشیرەت گەریەوە کە رێگای بەشداری‌کردنی ئافرەتیان کردبوو بەکۆسپێکی گەورە ئاوەکو نەتوانێ لەگەڵ بیاواندا هەڵسوکەوت بکا • تەنها کونجی ماڵەوە جێگەیان بێ‌و هیچی‌تر • لەهەموو مافێکی ڕەوای خۆشی بێبەش کرابوو . هەر وەکو لەرێزی مرۆڤدا نەبن •

بەڵام دوای ئۆتۆنۆمی ئافرەت بوە خاوەنی مافی ڕەوای خۆی لەکارکردنا ، وڵات هەموو جۆرە مافێکی ئافرەتان ئەپارێزێ • خێزانەکانی ئێستا رێگا لە بەردەم ئافرەتاندا ناگرن ، بۆ ئەوەی بتوانن بەهەموو شێوەیەکی هەوڵدان، بەشداری کاربکەن لە کارگەو دامەزراوەکاندا •

پێم وت دەربارەی چۆنێتی پەیوەندی کرێکارەکانی ناو کارگە ئەڵێیت چی !

وتی : ئافرەتو پیاوی کارگە یارمەتیەکی ئەواوی یەکتر ئەدەن بەبێ جیاوازی ، بۆ ماوەی ٨ سەعات کارئەکەن تا وەکو بەرهەمی زۆر بهێنەدەستو جۆری چاك دەرکەن ، ئەم یارمەتی دانەش ئەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان کرێکاران •

لە کارگەی جگەرە ٩٥ کرێکاری ئافرەت‌و ٨٦٤ کرێکاری پیاو کار ئەکەن ، لەمانە ٥ ئافرەتی داهێنەرو ٣ پیاوی داهێنەریان نیایە کە بۆ ماوەی ٨ سەعات کارئەکەن‌و تەنها بۆ ماوەی نیوسەعات پشو وەرئەگرن ، ئافرەتەکان دوو ژەم کارئەکەن •

ئایا خێزانەکەت رێگای کارکردنی نقابیت لێ‌ناگرێ ••

نەخێر باوکم زۆر یارمەتیم ئەداو ئازایەتیم ئەخاتە بەردەم ، پێم ئەڵێ پێویستە جێگای دیاری خۆت هەبێ لەنقابەداو کاربکەی ئەرکی سەرشانی خۆت جێبەجێ بکەی تا وەکو ئافرەتانمان سەربەست ئەبێ‌و جێگای خۆیان ئەگرن •

خێزانی خوشکە سەدریە خێزانێکی نموونەییە لەناو هەزاران خێزانی نوێدا کە هەنگاو ئەنێن بەرەو ژیانی تازە ، باوکی کرێکارە لە کارگەی جگەرە ، دایکی خەریکی ئیشی ماڵە ، ئەم کچە ئازایە برایەکی سەربازە برایەکیشی لە پۆلی شەشی سەرەتاییە خوشکێکی لە پۆلی سێ‌هەمی ناوەندیە •

Institut kurde de Paris

کە «تارمایی» م

• هەر بڕیارێکی گشتی ـ یا هەر رایەك ـ وەك چەکێك وایە ، ترخەکەی بەندە بەوبارمتەیەی کە لەبانکەکەدا داتراوە ٠٠٠ ـ بانکی زانین‌ودەرك کردن ـ جا ترخی ئەیشیان بەندە بە ناووشارەزایی‌و زانیاری ئەوەو کەوە دەربارەی‌مەسەلەکە »[1] ٠

یان رونتر بڵێین ئەگەر (ئەدیسۆن) دەربارەی رێبازەکانی ئەدەب لە سەردەمی‌خۆیدا بدوایە بێگومان هیچ بارمتەیەکی نە ئەبوو لە بانکی‌هونەرو ئەدەبدا ٠٠ بەڵام لە بانکی زانستی فیزیك‌وکارەبادا ، ئەوە ملیۆنێر بوو ! لەم چەند رایەمدا بەرامبەرچیرۆکەکەی کاك (سۆران مەحوی) کە لە هاوکاری(٣٩٠)دا بە ناوی (تارمایی) بەوە بڵاو کرایەوە ، نامەوێ‌ـ تا دەتوانم ـ چەکێکی بێ بارمتە بدەمە دەست برای‌نوسەرو خوێنەرانی بەرێزیش، بەڵکو هەول دەدەم لە چوارچێوەی نوسینێکی خەستی بەستێزاودا هەندێ لەوبەراوێزانە بخەمە ڕو کە لەسەر دوای تێ ڕامانمدا بە چیرۆکەـ کەدا هاتنە کایەوە ٠

لە رێبازی نوسینەکەشدا رێچکە کۆنەکە بەردەدەم‌و لایەنە چاك‌و حرابەکان لە کاتی خۆیدا باس دەکەم ٠

● (تارمایی) وەك من بۆی چووم هەر وا چیرۆکێکی سادەو رەوان نی‌یە کە بێ هێلاکی تێی بگەین‌و لە ریزی بەرهەمە (ریالیزمی فۆتۆگرافی)یەکانا دابنێین ٠ بە لامەوە بەرهەمەکە رەمزی‌یە ٠٠ جا شی‌کردنەوەو لێك دانەوەی هەر بەرهەمێ لەم بابەتانە وا بزانم کارێکی ئاسان‌و ڕاست نی‌یە ٠ هەر کەس ئەتوانێ‌و سەربەستە بەبێی بیاری بیرکردنەوەو جۆری تێگەیشتن‌و ئاستی وریایی خۆی لێکی بداتەوە ٠

• رەمزی‌یەت بە ڕوکارێکی غەیبی‌دا دەچێ ، بەمانا هەولی دنیایەکی میسالی‌و ریالیزمی‌ـ یەکی زیاتر دەدا وەکو لەوەی هەولی دنیایەکی هەست بێ‌کراو کە هەبێ . لەمەوە هیواو مەبەستی جوانی‌یەکی میسالی‌ئەی وایە کە هەر دووکیان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە »[2] ٠

لە دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە ئەم قسەیەی سەرەوەمان پڕاو پڕی ٠

هەر کەمێ دوای سەرەتا باڵەوانەکە تەسلیمی (مۆرینی خەونێکی گران) دەبێ‌و دەچێتە دنیایەکی دور لە راستی ژیانی ڕۆژانەی ، لێرە بەوە دەگات کە لێی تۆراوەو ئیتر (بە یەکا ئالان ٠٠ شێتانە بە خۆیەوە نووساند ٠٠ لێوو مەمکی دەمژی ٠٠ وەخت بوو ئارام بگرن) ئەمە هەر وەك دنیا میسالی‌یەکەی ئەرستۆیە کە ناوی دەبرد بە (ئۆرگانۆن)و ئەفلاتونیش بە (دنیای بێ هاوتا ـ مثلی ـ) وفارابیش بە شاری خاوێن (المدینة الفاضلة) ٠

بەڵام داخم ناچێ زۆر نا باو بە ئاگا دێ ـ هەر وەك هەمو زیندە خەونێکی تر ـ و هەموشت تەواو دەبێ (تەونی خەوەکەی بسا ٠٠ ژیانی لێ ئالۆز زایەوە ٠٠ رێسەکەی بۆوە بە خۆری ٠٠ ترسەکەی بۆ هاتەوە ٠٠)

• ئینسان خودێك نەذاتی‌ی هەیە کە هەستی پێدەکا ، چونکە دەیبینێ کە دەخواو دەرواو هەناسە دەدات ، بەڵام خودێکی تر هەیە کە ئەو راستی‌یە ٠ هەر چی هونەرێ تا ئەمڕۆ لە خودی یەکەمەوە سەری کردبێ ساختەیە ، هونەری رەسەن سەر چاوەکەی خودی دووەم بێ راستەو بە زمانێك بێ وەك خەونێکی قول »[3] ٠

بەم ئەیەی سەرەوەدا بەرهەمەکە ، جۆری پێشکەش کردنەکەی کارێکی سەر کەوتووە ، بە تایبەتی کە هونەری سەردەم زیاتر هەولی چوونە ناوەوەی دەرون دەداو ئەیەوێ بەی بە نهێنی‌یەکانی بەرێ ئالۆزی‌و هەلچوونی‌و بوونەوەی دەرونی باڵەوانەکەی دەخاتە رو ، دامرکاندن‌و شل‌بوون‌و ئۆخەیی کەسەکان بە سەرکەوتوویی لە ئیتوان دیرەکانەوە هەبێ بێ دەکەین ٠ ٠

بەڵام نابێ ئەوەمان لە یاد چێ کە بپرسین ـ هەر بە بێی قسەکەی سەرەوە ـ ئایا لە ناوەڕۆکدا ویستوویە چی بڵێ‌و چی بدا بەدەستەوە ؟ هەر تەنها ئالۆزی دەرونی خەیال بڵاوی‌و ٠٠ چوونەوە ناو دۆخە ئالە بارەکە ؟!

ئەبوایە بەرهەمەکە « بە ئاسانی‌و گشتی بە کار هێنانی دیاردە زیندووەکان بوایە بۆ دۆزینەوەی شتە نا دیارە ونەکان »[4] ٠

بە پێچەوانەوە نوسەر وا لە ئەلقەیەکی داخراودا خول دەخوا ٠٠ لە کوێ دەست پێ دەکا هەر دێتەوە ، ئەو جێیە ٠٠ ئەمەش نا بێ ـ لە هەر بەرهەمێکدا ـ مەبەستی سەرەکی بێ، لەم سەردەمەدا ٠

● قوربانی‌دان بە ناوەڕۆك لە پێناوی شێوەدا هەمیشە رێرەونکی کلاسیکی بووە ، پێچەوانەی ئەمەش لە خاسیەتەکانی رێرەوە رۆمانتیکی‌یەکان بووە »[5]

نوسەر زۆری لا مەبەست بووە کە تابۆی دەکرێ بەرهەمەکەی رازاوەو بەرگ ئەخشێنی بێ . هەر ئەمەشە وای لێ کردووە کە ناوەڕۆك لاواز بێ‌و لە کاتێکی ناوەختا (بێ کردنەوەی گرێکە) لە کورتی بی بڕیتەوە ٠

لە شێوەی دارشتنەکەشدا تا رادەیە ئەو سەرکەوتنەی بە دەست هێناوە ، رستەو دەربڕینی جوانی بۆ هاتووە :

ـ پێڵوی‌وە ئەوزی نیشت ٠
ـ مۆرفینی خەونێکی گران ٠

ـ سینەو بەرۆکی هەلدە گلۆفت ٠٠ وەخت بوو ئارام بگرن ئەو رستەیەی دوایی بە لامەوە سەرکەوتووترین‌و چەسپاوترین (ناو نانە) بۆ ئەو کاتەی مرۆڤ دەگاتە پۆپەی موچورك‌و تاسەی هەلچوونی خۆشی‌یەکی کورتی دوایی ئەهاتوو[6] ٠

ئەم قسەیەی سەرەوەم بەرامبەر شێوەکە ئەوەیە کە (لە کاتێکدا بیری چیرۆکەکەمان بە لاوە جوانە تا بێ چوار چێوەکەی فە رامۆش کەین ، چونکە شێوەکەشی دەورێکی گەورەی هەیە لە قایل کردنمان یا قایل نە کردنمان ٠٠ چیرۆك گەنجینەی بیرو را نی‌یە بەڵکو پێش هەمو شتێ کارێکی هونەری‌یە ، ئەو راستی‌یانەش کە چیرۆکەکە دەسنیشانیان دەکا بەر لە هەمو شتێ راستی دۆزراوەن لە دوو توێی بارێکی زیندوی وادا کە نوسەر دەیهێنێتە کایەوە)[7] ٠

● مەسەلەی نیشانەکانی نوسین (علامات الترقیم) کە جارێکی تریش لە سەر باسی چیرۆکێکی کاك (جیهان عمر) باسم لێوە کردووە ، شتێکە بەرهەمێکدا نەدا دەبێ لە دوولاوە بە ئەدەبەکەوە بەسرێ ، لای ناوەڕۆك‌و لای روخسار ، دەنگ‌و وشەو رستەکان بەشێکی گەورەی ئۆرم دروست دەکەن ، دەبێ چیرۆکنووس کارێکی هێند جوان‌بێ کە ئەنجام بگەیەنێ کەشاکی لێنیشتیاقی زمان زانیدا بەردەوامی خوێندنەوەی بەرهەمەکەی بێت ٠

لەو بەرهەمە سەرکەوتووە جاکانەی کە زمان جیگایەکی بڵندی بۆ خۆی‌تێدا پەیدا کردووە ، کۆمەلە چیرۆکی « پێکەنینی گەدا » ی حەسەن قزلجی چیرۆك نووسە(٤) ، کە هەر یەکە لە قارەمانەکانی بەزمانی خۆیان‌و بەپێی جنگای تایبەتی‌و گشتیان قسان دەکەن‌و چەند پێویست بکاو بێ درێژدادری لەوە زیاتر زۆر بڵێی ناکەن ، لەهەمووی زیرەکانەتری حەسەن قزلجی ئەوەیە کە ناستی هۆش‌و بیرکردنەوەی باڵەوانەکانی لەگەل زمانەکەیاندا دەگونجێ‌و هەر لەوت‌و وێژیانەوە دەتوانین شەخسیەتیان دەست نیشان بکەین ، هەر لەگەل ئەمەشدا واچاکە بڵێین قارەمانەکان نمونەی مرۆڤی کوردن‌و هەلو مەرجی تایبەتی خۆیان هەیەو لە بەرچاوی خوێنەران نەناسیاونین ٠

پەراوێزەکان :

١ ـ گۆڤاری الاقلام ٠ ژمارە ٥ ساڵی ٧ ل ٩٩ ٠
٢ ـ رۆژنامەی الثورة ٠ ژمارە ٢٢٤٦ ٠ ٢ـ١٢ـ٩٧٥ ل ٦ ٠
٣ ـ سەرچاوەی پێشوو ٠
٤ ـ حەسەن قزلجی ٠ پێکەنینی گەدا ٠ ١٩٧٢ ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ٠

سلیمانی صباح پێشرەو

هێژا : گیوموکریانی

ئفنسینا : عبدالرحمن مزوری

★ چرانێ حەفتێ وچار ساڵا مایە گەش‌و هل ژبەر ئەگەرا روونکرنا قورئەتو کوزی‌یێت ئەزمانێ کوردی ٠٠ ریباری ئاڤ شرین‌و تەزی‌یێ ژینا خۆ بو ئافدانا تێنی‌یێت وێژەو ئەدەبی تەرخانکری ٠٠ گول چیچەکا بێن خۆشسا بێنا وێ گەشتی‌یە هەمی کووپ‌و کلومێنت پڕ قلوزێت چیاکێت کوردستانێ ٠٠ بەلازکا پڕ تێزو گەشا درێکا پەیڤاراستا کوردی‌دا هاتی‌یە شۆتن‌و حەلاندن ، مامۆستایێ منێ بەرکەتی : گیو موکریانی‌یە ٠

★ هێژاو هەژی عبدالرحمن گیو موکریانی ، ساڵا ١٩٠٣ ز ژدەیك بویە ، رۆژا ٢٤ـ٧ـ١٩٧٧ ز یێ چویە بەر دلوڤانی‌یا خودێ ٠ ئەوی گش گولا ژینا خۆ بئەزمان‌و ئەدەب‌و رەوشەنبیری‌یا کوردی ئەو هشك‌و سیس کریە ٠٠٠ دیسان کاری‌یەو شیایە رەهێت هەمی ئەساخەو تەحلی‌و تەنگافی‌یا هەلکێشیت ٠٠ تاك‌و بەلکیت پتر زدوو سەد برافۆك پەرتوکێت لەوەندێت کوردی خەمل‌وکۆك‌و کەسك کەتن ٠

★ سەیدائێ ـ گیو ـ هندی بێژی خزمەتا ئەدەبێ کوردی کری‌یە ٠٠ چ ئەوێ بکرمانجی‌یا ژێری هاتیە نڤیسین یان بکرمانجی‌یا ژووری ٠٠ نهو بەس دێ نافێت ئەوان برافۆکا رێزکەین ئەوێت سەیدا ـ گیو ـ بکرمانجی‌یا ژووری لچاپخانا خو چاپکرین ٠٠ دا بدرستی‌و راستی قەدرو بهائێ فی گومتلێ زێڕو مراری‌یا بناسین :

١ ـ مەم وزینا ئەحمەدێ خانی ، سێ جاران چاپکری‌یە ٠
٢ ـ دیوانا مەلایێ جزیری جارەکێ چاپکری‌یە ٠
٣ ـ مەولودنامە باتەئی ، دوو جاران چاپکری‌یە ٠
٤ ـ زەمبیل فرۆش ، چیروکا شعری‌یا مراد خانێ بایەزیدی ، دوو جاران چاپکری‌یە ٠
٥ ـ ئەلفو بێ لاتینی کوردی ، یادگارا میر جەلادەت بەدرخان ، جارەکێ چاپکری‌یە ٠
٦ ـ فەرهەنگەك بو ئێکگرتنا زارافێت کوردی ، سۆرانی ، بادینی ، لوری ، هەورامی ، جارەکێ چاپکری‌یە٠ ژبل مشە برافۆك‌و دیوان‌و چیروك‌و فەرهەنگ بکرمانجی‌یا ژێری کو بسەدان چاپکرینە ٠

★ نیاسینا من بو مامۆستا ـ گیو ـ دزفرینە ساڵا ١٩٦٩ ز دەما ئەز درێکا هەبلێرێدا دهاتم‌و دچومە سلێمانی‌یێ ٠٠ جارەکێ لەبلێر هاتمە خارێ بوکرینا هندەك کتێبا ، ئێکسەر من خۆ لبەر چاپخانا کوردستانێ دیت یاهێژا ـ گیو ـ دامەزراندی ٠٠ پشتی سلاڤێ من داخازکر هندی کتێبێت کرمانجی‌یا ژووری هەنە بو من بینتەخارێ ٠٠ داخازا من بجهێنا ، زانی ئەز خەلکێ دهوکێ مە ، گوت بەریکن ئەنوەر مائی گەلەك هاریکاریا من دکر ، هەکە بکاری‌و بتوانی ، هندی بەرهەمێت کوردی بلاتینی دەستەکەتن زمەرا بشینی ٠٠ من ژی ژڤان دائێ مینا وی خاستی‌و ڤیای ٠

★ ئەما راسی بەرکەتی ـ گیو ـ بە سەیدائێ منێ هێژا ٠٠٠ جار نەدبوری هەردەم دریکێدا دا ئێمە خار ، جەم وی لچاپخانێ روینەو ئاخفین ٠٠ جارەکێ من گۆتێ : گەورەم برائێتە ژێهاتی « حسین حزنی » دگۆڤارا ـ زاری کرمانجی ـ دا قەفتەکا شعرێت شاهە برتو هەکاری بەلافکرینە ٠٠ تو بێژی وە دیوانا وی هەبیت ؟! بێژەکێ ئەما ، باشی فەرمو : بەلێ هەیا هەی ، لێ بهزرا من هندەکا کێمە ، چونکی نەسخا مە هەی هندی ـ زەمبیل فرۆشا ـ مراد خانی‌یە ٠٠ من گوتی خۆزی شعرێت وە هەین تەچاپکریانە ٠٠ بەلکی دچابا دوویدا ئەو کتێبا نەمابانە ٠٠ ژڤان دا من ، لێ ئاشکارە چو هەل و دەلیفە بدەست نەکەتینە ٠٠ ئەفرو ئەز دبێژم خۆزی کچا وی‌یا بەرکەتی ، د٠ کوردستان موکریانی ئەڤ هیڤی‌یە کو چاپکرنا دیوانا ـ شاهە برتو ـ یە ژمەرا بجهێنایا ٠

★ ئەگەر ئەم برافۆکێت نڤیسەڤانێت کرمانجی‌یا ژووری ئەوێت لعیراقێ ، هەر دبەرێدا حەتا نهو چ بکوردی‌یان بعەربی هاتینەچاپکرن ، بژمێرین دێ بینین کەسێ هندی ـ موکریانی ـ یان نیڤەکا وی چاپ نەکرینە ، مینا ژڤێ لیستا خارێ خۆیا وناشکار دبە :

١ ـ صادق بهاء الدین نامێدی ، دوو برافۆك چاپکرینە ، ئیدیەمێت کوردی ، دگەل تویژاندنا دیوانا جزیری ٠
٢ ـ عبدالرقیب یوسف ، دوو برافۆك چاپکرینە ، الدولة الدوستکیة ، دگەل دیوانا کرمانجی ٠
٣ ـ محمد ئەمین

بروانە ل ٧

شیعر وفەلسەفە

فوئاد میسری
کردویەتی بەکوردی

• دەربڕینی تاقی‌کردنەوەی تاکە کەسی‌یە بەو ئەندازەیەی بەتەواوی دووربکەوێتەوە لە هەموو مەرجەکانی دانانی زاراوەو بەڕادەیەکی وا ، نەتوانێ وەك پێویست بەیوەندی لەتەك خەلکی‌دا دروست بکات ، شتێکە بە پێچەوانەی ئەرکەکانی‌هونەرەوە » ٠

جا ئەگەر رۆمانسیزم ، لەسەرەتاوە مۆری نەمری‌ی نابێ بەتەختی تەوێلی هەلچوون ـ دەوەو داوای نوێ‌بوونەوەو نامۆیی کردبێ ، رۆمانسیزمی ئەم دوایی‌یە زۆرلەوە زیاتریش رۆیشت تاحال گەیشتە ئەوەی ماوەی تەمەمژو سەرکوتکردنی‌داو بایەخێکی زۆریشی دابە داستان‌و رەمزبۆ دەربڕینی شیعر ٠

لە هەمان کاتیش‌دا پێشەواکانی لەوە ئەدوان کەبەکارهێنانی داستان لە هونەردا بەگشتی پێویستی‌یەکە ، ناکرێ دەست بەرداری بێن‌و مەرجە ئەدەبی لەمەودوا جارێکی‌تر بکەرێتەوە سەری ٠٠

• شۆڕشی رۆمانسیزم بەرامبەر بەکۆمەلی بورژا ، بریتی‌بو لە بەنابردنە بەر ، تێهەلکێشانی داستان‌و گردنی بەهۆیەك بۆوینە کێشانی هەلچوون‌و پێش‌کەش کردنی هەموو شتێکی کاریگەرو نوێ‌و غەریب ، جا هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم هۆیە شتێکی رەوایە ، بەڵام مەترسی‌یەکەی لەوەدایە کە هەر لەسەرەتاوە مرۆڤێ ئەخاتە جێی ئەو مرۆڤەی کە لەگەشەکردن‌و پێش‌کەوتن دایە ، واتە (ئەمر) ئەخاتە جێگەی ئەوکەسەی کەژیان کاری تێ‌ئەکات‌و بەرەوگەشەکردن هەنگاو ئەنێ !! ٠

بەکورتی‌و بێ‌پێچو پەنا رووکردنە داستان وەبەکار هێنانی ، رێگایەکە هونەرمەند لەسەردەمی گەندەل بوونی سەرمایەداری‌دا ئەی گرتەبەر ، تاوەکو خۆی دوورخاتەوە لەوەی هەلوێستێکی دیاری کراو بۆخۆی دەست نیشان بکات بەرامبەر بەمەسەلە کۆمەلایەتی‌یەکان ٠٠

رومانسی‌یەکان باروزرووفو دیاردە کۆمەلایەتی‌یەکان‌و ناکۆکی‌یە ئاشکراکانی ئەم سەردەمە ئەکەنە شتێکی دوور لەواقیع‌و لایان وایە هیچ بەیوەندی یەکیشیان بەسەر رەوتی ژیان‌و گەشەکردنەوە نی‌یە ٠٠٠ واتە بەشێوەیەك شتەکان ئەنەخشێنن ، گۆایە دۆخی بنچینەیی‌یان نامەفهوومەو گۆڕانی نی‌یە ، بۆیە ئەمانیش بەم چەشنە نیشانی ئەدەن !! »

واتای شیعر بەپێی بۆچوونی ئەم لایەنە نوێ‌یەی رۆمانسی‌یەکان ، لەوەبەولاوە کەلە ، لیتەی خەوو خەیالی دوور لەواقیع‌دا نوقوم بووبوو شتێکی دیکەی نەهێنایە کایەوە ، ئەمانە گەرەکیان‌بو جیهانێکی عەنتیکەی ناماقوول بخولقێنن بنچینەکەی لەسەر ئەوداستانانە دارێژرابێت کاتی خۆی کلاسی‌یەکان بەمەبەستی دارشتنی هونەری‌ی رووت بەکاریان ئەهێنا ٠

مەبەستیش‌یان لەم کارە گێرانەوەی چۆلەکە هەلاتووەکەبوو ، بۆنا قەفەزەکۆنەکەی ٠ واتا گێرانەوەی مرۆڤ بۆئەوقۆناغە مێژوویی‌یەی کەتیایا هۆشی سەرەتایی‌و ساوابووە ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو راستی‌یەی کەشیعر چەندین قۆناغی مێژوویی بڕیوە دوور لە بەکارهێنانی داستان‌و تیایا گەشەی کردووەو پێ‌گەیشتووە ٠

• ٠٠٠ ئاشکرایە ئەوەی مرۆڤی کۆن لەمرۆڤی سەردەم جیاناکاتەوە ئەوەیە کە مرۆڤی کۆن بەتەواوی لەگەل سروشتدا خۆی گونجاندووە ، لەبرئەوە بەیوەندی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان بێ ئەگەیشتبوون‌و ناکۆکی چینایەتیش لەوکاتەدا نەزانراوە ٠ ئەمەش تەواوی ئەو بناغەیەیە کە هونەری کۆنی لەسەربنیات نراوە ، لای مارکسیش بۆیە ئەو هونەرە سەرنج ڕاکێشەرە ، چونکە دەلالەت لەیەکێتی نێوان مرۆڤ‌و سروشتەوە مرۆڤ‌و کۆمەل ئەکات بەشێوەیەکی لە بجران ئەهاتوو ٠٠٠ » ٠

دوور کەوتنەوەی هونەرو ئەدەب لەرێبازە کۆمەلایەتی‌یەکەی بە تەنها لەوەدا دەرناکەوێ کە مرۆڤ تیایا وون ئەبێت‌و ئەشێوێنرێ‌و گرنگی‌ی بە من ئەدات ، بەڵکو بێجگە لەوانەیش هەندێ جار لەورەخنانەیش‌دا خۆی ئەنوێنێ کە ئاڕاستەی کۆمەلی ئەکات ، ئەمە جگە لەوەی شاعیری بێهیوا کەبڕوای بەکۆمەل نەماوە ، لەجێی کۆمەلە واقیعی‌یەکەی ، کۆمەلێکی داستاناوی دروست ئەکات تاتەگاتە ئەوبڕوایەی گوایە ، کارەکەی سەرچاوەی هەموو شیعرێکە ٠٠٠ » ٠

شۆڕشی رۆمانسیزم بەرامبەر دەسەلاتی میرو بیاوماقوولە ئورستوکراسی‌یەکانی کەنیسە بەتەنها بریتی نەبوو لە هێرشی رەشە خەلك بۆسەر چینە دەست رۆیشتووەکان ، بەڵکو رێگای هەمە جۆریشی گرت بۆناژاوە نانەوە سەبارەت بەو یاساو ئەریتانەی لەسەردەمی دەربەگایەتی‌یەوە ماونەتەوەو بەیرەو ئەکرێن ٠٠ بۆ ئەم مەبەستەیش رووبان کردە بێ ناگایی‌و و ناماقوول ،تاوەکو ئەو هەست بێ کردنە نوێ‌و شێواوە تێربکەن کە وێنەیەکی کت‌و متی گۆشەگیری‌و ترسنۆکی‌یە وبۆئەوەی کارێك بکەن هەموو شتێك لەحالەتی هەلچوون‌و شێواوی‌ی دانیشان بدەن !!٠ دوای ئەمەیش چی‌تر مابوو لە هەگبەکەیاندا لە ئەفسانەو سیحر ، هەلیان گرت‌و بەرق‌و کینەوە کردیان بەسەر رۆشنبیرەکان‌دا !! بەو جۆرە بەرگری کردن

بروانە ل ٧

زمانی چیرۆکی

بەقەدەر رەنگدانەوەی ژیان لە چیرۆکدا ئەوەندەش راستی تێدا دەردەکەوێ ، سەرکەوتنی چیرۆك بەندە بەپیشاندان‌و ئاوێتە بوونییەوە بەکێشەکانی کۆمەلگاوە ، ئەوەش نابێ هەتا لە رێگای بەکارهێنانێکی سەرکەوتوانەی زمانەوە نەبێ ٠

ئەمنوا دەزانم پەیوەندییەکی دینامیکی‌و شیاو لەنێوان زمانی بەرهەم‌و ناوەڕۆکی چاکدا هەیە ، لەو رێگایەوە ئەدیب دەتوانێ خۆ بگەیەنێتە ناخی خۆینەران‌و جەماوەران ٠

کەرەسەی هەرە سەرەکی ئەدیب بۆ دارستنی ـ بەرهەمی ئەدەبی زمانە ، لە رێگای دەسەلاتی دەربڕینی زمانەوە دەتوانێ تەعبیر لە بیرو هەستو بۆ چوونەکانی بداتەوە ، بۆیە وای لێدێ بڵێین بەکێك لە ئیشە بیرۆزەکانی نووسەر هەولی پێشکەتنی زمانە ٠ کە ئەوەش بە شارەزایی‌و بەپرەوکردنی دەستوری زمانەکەو بەکارهێنانی وشەی شیرین‌و ساکار لە جێی خۆیاندا دێتە دی ٠

دیارە زمان خۆی لە کاری ئەدەبیدا ئامانج نیە ، بەڵکو هۆیە ، تاوەکو هۆش هاسان‌و لەبارو خاوێنتر بێ ئامانج چاکتر دێتە پێش‌و دێتەدی ٠٠٠ لە بەر ئەوەیە ئێکۆشان بۆ چاکتر نووسین‌و شارەزایانە رێی گەیشتنە جێی ئەدیب خۆش دەکا بۆ دەربڕینی بیرەکانی ، بەڵام لەکاری زمانەوانیدا مەسەلەکە جوێیەو پێویستە خودی زمانەکە ـ بە نەزەری ئاکام وەربگیرێ‌و بە شێوەیەکی زانستانەو وردبینییەوە گرنگی پێ بدرێ ٠

• کاتێ چیرۆکنووس تاو دەداتە قەلەمو دەیەوێ بنووسێ ، پێویستە لەپێش دەست پێکردندا ٠ نەخشەیەکی هۆشیارانە لەو بارەوە بکێشێ‌و هەموو لایەنەکانی نیشان‌بکا ، ئەوجا دەست بە نووسین بکا ٠ بابەتی چیرۆکەکە چی‌یە ، رەگەزی رووداوو هەلس‌وکەوت کە بزوتنەوەو دینامیکی‌یەتی چیرۆکەکە دیاری دەکا بەرچاو بخرێ ، سنوری جێگاو کاتی چیرۆکەکە بەباشی دیاری بکرێ ، رۆلی کۆمەلایەتی چیرۆکەکەو تاوی چاکی‌و خرابی بۆسەر خوێنەرو کۆمەل لەنەزەر بگیرێ ، هەلویستی ئەسەنەی خۆیەتی لەبەرامبەری ژیان‌و هونەری چیرۆکنووسین لەچیرۆکەکەدا وەدیارکەوێ‌و هەموو ئەوانە لە چۆنیەتی‌و کەرەسەکانی چیرۆکدا تێك هەلشێلرێن »[1]

گشت ئەوانە لایەك بۆ خۆیان دەگەرن ،لای بەرامبەریان زمانی نووسینی چیرۆکەکەیە . ئەمن پێم وایە ئەنجامی دیاری‌کردنی سەرکەوتوویی یا لاوازی بەرهەم دەگەڕێتەوە بۆ سفتی‌و رەوانی زمانەکە ٠٠٠ هەرە خاوێنترین شێوەی زمانیش ئەوەیە کە دوور بێ لە زۆر لە خۆکردن‌و وشە گرد کردنەوە لە قاموس‌و لەم لاو لەو لا . دەبێ سەرەڕای ئەوەی وشەکان لەجێی خۆدا بەکاربێن دەستەمۆو خۆمالیش بن . لەبری ئەوەی ئامێزی‌و بێ دەسەلاتی خاوەنەکەی وە رووننێن. چاك وایە زیرەکێتی‌و سەلیقەی دەربخەن ٠

• رەنگە بگووترێ نهێنی سەرکەوتنی چیرۆکێکی دیاری‌کراو بەندەیە تەکنیکەیەوە نەك ناوەڕۆکەکەی ئەمە راستە ، چونکە نووسەری بەهرەمەند لەچیرۆکەکەیدا بابەتێکی زۆر ئاسایی هەلدەبژێرێ بەڵام لێزانی‌و دەسەلاتی بەسەر هونەری چیرۆك نووسیندا و بەکارهێنانی لێهاتوانەی هونەری کورتەچیرۆك دەبنە دەستەبەری ئەوەی کەچیرۆکێکی نمونەیی سەرکەوتووی وایتشکەش بکا بژماوەیەکی دەرنگ تامو بۆی خۆی بپارێزێ »[2] ٠

ئەو بەهرەو کارامەیی چیرۆك نووس لە خۆوە نەهاتووە . بەلکو لەئەنجامی بەیوەندی کۆمەلایەتی‌و رۆشنبیری‌یەوە وە دەستی هێناوە . نووسەر تاچەند زیرو بیرتیژو خاوەن رۆشنبیری بێ . تاچ ئەندازەیە بە پێشکەوتنی هونەری کورتە چیرۆکەوە بێ یا شارەزایی لەزمان‌و دەستوری زماندابێ . ئەوە بەقەدەر هێندە توانا و دەسەلاتی بەسەر نوسینەکەیدا زالدەبێ‌و بەرهەمەکەی بە شیاوتر دێتە مەیدانەوە ٠

دیارە ئێمە کە ئەمە دەلێین مەبەستمان نیە ناوەڕۆك لەئۆزم خۆدا بکەینەوە . بەلکو مەسەلەی ناوەڕۆکیش بە دەوری خۆی کار دەکاتە سەر ئەنجامی بەرهەمەکە . وە لەبنەڕەتدا ، هەر هونەرێکی راستەقینە بکرێن برێتی‌یە لەمارە بڕینی گرنگی بابەتەکە لەگرنگی بەکارهێنانی هونەرەکەی »[3]

جابۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو نەبێ‌و باوێشکی وەرزێون بەسەر خوێندەوەی بەرهەمێکدا نەدا دەبێ لە دوولاوە بە ئەدەبەکەوە بەسرێ ، لای ناوەڕۆك‌و لای روخسار ، دەنگ‌و وشەو رستەکان بەشێکی گەورەی ئۆرم دروست دەکەن ، دەبێ چیرۆکنووس کارێکی هێند جوان‌بێ کە ئەنجام بگەیەنێ کەشاکی لێنیشتیاقی زمان زانیدا بەردەوامی خوێندنەوەی بەرهەمەکەی بێت ٠

لەو بەرهەمە سەرکەوتووە جاکانەی کە زمان جیگایەکی بڵندی بۆ خۆی‌تێدا پەیدا کردووە ، کۆمەلە چیرۆکی « پێکەنینی گەدا » ی حەسەن قزلجی چیرۆك نووسە(٤) ، کە هەر یەکە لە قارەمانەکانی بەزمانی خۆیان‌و بەپێی جنگای تایبەتی‌و گشتیان قسان دەکەن‌و چەند پێویست بکاو بێ درێژدادری لەوە زیاتر زۆر بڵێی ناکەن ، لەهەمووی زیرەکانەتری حەسەن قزلجی ئەوەیە کە ناستی هۆش‌و بیرکردنەوەی باڵەوانەکانی لەگەل زمانەکەیاندا دەگونجێ‌و هەر لەوت‌و وێژیانەوە دەتوانین شەخسیەتیان دەست نیشان بکەین ، هەر لەگەل ئەمەشدا واچاکە بڵێین قارەمانەکان نمونەی مرۆڤی کوردن‌و هەلو مەرجی تایبەتی خۆیان هەیەو لە بەرچاوی خوێنەران نەناسیاونین ٠

پەراوێزەکان :

١ ـ گۆڤاری الاقلام ٠ ژمارە ٥ ساڵی ٧ ل ٩٩ ٠
٢ ـ رۆژنامەی الثورة ٠ ژمارە ٢٢٤٦ ٠ ٢ـ١٢ـ٩٧٥ ل ٦ ٠
٣ ـ سەرچاوەی پێشوو ٠
٤ ـ حەسەن قزلجی ٠ پێکەنینی گەدا ٠ ١٩٧٢ ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ٠

سلیمانی صباح پێشرەو

Institut Kurde de Paris

بەبۆنەی بیرەوەری «پاشماوە»

شەرەلگیرساندنەو بەشێوەیێکی راستەوخۆ هەرەشە ئەکاتە سەر مەسەلەی بوونومانەوەی ئاشتێکی راستەقینەی دادپەروەرانە لەناوچەکەو لەجیهاندا ٠

ئەم ئوردوگایە فاشیەیە ، کە بەدرێژایی سی‌ساڵ خەریکی پیلانگیرانو تەگبیری گلاوەو بووتە هۆی دەربەدەرکردنی میللەتێکو قەلاچوکردنی هەزارەها رۆڵەی بەشەرەفو تێکۆشەری ناوچەکە ، ئا ئەم ئوردوگایەیەکە وا ئەمرۆ هەندێ رژێمی گومانلێکراوو هەندێ سەرکردەی خائنی وەکو سادات خەریکن دەست بخەنە ناو دەستی ئەم دوژمنە خوین مژە بەخەیالی خاوی خۆیان ئەتوانن بەرهەلستی ئیرادەی گەلی عەرەبو هەموو گەلانی ئاشتیو رزگاری خوازی جیهان بکەن ٠

بێ‌گومان گەلی فەلەستینو هەموو تێکۆشەرە جەنگاوەرەکانی کە ئەمرۆ روبەروی ئەم پیلانە گەورەیە ئەبنو دەست لەچەك هەلناگرن ، لەگەل رەوتی مێژوئەرونو سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانەیە کە هەرگیزاو هەرگیز بەخەیالیان نایێت لەگەل دوژمن پێك بهێنو واز لە مافە رەواکانیان بێنو دووارۆژی نزیك ئەم حەقیقەتە ساخ ئەکاتەوە کە ئەك هەر ئەم پیلانە گلاوەی ئێستا سەرناگرێ بەلکو ئەو دابەش کردنە رەگەزپەرستانەیەش کە بەر لە سی‌ساڵ کراوە ممکن‌نیە سەربگرێتو هەلبەتە خاکی داگیرکراو لەدەست ئیمپریالیزمو زایۆنستەکان رزگار ئەبێت ٠

کۆبوونەوەی « پاشماوە »

هاوڕێ البکر تەبیعەتی ئەرکی هەردوو نێراوەکەی بۆلای سەرۆکەکانی عەرەب ، لەگەل ناوەرۆکی ئەو ئامانەش کە پێیانەو هەلوێستی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشیش سەبارەت بە رووداوەکانی ئێستاو بۆچوونی سەرکردایەتی بۆ پێداویستەکانی کاری هاوبەشی داهاتوودا بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە روونکردەوە ٠

البکر دووپاتی کردووە کە تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان توانایان هەیە سەرکەوتن وەدەست بهێنن‌و لەتەنگانە رزگار بین ئەگەر هاتوو کردەوەکەیان بەهیمەتێکی بەرزو تێکۆشانێکی هوشیارانەو بەخشێنکی زیاد لە پێویستی بەدەن‌و دەستنیشانی چۆنیەتی مەترسیەکان بکەن وچۆنیەتی رووبەرووی دوژمنان بین ٠

لەدواییدا هاوڕێ صدام حسین ئەمینداری گشتی‌ی یاریدەدەر جێگری ئەمینداری نهێنی هەرێمایەتی باسی ئەوبریارو ئیجراتانە کرا کە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی نەتەوەیی‌و هەرێمایەتی‌دا بریاری لەسەر درا ٠

هەروەها هاوڕێ صدام حسین باسی ئەو کاردانە فراوان جەماوەرییەی کرد کە دوای بەیاننامە میژوویەکەی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزب هاتە کایەوەو بایەخی ئەوکاردانەوەیە ئەگەر هاتوو بەپێی پروگرامێکی تێکۆشەرانەی فراوان رێك بخرێت چونکە ئەگەر رێك نەخرا بەهیچ شێوەیەك جێگای کردەوەی شۆڕشگێرانەی رێکخراو کە ئامانجەکانی شێوەیەکی دیارکراوی هەیە ناگرێتەوە ٠

هاوڕێ ئەمینداری گشتی یاریدەدەر جێگری ئەمینداری نهێنی هەرێمایەتی دووپاتی کردەوە کە کردەوەی بەرەی عەرەبی کە لەسەر بناغەیەکی تێکۆشەرانە بنیات نرابێت جوولانەوەی جەماوەرە تێکۆشەرە عەرەبەکان دژی پیلانەکانی ئازاندنی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستەکان زیاتر پتەو ئەکات ٠

هەروەها دووپاتی کردووە کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کە حزبێکی خاوەن بیروباوەرێکی تێکۆشەرانەیە هەمیشە لەئاستی لێپرسراوی مێژوویی خۆی ئەمێنێو سەرکردایەتی جەماوەری عەرەب ئەکات بێ‌جێ‌بەجێ‌کردنی ئامانجەکانی بۆرژگاریەکی تەواوو کامل‌و لەبنیاتنانی بنیاتنانی کۆمەلگایەکی سۆشیالیستی دیموکراتی یەکگرتوو ٠ ئەوەبوو کۆبوونەوەکە زیاتر لەدوو سەعاتی خایاند ٠

شیعرو فەلسفە « پاشماوە »

لەئەفسانەو بەگژداچوونی زانست ، لای رۆمانسی‌یە خەیالی‌یەکان بووە هۆی شاردنەوەی بەگژداچوونی بیاوماقوولان ! ئەم دیاردە یەش یەکێکە لە سیما هەرە ئاشکراکانی رژێمی سەرمایەداری‌ی ، ئەورژێمەی بە هەموو توانایەوە دژی بلاوبوونەوەی زانیاری‌و زانست رائەوەستێ ، چونکە زانست هۆی رامالینی شەوەزەنگی نەزانینە ٠٠

« ٠٠ کاتێك تەقینەوەی جەماوەرو پێداگرتنی لەسەرداوا رەواکانی ، چینی بۆرژوای تۆقاندو سەرەگێژەی پێ‌خست ، چینی بۆرژوا زۆرباش هەستی بەوەکرد کە پێویستە بیروزا ئەفسانەی‌یەکان جارێکی‌تر بێنێتەوە بۆ ناوریزەکانی گەل‌و بلاویان بکاتەوە ٠٠ » ٠

پاش ئەوەی پشکۆی شۆڕشگێڕی‌ی لەجیهانی سەرمایەداری‌دا دامرکایەوەو کۆمەل توونسی‌رابواردن ـ ترف ـی فیکری‌ی بوو سەرەنجامیشی بووەهۆی لەدایك بوونی کۆرپەشەرعی‌یە نابەکامەکەی بزووتنەوەی رۆمانسیزم کەرتبازی « هونەرە لەپێناوی هونەردا » ٠

مەبەستی سەرەکی ئەم رتبازە ، دەربڕینی ئەوناموزی‌و ناکەکەسی‌یەیە کە ، هونەرمەند تیایا ئەژی‌و تەقەللایەکی خەیالی‌یە بۆ دەربازبوون لەدەسەلاتی ئەوجیهانە پەلەکەش‌وفشەی کەبیروباوەڕی « بەرهەم لە پێناوی بەرهەم »و « زانست لەپێناوی زانست »ی تیایەیرەوئەکرێت ٠٠ هەرئەمەیش بوو ، پێشەواکانی ئەورتبازەی ناچارکرد ، بەبیانووی تۆقاندنی چینی بۆرژوای ئورستوکراسی‌یەوە پەنابەرنەبەر هەندێ کەرەستەی ووررشەدار ، وەکو « جوانی‌ی رووت »و « خووی جوانی‌ی » ٠٠ هەتابەو جۆرە دەلاقەیەکی گەورەیان خستە نێوان هونەرو ئامانجە مرۆڤایەتی‌یەکانی‌یەوە ، چونکە ئەمانە ئەبنە هۆیەك بۆجیاکردنەوەی هونەرو ئەدەب لەکۆمەل ، بە ئەندازەیەك ئەگەنەرادەی خۆبەرستی‌ی‌و بەوەیشەوە ڕاناوەستن خۆیان لەتاقی‌کردنەوەی دەروونی‌دا نوقم ئەکەن‌و دواجاریش ئەوەی بڕی‌بڕێت بەیوەندی‌ی ، بەژیانەوە نای‌هێڵن، بەواتەیەکی دیکە ، خۆیان لەو ژیانە دوورئەخەنەوە کەبریتی‌یە لەکۆمەلە حەقیقەتێکی هەستپێ کراو ٠ بەکورتی‌ی دوورکەوتنەوەیان بەرادەیەکە ، خەیالی تینویان ، بەهیچ کلۆجێك پاراونابێت ! رابەرەکانی ئەمرتبازە پروایان بە « سەربەستی‌ی » مرۆڤ هەیە ، واتە جیابوونەوەی لەبەیوەندی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان ، لەبەر ئەوە گەرانەوەبۆتیۆری « هونەر لەپێناوی هونەرا »دا ، تیۆرێکە بنجینەکەی بریتی‌یە لەچەشنە بەگژاچوونێك دژی ساختەکاری‌ی‌و کۆت‌و زنجیری کۆمەلی بۆرژوازی‌ی ٠ بۆ ئەم مەبەستە ، چەند وێنەکێش‌و شاعیرو مۆسیقاژەنێك یەکیان گرت‌و چەشنە یەکێتی‌یەکیان پێکەوەنا دژی سەرانسەری کۆمەل ٠

بۆ زانین قۆنتەرات کردن

١ ـ میوانخانەی زاخو
٢ ـ میوانخانەو گازینۆی سوارەتوکا ٠
٣ ـ گازینۆی سەرسەنگ ٠
٤ ـ یانەی شەوانی لە سەرسەنگ ٠
٥ ـ سینەماو گازینۆی سەلاحەدین ٠
٦ ـ گازینۆی بێخال لە رەواندز ٠
٧ ـ گازینۆی سەری رەش ٠

٨ ـ گازینۆو چێشتخانەی سەلاحەدین ٠
٩ ـ گازینۆی رۆژهەلاتی لە سەلاحەدین ٠
١٠ـ دوکان‌و مەلەوانگەی سەلاحەدین ٠

ئەمینداریەتی گشتی بەرێوەبردنی شارەوانی‌و هاوینە هەوارەکان داوا لەو کەسانە ئەکات کە ئارەزوویان هەیەو شارەزاو پسپورن لە بەرێوەبردنی میوانخانەو گازینوو

خانووبەرەی گەشت گوزاری کە بەشدار بن لەو موزایەدەدا بۆ قۆنتەرات کردنی خانووی گەشت‌و گوزاری کە لە

سەرەوە باس کراوەو ماوەی کرێکە ساڵێکە لە ١ـ١ـ١٩٧٨ تا ٣١ـ١٢ـ١٩٧٨ ، ئەتوانرێ نوسخەیەك لە مەرجەکانی ئەو

قۆنتەراتە لە ئەمینداریەتی گشتی بەرێوەبردنی شارەوانی‌و

هاوینە هەوارەکان دەست بکەوێت ٠

تەندەرەکان بە بەرێوە بردنی شارەوانی‌و هاوینەهەوارەکان لە ناو زەرفێکی مۆرکراودا پێشکەش ئەکرێت‌و پێویستە تەندەرەکان بارمتەی سەرەتایی‌یان لە گەلا بێ (٤٠٠) جوارسەد دینار نەقدی بۆ میوانخانەکان‌و (٢٥٠) دووسەدو پەنجا دینار نەقدی بۆ گازینۆکان ، نووسراوێکی باوەر پێ کراوەکە لە یەکێك لە بانقەکان دەرچووبێت لە شێوەی کەفالەی بانقدا وهەر چەکێکی مۆرکراو نەبێ قبول ناکرێت‌و موزایەدەکەش ئاشکرا ئەبێ ٠

ماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە کاتژمێری دوانزەی رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ٤ـ١٢ـ٧٧ هەر تەندەرێك لە کات‌و رۆژی دیاری کراوی خۆیدا پێشکەش ئەکرێت یاپسولەی بارمتەر نووسراوی (ضمان) و یا شەهادە تنامەی شارەزایی لە گەلا نەبووبە هیچ ئەژمێردرێ‌و پشت گوێ ئەخرێ ، کرێ کە ئەکرێت بە سێ بەش لە ماوەی شەش مانگی یەکەمیدا ئەدرێت‌و پارەی بلاو کردنەوەی ئەم بۆزانینە لەسەر ئەو کەسەیە کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرئەچێت ، ئەم ئەمینداریەتی‌یە لە سەری نیە بەرزترین نرخ یا هەر نرخێکی کە قبول بکات ٠

ئەمینداری گشتی بەرێوەبردنی
شارەوانی‌و هاوینە هەوارەکان

وتارەکەی هاوڕێ صدام « پاشماوە »

بۆ ئەکرابێ لە گەل توانای مەلبەندی سەرەکیدا بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی پێویستیەکانی هەموو بزوتنەوەو چالاکیەك تێیدا بە شێوەیەك کە هاوکێش وگونجاو بێت لە گەل ئەو مەترسیانەی کە ڕوویان کردۆتە شۆڕش ولە نیشتمانی عەرەبدا بلاو بوونەتەوە ٠٠ بە هەولی ناوخۆیی‌و پشتگیری کردنی دەرەوە ٠ لە هەمو بارێکدا ، حیسابکاری ژیراتە واپێویست دەکات شێوەکاری عاتیفیانەی پێشوو کە بوو بە هۆی نووچدانەکەی (٥)ی حوزەیران دەستی لێ هەلبگیرێ ٠ ئەم رتبازە عاتیفیانەیە بوو بە هۆی بەیدابوونی دوودلی ، کاتێ کەوا بیویستی کردکار بەشێوەیەکی ئازایانە وبە بڕیارێکی ئازایانە بەلایەکدا بخرێ ، بەو شێوەیەی بوو بە هۆی شێوەگلان‌و بێ هیوایی بو جەماوەری عەرەب لە گەلێ مەیدان وبۆنەدا ٠

هاورێیان ، کەواتە ، با قسەکانمان بۆ ئەمەی خوارەوە تەرخان بکەین ٠٠ زنجیرەی سەرکەوتنەیەك لەدوای یەکەکان ٠٠٠ ونەبوونی نوچدان لە رتبازی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزدا ، ئەو زنجیرە سەرکەوتنەی تر کە دوا بەدوای ئەودا هاتنەدی وەکو زاڵبوون بەسەر تاقمی بەکرێ گیراوی ویاخۆبوونداو نەهێشتنی ناکۆکی لە گەل دراوسێکاندا وسەرکەوتنی خۆمالی کردنی‌مەزن ، وسەرکەوتن لە جەنگی تشرینی ١٩٧٣دا ، هەموو ئەم کارانە بوون‌بە سەرچاوەی باوەڕ بەخۆ کردنێکی گەورە کەدەبێ هەمیشە بەردەوام بێ بەلام دەبێ وریابین وبەجۆرێك ئاراستەی بکەین کە مەلبەندی لاوازی لە گیانی خۆماندا لە بیرنەچێتەوە ، وزیادکردنی هێزی خۆمان لە بیرنەچێتەوە چونکە هێشتنەوەی ئەم هێزەی ئێستا بەش ناکات بۆ بەرەنگاربوونی ئەوەی لەوانەیە بێتە پێشەوەو کردنەوەی مەیدانی تری جەنگ ئێمە کاتێکدا لەشەڕێکدا سەردەکەوین وبەلایەکیدا دەخەین ئەوە بەو هێزە دەکەین کە هەیە سەرەڕای ئەو یەدەکەی کە لە جارەکانی پێشوودا بەکارمان نەهێناون ٠ ئەم جۆرە وەرگرتنەش وا پێویست دەکات هەمیشە یەدەکێکی تازەترو پوختەترمان بەدەستەوە بێت بۆ ئەو شتانەی کە حیسابیان بۆ کراوە ، یاخۆ ئەوانەی حیسابیان بۆ نەکراوە ٠

ئێمە ، داوا لێ‌کراوین ، باوەڕ بەخۆمان‌و جەماوەر پتەو بکەین ، ئەم باوەڕەش وا ئاراستەبکەین نەگۆڕێ بە لە خۆبایی بوون‌و هرۆ فی‌عیراق والێ نەکات لە تاریکیدا سەر لێشێواوبێ‌و باوا بێ هەموو شتی بە رووئیەکی تەواو ببینێ ، داوا لێ‌کراویشین وزەو توانای جەساوەر شۆڕشگێڕانەو راستەقینە هەلسەنگێنین ، بەو جۆرەی لە کاتی کوت‌وپڕدا کە ئەیتەقێننەوە راست‌و رێکەوتو لەگەل ئامانجە قوناغی‌و ستراجیەکانمانا وەك یەك بێ ٠

هاوولاتی عیراق ، کە هەمیشە بەربەرەکانی کاربوو، باوەڕی خۆی نەئەدا بە حوکمڕاکان ، باوەڕی خۆی نە ئەدا بە رژیم ، زۆر لە هاوولاتیەکان گوڕان‌و باوەڕ ئەدەن بە بێ ئەوەی بایەخ بە هەندی خالی ئالۆزاوی بدەن یان بۆ چارکردنی راوەستن ، جا ئەم خالە ئەساسیە ئەبێ هەمیشە بایەخی پێ بدەین بۆ مەبەستی پەروەردەیی راست‌و پەیوەندی راستەقینەی وا کە هاوولاتی عیراق وەك بەعسی‌و لە مەوقعی بنیات نان‌و مەسئولیەتەوە داواتان بکەن‌و هەر بەو جۆرە وا بمێننەوە وەك بەعسی بە وتوێژو لێکولینەوەو سەرنجدانی بیناکاری دوامان کەون ، هەتا بەردوام پێشنەکەوین‌و ئێمەش پێش‌نەکەوین‌و هەموو لایەکمان خالی بێ هیزیمان ئەبێنن‌و بە شێوەیەکی هەست کردن بە لێپرسینەوە چارەسەری ئەکەین‌و هیزیکی زیاد ئەخەینە سەر هیزمان ٠

لکاندنی خاس بە عامەوە دیاردەیەکی راستەو دیاردەیەکی سەلبی نیە ، هەستی جەماوەر بەوەی سەرکەدایەتی حزب سەر کردایەتی خۆیەتی‌و ئەنیا سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست نیە ، دیاردەیەکی ئیجابی گەورەیە بۆ سوودی حزب‌و سوودی بنیات‌نانی ئەتەوە ، هەستی جەماوەر لە پارێزگاکاندا بەوەی سەرکردایەتی حزب لەو پارێزگایەدا سەرکردایەتی خۆیەتی لە هەموو پارێزگاکەدا، شتێکی زۆر گەورەو گرنگەو لە ئەهمیەندا وەك ئەهمیەتی هەستی بەعسیە کە بەوەی لە ملکیەتی تایبەتی ملکیەتی گشتەو شتێکی جیا نیە لەو ، جا بەمانای بەکارهێنانی ملکیەتی گشتی نەبێ مەبەستی شەخسی بەلکو بۆ ئەوەی ملکیەتی تایبەت لە خزمەتی گشت‌بێ ، کاتێ تێکۆشەران لە ژیانیاندا هەست بە پێکەوە لکاوی تێوان خاس‌و عام ئەکەن ئەمە شتێکی ئیجابی‌و مەبدەئیە ، کاتێ جەماوەریش هەست ئەکات سەرکردایەتی حزبی بەعسی بۆتە سەرکردەی ئەو ئەمەش نیشانەی ئیجابیە ٠

ئەوەی لەم قۆناغەدا ئەمانەوێ بایەخی پێ بدەین ، ئەتوانین بەم نموونەیە دەری ببڕین ، مرۆڤێك ماڵەکەی لە دارستانێکدایە ، مەترەلویزیکی پێ‌یە کە چاك ئەتوانی‌و ئەزانێ بەکاربهێنی ، کە واتە ، توانای ئەوەی هەیە بەربەستی هەر زیندەوەریکی درندە بکات لە دارستانەکەدا ، هەتا ئەگەر دەرگای ماڵەکەی بەکراوەی بەجێ هیشت ، بەڵام پارێزراو تر ئەبێ ، ئەگەر بەر لە نووستنی دەرگاکەی داخست ، هەرچەندە مەترەلویزێکیشی هەیە ، چونکە هیچ ناکوکیەك نیە لەنێوان دەرگا پێوەدان‌و شاوەزایدا لە بەکارهێنانی مەترەلویزەکەیدا لە کاتی پێویستدا ، لە بەر ئەوە ، پێویستە جەماوەر لە بیرنەکرێ‌و حزب پێویستە ئەوەی لە بیرنەچێ کە لەوە دڵنیابێ دەرگاکانیان داخراوە ، ئەمە مانای ئەوە نیە مرۆڤ دەرگای داخرا چوارمشقی لێ‌ی دانیشێ ، چونکە کەرەستەی چارەی بە دەستەوە بەرەو رووی دوژمن کاتێ پێویستە ئەو کەرەستەیە بەکارئەهێنی ٠

لە هەمان‌کاتدا لە سەریەتی دەرگاکەی داخات بۆ وریای بەرامبەر کوتوپڕی‌و تا فرسەتی چاکی هەبێ‌و بتوانی رووبە رووی ئەو کوتوپڕیانە ببێ ٠

کاتێ لە قسەکانمانا لە گەل جەماوەر یان لە ناو ژیانی حزبیدا بایەخ بە ئەهمیەتی ئەوە ئەدەین نوختەی بێ هیزی خۆمان بزانین تا کاروبار متەوازن بێ ، ئەمە پێویست ئەکات بەر لەوەو ، لەگەل ئەویشدا بایەخ بەوە بدەین ، ئەرك لە پێشەوەو مافەکان بەیوەندی زیندوو تەواویان بە چاکی جێ‌بەجێ‌کردنی ئەرکەکانەوە هەیە ، کاتێ بایەخ بەم لایەنە ئەدەین ، یان بایەخ بەوە ئەدەین کە پێویست لە ئەرکدا چی‌یە ، بۆ ئەوەیە بگەینە بەدی هێنانی ئەو مەبەستەی کە لە دەستکەوتەکانمان زۆر گەورەترە ، ئەوسا کە باس‌کردنی ئالۆزی بجوك مەسەلەیەکی تەبیعیەو بەشێکە لە رێ‌رەوی گشتی‌و بەشێکە لە کاروباری بنیاتنان ، بەبێ ئەوەی ئالۆزی وا کاریکاتە سەر لەق‌کردنی سایکولوجیەتی جەماوەریان ژیانی ناو حزب ٠

عیراق « پاشماوە »

لە نامەکانی بەرێز سەرۆك احمد حسن البکردا بوو کە ئاراستەی سەرۆکانی بومدین‌و قذافی‌و اسدو سالم ربیع علی‌و یاسر عرفات‌و ئەمینداره گشتی‌یەکانی بەرەی رەفزکرابوو دیاری‌کراون ٠

لە ماوەی چەند رۆژی رابوردوا حکومەتی عیراق پەیوەندی بەبرایانی لیبیاوە کرد بۆ روون کردنەوەی باری سەرنجی عیراق بۆیان ، بەڵام لەبەردەم داواکاری بەردەوامی برایانی لیبیادا بۆ بەستنی کونفرانسی طرابلس سەرکردایەتی بریاری‌دا لەو کونفرانسەدا بەشداری بکات‌و وەفدیك کە تەواوی دەسەلاتی سەرکردایەتی‌و ئەنجومەنی پێ‌دراوە بە سەرۆکایەتی هاوری طە یاسین رمضان ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش‌و ئەندامیەتی هاوریان نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و عدنان حسین ئەندامی سەرکردایەتی قطری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و دەکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو سەرکردایەتی بانگەوازەکەی بۆ بەستنی کونفرانسی بەغدا هەر بە بەردەوام دائەنێ بۆ لێکولینەوەی ئەو پەیمانەی کە کۆماری عیراق پێشنیازی کردوە بو بەریەکی ئەتەوەیی و ئەو ئیلتزاماتانەی کە ئەکەوێتە سەر لایەنە بەشداربوەکانی ٠

عیراق داوای کرد کۆنفرانسێکی بالای عەرەب هەفتەی ئایندە لەبەغدا بگیرێ بۆ روبەروبوونەوەی ئەو ئەرکە میژوویانەی کە دەکەونە ئەستۆی سەرکردایەتیە عەرەبەکان لەم بارە ناسکەی سەرکردایەتیەکانی عەرەب لەم‌بارە ناسکەدا کە ئەتەوە عەرەبی پێدا دەڕوا ٠٠٠ لەم ڕوەوە ، هەردوو سەرکردایەتی ئەتەوایەتی‌و هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش زنجیرەیەك کۆبوونەوەی هاوبەشیان کرد بو لێکۆلینەوەی باری ئێستای عەرەب‌و ئاکامەکانی سەرەدانە خیانەتکارانەکەی سادات بۆ خاکی داگیرکراو و بۆ باس‌کردن لەونامانەی کە بەرێز سەرەك کۆمار لەسەرۆکان هواری بومدین‌و معمر القذافی‌و حافظ الاسدەوە هەر لەسەر هەمان مەسەلە وەری گرتوە ٠

لەناکامی ئەو کۆبوونەوەو لێکۆلینەوانەدا بریاردرا کە :

١ ـ نامەیەك لەلایەن سەرکۆماری بەرێزەوە بنێرێ بۆ سەرۆکان هواری بومدین ، معمر القذافی ، حافظ الاسد ، سالم ربیع علی‌و بۆ بەرێز یاسر عرفاتی سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندنی رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین‌و بەرێزان ئەمینداره‌گشتیەکانی بەرەی رەفز کە تێیدا بیروڕای حزب‌و حکوومەتی شۆڕش لەبارەی ئێستای عەرەب دەربخرێ‌و باسی ئەو پێویستیانە بکرێ کە دەبێ بۆ بەرەنگاربوونی لاوازی هەلوێستی ئێستای عەرەب بخرێنە کار ٠

٢ ـ بانگ راهێشتنی سەرۆکانی ئەو دەوڵەتە عەرەبانەو هێزەکانی بەرگری فەلەستینی بو کۆنفرانسێکی بالا کە هەفتەی ئایندە لەبەغدا بگیرێ بۆ بەرەنگاربوونی ئەو ئەرکە میژوویانەی کە دەکەونە ئەستۆی سەرکردایەتیە عەرەبەکان لەم بارە ناسکەی نەتەوەی عەرەبدا ٠

بۆ ئەم مەبەستانە چەند نێرراوی سەرۆکی بەرێز سەرلەبەیانی‌ی رۆژی سێ‌شەممەی رابوردوو بەرەو جەزایرو طرابلس وعدن کەوتنە رێ تا نامەکانی سەرۆك بدەن بەسەرۆکان هواری بومدین ومعمر القذافی‌و سالم ربیع علی نامەکەی سەرۆکیش بۆ سەرۆك حافظ الاسد لە رێگای دبیلوماسیەوە پێ‌ی دەدرێ ، سەرکردایەتی نەتەوایەتیش هێزەکانی بەرگری فەلەستین بانگ دەکات بۆ کۆبوونەوەکە ٠

هەروەها نێرراوێکی تری سەرۆك بەم زوانە دەچێت بۆ مۆسکۆ بۆ راویژکاری لەگەل کاربەدەستەکانی سۆفیەتدا لەبارەی باری نۆی‌ی ناوچەی عەرەب پاش سەردانەکەی سادات ٠

ئێوارەی رۆژی دووشەممەی رابردوو ، بەرێز یاسر عرفاتی سەرۆکی ئەنجومەنی راپەراندنی رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی گەیشتە بەغدا ، ولەقسەیەکدا کە بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی کرد وتی کەوا بۆ باس‌کردنی باری ئێستای ناوچەی عەرەب پاش سەردانەکەی انور السادات بۆ فەلەستینی داگیرکراو هاتوەو ستایش هەلوێستی عیراقی کرد لەبارەی مەسەلەی فەلەستینەوە ٠ عرفات پێری ئێوارە ، پاش سەردانێکی دوورۆژە ولاتی بەجێ‌هێشت ٠ لەقسەیەکدا کە بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی کرد وتی لەگەل برایان کاربەدەستانی حزب‌و حکوومەت گوپونیەوەو باسی گرنگمان لەبارەی باری ئێستای عەرەب کرد کە پاش سەردانەکەی سادات بۆ خاکی داگیرکراو هانوونەتە کایەوە وشێوەی بەرەنگاربوونی قۆناغی تازەو رەنگدانەوەکانی لەهەموو بوارێکدا ٠ عرفات دیسانەوە سوپاس کاربەدەستانی حزب‌و حکوومەتی کرد بەرامبەر ئەوگیانی ئیجابی وهەلوێستە نەتەوایەتیە نەگۆڕەی کە دەریان‌بڕیوە بۆ رووبەروبوونەوەی ئەو مەترسیانەی کە لەلایەن ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزمەوە رووبان‌کردۆتە نەتەوەی عەرەب ٠

مێژا کیو « پاشماوە »

ئوسمان ، ئێك براڤۆك چاپکری‌یە لبنانی : نان‌وژیان ٠

٤ ـ ئەنوەر مانی ، ئێك براڤۆك چاپکری‌یە لبنانی : الاکراد في بادینان ٠

براڤۆکێت دی یان پرت برتن تەفاف نەبوینە ٠٠ مان دیوانێت هندەك شاعرانە زنویکا رابوینە پیا ٠٠ ئەڤجا دێ زانین مامۆستا ـ گیو ـ بتنێ هندی هەمیان چاپکرینەو زێدەتر ژی ژبل دوسێ جار چاپکرنا هندەکان وەکی مەم وزینێ ٠

★ قەنتەکا بەبیینو سیسنوکێت بێن خۆش ، دگەل بنەفش‌و بەلالیسکێت رەندوتفقی ژجانێ پاقژو بژوینێ هێژا ـ گیو موکریانی ـ را ـ ئەوێ درویشو هیڤی‌یا وی بلندکرن وڤەژینا پەیڤا کوردی ، ئو دوێ رێکێ‌دا مینا خەتیرەو شەمالکا هاتی‌یە سۆتن‌و حەلاندن ٠٠ لەورا نافێ وی چوجارا ژبیرا مللەتێ وی ناچیت ، چونکی تیپتیپو حەرفحەرف ددلێ وی‌دا بێ‌هاتیە کژلان‌و کێلان‌و نەخشاندن ٠

پەیڤێن گران :
براڤۆك : بەرتوك ٠
نفشتوك ٠
پەلازك : پەلا گەش ٠

کە « تارمایی »م « پاشماوە »

نابێ هەروابە بێ گوێ نەدان بە سەریا رابورین :

(ئەم کارە زۆر جار پێویستە بە مەرجێ نە بێتە مەبەستێکی سەر بەخۆ لە بەرهەمەکەدا ، نیشانەکانی نوسین‌و خال دانان ئەگەر بوونە چەقێکەو لەشی چیرۆکەکەیان پێ لەت‌و پەت کرا ئەوا کارێکی نا بەجێیە ٠٠ ئەم کێشەیە تا ئێستا بۆتە نا ئەوەی ئاژاوەیەك لە بنیاتنانی شێوەی چیرۆکدا)(٨) ٠

بۆ نمونە ، تەنها لەو چیرۆکەدا :

ـ هەشت وێرگول (،) لە جێی خۆیدا دا ئەنراوە (تۆڕی دیدەکانی ـ ، ـ لە وێنەکە گرت ٠

ـ خالە پرسە (نیشانەی پرسیار)و سەر سوڕمان هەژدە دانەن کە بە هەلە دانراون :

(ئاخۆ لەو کاتەوە تۆ راوە ـ !! ـ یا وەری کێ بێ؟!)

ـ خال یان ئەو ریزە (نقط) نەی دانراون بە مەبەستی وەستان یا ئێست کردن وەیا نیشانەی پچراندنی حیوارەکان ٠٠ هتد ٠

ئەمانە ژمارەیان گەیشتۆتە (٣٢٣) دانە کە ئەوانەی پێویستە بۆ کۆتایی‌و بەستنی رستەکان لێم دەر کردوون ٠

هیوام زۆرە کە کاك سۆران ، بەرهەمی داهاتووی سەرکەوتوتر بێ‌و ناوەرۆکیش فەرامۆش نەکات ٠

(١) گۆڤاری (المعرفه) ژمارە ١٣٠ ـ ١٩٧٢ ـ دمشق ل ٢٤٢ ٠

(٢) (مقالات فی النقد الادبی) د٠ محمود السمرة ٠ ل ٥٨ ٠

(٣) لە یەکێ لە نامەکانی (رامبۆ)دا ساڵی ١٨٧١ ، (فن الشعر) ـ د٠ احسان عباس ٠ ل ٦٦ـ٦٧ ٠

(٤) گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی) سلیمانی ژمارەیەك ساڵی ١٩٧٧ ـ ل ٢٦ ٠

(٥) (فن الشعر) ـ د٠ احسان عباس ٠ ل ١٩١ ٠

(٦) مەبەستم لە (دوایی نە هاتوو) ئەوەیە کە ئەگەر تا ماوەیەکیش حەزەکە تێر کرێ یا دامرکێتەوە دیسانەوە سەر هەل دەداتەوە ٠٠ هتد ٠

(٧) الاتجاه الواقعی فی الروایه العراقیه ـ لە بەشی (الروایه العراقیة والکتاب الاکراد) ل ١٠٤ ـ نوسینی د٠ عمر الطالب ٠

(٨) امراض القصة العراقیه ـ انور الغسانی ـ گۆڤاری (الاقلام) ژمارە (٥) ساڵی ١٩٧١ ٠

institut kurde de paris

دیدەنیەك لەگەڵ خاوەنی ئەم تابلۆیە

(یەحیا مەرجان) لە سالی١٩٣٦ داو لە هەولێر لە دایك بووەو لە منالیەوە هەستێکی هونەری لە لای چەکەرەی کردوەو لە ١٩٦٠-١٩٦١ لەئامۆژگای هونەرەجوانەکان دەرچووە • هەروەها لە گەلێك پێشانگای هونەریدا بەشداربوە کاربەدەستانیش خەلاتی یەکەمیان گەلێ جار پێ رەوا بینیوە • ئێستاش لە خانەی رۆشنبیری جەماوەریی یە لە هەولێر ولێ برسراوی بەشی هونەرییە • لە باسی جوولانەوەی هونەری تەشکیلی لە هەولێردا ووتی :

(لە سالانی رابردوودا جوولانەوەی هونەری تەشکیلی لە هەولێردا کزو بێ هێز بوو • هونەرمەند دەرفەتی ئەوەی نەبوو بتوانێ خۆی لەگەڵ هونەرەکەی خەریك بکاو پەرە بە هونەرەکەی بدات کەچی ئێستا هەر کەسێك لە ئێمەی هونەرمەندان بۆی هەیە بە سەربەستی بیروڕای خۆی دەربڕی و بیکا بە تابلۆ •• روخسارو ئاوەڕۆکی تابلۆکانی هونەرمەندانی ئێستامان هەتا بڵێی دەوڵەمەندە ئەگەر بێت و بەراوورد بکرێت لەگەڵ روخسارو ناوەڕۆکەکانی تابلۆی سالانی پێش شۆڕشی ١٧ی تەممووزی پیرۆز •

★ تا چ رادەیەك هونەری تەشکیلی کوردی توانیویەتی ئاواتو ئارەزووەکانی مرۆڤی کورد بخاتە روو ؟ •

ـ وەکو پێویست نەیتوانیوە •

★ کام هونەرمەندی (کورد ـ عەرەب ـ جیهانی) کاری تێ کردووی ؟

ـ لە هونەرمەندەکانی کورد مامۆستایان : خوا لێ خۆشبوو جواد رسول ناجی و هەروەها مامۆستا محمد علی عارف و برام عبدالواحد مەرجان • لە هونەرمەندە عارەبەکانیش مامۆستایان فائق حسن و جواد سلیم • بێگانەکانیش (رێنوار) و (سیزان) و (فان گوخ) و (کۆروت) •

★ ئێستا خەریکی چیت ؟

ـ خەریکی دروست کردنی چەند تابلۆیەکم •

★ ئاواتو ئارەزووت !

ـ هونەری تەشکیلی کوردی شوێن خۆی لە ناو جوولانەوەی هونەری تەشکیلی جیهاندا بگرێت و بگاتە بلەیێکی بەرز •• هونەرمەندانی کورد یەك بگرن و •• گەل بە شادمانی و بەختیاری بژی •

ئەم کاتەت باش

● هەر لە منالیەوە (جبەی نێرگس) م پێ ئەڵێن و بەم ناوەیش شادمانم چونکە بەراستی نێرگسی دایکم پێهاتوانە توانی پێمان بگەیەنێ و شایانی ئەوەیە کە بەناوی ئەوەوە ناوم ببەن • سالی ٩٤٤ لە سلێمانی بە جیهان شاد بووم ـ لە بەر باری ناهەمواری ئەوکاتەی خێزانەکەمان لە قوتابخانە هەتا یۆلی پێنجەم خوێندر گەلێ ناخۆشی دەردی سەریم دیوە لە ژیانی رۆژانەمدا و ئێستاش سائقم لە ئەشغالی سلێمانی •

● دەربارەی خۆی و هونەر ئەڵێ •

★ هەر لە منالیەوە حەزم لە گۆرانی و گۆرانیووتن کردوەو بەردەوام هەستم ئەکرد کە تواناتم هەیە لەم کە لێنەوە خزمەت گوزارەی هونەری کورد بم بەڵام داخەکەم تیبێك یان شوێنێك نەبوو بەهۆیەوە بتوانم ئاواتوحەزەکەم دەربخەم هەتا سالی ٩٥٩ کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی سلێمانی دامەزراو بۆمنیش هەل بوو کە خزم تێ هاویشتو بوم بە ئەندامو ئیتر شوکر بۆ خوا لە گەڵی ناهەنگدا هاوبەشیم ئەکردو ئەمە هاندانێکی چاك بوو بۆ پێش خستنی هونەرەکەم • لە وەودوایش هاوبەشی بەرهەمی گەلێ لە تیپە هونەریەکانی سلێمانیم کردوەو ئێستاش ئەندامم لە تیپی مۆسیقای مەولەویداو نیازم وایە لە ماوەو توانای خۆما کەم تەرخەمی نەکەم بۆ پێش خستنو برەویپدانی هونەری کوردی هاوچەرخ •

حمە کریم حمە سعید

لە دەرەوەی سنور

باب چیرۆکی ژیانی ئەگیرێتەوە

کتێب لەدەرەوە :

لەو کتێبانەی لەم دواییەدا دەرچونو ژمارەی دانەی فرۆشراوی گەیشتۆتە بەرزترین ژمارە ، کتێبێکە بەناونیشانی « سەردەمەکانی خۆشەویستی » لە نووسینی مارسیل بانۆل ، کەباسی یادگارەکانی کابرایەك ئەکات لەمنالیەوە تا قۆناغی خوێندنی زانکۆ ، سەردەمی منالیەکەی رێکەوتی شەڕی جیهانی یەکەم بووەو ئەو برسیەتی و هەژاریەی توشی بووەو کارتێ کردنی بۆسەر نەفسیەتی ئەوسای منال نیشان ئەدات •

بریجیت باردو بریاری داوە یادگارەکانی ژیانی خۆی بنوسێتەوەو بەم زوانەش دەستی پێ ئەکات •

بریجیت بە دۆستەکانی وتوە لەسەرەتای ژیانیەوە دەست پێ ئەکات ، هەر لە منالیەوە ، تا ژیانی قوتابخانەو ئینجا سەماو هونەرو تا شوکردنەکانیو تەلاق دانیو بەناوبانگ بوونی وەك ئەستێرەیەکی سینەمایی •

ب • ب • وتویە : سالی ١٩٧٩ لە نووسینەوەی چیروکی ژیانم ئەبمەوە کە تەواوم کرد ، قسەش لە چاپ کردنی ئەکەم •

خێزان

یارمەتی منالەکەت گرنگە بۆت

زۆر جار ئەبینین منال حەز ئەکات لە هەندێ ئیشوکاری ناو ماڵدا یارمەتی دایکی بدات ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کەوا ئەو منالە حەز ئەکات لاسایی دایکی بکاتەوە ، بەڵام دایک ناهێڵێت کچە بچکەلەکەی کە لە تەمەنی چوار ساڵیدایە ئیش بکاتو یارمەتی بدات یا بەشداری بکات ، دایکیش لەبەر ئەوە قەدەغەی ئەکات تا جلوبەرگی پیس ئەکات یا ئەترسێ قاپەکان بشکێنێتو خۆی بێ بریندار بکات •• هتد

لەو بیانوانەی کە دایک ئەیهێنێتەوە ، ئەو منالە بەشیمان ئەبێتەوەو بە دل شکاوی وغەمباری لەگۆشەیەکی ئەو ماڵە دائەنیشی ، هەندێ جار لە خوشکو براکانی ئەداتو ئازاریان یێ ئەگەیەنێتو دایکیش لەم حالەتەدا تاوانبارە چونکە بە هەڵە تێ گەیشتووە پێویستە منال بە ئیشی ناو ماڵەوە راهێنێتو لە منالیەوە فێر بکرێت چۆن یارمەتی دایکی بدات زانایانی سایکولۆژیو پسپۆران ئەوە دووپات ئەکەنەوە کەوا منالان هیچ ئومیدو ئاواتێکیان لە دڵا نیە لە یارمەتی دایکیان زیاتر نەبێ بەتایبەتی کچ بەمەرجێك ئەم ئیشەی ئەیکات لە سەر حیسابی کاتی یاری کردن وراهواردنیان نەبێ لەبەر ئەمە پێویستە منالەکانمان لە یارمەتی دانمان قەدەغە نەکەین و هەمیشە هەوڵی هاندانیان بدەین لە هەندێ ئیشی سووك و ساکاری ناو ماڵدا یارمەتیمان بدەن • بەم جۆرە کە گەورە بوون ئەم روحیەتەیان لەگەڵا گەورە ئەبێت •

★ دایکی خۆشەویست ئەبێ ئیشی ناو ماڵ لە نێوانی کوڕو کچەکەت دابەش بکەیت بە شێوەیەك بێ ئەوەی قایل بکەیت بە شێوەیەك بێ ئەوەی توانایان بەم جۆرە منالەکان وایان لێ دێت هەمیشە چاڵاك و گورج و گول بن و ئەبێ لە بیرت نەچێتەوە ناو بەناو دیاریان پێشکەش بکەیت کە هەست بکەن یارمەتیەکەیان جێی خۆ یەتی بۆ ئەوەی •

هانی چالاکیان بدەین و لە ئیشی ناو ماڵدا بەردەوام بن و لە پێشی کەسوکارو دراوسی دا هەڵیان دەین و شانازیان پێوە بکەین •

دایکی دالیا

زیادە خۆری بیبەر ترسی هەیە !!

خانمەکەم :

شارەزاکانی تەندروستی ،ئەوەیان روون کردۆتەوە کە ئەو کەسانەی توشی نەخۆشیکەم خوێنی ئەبن نابێ بیبەر زۆر بخۆن ، چونکە ئەبێتەهوی سوتاندنی خرۆکەی سوور لە خوێندا • کەواتە ،وریابە ، زیاد لە پێویست بیبەری توند لە خواردنا بەکارمەهینە !!

خواردنی منالی نەخۆش

لەشی مرۆڤ هەمیشە لە زیندەپاڵ کردن (میتابۆلیزم)یکی بەردەوام دایە ئەم زیندەپاڵەش کە پێویستی گەشەکردنو پێکهێنانی لەشو هێزشو مێشك و ئەندامی ئەو مرۆڤەیە پێویستی بە کەرەستەی خاو هەیە ، کە بریتی یە لە خواردەمەنی : کە ئەویش بنەمای ئەم پێکهێنانەوەیەش مادە بنەڕەتی یەکانی پێکهاتنی لەشەکە لە خواردندا هەیە •

کەواتە نەخۆشێ (زۆر جار) پتر لە مرۆڤێکی ساغ پێویستی بە خواردن هەیە •

وەمنال بە تایبەتی چونکە پێویستی بە خواردن هەیە بۆ یەکەم : بۆ بەردەوامی گەشەی پێویستی •

دووەم : بۆ پێکهێنانەوەی ئەو بەشە لە کەلك کە وتوانەی لە نەخۆشی یەکەدا بەرهەم دێ پێویستە کە لە خواردنی منالی نەخۆشدا ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێ :

١ ـ خواردنێکی تەواوو چاکی بدرێتی (خواردنەکە : دەوڵەمەندبێ بە فیتامینو هەرس کردنی ئاسان بێ) •

٢ ـ منالەکە هەڵبترێت بۆ خواردن (واتە بە قسە هەڵبترێو خواردنەکەشی لە شێوەیەکدا بۆ دابنرێ لەگەڵ حەزیا بکونجێو حەزی بکاتەوە) •

هیوا عمر احمد

ڕێ ڕەو

ئەبێ کار لەیەکتری کردن لەبەردا ئالو گۆڕ بێت ، ئەمەش ئەو کلیلە گرنگەیە کە بەهۆیەوە ، بەرە ، بەرە ئەسێنێ ، بۆئەوەی جێگای خۆی بگرێ ، بەپێی ئەو ئاستە ستراتیجیەی ئێمە رەنگی بۆ ئەڕێژین •

هاوڕێ صدام حسین

★ ئەو کردەوەیەی دلگیرت ئەکات !

ـ دانانی ئەو کەسانەی کە بەیوەندیان بە هونەرەوە نیە ، بە سەربەرشت کەری جوولانەوەی هونەری لە شارەکەماندا و لە گەلێك شوێنی تردا •

ئامادەکردنی :
عبدالغنی علی یحیی

● چاپکراوی نوێ ●

دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی

لە چاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و لە نووسینی دوکتور مارف خەزنەدار ، یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە کۆلیجی ئەدەبیاتی ـ زانستگای بەغدا (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ـ لیکۆلینەوەو ساغ کردنەوە) دەرچوو •

ئەم کتێبە کە بەرهەمێکی هەرەگرنگو بایەخداری ئەدەبی کوردی یە ، بەچاپێکی نایاب و لە (٤٢١) لاپەڕەدایەو بریتی یە لە پێشەکیەك کە لە میژووی بڵاوکردنەوەی شیعری نالی ئەدوی لە پاڵ چەند ساغ کردنەوەیەکی میژووییدا بە بەلگەوە • ئینجا دیوانی نالی و فەرەنگی دیوانەکەو ناوەڕۆکی بەپێی قافیەی شیعر •

(عیراقی نوێ و مەسەلەی کورد) و پاداشتی یەکەم

کتێبەکەی دوکتۆر عزیز الحاج « عیراقی نوێو مەسەلەی کورد » کە بەزمانی فەرەنسی دەرچوە ، پاداشتی دۆستایەتی عەرەبی ـ فەرەنسی سالی ١٩٧٧ی وەرگرت •

ئەم پاداشتە چەند ساڵێکە کۆمەڵی دۆستایەتی عەرەبی ـ فەرەنسی ئەیدات بە چاکترین کتێبی ساڵانەی نووسەریکی فەرەنسیو چاکترین کتێبی نووسەریکی عەرەب کە بە فەرەنسی دەرچوبێ • ئەمسال کتێبی « ژان بییر » دەربارەی جەازئیر لە فەرەنسیەکان پاداشتەکەی وەرگرت •

ئەم پاداشتانە لەئاهەنگیکی گەورەدا دابەش کران کە ژمارەیەکی زۆر خاوەن فیکرو نووسەرانی فەرەنساو عەرەب تیایدا ئامادە بوون •

هەرچارەی نووسینێك

بۆ •• موزایەداتچیەکان ••• !!

محمود زامدار

★ ئەدرۆ لەگەڵ مەنتیقی مێژوو ئەکرێ ، ئەمێژوویش خۆیو دراماکانی خۆی بەدرۆ ئەخاتەوە •• میهرو سۆزو ژانو خەونەکانی مرۆڤی هۆشەند ، ئەوەندە مەزنە ، ئەوەندە بەرزە کە مومکین نیە سامۆتکە درندەکانو مۆتەکە ناڵەبارەکان رێی لێ بەربەست بکەن ••!!

★ زۆر جار وا ئەبێ هەر لەگەڵ رموتو خۆگۆڕینو قۆناغەکانی مێژوا دەستەیەك جنۆکەو سەرهەڵقەنەی فرخزو مشکن پەیابنو ژەهری بەئدو باوو قسە هێنانو بردنو تەلەکە بازی بڵاوبکەنەوە ، کوێرە گەرەکی ملشکاندنو مەچەك بادانو جادو بازی بگرنەبەر •• چەند سەر مەقولاتەیەك بکەنو هەندێ چرە دوکەلی کینە راهێنانو خەلکی سادەو دلودەرون فراوانی پێ قانك بدەنو مێشەکەرانەی نەگریسیان لە خەلکی بنوەیو شیرپاك بەربدەنو سەرشێتانە بەسەر (راستیەکان) قەلەمباز بدەنو بە ماکەرمەلەیی ، بەهەڵتیزان و بە شاتوشوت لە (تاریکیا) پەل بکوتنو لەنێو قورەرەشی بەدنیهادیو تەمسیل بازیا بکەونە پاشە لەقە ••!!

★ تاڵترینو کوشندەترین چەکی ژەنگاوی دەستی لەرزۆکی ئەمانە (موزایەدات)ە •• کە بەداخەوە دەمێکە ئەم (بازرگانی) یە ـ لەبەر گەلێ هۆ ـ و بەشێوەیەکی پیس پەتاکەی داکەوتوەو لەژێر سەرناوی گەلێ بەردەو پەناو کونجو شتی سەیر سەیری ئەدەبیو سیاسیو ئەخلاقیو جنسیو (جەماعەتچیەتی)دا تەشەنەی کردوە ••!!

زۆر جادوگەر بەرێکەوتو بەس ، بێو ئەرشیفی ژیانو تەمەنو تەجرەبەکانی یەکی لەوانە هەڵگیرو وەلگیر بکەی ، یەك تاقە هەڵوێستێکی مرۆڤانەو مەردانەو لە رادەبەدەرو پاکی تێدا نادۆزیتەوە•• کەچی ئەم دێو بەمەڵەداوانو بە مرخیتش مرخیتەوە دێو بۆ داپۆشینی مەبەستە کلاوەکانی ، برینە پیسەکانی خۆیو بۆ (تەعویز) کردنی دڵرەشیو بەد رەوشتیو کەمو کوڕیەکانی خۆی ، بەرزەوەندیە بۆڕ دراوەکانی خۆی ، دێو دەس بە (موزایەدات)یکی بێ ئایەو مایە ئەکات •• ئەوەی کە بەتۆ رەوا نەبێ بۆتی ئەدۆزیتەوەو خوێو بهاراتی بەسەر دائەکاو بەچاوو راویش لێرەو لەوێ کۆڕت بۆئەبەستێو (باوبژەکانی) خۆی رەهاتر ئەکات •• ئەوەی لە قوتوی هیچ عەتارێکا نەبێ ـ قوتوی خۆیو کوێرە گرێکانی خۆی نەبێ ـ بۆ تۆی هەڵئەڕژێ •• جارێکو دوو دە هەوڵ ئەدا شتت لەسەر (زیاد) بکات ، تا لە بەنای ئەمەوە تۆزێ (تاکیدی ذاتی) کەرتری خۆی بکاتو جار ناجاریش بەدەم نمایشێکی لۆتیانەوە خۆی بکا بە کەرەشین و بەیەکێ لە ئەوەی پێغەمبەرانی خەمناك ••!!

★ ریسوا کردنی ئەم (موزایەداتچیە) هێنلجدەرانە ـ بەرای هەمو مروڤێکی شەیداو سەرراس ـ بەشێکە لە پەیامی پیرۆزی مرۆڤە شیر پاکەکانی ئەم وڵاتو میللەتە دلێرە •• شکاندنی خانوی شوشە بەندی ئەم دەمەرەشو دلکرمنانە •• چەپەرگرتنو راونانی ئەم درمە پیسەو ئەو (موزایەداتچیانە) بەشێکە لە رزگارکردنی هەزاران هەزار مرۆڤی دلسۆز •• دلسۆزانی فیکرو خاڵو داهێنانو مێژوو ••!!

Institut Kurde de Paris

چاپخانەی (دار العراق) لە بەغداد

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

● ئەم قۆناغە ، لە ڕێڕەوی نەتەوەکەمانو لە ڕێڕەوی بزوتنەوە نێکۆشەرەکەیدا بۆ ڕزگاربوونو بێشکەوتنو بەکێتی ، قۆناغێکی ناسکە . ئەبێ هوشیاریمان بە تینتر بکەینو بە هەموو هێزێکیشەوە خەباتی نێکۆشەرانە دژی پیلان توند تر بکەینو دلنیاشین کە سەردەکەوین .

سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر

● الاثنین ٥ کانون الاول ١٩٧٧ العدد ٤٠٠ ●

هەرگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
میدان ، الخلاف ، شەقامی « الجمهوریة »
بەرامبەر مس ٠ پ ١٤١٥ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر : محمد امین محمد

● نووشەمە ٥ی کانونی یەکەم ١٩٧٧ ژمارە ٤٠٠ ●

سەرکردەی دامەزرێنەر

ئەبێ توانای بەرنگاربوونەوەی پیلانە گەورەکە بڕە خسێنین

هاوڕێ طەیاسین رمضان : هەسەلەی گرنگ دامەزراندنی بەرەیەکی نێکۆشەرانەی گونجاوە لە گەڵ پێداویستەکانی ئەم قۆناغەدا

هاوڕێ سەرکردەی دامەزرێنەر : عیراقی بەعس شیاوی لە ئەستۆگرتنی سەرکردایەتیە

● لێکدانەوەکانی کاربەدەستانی میسر بەدابڕینی لە وڵاتە عەرەبیەکانی تری نیشتمانی عەرەبی سەرناکەون .

● هەر عیراقی بەعس شیاوی ئەوەیە کە ئەمانەت بگرێتە ئەستۆو فرتو فێڵی پیلان بەرپەرچ بداتەوەو سەرکردایەتی خەباتی دژی خۆیەدەستەوەدان بکات .

سەرکردەی دامەزرێنەر هاوڕێ میشیل عفلق ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دووپاتی کردەوە کە لێکدانەوەکانی کاربەدەستانی میسر بەدابڕینی لەوڵاتە عەرەبیەکانی تری نیشتمانی عەرەبی سەرناکەون ، دوای ئەوەی کە ئەوەی نوێ لە دۆخی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی عەرەبیدا پێگەیوە . لە موحازەرەیەکدا کە پێڕێ بەیانی بۆ ئەندامانی دەورەی تایبەتی نۆیەمی سەرکردایەتیەکانی مەکتەبی مەرکەزیو لقو شوعبەکانو دەورەی شانزەمی سەرکردایەتیەکانی تیپەکانیدا لە قوتابخانەی ئامادەکردنی حزبی ، وتی باوەڕمان بە عەرەبایەتی میسرو نشونماکردنیو قووڵتر بوونەوەی ئەو عەرەبایەتیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژداو بەو پێنووسە خاوێنانەش کە نارەزایبیان دەربڕیو بەربەرەکانی کردەوەکەی ساداتیانکرد لە چێی خۆی نایزوێ .

هەروەها وتی مایەی هیوایەکی گەورەیە کە لەو ساڵانەی دواییەدا ئەوبێشکەوتنەمان بەرچاو بکەوێ کە سەرکردایەتی سیاسی حزبمان لەو وڵاتەدا هێناویەتەیو بەشداریی تیاکردووە ، بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕدانەی تا ماوەیەك تێك ڕووخابوون ، وە بۆ دروست کردنی باری لە بارو مێشاوو دڵکردنەوە بۆ دەنگی حزبو بۆ ئەو برایەتییە نەتەوەییەش کە زیاتر لە هەموو کاتێکی تری ڕابوردوودا لە نێوان خەباتکەرانی حزبمانو لە نێوان پۆلی خەباتکەرانو ڕووناك بیرانی میسری عەرەبیدا ڕەگی داکوتیبوو ، وە ئەو باوەڕەش کە خەریکە لە دڵی ڕایانماندا لە میسر بێ ئەگا بەوەی کە عیراق عیراقی بەعس هەر ئەو شیاوی ئەمانەت گرتنەئەستۆو سەرکردایەتی کردنی خەباتە دژی خۆ بەدەستەوەدان .

هاوڕێ ئەمینداری گشتی حزب دووپاتی کردەوە کە ئەو دۆخەی ئێستا نەتەوەی عەرەبی پێداتێ ئەپەڕێ ، ئەنجامی بەزینەکەی حوزەیرانو زنجیرەیەك لەو بارو ڕووداوو سیاسەتو ڕەفتارکردنو پیلانانەیە کە بە دوای بەزینەکەدا هات . وە پێشانیدا کە عونسوری نوێی ئەو دۆخە لەرینەوەیەکی وێڕدانیانەی لە هۆش و وریایی لە جەماوەرانی عەرەبو کۆمەڵە ڕاوانەکانیدا پەیداکرد ، هەست بەئۆباڵکردنیشی بەبڵەو شێوەیەك چووڵاند کە زۆر لە ساڵانی پێشووو دۆخو بارەکانی پێشوودا جیاواز

بروانە ـ ل ٧

بەڕێزجێگری سەرکۆمار لە گەڵ شای ئێران کۆنکەبێتەوە

دوێنێ خاوەن شکۆئیمراتۆر محمد رضا پهلوی شاهنشای ئێران پێشوازی لەبەڕێز طه محی الدین معروف جێگری سەرکۆمار ئەووەفدە کرد کە لەگەڵیدایە .

لەودیدەنیەدا ، بەڕێز معروف سڵاوی بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی گەیاندە خاوەن شکۆ شاو بانگکردنی بەڕێز سەرۆکی بۆ سەردانی عیراق لێنوێ کردەوە .

خاوەن شکۆ ئیمراتۆر محمد رضا پهلوی پەیامی بەجێ هێنانی ئەو بانگکردنەی دا لەزووترین کاتی شیاودا ، هەروەها سڵاوو ئاواتی خۆشی خۆی بۆ بەڕێز احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش . بە بەڕێز جێگری سەرکۆماردا نارد .

هەر لەو چاوپێکەوتنەداو بەخۆشیەوە باسی ئاسۆکانی خۆشترکردنی ئەوبەیوەندیە بتەوانەی کە لە نێوان هەردوو وڵاتدایەو ڕێو شوێنی قووڵترکردنیو ئەومەسەلە نیودەوڵەتیانەی کە هەردوولا بایەخی پێدەدەن کرا .

لەم چاوپێکەوتنەدا کە سەعاتو نیوێکی خایاند ، بەڕێزان حامد علوان وەزیری دەوڵەت بۆکاروباری دەرەوەو منذر عریم وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو محمد صبری باڵیۆزی عیراق لەئێرانو ابراهیم الولی باڵیۆزی سەرۆکی دائیرەی سیاسی لەوەزارەتی دەرەوە ئامادە بوون .

لەلایەن ئێرانەوە ، بەڕێزان جمشید ئاموزگاری سەرۆك وەزیرانو عباس علی خلعتبری وەزیری دەرەوەو بەڕێوەبەری دائیرەی سیاسی لەوەزارەتی دەرەوە بەشدار بوون .

لەکۆتایی دیدەنیەکەدا ، بەڕێز جێگری سەرکۆمارو ئەووەفدەی لەگەڵیدان ، نانی نیوەڕۆیان لەسەر سفرەی خاوەن شکۆ شا خوارد .

ضیاء الحق خواستی حزبەکانی پاکستان ڕەفزئەکات

فریقی یەکەم ضیاء الحق حاکمی عەسکەری گشتی لە پاکستان هەموو خواستێکی حزبە سیاسیەکانی ڕەفزکردەوە کە داوا ئەکەن چالاکی سیاسیان دەست پێ بکاتەوە .

ناوبراو لە شاری کوێتاڵە هەریمی بلوفستان دوێنێ شەو وتوویە هەموو حزبە سیاسیەکان قەدەغەیە لەم کاتەدا چالاکیان هەبێ چونکە سەردەمێکی ناسکە .

هەروەها وتی پاش ماوەیەکی کەم بەر لە دەستپێکردنی هەڵبژاردنی گشتی کەلە مانگی ئایاری داهاتودا ئەبێ ڕێگا ئەدرێ بە حزبەکان چالاکیان دەست پێ بکەنەوە .

وەزیری بەرگری کوبا لە کۆنگۆ

پێرێشەو ڕاوول کاسترۆی وەزیری بەرگری کووبا بەرەو لواندا کەوتەڕێ بۆسەردانێکی ئەم وڵاتە کە چەند ڕۆژ دەخایەنێ تێیدا ئامادەی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی جوڵانەوەی میللی بۆ ئازاد کردنی ئەنگۆلا دەبێ کە پێڕێدەستی بەکارەکانیکرد . لەم سەردانەدا ڕاوول کاسترۆ جاوی بە کاربەدەستە کۆنگۆییەکان دەکەوێ ولەبارەیی مەسەلە هاوبەشیەکانەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات .

ناتەواوی لە بووجەی ئەمەریکادا

ناتەواوی لە بووجەی ئەمەریکادا گەیشتۆتە ١ر٣ بلیون دولار ئەمە تەنیا لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابوردودا بەرامبەر بە ١ر٧ بلیون دولار لە مانگی ئەیلولی ڕابوردودا سەرچاوە ئابوریەکان لەو باوەڕەدان کەئەم ناتەواویە ئەمسال بگاتە ٢٥ بلیون دولار ،

دانانەوەی پایەی سەرۆك کۆمار لە چین

دوێنێ لە بەکین ڕاگەیەنراکەوا چەند دەستەیەکی کاری چینی ئێستا خەرێکی لێکۆڵینەوەن لە بارەی مەسەلەی دانانەوەی پلەی سەرکۆماری چینی میللیەوە کە بەگوێرەی دەستووری مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ لابرابوو ..

ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا ڕایگەیاند کەوا مەسەلەیەکی تر کە ئێستا باسی لێدەکرێ ، مەسەلەی دابەشکردنی بلە بەرزەکانەلەنێوان سەرۆکی داهاتووی دەوڵەتو سەرۆکی حزبوسەرۆك وەزیرانە ، ئەمەش بەگوێرەی ئەو دەسکاریەی کەلەوانەیە لەدەستووردا بکرێ لە دەورەی تازەی ئەنجومەنی مبللی گەلی چین (پەرلەمان) کە بە هاری ئایندە دەگیرێ .

سەرۆکی لیبیا معمر القذافی لەگەل جورج حبشو یاسر عرفات کە بەشداری کۆنگرەی طرابلسبوون بەیەك وەفد دوای ڕاگەیاندنی یەکگرتنی هەموو لایەنەکانی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین .

وێنە بە ڕادیۆ یابیەت «ئا ٠ د ٠ ع»

شۆڕشگێڕانی ئەرتیریا

ئابا فۆرکۆی ئەمینداری هەیئەتی وەزارەتی بازرگانیو گەشتیاری ئەثیوپیا دانی بەوەدانا کەوا شۆڕشگێڕانی بەرەی ئازادکردنی سۆمالی ڕۆژئاوا هەموو ئەو پردی شەمەندەفەرانەیان بە بۆمبا ڕووخاندوە کە بەندەری جیبۆتی بە ادیس ابابای پایتەختی ئەثیوپاوە دەبەستێ .

لە قسەیەکدا فۆرکۆ پێنجەی بۆ ئەوە کێشا کەوا زیاتر لە (٧٠٠٠) تەن کەلو پەلی بازرگانی لەو بەندەرە بەسەریەکدا کەلەکەکراون چونکە ناگوێزرێنەوە بۆ ئاثیوپیا .

ئەوەی شایانی باسە ، لەسەدا شەستی بارگەی بازرگانی دەرەوەی ئەثیوپیا بەم ڕێگای شەمەندەفەرانەدا دەگوێزرانەوە کەوا لەلایەن شۆڕشگێڕانی بەرەوە وێران کراون .

عزیز شریف گەڕایەوە بۆ بەغدا

دوێنێ ئێوارە بەڕێز عزیز شریف سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئیشتمانیو ئاشتی سۆفیتی وەفدی ئەنجومەن لە ڕووسیای چەژنی نیشتمانی ئۆکتۆبەر دیموکرات گەڕایەوە بۆ بەغدا .

بەڕێز شریف وتی لەگەڵ لێپرسراوانی وڵاتی یەمەنی بۆ دەربارەی پێویستی خۆکۆکردنەوە بۆ بەرەبەرەج ـ دانەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیو کونەپەرستە گفتوگۆی کردوە .

هەڵوێست وئەرکی هێزە پێشکەوتنخوازەکان

مصلح جلال

دوای سەردانە سەر شۆڕییەکەی سادات بۆ فەلەستینی داگیرکراو ڕووداوە سیاسییەکان بە خێرایی یەك بەدوای یەکتریدا هاتنو بە ئاشکرایی گردبوونەوە .. جا لە مەیدانی عەرەبیدا بوونی یاخود لە سەر ئاستی جیهانیدا بوونی ، ئەویش بە شێوەیەکی سەیرو بێ وێنە کە لەمەوبەر بەم شێوەیە ڕووی نەداوە . سەرلەنوێ گردبوونەوەی هێزەکان دەستی پێ کرد ، هێزەکانی شۆڕشی عەرەبو هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانی لە لایەکو هێزەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستیی عەرەبو غەیری عەرەبی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا لە لایەکی ترەوە ، دوای ئەوەی چەندین هێز بەردەیان لەسەر ڕووە تەڵخە ڕاستەقینەکەیان هەڵمالی ، کە ماوەیەك بە هەموو شێوازێك ئەمڕۆ نا سبەینییان ئەکرد بۆ تەفرەدانی جەماوەری نێکوشەر .. هەندێکیش لەم هێزانە تاوەکو نزیك سەردانە خیانەتکاریەکە لەسەر هێزە نیشتمانیەکان حیساب ئەکرانو هەندێکی تریشیان خۆیان بە دۆستی عەرەب دانەنا .

بەڵام بەردە بەسەردادان هەرچۆنێك بێت ، هەر ئەبێ ڕاستەقینەکە دەربکەوێو ئەبێ خاینەکان ڕیسوابین ، ئەمەش مەنتیقی ژیانە ، چونکە مەنتیقی سەرنجدانی دیالێکتیکی یانەی ڕووداوەکانو زۆرانبازیی نێوان هێزە خێروخوازەکانو هێزە شەڕخوازەکانە ، لە نێوان هێزە پێشکەوتنخوازەکانو هێزە کۆنەپەرستەکاندا ، لە نێوان گەلانو دوژمنانیاندا .

سەردانە نهێنییەکانی نێوان کاربەدەستانی جەنەتە زایۆنیەکانو کاربەدەستانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو زەلیلو سەرشۆڕانی ڕێژیمی خاینی میسر گەیشتنە ڕادەیەك نە ئەبوو لە ژێر پەردەدا بمێننەوە .. چونکە توانای ئەوە نەمابوو دەرنەخرێنو ئاشکرا نەکرێن ، دوای ئەوەی مانۆرەکان بەمەبەستی چارەسەری خۆبەدەستەوەدان گەیشتنە ڕادەیەك کە لە نەتەوەی عەرەبو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی تر کە لە ئەنجامی ئەوەی کە ئ

لیکولینەوەی سیاسی

سادات

چ دیوارێکی رووخـاند ؟

بۆ پاکانەکردن لە سەردانە بێ شەرمانەکـــەی خۆی بۆ خاکی داگیرکراو ، ســـادات ، ئەو ئاوازە دووبارە ئەکاتەوە ، کە یەکێك لە پسپۆڕەکانی ئەمەریکا لەبارەی جەوهەری ناکۆکی عەرەب وزایونی دەلێت کە لـــە ۷۰٪ی ئەم ناکۆکیە ئەو دیوارە دەروونیو رقو کینەیەیە کەوتۆتە نێوان عەرەبو « زایۆنی » ساداتیش وەکو قوتابیەکی گۆێ زایەلی مامسام بریاریدا ئەم دیوارە بروخێنی وهاتە سەر ئەو باوەڕە کـــە ئەم « رقو کینەیە » بۆ ؟!

پێش ئەوەی لەسەر ئەم باسە بڕۆم ئەو کێشەیەم بیر ئەکەوێتەوە ، کە کەوتە نێـــوان گەلانی ئەوروپاو ئەڵمانیـــای هیتلەری ، وە لە یادمە چـــۆن هێزە شورشگێرەکان داوای « رقی پیرۆز = الحقد المقدس » یان ئەکرد دژی دامو دەزگاو بیروباوەری هیتلەری وەگومانی نیە کە ئەم « رقـە پیرۆزە » گورزێکی زۆر کاریگەر بوو لە جەنگی سەرکەوتندا دژی فاشیزم ..

لەبەر ئەوە گەلانی عەرەبیش کـــە نیو سەدەیە خەبات ئەکات دژی ئیمپریالیزمی نۆیو زایونیزم ، یەکێـــك لە دەسکەوتە گرنگەکانی ئەم خەباتە دوورو درێژە ئەو « دیوارە دروونیە » ، واتە رقە پیرۆزەیە ، کە ئەمڕۆ پێشەوای خیـــانەت خۆی هەل ئەکێشێ بە رووخاندنیەوە .

ئەم « دیوارە دەروونیە » یا رقە پیرۆزەی گەلانی عەرەب دژی « زایونی » لە ئەنجامی داگیرکردنی ۳۰ ساڵ لەمەوبەر بۆ بەشێکی نازداری نیشتمانەکەی کە خاکی فەلەستینە هاتوە وە لە ئەنجامی ئەو قەسابخانەو خوێن ڕشتنانەی کە چەتە زایونیەکان لە « دیر یاسین » وهەموو ڕۆژ لە خاکی داگیر کراودا دوبارەی ئەکەنەوە هاتوە ، کە چەندەها جار دەزگا ناو دەولەتی یەکان بـــە توندی تاوانباریان کردوون ..

لـــــە ئەنجامی دەست درێژکردنی بەردەوامی زایونی بۆ خاکی عەرەب (وەکو چۆن ئەمرو بەچاوی خۆمان لە خوارووی لبنان ئەیبینین) بۆ هێنانە دی ئەو دروشمە تاوانکارەی زایونی (لە فوراتەوە بۆ نیل) هاتوە کـــە ساداتی خاین لـــــە سایەیدا ووتارە « مێژوویەکەی » خوێندەوە ..

لە ئەنجامی ئەوەی کـــە قەوارەی زایونی بۆتە پاسەوانی پاراستنی پەرژەوەندییەکانی ئیمپریالزم ، بەتایبەتی پاراستنی سەرچاوەکانی نەوت ، لە هەموو نیشتمانی عەرەبدا .. هاتوە لـــــە ئەنجامی ئەمانە هەمووی‌و لە ئەنجامی ئەوەی زایونیزم بۆتە گەورەترین هەڕەشەو « تحدی » لەمانو دوا ڕۆژی هەموو نەتەوەی عەرەب ..

کەوابو لە بەرئەمانەیە ئەم « دیوارە دەروونیە » پێك هاتوە ، وەئەمە بەلای هەموو دڵسوزانی عەرەبەوە دەسکەوتەو ئەبێ بپارێزرێ‌و قوول بکرێتەوەو لـــە هەسان بدرێت وهوو شـــیارانە بکرێت بە چەکێکی کاریگەر لە خەباتی بەردەوامماندا دژی ئیمپریالـــزم وزایونیزم ... ئەك وەکـــو خاینی نەنەوەی عەرەب « سادات » ئەلی ئەبێ بروخێنرێ ..

بۆیە گەلانی عەرەب وا بەتوندو تیژی بەر بەچی سادات هەنگاوە خیانەت بارەکەی دایەوە .. کەوابو سادات بەمە ئەو دیوارەی روخاند کـــە خۆی‌و هەموو کۆنەپەرستەکانی عەرەب ۳۰ ســـالە خۆیان لەپەنادا شاردۆتەوە ، دیواری خۆدەرخستن بەوەی کە گـــوایا بەرگری لەمەسەلەی فەلەستین ئەکەن .

گەلی فەلەستینو هەموو نەتەوەی عەرەب ئەزانن کە سادات وهەموو ئاوەڵە خاین وشان شل‌کردوەکان بەرووتوو قووتی ، هەموو دیوارو جلو بەرگێکیان لە رووی خۆیان دامالیو بە ئاشکرا دەرکەوتن کە نۆکەرو هاوبەشی دوژمنو لە نزیکو دوور هیچ فرێکیـــان نەماوە بە سەر گەلانی عەرەبەوە ئەوە نەبێ وەکو ئەبو روغال تا دنیا دنیایی هەر دەمجم ئەکرێن

حمە فەرەج

نهێنی یەکانی کودەتا نوێیەکەی تایلاند

نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا .. لەلایەن سوپای تایلاندەوە کوودەتایەك بەرپاکرا کە لـــەئەنجامدا (تانین کرایفیشین) بووە سەرۆکی وەزیران ، چەندرۆژێکیش لەمەوبەر هەمـــان سوپا کوودەتایەکی تری بەرپا-کردو وەزیری بەرگـــری (ســـانجاد کالۆریۆ) بووەســـەرۆکی ئەنجوومەنی عەسکەری‌و هەر خۆیشی ولات بەڕێوەدەبات ..

دوای ئـــەم کوودەتایەش حکوومەتی نوێ کۆمەڵێ بریاری گـــرنگی دەرکردووە لەوانە ، هەڵوەشاندنەوەی پەرلـــەمان (کە ئەنجوومەنێکە لە ۳۴۰ ئەندام پێك هاتووە)و ئامادە بوون بۆ دەست پێکـــردنی هەڵبژاردنێکی تازەو دانـــانی دەستوورێکی نوێ بۆ ولات ..

لە راستیدا ، گشت ئـــەم بریارانە هیچ لـــــە راستی ناوەوەی تایـــلاند ناگۆڕێت چـــونکە بەپێی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی چاودێری کـــەرەسیاسیەکان لە (تاکتیك)ێك بەولاوە هیچی‌تر نی‌یە بـــەو بەڵگەیەی کە سیاسەتەکـــەی تانین ئەوەندە چەوت‌و نالەبار بوو بە جۆرێك بووە هـــۆی دروست‌کردنی دەیان گیـــرو گرفت‌و تەنگەچەڵـــەمەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی کـــە لایەنـــــە عەسکەری‌یەکەش دەکـــەوتە ژێر زەبری‌یەوەو لەئەنجامدا وردە وردە بەرەو وشـــــك بوونەوەو لاوازی دەڕۆیشت .. بۆ نموونە تەنیا لەماوەی یەك ساڵی دەســـەڵاتداریتی (تانین) دا جۆرەهـــا پاسای دژ بـــە جووڵانەوەی کرێکاران‌و قەدەغەکـــردنی چالاکی نەقابەکان‌و خۆپیشاندانی کرێکاران لە پێنـــاوی وەدی هێنانی مافە رەواکانیان دەرچووە ..

قوتابیانیش ، کـــــە لەپێشەوەی ڕێزەکانی هێـــزە پێشکەوتنخوازەکانی تایلاندن گشت یەکێتی‌یەکانیان داخراو هەموو جۆرە چالاکیەکیان لێ قەدەغە کرا پێجگە لـــەوەی ژمارەیەکی زۆریان بوونە قۆچی قوربانی سیاسەتی دیکتاتۆریانەی تانین لە بەگژا چوونەکەی تشرینی یەکەمی ۱۹۷۶ .

لەلایەکی تریشەوە پارتـــــە سیاسیەکانی ولات ئـــارەزایی خۆیان دەربڕیبوو بەوەی ڕێگای چالاکی‌و نیش‌و کاریـــان لێ گیرابوو .. بە نیـــبەت سوپاشەوە ئاژاوەیەکی قووڵیان کەوتبووە ناوەوە چونکە تانین داخوازیەکانیانی نەهێنابووە جێ لەوەی چـــەند ئەفسەرێك دوورخاتەوە لـــــە هێـــزی چەکداری تایلاند کە ئاویان بە (بەرتیل) خۆر دەرکەوتبو .

لـــــە بارەی سیاسەتی دەرەوەش ، تانین گۆشەگیری‌یەکی قورسی بۆ تایـــــلاند دروست‌کرد چونکە ڕێبـــازی سیاسەتێکی دوژمنکارانەی گرتبووە بەر دژی ولاتـــــە سۆشیالیستەکانی هینـــدی چینـــی (بەتایبەتی) ولاتی لاووس .. هەروەها هەمیشـــە ناکۆك‌بوو لەگـــەڵ ولاتەکانی دراوسێو دژی سیاســـەتی ئاشتی خوازانەی گشـــــت دەولەتێك رادەوەستاو داوای لەحکوومەتی کووریای خوارووکردبوو کە پەیمان (حلف)ێك بکەنەوە جێگای بەیـــانە گۆڕبەگۆڕەکەی خـــوارووی ڕۆژهەلاتی ئاسیا بگرێتەوە .

لێرەدا ، پاش لەناوچوونی حکوومەتەکەی تانین‌و لەدایك بوونی حکوومەتێکی عەسکەری نوێ بەسەرۆکایەتی ئەدمیرال سانجاد ، دەپرسین : ئـــەم کوودەتایە چی گۆڕیوە لە باری ناوخۆی تایلاند ؟؟!..

لەوەڵامدا دەڵێین «هیچ ..» چونکە باری ئابووری تایـــلاند هەتا دێ ئاڵۆزتر دەبێـــتو هەموو جـــۆرە چالاکیەکی نەقابی‌و ســـیاسی قەدەغەیەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەیوەنـــدی نێـــوان تایلاندو ولاتەکانی دراوسێی زیاتر دەشێوێت .. پێجگە لەوەی ڕێگای هەڵبژاردن گیراوەو بارنە سیاسیەکانیش لەکارکەوتوون ..

کەواتە ، ئـــەم کوودەتا نوێیەی سانجاد جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی نی‌یە لەگـــەڵ کوودەتاکەی تانین‌دا لەوەی هەردوکیان یەك دەگرنەوە لـــــە بڵاوکردنەوەو ڕەچاوکـــردنی سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەی سەر بەولاتە سەرمایەدارەکان کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ باری ناوخۆو بەرژەوندی تایـــلاندا ناگونجێت .

● بەشی لیکولینەوە ●

ئـــاڤـــەرەت لـــە ئـــەمـــریـــکادا

لە ڕۆژانی (۱۷-۲٤)ی مانگی‌پێشودا کۆنگـــرەی نیشتمانی ئافرەتانی ئەمریکا لە شاری (تەکساس)ی سەربە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی پێ‌کـــرد ، واش چاوەڕوان دەکرێت کۆنگرەکە نامەیەکی توندوتیژ ئاراستەی (کارتەر)ی سەرۆکی ئەمریکا بکاتو داخوازی‌یەکانی ئافرەتانی بخـــاتە بەردەم لەوانە : نەهێشتنی جیاوازی نێوان ژنو پیاو ، لابردنی گیروگرفتـــــە ئابووری‌یەکان ، سڕینـــەوەی بیروباوەڕە کۆنەپەرستەکان کە بوونەتە کۆسپێك لـــە ڕێگای پێشکەوتنی ئافرەتدا ..

لەم ڕووەوە ، دەســـتەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەکـــــە بەیاننامەیەکیان دەرکـــردووەو تیایدا ئیشارەتیان بۆ بێ‌کاری‌و تەنگ‌و چەڵـــەمەی ملیۆنەها ئافرەتی ئەمریکی کـــردووەو چەند پێشنیازێکیان خســـتۆتە پێش‌چاو بۆ گۆڕینی دەستوری ئەمریکی‌و پاراســـتنی مافی دایکایەتی‌و بەخێوکردنی منالو وازهێنان لـــە چەوساندنەوەی ئافرەت ، هەروەها دکتـــۆرە (کای کلارینباج) ســـەرۆکی لیژنەی نیشـــتمانی ئافرەتانو لیبرسراوی (ساڵی جیهـــانی ئافرەتان ۱۹۷۵) دەڵێـــت : گەورەترین کۆسپ لـــە ڕێگای ئافرەتی ئەمریکادا کۆســـپە ئابووری‌یەکانەکە بونەتە هۆی دواکەوتنی ئافرەت لـــــە هەموو رووی‌یەکی ژیانەوە ، پێجـــگە لەوەی کـــە ئافرەتانی ئەمریکا سەربەست نین لەبەڕێوەبردنی پارتی‌یـــــە سیاســـیەکان‌و نەقابی‌و خوێندنی بـــاڵاو دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ..

شایانی باسیشە ئـــــەم کۆنگرەیە کە لـــە گەورەترین وڵاتی ســـــەرمایەداریدا دەبەسترێ دەورێکی بایەخدار دەگێڕێت لەرەنگردنەوەی درۆو دەلەسەکانی ئەمریکا کە گوایە ئافرەتی ئەمریکی گشتجـــۆرە مافێکی مرۆڤانەی خـــۆی وەرگرتووە . ● ڕەنج ●

لە هەندەران

چ باســـە

● هلموت شمیت سەرۆکی ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوا ووتو وێژی دوورو درێژی کرد لەگـــەڵ ئەندریوتی سەرۆکی ئیتالیـــا لەبارەی پەیوەندی ئابوری‌و ئەو تەنگو چەلەمەیەی کەئێســـتا بەســـەر ئەورووپادا ئەروا ، هەروەها باسی بەربەســـت کردنی لێشاوی تۆقاندنیـــان کرد لەهەردوو وولات ..

● حزبـــە سەرەکی‌یەکانی هیندستان ،کونگریس‌و جانتاو شیوعی ، هەموویان سەردانەکەی ساداتیان تاوانبار کرد ..

● تەنهـــا لەساڵی ۷٦-۱۹۷۷ قەوارەی زایونی بایی ۳ ملیار دۆلار چەکی لەئەمەریکا وەرگرتوە .

● سەرۆکی پولونیـــــا ئەدوارد جیریك بۆ سەردانێك جواز ڕۆژی گەیشتە بارەگای فاتیکان لەروماو لەکـــەڵ پاپا کۆبوەوە ..

● خالد محی الـــــدین ســـــەرۆکی پارتی کۆمەکی نیشتمانی (التجمع الوطنی) بە توندی بێزاری خۆی لـــە بێدەنگی ڕۆژنامەکانی میـــر دەربڕی ، کە دەیانەوی پەردەی بێدەنگی بدەن بەســـــەر نارەزایی‌و بێزاری نیشـــتان پەروەزەکانی میسردا لـــــە سەردانەکەی ساداتی خاین .

● ڕەنگە کارتەر ،سەرۆکی ئەمەریکا لەڕێگای سەردانەکەیەوە ، لە مانگی هاتوودا ، بۆ سعودیە ، سەرنك لەمیسر بدات بۆ پشـــتگیری کردنی هەنگاوە بێ شەرمانەکـــەی سادات .

● ئەم چـــوار شەمەیە چاوەنووسی حکومەتەکـــەی سواریز لـــــە پارلەماندا دەرئەکەوێ ، ئەوەی شایانی باسە کە فاشستەکان بریاریان داپوو دژی پارتیـــــەکانی بەرەی ڕاســـــت ڕەوو فاشستەکان بریاریـــان دژی ســـــواریز دەنگ بدەن وحکومەتێکی کۆنەپەرســـت دروســـت بکەن .. سواریز دەڵی ئەگەر شیوعیەکان دمگم بۆبدەن ناکەوم ، منیش ناتوانم لەگەڵیان ڕێ‌بکەوم !!

● وەفـــدێکی ئابوری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا گەیشـــتە قاهیرە بو وەبەرهەم هێنـــانی سەرمایەی بێگانە لەوولاتدا .

● سەد هەزار لـــــە کرێکارانی ئاسن‌و پولا لەئیتالیا خۆ دەرخستنیان کـــرد بۆ چاکردنی باری گوزەرانیان .

● سەرۆکی فەرەنســـا ئاشکرای کرد کەوا ووتوویـــژ هەلە لەنیوان فەرەنساو ئیراندا بۆ دابەزراندی چـــەند ئیستگەیەکی ئەتومـــی لەئیراندا .

● نەقابەکانی کرێکارانی هاتووچۆو پۆستەو چاپەمەنی فەرەنسا بریاری مان گرتنیان دابوو ، بویـــە پاریس ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابوردوو هەموو هـــۆیەکی هاتووچـــۆی تیاوەستابوو .

● پەیـــــانی ئاتو ، بەهاوبەشی وەزیری بەرگـــری ئەمەریکا کۆبونەوەیـــەك ئەکات بۆ موناقەشە کردنی بەرهـــەم هێنانی بۆمبـــای نیوترووەو فرۆکەی بۆمبـــا هاوێژی ئاراستەکراو ..

● خاتو ئەندیرا گانـــدی نیازی هەیە پارتی‌یەکی تـــازە دابمەزرێنی بەنـــاوی (پارتی کۆنگرەیسی سوشیالـــــتی هیندستان) .

● مراد غالـــب ، بالوێزی میسر لـــــە یوگوسلافیا بۆ دەربڕینی بێزاری خۆی لـــــە سیاسەتی ســـــاداتی خاین ، وازی لە ئیش هێنـــا ..

● دوا دەنگوباسی میسر وا ئەگەیەنێ ، کەوا بە فەرمانی سەرۆکی ڕژێم خۆی ، گەلێـــك ئەفـــــەرو قوتابی‌و کرێکار گیراون وئێســـتا میسر لەژێر باری تۆقاندنێکی ئالەبـــاردا ئەژی .

● دوو ئافرەتی ڕۆژنامەنوسی زایـــــونی (معاریف) گەیشتنە قاهیرە ، دوای ئەمان ۱۰۰ ڕۆژنامەنووسی زایـــونی تر دەچنە قاهیرە ..

هەڵبژاردنی گشـــتی لـــەقبرص

ڕۆژی پانزەی مانگی ئایندە هەڵبژاردنی گشتی لەقوبروس بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمارێکی نوێ دەکرێ . لـــــە نیقۆسیا ئاشکرا کرا کـــەوا دەرگای هەڵبژاردن بۆ ئەم پایەیە کە پاش مردنی سەرۆکی کـــۆچ کردوو ، قەشـــە مەکاریۆس لەتەموزی ڕابووردوودا بەتال بووبوو ، لـــــەڕۆژی (۲٦)ی کانوونی دووەمی ئاینـــــدەدا دادەخرێ .

بەگوێرەی ئەو دەستوورەی قوبروس کە ســـــاڵی ۹٦۰ دانراوە ، ئەوەی دەبێ بەسەر کۆمار ، دەبێ ۵۰٪ی دەنـــگی هەمـــــوو هەڵبژەرەکان وەربگرێ .

کۆمەڵێ لە کچانی لیبیایی‌وێنەی سەرۆکی کۆچکردوو جمال .عبدالناصریـــــان‌هەڵگرتوەو لە بـــــەردەم ئەنجومەنی گەل لە طرابلس‌خۆنیشاندانیان ڕێکخستوە .

وێنە بە رادیۆ تایبەت « ئا . د . ع »

تـــاوانێـــکـــی تـــری فـــاشـــیەکـــانـــی چـــیـــلـــی

لە ئەنجامی سیاســـــەتە چـــەوت‌و چەوسێنەرەکەی دەسەڵاتدارە دکتاتۆرەکانـــی چیلی ڕۆژ لـــــە دوای ڕۆژ شەپۆلی تووڕەیی‌و نارەزایی دەربڕین گەرمترو بەتەوژمتـــر دەبێت ، بەرامبەر بـــــەم شەپۆلەش کاربەدەســـــتە فاشـــیەکان زیـــــاتر هاونیشتیمانیان ئازار دەدەن‌و پەنایان بردۆتە بەر گشـــت پیلانو نەخشەیەکی وێرانکەر بۆ بەربەستکردنی خەباتـــی گەل .. ئەو خەباتەی چـــوار ســـــاڵی ڕەبەقە سەرانسەری خاکی چیلی گرتۆتـــــەوەو لەئەنجامدا هـــــەزاران هاونیشتمانی لەســـــیدارە دراونو دەیان هەزاریشـــیان لێ خراوەتە بەندیخانەوە .. بێجگە لەوەی دکتاتـــــۆرە خوێنمژەکان چی جـــــۆرە جەکی دڕندانەو نامرۆڤانـــــە هەیە بەکاری دێنن‌لـــــە ئازاردانی خەڵکیدا .. ئـــەم وەزعە سەختو دژوارە بۆتە هۆی کۆچکردنی هـــەزاران هاونیشتمانی بۆ کەنـــــەدا چـــونکە گشـــــت دەرگاو دەروازەیەکی ژیانیـــــان لەولاتەکەی خۆیاندا لێ‌گیراوەو تەنیا چەوسانەوەو کرێـــۆش بردنیان بۆ ماوەتەوە .. بەڵام دەسەڵاتدارە فاشیەکان دەرکی ئەوەیشیان کردووە کە ئـــەم کۆچکردنە زیانێکی زۆریـــان پێدەگەیەنێت چ لـــــەروی دەرخستنی باری ناوخـــۆی چیلی‌یەوە لەلایـــــــەن هاونیشتمانیانەوە یان لەروی یەکگرتنی چیلی‌یەکـــــان لەدەرەوەی وڵاتدا بـــــۆ دروستکردنی بەرەیەکـــــی یەکگرتوو دژی چەوسێنەرە دکتـــاتۆرەکان هەربۆیەش دەزگای موخابەراتی چیلـــی لقێکی تایبەتی لە کەنـــــەدا کردۆتەوە بۆ چاودێری کردنی هاونیشتمانیە چیلی‌یەکان .. ئـــەم دەزگایە بـــــەردەوام هەڕەشە لە هاونیشـــتمانیان دەکاتو لەڕێگای نامـــــەو تەلەفۆنی نهێنی‌یەوە دەیـــان ترسێنێت بێجگە لەوەی هـــەر هاونیشتمانیەکیان بکەوێتـــە بەردەست دەیـــدزێو .. ئنجاش یان ئەوەتانـــــی دەیکوژن .. یـــــان بەشێوەیەکی دڕوندانەو نارەوا ئـــازاری دەدەن .. سەرەڕای ئەوەی زۆرجاریـــــش دەیانشارنەوەو بەنهێنـــــی دەیانبەنەوە بۆ چیلی تاوەکو لەسێدارەیان بدەن یان لـــە ڕێگای ئازارو ئەشکەنجەیەکی کوشندەدا لە ناویـــــان بەرن !..

بەڵام ئایا ئەم کـــردەوە چەپەڵو نەگریســـــانەی فاشیەکان دەتوانێت بەر لـــە لافاوی بەرگری‌و هـــــاواری ئازادی خوازەکان بگرێت ؟

بێگومان نەء ، چونـــکە گۆڕستانە ڕەنگاورەنگەکـــەی مێژوو دوا قۆناغو وێستگەی گشت هێنرێکی دکتـــاتۆرو خوێنڕێـــــژو زۆرداره پاشەڕۆژیش لەگەڵ ویستو داخوازی‌یەکـــــانی ڕەشو ڕووتو چەوساوەکانی‌گەلی چیلی‌دلیە .

● بەشی لیکولینەوە ●

Institut kurde de Paris

رەسوول گەمزاتۆف و داغستانەکەی

عەبدوللا پەشێو

لە سەرەتای سالی ١٩٧٢دالەبەردا بووم خۆم فێری زمانی ئینگلیزی بکەم . بەپێی دەستپێڕێشتن و توانا بەدوای ئەو چاپەمەنیانەدا دەگەڕام کە بەزمانی ئینگلیزی دەردەچوون . یەك لەو چاپەمەنیانەی بەشەلەشەل دەمخوێندنەوە گۆڤاری « ئەدەبی سۆڤیەتی »بوو . جارێکیان بە ڕێکەوت لە ژمارەیەکیدا چاوم بەشیعرێکی شاعیری (ئافار) ڕەسوول گەمزاتەف کەوت بەناوی « زمانە زگماکەکەم » . شیعرەکەم خوێندەوە .خوێندنەوەکەم دووبارەو سێبارە کردەوە ، بەڵامهەرچەندی کردمو کۆشام نەچوو بە دڵماو ڕەگەزێکم لەوڕەگەزە هونەرییانە تیا نەدی کە شیعری نەمریان پێ پێکدێ .نازانم بۆچی زێدە لەو هەموو شاکارانە ، قەزاو قەدەر ئەوشیعرە زەقەی خستە بەردەستم !

من ئێستاش ، لەکاتێکا ئەو چەند دێڕە تۆمار دەکەم ، بێوانە هونەرییەکەم هەر هینەکەی ئەوسامەو بیروڕام دەربارەی تەکنیکی هونەریی شیعرەکە وەکو خۆیەتی . بەڵام دوو شت هەیە دەبوایە ئەوسا بیریان لێ بکەمەوە . یەکەم ئەوە کە خوێندەوار نابێ بیروڕای موتلەق بەسەر شاعیرێکدا بدا ، ئەگەر لە بەرهەمێك بەولاوە هیچی تری نەدیبێو لە نزیکەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەو دەشتە کاکی بەکاکی یە نەبێ کە ڕێچکۆلەی هونەریی شاعیری پێدا ڕەت دەبێ . دووەم ئەوە کە دەبوو ئەوەم لەبیر نەچێ کە من شیعرەکەم بە ئینگلیزی خوێندوەتەوە نەك بە ئافاری . بێگومان تێکستە ئینگلیزییەکەش لە ڕووسییەوە وەرگێڕدراوە . جا دەبێ ئەو شیعرە کلۆلە چەند لە گەرم و گوڕییەکەی بڕوا تا دەگاتە زمانی سێهەم !

جگە لەو دوو شتەی سەرەوە ، شتێکی تریشم بە خەیاڵدا دێ ، ئەویش ئەخلاقی شاعیرانەیە . گەمزاتەف شاعیرێکی ئافاری (داغستانی)ی سۆڤیەتی یە ، لەسەر ئەخشەی ئالۆزی شیعری سەدەی بیستەم سەنگ و قورسایی خۆی هەیەو شوێنی خۆی بە ڕەنگێکی تۆخی قەتمەری دەست نیشان کردووە . شاعیرێك کەیشتبێتە ئەو پایەیە ، کەچی نەك هەر بەو زمانە بنووسێ کە چەند هەزار کەسێك پێی دەدوێن ، بەڵکو بشیلاوێنێتەوە ، دڵداریشی لەگەڵدا بکات .. شیعریشی بەسەردا هەڵبدا ..

وەك لە وڵاتدا ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ڕێکەوت « زمانە زگماکەکەم »م خوێندەوە ، لە دەرەوەش هەر بە ڕێکەوت « داغستانەکەم »م خوێندەوە . لەگەڵ خوێندنەوەیدا هەستم بە خۆشەویستی کرد بەرابەر بە شاعیرو داغستانی شاعیر . لە ڕاستیشدا ئەو شاکارە نەك هەر ئینسیکلۆپیدیای داغستانە ، بەڵکو ئینسیکلۆپیدیای هەموو چیاو چیانشینانە . لەم وتارە سەرنجیی یەمدا دەمەوێ چۆنیەتی لەدایکبوونی ئەو خۆشەویستی یە خەستە بگێڕمەوە ..

(گەمزاتەف) کوڕی شاعیری میللیی داغستان (گەمزات چاداس)ە . لە ساڵی ١٩٢٣دا لە گوندی (چادە) لەدایکبووە . بە ڕەچەڵەك ئافارە کە ئەتەوەیەکی بچکۆلانەی چەند هەزار کەسی یەو لە دێرزەمانەوە نیشتەجێی داغستانە .

شاعیر لە ساڵی ١٩٣٧ەوە دەستی بە وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیرە کلاسیکەکانی ڕووس ، وەکو پوشکین و لێرمەنتەف و.. تاد ، کردووە بۆ سەر زمانی ئافاری و ئاوناوەش شیعر دەنووسێ و بڵاوی دەکاتەوە .

کە شاعیر شیعرە نۆبەرەکانی خۆی بڵاو دەکردەوە ، لە گەڵێ لاوە بەسەر شانو باڵیدا هەڵدەدرا . ئەمە دڵی خۆش دەکرد . کەچی هیی واش هەبوو دەیکوت ئەو شیعرانە هیچیان هی خۆی نین و باوکی بۆی دەنووسێ[1] .

لە تەمەنی شانزە ساڵیدا دەبێ بە مامۆستا لە قوتابخانەیەکی ئافاری لە ڕۆژنامەیەکدا دەگیرسێتەوە . لە هەمان کاتیشدا لە ڕادیۆی کار دەکا . لەو تەمەنەدا گەمزاتەف وا تێدەگا لە هەموو عیلمان بووەتەوە چی تر پێویستی بە زانینو خوێندنو دنیا ناسین نی یە . ڕقی لەوانە دەبێتەوە کە ڕەخنەی لێ دەگرن . ئەو کەسانەی خۆش دەوێ لاری یان لە نووسینەکانی نی یە . جارێکیان لە کۆڕێکدا لە شاری مینسك لێی دەپرسن داخوا خەون بەوەوە نابینێ کە لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا ببێ بە شاعیر ؟ گەمزاتەف چ سێو دووی لێ ناکاو دەڵێ : نەخێر : خەون نابینم چونکە من ئێستا شاعیرم[2] .

ڕەسوول گەمزاتەف ، بە ئامۆژگاریی مامۆستایەکی خۆی ئافارستان بەجێ دێڵێو ڕوو لە مۆسکۆ دەکا بۆ خوێندن لە ئینستیتووتی[3] ئەدەبی . لەڕاستیشدا ڕێنوێنیی مامۆستا خۆڕا نەبوو . لەو ئینستیتوتەدا بەهرەی شاعیر ڕسکاو ڕەگی بە قوولترا چوو . شارەزاییەکی باشی لە زمانو ئەدەبی ڕووسی پەیدا کرد . هەر لێرەش هاوڕێکانی شیعرەکانی یان وەردەگێڕایە سەر زمانی ڕووسی .

گەمزاتەف لە کتێبی ئەواونەبووی «داغستانەکەم»دا .. زۆر وەستایانە .. زۆر شاعیرانە ، ڕووناکایی دەخاتە سەر ڕێچکەی ئەدەبیو فیکریی خۆی . دەیگێڕێتەوە کەوا « جارێکیان لە ڕۆژی ئەزموونداا .. لە ئینستیتووتی ئەدەبێ ، پڕۆفیسۆر لە قوتابیەکی ئافاری دەپرسێ : جیاوازی لەنێوان ڕیالیزمو ڕۆمانتیزمدا چی یە ؟ هاوولاتەکەم دیار بوو خۆی بۆ ئەو بەزمو ڕەزمە ئامادە نەکردبوو .. هیچی دەربارەیان نەخوێندبووەوە . چاریشی ناچار بوو ، دەبوایە وەڵام هەر بداتەوە ! کەمێك دادەمێنێو هەڵدەداتێ : ڕیالیزم مانای وایە ئێمە بە باز دەڵێین باز .. هەرچی ڕۆمانتیزمیشە مانای وایە بە کەلەشێر بڵێین باز ! پڕۆفیسۆر کە گوێی لەو وەڵامە سەیرو سۆبەتە دەبێ لە شوێنی خۆیدا دەگرژێتەوەو خوێندکارەکە دەردەچوێنێ . گەمزاتەف دەڵێ : لێرەدا ئەوەی بەیوەندی بە منەوە بێ ئەوەیە من هەر لە سەرەتاوە هەوڵمداوە بە ئەسپ بڵێم ئەسپ .. بە کەر بڵێم کەر . . بە کەلەشێر بڵێم کەلەشێر .. بە پیاو بڵێم پیاو »[4] .

تاقەت دانە خۆ ، خۆ لێك کێشانەوە وێکهێنانەوەی درۆ ، دروستکردنی تەمومژی چڕ ، هەڵخستنی تاپۆی بێگیان لە نووسیندا ، دیاردەیەکە لەناو هەموو ئەدەبی جیهاندا تەشەنەی کردووەو بووە بە مۆدەی سەردەم . گەمزاتەف دوژمنێکی دڵڕەقو وشیاری ئەو ڕێبازە ئەدەبی یەیە . دوژمنکاری یەکەشی چەکدارانە دەکا . چەکیشی بەهرەی ڕوونو بێگەردە ، شیعرەکانیەتی .. ئەوەتە بە زمانی دایکێکی ئافارییەوە دێتە گۆ و توانج لە شاعیرێکی هاوڕێی دەگرێ کە پیرە دایکە ئافارەکەی گوتوویە :

کە منال بوو نەدەپەیفی
منی دایك لە کوڕی خۆم دەگەیشتم .
کەچی کوڕە ، کە هاتە گۆو
گۆرانیی وت ،
من چی تر تێی نەگەیشتم[5]

ئەو شیعرەی ڕۆژگار دەیهێڵێ ، میللەت دەیپارێزێ ، بۆنو بەرامەی زێر سەرینی کچان ڕێوبێکی بەهێز دەکا ، ئەو شیعرەی چەك دەداتە دەست دیلان ، زەنگی بێداری بۆ نووستووان لێدەدا ، مرۆڤ لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا ڕووبەڕوو دەکا ، ئا ئەو شیعرە هەر بە زمانی سادە نووسراوەو دەنووسرێ . ئەمە شتێکی ئەوەندە سەیر نی یە گوتراوە منداڵ چەند ساکار بێ .. چەند بچووك بێ خەونی ئەوەندە زڵ دەبینێ ! خاك چەند نەرمانو بێ گرێ و گۆڵ بێ ئەوەند مایە دەداتە ڕەگو ڕیشە بێیدا بچێتە خوارەوە . گەمزاتەف لەو ڕاستی یە گەیشتووە کە دەڵێ :

جوانترین گۆزە ،
لە قوڕی سادە دادەڕێژرێ .
جوانترین شیعریش
لە وشەی سادە
هەڵدەبەسترێ[6]

ڕەنگە ڕۆمان ، چیرۆك یا تابلۆ بەپێی نەخشەو پلان لەدایك ببێو کەرەستەیان پێشتر بۆ ئامادە بکرێ ، بەڵام شیعر بەلای گەمزاتەفەوە شتێکی ترە : « دیاری یە ... لەڕێکا دێ ! »[7] .

چۆن کەسێ ناتوانێ شەو بڕیار بدا کە بەیانی لە سەعاتێکی دەستنیشان کراودا بکەوێتە تۆڕی دڵداریی کچێ ، هەرواش شاعیر ناتوانێ کاتی نووسینی شیعر دەستنیشان بکا . ئایدیاو[8] دڵە خوریەی شاعیران ، وەکو میوانی چیانشینان ، بێ بانگ هێشتن ، لەڕێکا لە دەرگا دەدا . چۆن پیاو ناتوانێ خۆی لە میوان بشارێتەوە ، هەرواش شاعیر ناتوانێ خۆی ئایدیاو خوریەی دڵی بشارێتەوە[9] .

لە شاکاری « داغستانەکەم »دا ، گەمزاتەف بە درێژی باسی فورمو ناوەڕۆك دەکا : جار هەیە بە خەنجەرو کالانیان دەچوێنێ .. جاریش هەیە بە مرۆڤو جل و بەرگ . بە لای ئەوەوە ناوەڕۆك خەنجەرە فۆرم کالانە . خەنجەر چەند تیژ بێ ، بێ کالان ژەنگ هەڵدێنێ . کالانیش بە زێڕکفتیش بێ ، ئەگەر ناوەڕۆك مرۆڤە ، فۆرم

بروانە ـ ل ٧

« بەیان » تێکی نوێتر

سەرەڕای هەموو گیروگرفتێکیش ، سەرباری هەمو شەونخونیو ئەرکو ڕەنجێکیش ، وانەمجارەیش ژمارەیەکی تر لە گۆڤارەکەتان چاوی هەڵێناو خۆی بە پەنجەو دیدەی ئێوەی ئەدیبو ڕۆشنبیر شاد کردەوە .. لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەی تیا ئەخوێنیتەوە :

(هەندێ هەوڵی سەرنەکەوتو) کە بە خامەی کاك (**امین محمد**) ئامادەکران لە تەك (کارتەرو فەلەستین)و (سرودی شۆرش) کە کاك **امین شوان** لە بارەی مارسلیزی دیارترین شۆرشی مرۆڤایەتی ـ شۆرشی فەرەنسایی ـ بۆی ئامادەکردون ، لەبال باسێکی وردی کتێبێکی فەلسەفەیی لە بارەی زاتو مەوزوعەوە ئەدوێتو لە هەمان کاتا دەس ـ نیشانی فیکرو ڕۆشنبیری ئەوروپا ئەکات کە لە لایەن کاك شوانەوە ئامادەکراوە .

لە پاشا لەبارەی لایەنێکی کەی هونەری جیرۆك (جیرۆکی پۆلیسی) باسێکی قوولو بەتام ڕێگات لێ ئەگرێ .. لەبال ئەم باسە پۆلیسەدا باسێکی بەتامی مرۆڤێکی ڕەشی ئەفەریقای ناو (بیکۆ) ئەخوێنیتەوە کە کاك **هێرش محمد امین** بۆی وەرگێڕاون .. ئینجا بەرەو شانۆگەریە قوولەکانی گەورەترین شانۆ ـ نووسی جیهانی (هنریك ئەبسن) ئەکەوێتە جوولە .. تا لە گەڵ گەورەترین شاعیری جیهانی نازم حیکمەتو خامەی کاك **فاخل قصاب** یەك ئەگرێتەوە ، لە بال ئەمیش لە گەڵ ڕوحیاکترین شاعیرێکی فەرەنسایی (ژاك بریفێر) کە کاك **نەژادی سورمێ** ئامادەی ـ کردوە ئامادەئەبێو لە هەمان کاتیشا لە تەك شاعیری گەورەی ئیتالیایی (ئۆژینۆ مۆنتەل)دا یەك ئەگرنەوە .. ئینجا لەگەڵ خۆشترین سترانێکی میللی کوردی کە بە خامەی کاك **خلیل جندی** ئامادەکراوە ئەکەونە پەرەوازە .. تا لەگەڵ خامەی کاك **غفوری میرزا** و (دیوانی نالی) یەکەی هەردو شۆڕە سواری مەیدانی چایەمەنی کوردی (کوردی مەریوانی) یەك ئەبن ..

وەکو هەر ژمارەیەکی کەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کەمان ئەمجارەیان سەیدا صادقی ئامێدی بە کتێبێکی هەرە بە نرخی کەلەبوریمان ئاشنامان ئەکاتەوە ، بە (نوبیهارا ئەحمەدیخانی) لەپاڵ ڕەسمێکی دەوری گەنجایەتی مامۆستای نووسەر .. (بویکا بەعدینا)و بەرسفەکی کاك **صالح گولی** لەبال ئەمدا ئەخوێنیتەوە .. ئینجا لە گەڵ دان بیانانەکەی کاك **زاهیر سەوزەو** کاك **رەئووف بێگەردی** چیرۆك نووس ئەکەویتە وتوویژ .. لە بال ڕەخنەیەکی خێرای کاك شوقی کاکەشین لە بارەی چیرۆکی (زرێ پۆش)و پاڵەوانەکەی .. ئینجا لە تەك هەولێکی ریزمانەوانی کاك **سەلام ئەحمەد** لە بارەی جوتە ناوو (ئاوەڵ ووشەوە) .. لە پاشا لە گەڵ چیرۆك نووس کاك **عبدالله سەراج** و چایخانەی پەرلەمان دا

بروانە ـ ل ٧

هەموو دانراوەکان و دیوانەکەی گۆرانی هەڵزن چاپ دەکرێ

جەلال دەباغ

لە ژمارەی ڕۆژی دووشەممەی ریکەوتی ٢٨ـ١١ـ١٩٧٧ی هاوکاریی بەرێزدا ، ئەدیبی لاو کاك ئومید عباس شتێکی نووسیبوو ، لە یادی پانزەساڵەی کوچی دوایی گورانی شاعیری گەورەماندا ..

نووسەر لە نووسینەکەیدا لە ڕووی دڵسوزیو بە تەنگەوە هاتنەوە ئاواتە خواوە کە دیوانەکەی گۆران چاپ بکرێو وای پیشان داوە کە خۆی هەموو شیعرەکانی گورانی لایە، سەرەڕای دانراوەکانی تریو ،ئامادەیی تەواوی خۆی دەربڕیوە کە « تەواوی ئەودیوانەو نووسینەکانی گۆران بەو دەستە بسپیریت کە بیەوێ لە چاپی بدات » .

لە ڕاستیدا ، ئەوەی کاك ئومید لەسەر لاپەڕەکانی هاوکاری ڕای گەیاندووە لەدەمیکەوە لای من باسی کردووەو بە نامەش ئاگاداری کردووەو ، کاتێك داوام لێ کرد کە ئەو شتانەمان بۆ بنێرێت تا لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی گۆرانداکە لە لامان هەیە بەراوردیان بکەین ، خۆی مەسەلەکەی خستە پشت گوێو بۆی نە ناردین ..

هەروا کاتی خۆی کاك ئومیدنیازیکی وای دەربڕی کە بیەوێت ئەو بەرهەمانەی گۆران چاپ بکات ، منیش پێم ڕاگەیاند کە بەبێ بڕیاری بنەماڵەی گۆران هیچ کەس ئەو مافەی نی یە .. هەموو ئەوبەرهەمانەی لە لای کاك ئومید هەنو لە ڕۆژنامەی هاوکاریداناوی بردوون لە لای ئیمەش هەنو ئامادە کراون بۆ چاپکردنو هیوادارین لە ماوەی ساڵی ئایندەدا (١٩٧٨)بتوانرێت لە لایەن ڕۆژنامەی (بیری نوێ)وە چاپوبڵاوبکرێنەوە ، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە لەدەمێکەوەمەموستا هوگرگۆران بەرهەمەکانی گورانی بۆ ناردوینو ،ئێمەش دوای بڕیاردانی تەواوی بنەماڵەی گۆران ، لە چاپی دەدەین .

ڕەنگە گەلێك لە خوێنەران،وەك ئومید عباس بپرسن ، ئاخۆ هۆی دواکەوتنی بەچاپگەیاندنی بەرهەمەکانی گۆران چی یە ؟.. وا بزانم گەلێك لەو هۆیانە ئاشکرانو، دواکەوتنی ئەو چاپکردنەش لە بەرگێکی گەورە یان چەند بەرگێکدا ، هیچ لە پایەی ئەدەبیی گورانی نەمر کەم ناکاتەوە ، هەرچەندە چەندزووتر چاپو بڵاوبکرێتەوە باشترە ، بە مەرجێك چاپێکی باشو شیاو بێتو لێژنەیەکی تایبەتی سەربەرشتی لە چاپدانی بکەنو هەڵەشەیی و بەلە بەلی تیدا نەکرێت .

لە چاپدانی تێکڕای بەرهەمەکانی گۆران ئاواتێکی سەوزو پیرۆزە ئەبێ هەربێتەدی

محمدی مەلا کریم

ئاواتی لەچاپدانی تێکڕای، نەك تەنها شیعرەکانی گۆران ، بەڵکو پەخشانو وتارەئەدەبی یەکانو چیرۆك و بابەتە سیاسی یە وەرگێڕراوەکانو نووسینەکانی تریش ، لە دوو سێ بەرگی ڕازاوەو جواندا ،وەنەبێ نەك تەنها ئاواتی کاك ئومێد ئاشنا بێ .. ئاواتی هەموو ڕۆشنبیرو پێشکەوتن خوازێکی کوردە . من خۆم لەوکاتەوە کە گۆرانم ناسیوە ، خەریکی کۆکردنەوەی شیعرەکانیم .. خۆی بە دەستی خۆی (فرمێسك و هونەر)و(بەهەشتو یادگار)و (هەڵبژاردە)ی بێ بەخشیوم و بۆی لێ نووسیوم . هەمیشەیش دەستخەتی شیعری خۆی ئەدایە لام .

کە لە پایزی ١٩٥٤دادیانەوە گیرایەوە ، دەستنووسی شیعرەکانی بەندیخانەی ٥٠ـ٥١ی لای من بوو ، کە گەلێکیشی لێ لە(ژین)دا بڵاو کردبووەوە . بەرلەوە کە خۆیشم بگیرێم دەستنووسەکەم لای هاوڕێیەك شاردەوە ، تا پاش شۆڕشی بیرۆزی ١٤ی تەموز وەرم ـ گرتەوە . دوو کۆمەڵەم لەبەرنووسی یەوە ، یەکیانم هەڵگرت بۆ خۆمو ئەویانم لەگەڵ دەستنووسەکەی گۆران خۆیدا دایەوە بە خۆی . ئەویش کۆمەڵێکی لێ هەڵبژاردنو دەستی کرد بە لەچاپدانیان لە چاپخانەی (کامەرانی) لە سلێمانی .. تەنانەت فۆرمەیەکیشی لێ لە چاپدا . بڕیاریش بوو وەزارەتی مەعاریف یارمەتیی لەچاپدانەکەی بدا ، بەڵام پاشان گۆران خۆی پەشیمان بووەوەو دەستی لە لەچاپدانەکە هەڵگرت ..لەمدوایە بە سووکیی زانی بۆ خۆیو بۆ شیعر ٦٠ دینار لەوەزارەتی مەعاریف وەربگرێ (ئەو سەرەمە بۆ هەرفۆرمەیەك ١٠ دینار یارمەتی یان ئەداو شیعرەکانیشیان بە ٦فۆرمە دانابوو)و خۆیشی بارەی نەبوو .. بەمچەشنە گۆران ئەوکاتە وازی لە بیری چاپکردنی تێکڕای شیعرەکانی یەیەکەوە هێنا ، بەڵام وەك کاکەی فەلاح ئەیگێڕێتەوە پاش گەڕانەوەی جاری دووهەمی لە هەندێ شیعری کە لە (ئازادی)و ، (هیوا)ی ٩٥٩و لەوەوپاشو ، (ڕووناهی)و (شەفەق)دا بڵاو کرانەوە ، لەلایەن منەوە بڵاو کراونەتەوە . هەر خۆیشی دەفتەری ٧ پارچە شیعرەکەی مۆسکۆی ١٩٦٢ی دایەلامو نووسیمنەوەو پاشان دەفتەرەکەم دایەوە بە خۆی . هەروا دەفتەری موحازەرەکانی کولیەی ئادابیشی دامێ کە بە خەتی خۆیەتیو ئێستاش لامە .

هەروا لە ١٩٦٠دا دوو جاری تر کۆمەڵەی شیعرەکانیم « بێجگە لەوانەی ناو (فرمێسك و هونەر)و (بەهەشتو یادگار) نووسی یەوە ، جارێکیان بۆ خۆمو جارێکیان بۆ کاك ئەحمەد غەفوور کە ئەوکاتە لە کەرکوك کاری ئەکرد .. لە ١٩٦٣یشدا لە ترسی فەوتانی دیوانەکە ، جارێکی تر نووسیمەوەو نوسخە پێشووەکەمو ئەو نوسخە تازەیەم بردە لای دوو برادەر . ئێستا ئەو دوو نوسخەیەم هەردوو لەلایە.وایزانم ئەو نوسخەیەی ئێستا لای کاك ئومێد ئاشنایە لەبەردەستی کاك ئەنوەر جاف نووسراوەتەوە کە ئەویش لەیەر یەکێ لە دوو نوسخەکەی من نووسیویەتەوە .

بۆیە ئەتوانم بڵێم جگە لەوپارچە شیعرەی کە گۆران بۆ یادی بیست ساڵەی دامەزرانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی داناو لە (ئازادی)دا بڵاوکرایەوەو ، ئەو پارچەیەی لە دژی دەرەبەگی دایناو ، لە(دەنگی داس)دا بڵاو کرایەوەو ئەو چەند سرودەی لە زستانو بەهاری ١٩٥٥دا لە بەندیخانەی بەعقوبە دایناو لە هێرشەکەی سەر بەندیخانەدا کەوتنە دەست پۆلیس ، تێکڕای شیعری گۆرانم لایەو هیی تریشم لایە کە لای کاك ئومێد دەست ناکەون ..

گۆران پەخشانی بڵاونەکراوەی نی یە . بەڵام ئەوە گرنگە بزانین لەوپەخشانە جوانانەدا کە لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی یەکۆنەکاندا بڵاو کراونەتەوە کامیان هیی ئەون چونکە گۆران تێکڕا پەخشانی بە ناوی خواستەمەنی یەوە بڵاوکردوەتەوە . هەندێکیان کە ناسراونەتەوە لای منیش هەن. کاکەی فەلاح ئاگای لە زیاتریش هەیە . ئەوانەش ئەتوانرێ کۆبکرێنەوە . ئەمەیش زەحمەت نی یە .

هەروەك برای بەڕێز کاك ئومێد ئاواتی لەچاپدانی شیعرەکانی گۆران ئەخوازێو ئامادەیی خۆی پیشان ئەدا بۆئەوەی چیی لا هەیە بیخاتە بەردەستی ئەوکەسەی ئەم ئەرکە ئەگرێتە سەرشان ،منیش هەر لە سەرەتاوە بەم ئاواتەوە شیعری گۆرانم کۆکردوەتەوە . ئەتوانم بڵێم لەم ١٠ـ١٢ ساڵەی دواییدا توانیویشمە لەسەر ئەرکی خۆم لەچاپیان بدەم ، بەڵام کۆسپی ئەوەم لە ڕێدا بووە کە گۆران، بە قانوون ، میراتگری هەیە. بۆ ئەم مەبەستە چەند جار لەگەڵ برایان هۆگرو ئەژی وشاهۆی جوانمەرگو هەڵۆیش قسەم کردوە . هەروا قسەم لەگەڵ برادەرانی دەزگای (الثقافة الجديدة)و (بیری نوێ)یش کردوە .. ڕاستت ئەوێ هەموانیش ئامادەییی خۆیان هەر پیشان داوە .. لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتەکە هەرنەهاتوەتەدیو تەگەرەی هاتوەتەڕێ ..

بۆیە لەم ڕۆژانەدا لە سلێمانی لەگەڵ برای دلسۆز کاکەی فەلاح چووینەوە لای کاك هۆگرو کاك ئەژیو بڕیاردرا کە ئەوانیش لەگەڵ خوشکەهێزو لەگەڵ کاك هەڵۆ قسە بکەنو هۆگر بێتە بەغداوەمەسەلەکە بەجۆرێکی باش بیرینەوەو لەگەڵ کاکەی فەلاحیش چاوێك بە بەرهەمەکاندا بگێڕینەوەو کارێك بکەین کە تێکڕایان بە دوو ـ سێ بەرگ یا لە ڕێگای کۆڕی زانیاری کوردیەوە یا لە ڕێگای دەزگای ڕۆشنبیریی کوردیەوەیا لەلایەن دەزگای بیری نوێوە یا بە هەر جۆرێکی تر بووە ، بە شێوەیەك کە شایانی شانو شکۆی گۆران بێ ، بڵاوبکرێتەوە .

هیوام وایە بڕیاری ئەمجارەمان بێتەدیو ئەگەر وابوو دیارە هەر ڕۆشنبیرێکی کوردەهەرچیی لا بێ ، بەوپەڕی خوشیو ڕەزامەندییەوە ئەیخاتە بەردەستمانو ، بێگومان ئەگەر ئەمکارە لە بەغدادابکرێ بە ئاواتی دڵی هەموو دۆستان ئەبێ .

دوای بڵاوکردنەوەی نووسینەکەی کاك ئومێد ئاشنا دەربارەی بەرهەمەکانی(گۆران)ی نەمر ئەم نووسینەی مامۆستایان جەلالدباغو محمدی مەلا کریممان دەربارەی هەمان باس بۆهات . ئێمەش وا بۆ ئاگاداری هەموو لایەك بڵاویان دەکەینەوەهیوامان وایە کەنەوەی (گۆران) خۆی رایەك دەربارەی مەسەلەکە دەربڕێو بڕیاری خۆیانی لەسەر بدەنتا بەلایەکدا بکەوێتو لەچاپدانی بەرهەمەکان لەوەزیاتر دوانەخرێ .

(ئەدەبو ژیان)

Institut kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنی بەیانی بەڕێزان ئەندامانی وەفدی یەکێتیی ئەفەریقا بەسەرۆکایەتی دکتۆر مۆلی وەزیری دەرەوەی زامبیاو سادق لوتفی ئەبو عەرقوب جێگری ئەمیندارێتی کارو خزمەتگوزاری مەدەنی لیبیا چونەتە کۆشکی کۆماریو بەبۆنەی سەردانیان لەولات ناوی خۆیان لەدەفتەری میواندارىدا تۆمارکردوە ٠

هەروەها بەڕێزان بەهنام عەزیز یونی بەڕیوەبەری گشتیی بانقی کشتوکالیو دکتۆر بەراق سەعید یەحیا بەڕیوەبەری گشتیی کۆمپانیای گشتیی پیشەسازیی ئۆتۆمۆبیلو خالد عوسمان فەرج یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگای گشتیی پالاوتنی نەوتو پیشەسازی غاز چونەتە کۆشکی کۆماریو بۆ دوعاخوازی ناوی خۆیان لەدەفتەری میواندارىدا تۆمار کردوە ٠

لەبروسکەیەکدا کە بۆ ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی نیردراوە

دووەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان نارەزایی بەرامبەر سەردانە تاوانباریەکەی سادات دەرئەبڕێ

دووەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی نارەزایی بەرامبەر ئەوسەردانەتاوانباریە نیشانداوە کە سادات لە خاکی زەوت کراوی داوە لەگەل ئەو ئەنجامانەی لەوسەردانە دەوەشێتەوە کەبەزەبرێکی گەورە دژمیردرێت لەخواستو ئارەزوی جەماوەری عەرەبی دراوەو بەپێشیل کەری هەموو پیروزیەکی نیشتمان پەروەریو ئایینی لەقەلەم دەدرێت ٠

ئەمە لەو بروسکەیەدا نیشاندراوە کە ئەنجومەن بۆبەڕێز مەحمود ریازی ئەمینداری گشتیی جامیعەی عەرەبی ناردوە ئەمەش نەواوی ئەو بروسکەیەیە ٠٠

بەناوی ئەندامانی دووەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە کە لە پارێزگای هەولیری کۆماری عیراق کۆبۆتەوە بەتوندی نارەزایی خۆمان بەرامبەر ئەو سەردانە ئاپرو بەریو سەرشۆڕکەرەدەزئەبرین کە سادات بۆ خاکی زەوت کراوی کردوە ، کە ئەوەش چلەپۆپی خستنەکاری ئەخشەیکانی ئیمپریالیو زایۆنیزمە بەمەبەستی لێدانی مەسەلە چارەنوسێکەو یەکخستنی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی عەرەب ٠

هەروەها نارەزایی خۆمان بەرامبەر هەمو ئەو ئەنجامانە دەر دەبڕین کە لەم سەردانەسەرشۆرانەیە دەکەوێتەوە کە هەمو پیرۆزیەکی نیشتمانیو ئایینی پێشیل کردو زەبرێکی گەورەی دا لەجگەری خواستو ئارەزۆکانی جەماوەر ٠

ئێمە بەناوی جەماوەری کوردەوە کە مەسەلەی فەلەستین بەمەسەلەیەکی عادیلانەی خۆی دەزانێتو لە خاکی فەلەستینىدا خۆینی عەرەبو کورد تێکەڵاوی یەکتربون ، کە سەلاحەدین لەکۆندا شەرەفی سەرکردایەتی هەلگرتبو ٠

بەناوی ئەم جەماوەرەوە ئەوەدوبات دەکەینەوە کە نەخشە تاونکارێکان بەتونەدی نارەزایەکی سەختەوە بەر بەست دەکرین ٠

محەمەد عەلی ئەمین
سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان

عیراق لەکۆنگرەی کشتوکالی هەریمایەتیدا بەشداری ئەکات

وەزارەتی کشتوکال وچاکردنی کشتوکال بەشداری لەیەکەم کۆبونەوەی یەکێتیی هەرێمایەتی بارمتەی کشتوکال لەرۆژهەلاتی خوارووداو -ژووروی ئەفەریقادا ئەکات کە لە عمان دوای رۆژی سێشەممە دەکرێت وهەروەکە بەسەرۆکایەتی بەڕێز بەهنام عەزیز بەڕێوەبەری گشتیی بانقی کشتوکالی هاوکاری دەچێت ٠

بۆماوەی سێ رۆژی تەواوکۆبونەوەکە لە دەستوری یەکێتیی دەکۆلێتەوە لەگەلشێوەی کارکردنیانو دۆزینەوەی هۆیەك بۆ ئالوگۆرکردنی شارەزایی لەنێوان ئەندامانی رێکخراوەکەدا ٠

هەروەها لەوە دەکۆلێتەوەکە ئەگەر دەزگاو رێکخراوە جیهانێکان بتوانن پشتگیری بەرەپێدانی دێهاتەکانی ولاتانی ناو یەکێتیەکە بکەن لەگەل زۆرکردنو کشتوکالو زۆرکردنی بۆ هەرەوەزە بچکۆلەکان ئەویش وەك جێبەجێکردنی بڕیارەکانی رێکخراوی کشتوکالو خواردەمەنیو ولاتان کە لە دەورەی هەژدەهەمینیدا لەمانگی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٧٥ لەرۆما دابوی ٠٠

ئەوی شایانی باسە ئەو رێکخراوە بیجگە لە عیراق هەمو ولاتانی عەرەبی تیدابەشدارە ٠

عزة ابراهیم داوای راپەراندنی سیستەمی حیسابی یەك بوونە بەرهەمی کشتوکالیدا ئەکات

بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشسەرۆکی ئەنجومەنی بالای کشتوکال ، وەزارەتی کشتوکالو چاکردن کشتوکال بانگکردوە بۆ راپەراندنی سیستەمی حیسابی وەکیەکی دەزگاکانی بەرهەم هێنانوخزمەتکردنی بازرگانی لە وەزارەتەکەدا ئەویش لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨وە ٠

سیستەمی ناوبراو بریتیە لە بنەڕەتی ئایەتی چاودێری دارایی وە حیسابی خەرجی هەموو چالاکیەکی بازرگانیو خزمەتی بازرگانی لە وەزارەتەکەدا دیسان بریتیە لە پێویستیەکانی تەکنیکی چەسپاندنی سیستەمی حیسابی کرینو فرۆشتنی ناو خۆییو دەرەوە لە گەل حیسابی باشەکەوتوو داهات ٠

لە ماوەی جیبەجیکردنی ئەم سیستەمەوە ئەتوانرێت خەرجی هەموو پێویستیەکی ئەو چالاکیانە دیاری بکرێ لە لایەنەکانی ئابوری لە رووی کشتوکالەوە ئەگرێتەوە سەرچاوەیەك لە وەزارەتی کشتوکالو چاکردنی کشتوکال بلاوکردوە کە سیستەمی حیسابی وەکیەك حیساباتی نەتەوەیی لە سەر ڕێگای پێکەوە بەستنی لایەنە کارگێرە ئابوریەکان بەکار ئەهێنێ هەروەها ئەم سیستەمە مەبەستی سود وەرگرتنی تەواوە لە بەکار هێنانی چاکترین رێگا هاوچەرخ لە پاشە رۆژدا ٠

لیژنەیەك لە وەزارەت بۆ بەدوادا چوونی جیبەجێ کردنی ئەمسیستەمە بە سەرۆکایەتی علی عبدالله حسون بەڕێوەبەری گشتی دیوان وە ئەندامیتی بەڕێوەبەرێتی حیسابات لە وەزارەت وە چەند شارەزایەك لە کاروباری حیسابات پێك هاتووە ٠

وەفدی عیراق بۆکۆنگرەی میللی عەرەبی لەطرابلس

ئەمرۆ وەفدێکی عیراق بۆبەشداری لەکۆنگرەی میللی عەرەبی بۆ پۆچەڵکردنەوەی شێوەی خۆبەدەستەوەدەرانەو بەریەرەکانی کردنی پیلانەکانی ئەنور ساداتی تاوانبار بەردو تەرابلوس دەکەوێتە ری ،کۆنگرەکە دوویەیانی لەتەرابلوس دەبەسترێتوماوەی دوو رۆژ دەخایەنێت ٠٠ ئەو وەفدە کە هاوڕێعەبدو لحسین موسلم بەڕێوەبەری مەکتەبی فەلەستینو تێکوشانی چەکدارانە لەسەرکردایەتی ئەتەوەیی سەرکردایەتی دەکات بریتیە لە ئوتەرانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو بەرەی نیشتمانیو ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازو رێکخراوەمیللیو پیشەیەکانی ولات ٠

کۆنگرەکە کە رێکخراوی میللیو پێشەیی ٢١ ولاتی عەرەبی تیابەشدار ئەبێت سەرەرای رێکخراوەکانی قوتابیانی عەرەبیو کرێکارانی عەرەب لەئەمەریکاو کەنەداو بەلچیکاو هولەندە لەلایەنە بڕ لە مەترسیکانی سەردانە بڕ لە تاوانەکەی سادات ئەکۆلێتەوە ، لەگەل ئەوکارانەی کە پێویستە ئەتەوەی عەرەب بیانکات بۆئەوەی ئەو سەردانە بوچەڵکاتەوە لەگەل ئەونەنجامە پر مەترسیانەی لەم سەردانە دەکەوێتەوە کە زیانێکی گەورە بە بەرژەوەندی ئەتەوەیی دەگەیەنێت ٠٠

هەروەها کۆنگرەکە لەوە دەکۆلێتەوە کە نەخشەیەکی دوارۆژ بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی عەرەب دانێت بۆ بەربڕیکردنی ئەمجۆرە تاوانانە لەدوارۆژدا ٠

ئەوەی شایانی باسە لیژنەیەك پێکهێنرابو بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەکە بڕێتیە لەنوێنەرانی لیبیاو جەزایرو سوریاو رێکخراوی رزگاری فەلەستین ٠

ئا٠ د٠ ع

کۆڕێکی فراوانی یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانی

● یەکیەتی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانی کۆڕێکی فراوانی پێك هێنا بۆکرێکاران‌و کار گوزارانی زانکۆی سلیمانی ٠

لە کۆرەکەدا بەڕێز حسین‌جبار حسین سەرۆکی یەکیەتیەکەو نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئامادە بوون ٠ ئەوەی شایانی‌باسە لە کۆڕەکەدا باسی سەردانە تاوان کاریەکەی‌ساداتی خائن کرا کە لەم دواییەدا کردویە زەوی داگیرکراو ٠

● وە هەموو ئامادە بوانی کۆڕەکە نارەزایی‌و بێتاقەتی خۆیان دەربڕی بەرانبەر ئەم تاوانە گەورەیەو پشت گیری خۆیان دوبات کردەوە بۆ سەرکردایەتی حزبو شۆرش بۆ هەنگاوتان بەرەو پێش کەوتنو سەرکەوتنی زیاتر بۆ پێش خستنی وولاتو پێ شێل‌کردنی هەموو جۆرە بیلانێکی ئیستعمارو کۆنەپەرستان ٠

پ٠ هاوکاری سلیمانی

هەفتەی هاتووچۆ لە سلیمانی

بەڕێوەبەرێتی پارێزگاری سلیمانی دوێنێ چەند سەردانێکی بۆ قوتابخانەکانی پارێزگاکەو نەخوشخانەکان رێکخست دیاریو شیرینی بەسەردا دابەشکردن ئەمیش لە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی وولاتدا بە بۆنەی هەفتەی هاتووچوو رێکا بانەوە ٠

کۆمپانیای رستنو چینین چالاکانە نەخشەی بەرهەمهێنانی ئەمساڵی جێبەجێ کردوە

کۆمپانیای گشتیی رستنو چینینی خۆری لە ئەم ساڵدا بەرهەمی خۆی بایی شەش ملیۆنو ٢٤ هەزار دینار زیاتر لە ساڵی پار پتەوکردوە ٠ ئەوە بو نرخی بەرهەمی ئەوە کۆمپانیایە لە ساڵی پاردا گەیشتبوە ١٢ ملیۆنو ٣٣٤ هەزار دینار ٠٠ بەم پێیە ئەو کۆمپانیایە بە ئەوپەری چاکیو تواناوە توانیویەتی کە نەخشەی بەرهەمهێنانی ئەمساڵی جێبەجێبکات ٠٠

ئەم هەواڵە بە ڕێز عبدالرحمن هادی بەڕیوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە لەو کۆنگرە رۆژنامەگەریەدا ئاشکرای‌کردوە کە بەو بۆنەیەوە گیراوە ، وە سیاسەتی بەرهەمهێنانی ناو کارگەکانی کۆمپانیاکەی دیاری‌کردوە کە ژمارەیان چوارە لەبەغدا کە بەتانیو ئەکریلیكو قوماشو رێس بەرهەم دەهێنن لەو بارەیەوە وتویەتی ٠٠ ئێمە لەم کارەدا پشت بە دوو باوڕ دەبەستین یەکەمینیان پشت بەستنی گەورەمان بەکرێکارانە لەو کاتانەی بۆواری کارکردنمان دەداتی دووهەمین خستنەکاری تەواوی وزەی ئەو ئامیرو مەکینانەی لەبەر دەستماندایە بۆ بەرهەمێکی زۆرو جۆریکی باشی بەرهەمەکەمان ٠

ئا٠ د٠ ع

ئەمینداری رۆشنبیریو لاوان چاوی بە لێپرسراوێکی یوگسلافی ئەکەوێ

دوێنێ بەڕێز عبدالغفار عبدالقادر ئەمینداری گشتیی بەڕێوەبردنی رۆشنبیریو لاوان لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا پێشوازیی هاوڕێ فخری کایا ئەندامی لیژنەی تەنفیزیی کۆمیتەی ناوندی کۆمەڵەی شیوعیەکانی یوگسلافی لە کۆماری مەکدۆنیای سۆشیالیستی‌کردوە ٠

هاوڕێ کایا بەو شەرحەی بەڕێز عبدالقادر بۆی کردبو کەیشتە ئەنجامی ئەو کۆششە تایبەتیەی کە لە ناوچەکەدا ئەدرێت بۆ ئەوەی بلەی رۆشنبیریو چالاکی لاوانی تێدا بەرزکرێتەوە میوانی یوگسلافی دوای ئەوە سەری لە چەند دەزگایەکی فێرکردنو دەزگای پێشەسازی داوە هەر وەك چۆنە هەندێ لە هاوینەهەوارەکانی پارێزگای هەولێرو هەستی بەو پێشکەوتنەکردوە کە لە هەمولایەنێکدا ناوچەکە پێی‌گەیشتوە ٠

یەکێتیی قوتابیانی کوردستان نارەزایی خۆی بەرامبەر سەردانەکەی ساداتی تاوانبار دەرئەبڕێت

رۆژی هەینی رابوردو بەڕێز فەرید حەسەن سەرۆکی یەکێتیی کوردستان لقی هەولیر سەرۆکایەتی کۆبونەوەی لیژنەکانی قوتابخانەکانی هەولیری کردوە بۆ باس‌کردنی ئیشوکاری قوتابیان لە مەیدانی خوێندنو بەرەوەردەدا ، وەگەلێك ئەدوەی فراوان لە قوتابخانەکانی پارێزگاکەدا کراوە بۆ بلاوکردنەوەی هۆشمەندی شۆرشگیرانە لەناو ژمارەیەك لە ریزەکانی قوتابیاندا ٠

بەشدارانی ئەو کۆبونەوانە نەخشەکانی ئیمپریالیزمو زایونیزمیان کۆنەبەرستانیان تاوانبار کردوە کەدەیانەوێت ئەمەیدانەکانی عەرەبدا بیان خەنەکار ، بەشدارانی ئەوکۆبونەوەو ئەدوانە نارەزایی‌یەکی ئەوەی خۆیانیان بەرامبەر ئەوسەردانە بڕتاوانە دەربڕیوە کە ئەنوەر ساداتی تاوانبار بۆ خاکی زەوت‌کراوی کردوە ٠

لیکۆڵینەوەی واقیعی کاری هەرەوەز لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

رۆژی شەممەی رابوردو بەڕێز محەمەد سدیق مەحمود ئەمبنداری گشتیی بەریوەبردنی کشتوکالو چارەسەرکردنی کشتوکال لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی بەریوەبەرانی هەرەوەزو سەرۆکی یەکێتیی‌یە ناوخۆکانی کۆمەلە هەرەوەزکاریە جوتیارێکانی پارێزگای هەولیرو سلیمانیو دهوکی کردوە ٠

لەو کۆبونەوەیەدا کە لەبارەگای ئەمینداریتی گشتیی بەریوەبردنی کشتوکالو چارەسەرکردنی کشتوکال کرابو لەهەولێر ئەواقیعی کاری هەرەوزکاریی ناوچەکە کۆڵرابوەو لەگەل رێگای پەرەپیدانو راپەراندنی ئەوجۆرە ئیشوکارانە بەجۆرێك لەگەل مەبەستەکانی سەرکردایەتی سیاسیدا بگونجێتو بۆئامادەکردنی پێویستی سەرەتای گوێزانەوە بەرەو سۆشیالیستی ٠

بەکرمەحمود پێشوازی وەفدێکی لیبیای کردوە

دوێنێ بەیانی بەڕێز بەکرمەحمود رسول وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی پێشوازیی وەفدی ئەمینداریتی کارو خزمەتگوزاریی مەدەنی‌جەماوەری عەرەبی لیبیای کردوە کە بەسەرۆکایەتی‌بەڕێز صادق ئەبو عەرقوب وەکیلی ئەمینداریتی هاتوتەولات ٠

لەچاوپێکەوتنەکەدا باسی بەیوەندی دۆستانەی هەردوو ولات کراوە لەمەیدانی کارو کرێکاران‌و ئالوگۆرکردنی شارەزایی لەلایەنی ئەنفنی پیشەسازی‌و مەشقی پیشەیو زامنی کۆمەڵایەتی‌یەوە ٠

بەڕێز ئەبو عەرقوب دوای چاوپێکەوتنەکە بەئاژانسی دەنگویاسی عیراقی راگەیاندوە ٠٠ کە ئەم دیدەنی‌یە پیوەندی برایەتی لەنێوان هەردوو ولاتدا بەتین دەکات ئەویش بۆهێنانەدی کاملی‌یەکی چاکتر لەمەیانی کارو کرێکاراندا هەروەها وتویەتی٠٠ کە وەفدەکە چاوی بەو دەستکەوتانە کەوتوە کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەسەردەمی شۆڕش ١٧ی تەموزدا هێناویەتە دی لەسەوی ئەو دەستەکەوتانەوە ئەویاسای کرێکارە پێشکەوتنخوازانەیەی کە دەری‌کردوە ٠ هەروەها بەڕێز عبدو لەجید سەلاح جێگری وەزارتی کارو کۆمەڵایەتی بەچاوپێکەوتنی بەوەفدەکە بە دورو درێژی ئیش‌وکارو دەوری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ باس‌کردون ٠

جێگری سەرەك وەزیرانی ئەڵەمانیای دیموکراتی گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی

دوێنی بەیانی وەفدی‌ئەڵەمانی بەسەرۆکایەتی بەڕێز « گۆنتەر کلایبەر »جێگری سەرەك وەزیرانی کۆماری ئەڵەمانیای دیموکراتی‌دوای سەردانێکی چوار رۆژی ولاتیان بەجێ هێشت ٠

بەڕێز کلایبەر لەگفتوگویەکدا کە لەگەل ئاژانسی دەنگوباسی عیراقیداکردویەتی وتویەتی ٠٠٠ نامەیەکی دەستیم بۆ سەرۆك‌احمد حسن البکر هێنابو لە سەرۆك ئیریش هۆنیکەرموەسکرنیرێ گشتیی پارتی سۆشیالیستی ئەڵەمانیای‌یەکگرتو سەرۆك ئەنجومەنی دەولەتی کۆماری ئەڵەمانیای‌دیموکراتی ٠٠

کە هەلویستی نەگۆراوی‌کۆماری ئەڵەمانیای دیموکراتی تیدا رون کراوەتەوە لە پشتگیری کردنو داکۆکی بەردەوامی مەسەلە رزگاری‌خوازیکانی عەرەبدا ٠٠٠ هەروەها باسی پەیوەندی‌دۆستانەی هەر دوو ولاتی تیدا کراوە لەگەل چۆنیەتی‌پتەوکردنی ئەو پەیوەندیو دوستایەتیەدا ٠٠

هەروەها ئەوەشی رون‌کردۆتەوە کە ئەو گفتوگۆیانەی لەگەل بەڕێز حەسەن عەلی‌ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌ووەزیری بازرگانیدا کردونی بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بوەبۆ کۆبونەوەی داهاتوی لیژنەی هاوبەشی عیراقیو ئەڵەمانی‌کە لە ساڵی ئایندەدا لە بەغدا کۆ دەبێتەوە ٠

بەڕێز جێگری سەرەك وەزیرانی کۆماری ئەڵەمانیای دیموکراتی دڵنیایی تەواوی‌خۆی نیشان داوە بەرامبەر بەردەوامی هاوکاری دۆستانەی‌هەر دوو ولاتی دۆست لە هەمو مەیدانێکدا ٠

بەڕێز حەسەن عەلی‌ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ووەزیری‌بازرگانی بەڕێز باڵوێزی فەرمانبەرانی وەزارەتی‌بازرگانیو بەڕێز باڵوێزی کۆماری ئەڵەمانیای دیموکراتی‌لە بەغدا بۆ بەری کردنی ئەو میوانانە چو بونە فرۆکەخانە ٠

ئا٠د٠ع

ئەسەرێ

عبدالقادر خلیل

هاوڕێکەم مرۆڤێکی خاوەن‌پیروباوەری پێشکوتنخوازە زۆر لەسەرخۆیە روی تێ‌کردم‌وگوتی هاوڕێ شتێکی خۆشت بۆ بگێرمەوە زۆر جار لە ناوخۆماندا دەڵێن هاوڕێی چاك لەبرا چاکترەو تەنانەت لەکەسوکاریش چاکترە بەڵام من شتێکم بۆ دەرکەوتوە کەهاوڕێتی ئەمرۆ هەموی بریتی‌یە لە سودی تایبەتی‌ئەگەر بێتو جارێك بەبێچەوانەی مەیلی هاوڕێکەت‌کارێك بکەیت هەرچەندە کارەکەت شتێکی چاك بێت‌لای ئەو شتێکی بێ رێگەیەو بێ‌جێگەیە جازۆر جاریش ناگونجێت هەموکارێك رەزامەندی هەمو کەسێکی‌تیدا بێت ٠

لەم رۆژانەدا وارێکەوت‌توشی بەسەرهاتێکی ناهەمۆار بوم وە پێویستیم بو بەیارمەتی خۆت دەزانیت لەم جۆرە کاتانەدا مرۆڤ رووەکاتە هاوڕێ بەتایبەتی هاوڕێیەك کە باری ژیانی‌ئابوری لەخۆم باشترە ٠ کاك سالار هاوڕێی هەر دووکمانەرووم کردە هاوڕێکەم گوتم سالار کورێکی زۆر باشەوهەمیشە دەستی یارمەتی درێژ دەکات بۆ هاوڕێکانی ٠هاوڕێکەم گوتی منیش بۆیە یەکسەر چومە لای وە داوای‌یارمەتیم لێ کرد ئایا دەزانی کاك سالار چی پێ‌گوتم ؟منیش یەکسەر گوتم گومانی تێدانی‌یە سەرزەنشتی کردی‌وگوتی ئەی بۆچ زوو نەهاتیت ؟ هاوڕێکەم گوتی برا ناوای‌نەگوت ٠ ئەی‌چی ؟ گوتی دەرامەت کەمبوە و کاروەستاوەو ئیستا وەك جاران نی‌یە بەهەزار کولەمەرگی‌دەتوانم نانی رۆژانەی مالو منداڵ پەیدا بکەم لە بەر ئەوەببورە ناتوانم یارمەتیت بدەم چونکە پارەم لەبەر دەستانی‌یە٠

ئایەم جۆرە گەرامە دواوەوچومە مالی پارچەیەك فەرشی‌چاك کاتی خوی کەبەمیراتی بوم هاتبو بردمە بازار فرۆشتم دابوم بەدەڵاڵێك‌فرۆشتبوی کە پارەکەی بۆ هێنام هەقی‌خۆیم دایێ‌وپرسیارم لێ کرد ئەرێ بەکێت فرۆشت بەڕاستی چاووم هەرلەدویەتی چونکە پارچە فەرشێکی تابلێت نایاب‌بو وەیادگاری بولام ٠ کابرای دەڵاڵ گوتی فرۆشتم بە کاك سالارلە بازاری گەورە ٠ کاتێ وای گوت زۆر سەر سام بوم ئەوجی پێ گوتمو کەچی چی

بروانە ـ ل ٧

هاوڕێ طه یاسین « پاشماوە »

بەرنامەیەی زورجار رامان‌گەیاندوە ٠

دەربارەی ئەوەی چاوەری ئەکری کونفرانسی طرابلس بکاتە ئەنجامی بەرەیەکی پێشکەوتنخواز هاوڕی طه وتی : ناتوانم بەمیوابم کە ئەم مەبەستە تائیستا لەوە ئەچی بەدیبێت ٠ ئێمە ئامادەیمان پیشاندا بۆ لەبیرچونەوەی ناکوکی ، بەڵام مەسەلەی گرنگ دامەزراندنی بەرەیە لەسەر بەرنامەی تێکوشانی وا بنکەی سەختو هەمیشەی شیاو لەگەل پێویستەکانی ئەم قوناغەو جەماوەری عەرەب زامن بکات ٠

ئەوەی شایانی باسە هاوڕی طه یاسین دوینی لە طرابلس چاوی بە **بەڕێز هواری بومدینی سەرۆك کۆماری جەزائیرو بەڕێز** عبدالفتاح اسماعیل سەرۆکی **وەفدی یەمەنی دیموکرات بۆ کۆنفرانسەکە کەوت ٠**

Institut Kurde de Paris

ئەنجومەنی گەلی

باشترین شێوەی دیموکراتی گەلیە

● هەفتەی رابوردوو لەهۆڵی کارگەی جگەرە ئەنجومەنی گەلی سلیمانی کۆبوونەوەیەکی فراوانی پێکهێنا بۆ ئەنجومەنە گەلیەکانی قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکە بەسەرۆکایەتی بەرێز کاك عمر محی الدین شریف جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ٠

لە کۆبونەوەکەدا بەرێز ئەرشەد ئەحمەد محمد پارێزگاری سلیمانیو هاوڕێ محمد زمام عبدالرزاق راستگری سەرکردایەتی شعبەی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئامادە بوون ٠ هەروەها هەموو سەرۆك دائرەکانی سلیمانی ئامادەی کۆبونەوەکە بوون ٠

● لەسەرەتای کۆبونەوەکەدا بەرێز جێگری سەرۆك ئەنجومەن دوانێکی داو تیایا بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کردوو باسی ئەوەیکرد کە ئەم جۆرە کۆبونەوەهاوبەشیانە لەنێوان ئەنجومەنەگەلیەکانو سەرۆك دائرەکانداو بەئامادەبوونی لێپرسراوانی پارێزگا باشترین شێوەی دیمکراتی گەلیە کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەیوێ بەجێی بهێنێ ٠

هەروەها ئارەزایی پیشاندا بەرانبەر بە هەڵوێستی خیانەتکاری بەکری گیراو ساداتو دوژەنی نەتەوەی عەرەبی داناو پشتگیری هەڵویستەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی دووپاتکردەوە لەبەرەنگار بیلانە گەورەکەی ئیمپریالیزمدا دژ بە مەسەلەی فەلەستین ٠

● دوای ئەوە بەرێز پارێزگاری سلیمانی وتارێکی خوێندەوەو تیایا باسی ئەوەی کرد کە سەرکردایەتی سیاسی حزب گرنگیەکی یەکجار زۆری داوە بە پێشخستنو ئاوەدانکردنەوەی ئەم پارێزگایە ٠

● دوابەدوای ئەو هاوڕێ راستگری سەرکردایەتی شعبەی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دوانێکیداو تیایا وتی ئەنجومەنی گەلی تاقیکردنەوەیەکی دیمکراتی گەلیە پێویستە لەسەر هەمووان خویان بگەیەننە رادەی لێپرسینەوەی ئەم ئەنجومەنانە بۆ بنیاتنانی عێراقێکی دیمکراتی پێشکەوتو ٠

هەروەها وتەکەی بەرێز صدام حسینی هێنایەوەبە نمونەکە ئەڵێ (مەسەلەی دیمکراتی گەلی هەرئەو کاتەدا کە مەسەلەیەکی سیاسی گەورەیە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتیشە ٠

● دوای ئەمانەو لێکۆڵینەوەی گیروگرفتو تەنگوچەلەمەی هەموو پارێزگاکەو داناتی چارەسەری لەبار بۆیان ئامادەبووان بڕۆسکەیەکیان دا بە سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش ٠ لەبڕۆسکەکەدا نارەزاییان دەربڕی بەرانبەر سەردانە خیانەتکاریەکەی ساداتی خائن بۆ خاکی داگیرکراو ٠ وە پەیمانیان تازە کردەوە بۆ سەرکردایەتی پارتو شۆڕش کە ببنە سەربازێکی بەوەفا بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش لەدیمکراتیو سۆشیالیستدا ٠

● **هەربەم بۆنەیەوە هاوکاری چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامە نوسی کرد لەگەڵ بەرێز کاك عمر محی الدین شریف جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی گەلی سلیمانیداو لەسەرمتادا کاك عمر دەربارەی ئەنجومەنی گەلی وتی ٠**

★ ئەوەی راستی بێت ئەنجومەنەکەمان گەلێ هەوڵی داوە بۆ پێکهێنانی باشترین ژیانی لەبار بۆ هاوڵاتیانی ناوچەکە ٠ هەروەها وتی مانای دیمکراتیەتی گەلی ئەوەیە کە باشترینو فراوانترین دیمکراتیەت بهێنرێتە دی بۆ جەماوەر چونکە ئەمجۆرە دیمکراتیانە بارێکی لەباری تیا دروست ئەبێ بۆ هێنانەدی باشەرۆژێکی روناکی گەل کە خۆی بتوانێ سەرپەرشتی ئیشوکاری خۆی بکاتو هەست بەلێپرسینەوە بکات لەئەرکەکانی گەلدا ٠ بەمەیش هاوڵاتی ئەگاتە ئەوەی کە خۆی هاوبەشی لێپرسینەوەی حکمرانیی خۆی بکات ، ئەمیشە لە بەرژەوەندی گشتی خۆیەتی ٠

★ ئەتوانین لەدوو گۆشە نیگاوە سەیری چۆنیەتی ئیشوکاری ئەنجومەنی گەلی بکەین ٠

یەکەمیان ئیداریە بەوەی کە بەناوەرۆکی لامەرکەزی دابنێین چونکە ئەمان باشترین کەسێکن کە هەست بە پێویستەکانی جەماوەر ئەکەنو ئاگایان لەهەموو داخوازیەکە بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی ڕۆژانەی گەل بەهێنێوە بارو سەرشانی لێپرسراوانی ئیداری دەسەڵاتی مەرکەزی سوك ئەبێت لەدابەشکردنی لێپرسینەوەدا کە هەموو کۆمەڵانی جەماوەر بگرێتەوە بۆ بەدیهێنانی باشەرۆژێکی روناك ٠

دوەمیشیان سیاسیە چونکە ئەنجومەنی گەلی لێرەدا دوولایەنی گەورە ئەگرێتە ئەستۆ لەوەی کە هەموو جەماوەر ئەخاتە یەك ریزو یەك ڕێکخراوەوە لەسەر یەك ڕێرەوی تێکۆشان ئەروات لەپێناوی گورینی بارو ژیاندا بەرەو بارێکی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵایەتی لەرێگای ڕۆشنبیرکردنی جەماوەرو یلاوکردنەوەی بیروباوەری سۆشیالیستیو پێشکەوتنخواز بۆ نەهێشتنی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان ٠ سەرەڕای ئەمانە هۆیەکی پەیوەندیە لەنێوان سەرکردایەتی سیاسی جەماوەردا کە بەهۆیەوە سەرکردایەتی ئاگاداری هەموو پێویستیو گیروگرفتەکانی کۆمەڵ ئەبێتو لە دوایشدا چارەسەریان ئەکرێت بەباشترین شێوە کە ئەنجوومەنەکان خۆیان بریاری ئەدەن ٠

● **لەکۆتاییدا بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی گەلی سلیمانی وتی ٠**

★ ئەتوانین بڵێین کە بڕەوپێدانیو بایەخپێدانی ئەنجومەنی گەلی لەدوارۆژدا ئەبێتە هۆی دروستکردنی کادیری باشباشو لێهاتوی بتوانا لەناو جەماوەردا کە بتوانن بەهۆی خەباتیانەوە باشترین باری دیمکراتی بهێننە کایەوە بۆ جەماوەرمان ٠

ئێمەیش بەهەموو شێوەیەك قۆڵی هەوڵمان لێ هەڵکردووەو ئامادەین بۆ خزمەتکردنی گەلەکەمان لەباشترین شێوەداو ئامادەیشین کە گوێرایەڵی هەموو هاوڵاتیەکی دڵسۆزبین گەلەکەمان لەباشترین شێوەداو بەرژەوەندی گشتی گەلمان لێئاشکرا بکاتو وابزانم هەرکەسیش لەکەمو کوڕیدا کەمتەرخەمبێت خۆی لێپرسراوی ئەنجامەکەیەتیو پاشەرۆژیش لەهەوڵی جەماوەردا دەوری خۆی ئەبینێ ٠

پ٠ هاوکاری لەسلیمانی

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

خەباتمانو سیاسەتی نێودەوڵەتان

ئەمە ئەو بۆچونەی ئێمەیە کە لەماوەی بیست سالی داهاتودا متمانەی بێ ئەکەینو لەسەری ئەڕۆین ، مادەمێکی وایە ، پێویستە چونیەت هەڵسوکەوت دیاری بکەین ، ئەك لەسەر ئەساسی باری ئێستا ، بەڵکو لەسەر ئەساسی بۆچونو حسابی خەتە ئەساسیەکانی سیاسەتمان لەگەڵ هەموو مەلبەندێك لەمەلبەندەکانی دروستبوون کە هەن یان ئەوانەی لەپاشەرۆژدا لەسەر ئەم بنەرەتە دروست ئەبن ٠

ئێمە ئەم پارچەیەی لەعیراق لەسەری وەستاوین بەدوابینی تێکۆشانی نازانین ، بەڵکو ئەمە بەشێکە لە ئەرزو ئامانجی فراوانتر ، کە نیشتانو ئامانجەکانی تێکۆشانی عەرەبیە ، دیسان گەلەکەمان کە لە (١٢) ملیۆن کەس پێکهاتوە بەشێکە لەگەلێك ژمارەی (١٤٠) ملیۆنە ، ئەم حالی کەرت بونەش کە هەیە بەحالێکی ناتەبیعی دانانێین ، ئەبن بەیەکێتی تەواو ببێ ، کاری یەکێتی خوازیش ئەمجارە نابی حسابی دوو هۆی بنەڕەتی لەبیربکات : هۆی ئابوری بەبزوتنەوەو دەوری کار تێکەرانی لەئامانجی یەکێتی داو هۆی دووەم کار تێکردنی بەرامبەری ، لەنێوان تێکۆشانی نەتەوەیی ماندا و لایەنو بزوتنەوەی سیاسەتی دەوڵەتان ٠

هۆی یەکەم لەچوارچێوەی مەسئولیەتی سەرکردایەتیو دەزگاکانیا ئەبێ لە وڵاتی عیراقدا ، لەروی بەدیهێنانی تەواوی ڕێدەوی سیاسەتی نەتەوەییدا ، لە کاتێکدا کە پێویستە حزب بەرامبەر ئەهمیەتی ئەم هۆیە ، لەلایەنی نەتەوەییەوە زۆر هوشیاربێو بەشێوەیەکی بەکاربیخاتە حسابی تێکۆشانی سیاسیو مەبدەئیەوە ، گەیشتنی بەقۆناغێکی تێکچڕاوی ئابوری عەرەبیو هەڵبژاردنی ڕێگایەکی موناسب بۆ ئەمە ، مەسەلەیەکی بنەڕەتیەو پێویستە بۆ ئەوەی بۆ نموونە هاووڵاتیەك لە جەزائیر وا هەست بکات لەعیراقدا سودی هەیە ، ئەمەیش لەرێگای قۆناغکردنەوەی پەیوەندی ئابوری جەزائیرەوە بە ئابوری عیراقەوە ، هەروەها عیراقیەکیش قەناعەتی بەوە هەبێ کە سودی لەجەزائیردا هەیە ، بێجگە لە ئەعتباراتی مەبدەئی تێکۆشانی یەکێتی خوازانە ، کە ماوەی سیاسەتی ئابوری وڵاتەکەماندا لە چوارچێوەی یەکگرتنو تاسیرکردنی بەرامبەردا لەگەڵ سیاسەتی ئابوری نیشتمانی عەرەبو ٠٠ هتد ٠

ئێمە لە تێکۆشانی نەتەوەییماندا ، پێویستە وا هەست نەکەین کە توانای دامەزراندنی یەکێتی لە نێوان عەرەبدا بەبێ کۆسپی ناناسایی تەواو نەبێو پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێو لەحسابی خۆمانی دەرنەکەین ، کەبایەخ بەوە بدەین ستراتیجیەتی مەلبەندەکانی کۆکردنەوەی سەرەکی یەکان گیربین لەگەڵ لەیەکدانی هەندێ سودی تایبەتیاندا لە گەڵ ستراتیجیەتی تێکۆشانی یەکێتی خوازانەدا ٠

ئەگەر ئەو مەلبەندی کۆکردنەوانەی باسمانکردن دژی کارکردنی یەکێتی خوازانەبوون ، ئایا واهەست بکەین حالێکی وا کارێکی خراپ ئاکاتە سەر تێکۆشانی نەتەوەییمان ؟! ئێمە لە کاتێکدا دەوری تەواوی دەسەڵاتی نیشتمانی و نەتەوەیی دوویات ئەکەینەوە، پێویستە خۆمان نەخەڵەتێنینو زانینو ئەهمیەتی هۆی دەوڵەتیەکان پشت گوێ بخەین ، لەروی کار تێکردنیەوە بۆ سەرخەباتی نەتەوەییمانو تێکڕایی تێکۆشانی نەتەوەییو نیشتانیمان ، لەسەر ئەم بنەڕەتە پێویستە بەدەسەڵاتی خۆمان تەقەللابدەینو وەك عەرەبو وەك عیراقی لە چوارچێوەی نەتەوەدا تەنیا متمانە بەجوڵانەوەی ڕۆژگار نەکەین ، بەڵکو پێویستە دەوری یەکارمان هەبێ لەوکارو باری دروستکردنەدا کە ڕوو ئەداتو لە ئاراستەکردنیا بەوڵایەنەدا وا ئەکات بەشێکی گرنگی مەرکەزەکانی کۆ کردنەوە ، لەحسابی ستراتیجیەتی گشتی دا خەباتی یەکێتی خوازی وانەبینێ کەشتێکی ناگونجاو ئەبێ لەگەڵ سیاسەتی گشتی داو لەگەڵ ئامانجە کەونیەکانیا لەناوچەکەدا ، ئەویش لەو قۆناغەدا کە مەرجە بنەڕەتیەکانی کاری یەکێتی خوازی ئەگاتە قۆناغی ڕابەڕاندن یان قۆناغی پێکەیشتن ٠ ئەم تەقدیرکردنە ، ئەرکی نوێیان ئەخاتە ئەستۆ بۆ دەستخستنی پشتگیری زیاتر لەهەندێ لایەنی کۆکراوەی دروستبوو یان چاوەڕێ کراو ، بەم پێیەوانە بینن کە زیادبونی مەلبەندەکانی کۆکردنەوە ، بەم حسابە بەربەست ئەبێ لەگەڵ تێکۆشانی نەتەوەییو نیشتمانیدا ، هەتا مەلبەندەکانی کۆکردنەوە لەجیهاندا زۆربێ ، فرەنی جوڵانەوەو هەڵسوکەوت لەسیاسەتی دەوڵەتاندا بەنیسبەت ئێمەوە فراوانتر ئەبێ ٠ بەڵام تا مەلبەندەکانی کۆکردنەوە لەجیهاندا کەمتر و گیرتربێ ، بۆ ئێمە تەنگاوی دروست ئەبێ ، کاروباری چارەنوسمان کە دەیان لایەن باسی ئەکەنو ئێمەش لە چوارچێوە یاندایین چاکتر وایە بۆمان ، دوان یان سێیان بە تەنیا باس بکەن ، یان ئێمەش لەناویانا بین ، بەتایبەتی کاتی قورسایی بنەڕەتی یان تێکڕایی سیاسەتی دوا ئەنجام بەدەست ئەوان ئەبێ وبەدەست ئێمە نابێ بۆ سودی کاروبارمان ئاشکرانابێ ، بۆ نموونە ، زۆر پێویستە کارتێکەرەکان لەیەکێتی ئەوروپاداتێ بکەن کە ناکۆکی نیە لە نێوان یەکێتی ئەوروپای نا ئیستعماریو نا ئیمپریالیو یەکێتی نیشتانی عەرەبدا ، بەڵکو چاکترە ئەگەر بردی پەیوەندیو سوودی ڕەواو ناوکۆیی دروست ببێ بەپێی ئەم حسابە سیاسیو مەبدەئیە تایبەتیەو لەسەر بنەڕەتی ئەم بۆچونەو سەرەڕای ئیعتباراتی تر ، سووربوین لەسەر ئەوەی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ فەرەنسا شێوازی دیاری هەبێ ، چونکە فەرەنسا وەك ترێی ئەگەین ، دەورێکی بنەڕەتی ، یان تەواو لەیەکێتی ئەوروپادا ئەگێڕێ ٠

● ماوێتی ●

لەگەڵ ئافرەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

باوك ماموستایەو.. کچەکانیش ماموستان

هالە بدری

پێشەی مامۆستایی لەوانەیەلەپێشەوەی هەموو پیشەکانیتردا بێت دوای پیشەی کشتوکاڵو شوانکارییە مەرومالات کە ئافرەت دەستیداوەتێ لە کوردستاندا بەر لە شۆڕشی ١٩٦٨ وەپێش گەشەکردنی جەوهەری ژیانی پاش ئاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی ٠٠٠ بەڵام ئایا ئەم گەشەکردنە ئیشی مامۆستای ئافرەتی گرتۆتەوە ٠٠٠ وە ئەو گۆڕانە چییەکە ژیانی ئافرەتی گرتۆتەوە پاش ئۆتۆنۆمی ٠٠٠

هەوڵدا وەڵامی پرسیارەکانم بزانم ، وە لەسەرکەزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەولێر ئەوەم بۆ ڕەخساکە سەردانێکی خێزانیك بکەم خاوەنی مێژوویەك بێت لە فێرکردندا ، بۆیان هەڵبژاردم وە ئەمەش لە جیگای خۆیدابوو ، کە خێزانەکە سەرگەورەکەی مامۆستایەو کچەکانی مامۆستان ٠

ـ مامۆستا عبدالمسیح مامۆستایەکی کۆنە

ـ خانم زوهیرە مامۆستایە لەباخچەی منالانی (الجنائن) لەعنکاوە

ـ جەوهرە مامۆستایە لە باخچەی منالانی (الورود) لە هەولێر ٠

کاتێك جەوهرە تازە ئەڵمانیای دیموکراتی گەڕابووە کە چووبوو بۆ دەورەیەکی مەشقکردن لەسەر باخچەی منالان ٠

گفتوگۆیەکە سەبارەت بەئافرەتی ئیشکەر بەشێوەیەکی گشتی دەستی پێکرد ٠

زوهیرە ووتی : کاتی بزوتنەوەی یاخیبوونی سەرنەکەوتوو لەژوورو جووڵانەوەی ئافرەت سست بوو گەڕچیش کاری دەکرد بەڵام وەکو ئێستا هیچ بوارێك لەبەردەمیدا نەکرابووەوە ٠

بەشداریو هاوبەشیکردنی بیناولەگشت کاروکردەوەیەکدا، بەس بەتەنها لە بواری پەروەردەو فێرکردنو خەستخانەکاندا ئیشناکات بگرە لەوەش زیاتر کارکردنی لەئیستگەی بانزینخانەو بوونی بە پۆلیس ٠٠٠ ئیشکردنی هەموو شوینو جێگایەکی گرتۆتەوە ئەوەش دەستکەوتێکی دیکەی ئافرەتە دوای ئۆتۆنۆمی هاتەدی کە چەنای چەند سال خەونی پێوە ئەدی ٠

ـ ئایا پیش ئۆتۆنۆمی ئیشت دەکرد ؟ وە ئەو گۆڕانە چی بوو بەسەر کارکردنەکەدا هات ؟

● پیش ئەوە مامۆستا بووم ، وە ئەو گۆڕانکاریانەی ڕووی‌دا پاش ئۆتۆنۆمی زۆرن پێشەکی خۆڕایی کردنی فێرکردنو خوێندنی ئیلزامی لەعیراقدا ٠٠٠

ئەو پەیوەندیانەی نێوان مامۆستاو دەستەی بەڕیوەبردن پەرەیسەند کە لەوەوبەردا بڕابوو لە دەستەی بەڕیوەبردن وە ئیستا بەگیانیکی هەرەوەزیەوە هەموو شتێك چارەسەر ئەکرێ ٠

ـ بەشداریکردنت لە چالاکیەکانی یەکێتی ئافرەتاندا ؟

● ـ بەڕاستی ماوەی ئەوەم نیە هاوبەشی بکەم ، چونکە ڕادەی بەشداریکردنم لە چالاکیەکانی قوتابخانە دا باشن ، لەرێگای ئەنجومەنی باوکانەوە هەول ئەدەین لەگەڵ باوك و دایکەکاندا هەموو گیروگرفتی منالەکانیان چارەسەر بکەین ج لە قوتابخانە بیت یاخود لەماڵەوەدا ، بەین بەبەین چەند پێشنگایەك دەکەینەوە لە قوتابخانە بۆ بەرهەمی منالان وەتایبەتین بۆ منالان ٠

ـ دەربارەی بەرهەندنی پەیوەندی نێوان ئافرەت وپیاو پرسیارم لێیکرد ٠

ئایا ئافرەت پایەیەکی باشی پێیەخشراوە پاش ئەم گۆڕانکاریانەی دوایی بەپێی شارەزایی خۆت کە مامۆستای ؟

ووتی : هۆشمەندی ڕۆشنبیری پیاو لە زیادبوون دایە دوای بەشداریکردنی ئافرەت لە کارکردندا دەستی‌کردوە بە یارمەتی دانی لەماڵەوەدا ، وە هەروەها هەستی گۆڕا دوای بەرەڵاکردنی لەبەندایەتی بۆ کارکردن ٠

وە بایەخدانی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بەڕۆڵی ئافرەت لەناو کۆمەڵدا ، کردنەوەی چەند دەوریەك پاش کۆتایی ئیشکردن ئێواران بەتایبەتی هاوینان ٠٠

ـ ئارەزووت لە چییە ؟

ووتی : خوێندنەوە ، ئەدەبو پەرتووکەکانی بەروەردەکردن کە لە هۆیەکانی لەڕیلادانی منداڵ ئەکۆڵێتەوە ، وە هەروەها گۆڤاری (الام والطفل) ٠

وە لە ئەهیشتنی نەخوێندواریدا بەشداربووم لە شارەکەمدا ئینجا ڕووی پرسیارمکردە جەوهرە کە ئاگاداری قسەکانمان بوو ، دەربارەی ئەو گۆڕانە گشتیەی پاش ئۆتۆنۆمی هاتەکایەوە٠٠؟

ووتی : خۆماڵیکردنی قوتابخانەکان پاششۆڕش کە باخچەی منداڵانیش ئەگرێتەوە کاتێك تایبەتیبوون بۆ منداڵانی دولەمەندەکان بەزۆربەی زۆری ، ئیستا کە هەموو هەونیشتمانیەك بۆی هەیە منداڵەکەی ڕوانەی باخچەی منالان بکات ٠

دوابەدوای خۆماڵیکردنی ئەوت پارەو مووچە زیادی‌کرد بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەکانو کردنەوەی کارگە ، وگەشەکردنیکی ئەوەتۆ لەڕادەبەدەر ٠

زامنکردنی سەرپەرشتی کردنی تەندروستی لە قوتابخانەدا ، کە هەموو منداڵێك مەلەفێکی تایبەتی هەیە کە جۆرایەتی تەندروستی تیدا تۆمار ئەکرێو قۆناغ لەگەڵیدا ئەگونجێرێتەوە ٠

ـ سوود وەرگرتنت لە دەورەکەی ئالمانیا چیبوو ؟

ووتی : توانیم یاریەکانی منالان بەسەربکەم وە بەشێوەیەکی تایبەتی ، وە دەربارەی‌کردنەوەی

بروانە ل ٧

Institut kurde de Paris

مۆم بەلاتینك

خویندەڤانێ هێژا ..

حەزژێکرن .. پێدڤیە کاژێانێ بەو لنك هەر مرۆڤەکی نێزیکە وەکو خارن و ڤەخارن و بێهن و نڤستنێ بیت .

هندەك تشت یێ د ژیانێ داهەین وەسا دبهاو سپەهی و ڤەرن بۆ ڤێ حەزژێکرنێ ، هندی ژ خودانی تێت دێ پێکڤلێکەت دا بکەهیتێ .. وەستان و زیان رێکا وی ناگرن .

بەلێ یا حەزژێکرنا مرۆڤەکی ژ مرۆڤەکێ دی گەلەکا جودایە ، ژبەرکو ژینوژیندار ژ گەلەك تشتێت ژێکجودا پێکهاتین .

چاوا هندەك کەس هەنە حەزژ سێران و ستران و ژین و ئەڤین و هاریکاری و دلڤانیێ دکەن .. وەسا هندەك کەس یێت هەین حەز ژ ڤەدەریێ و گریێ و تێکدانێ و ئێشاندنا دلێت خەلکی دکەن . ڤێجا دەستەکا ئێکێ بچافەکێ ڤەکری و روون بەرێ خۆ دەدەتە جیهانێ و .. دەستەکا دووێ بچافەکێ تاری و نقیای . لەوازی کارێ دەستەکا ئێکی کارەکێ سەرفەرازمو ، خودان و خەلکێ دی هەمی ئوجێ ژێ دبینن ، کارێ دەستەکا دووی بەروڤاژێ ڤێ یەو هەمی لایەك زیانێ ژێ دبینیت . ئەڤا هەنێ بۆ هەمی کارەکی تێتە گوتن .

بۆ نموونا ئێکێ .. جارەکێ مۆمەك و بەلاتینەك بشەزمان هاتن و لگەلێك کەفتنە ئاخفتنێ :

مۆمێ گوتە بەلاتینکێ .. تۆ دزانی کارێ من گەلەکێ هێژایە ؟

ئەز خۆ دسوژم دا تارێ ژرێکا خەلکی ڤەدەمو بەرچافێت وان بکەمە روناهی .

بەلاتینکێ گوت : کارێ من ژ یێ هێژایە .. ئەز شیرافا گولیلك و گولان ڤەدگوهێزم .

مۆم : کارێ من هێژاترە ، چونکی ئەز د رێکا خەلکی دا دسوژم .

بەلاتینك : ئەز ژی وەکو تەب کارێ تە دسوژم !

● ئەز خوینا خۆ ڤەدخۆم و ب ئاگرێ خۆ خۆ دسوژم ، تۆ بۆچی ؟

ـ ئەز ژ خۆشیێت تەوکارێ تەدا تێم دا نافچافێت تە ماچیکەم ، ئاگرێ تەم دسوژیت .

● ما دێ بۆچی وەکەی ؟

ـ ما هەکە ئەز بۆ سوتنێ و سوتنا ئاگری و ... ئاگرێ روناهیێ و .. روناهیاتەو بۆ خەلکی ئەبم ، با ئەز بۆ چ مە ؟!

دایکا روندکێ

ئەزوگوك

ئێفارە درەنگە ...
کانیا روندکا
تژی رەنگە
جیهانا سور . کەسکە ..

ئاسمانێ شین
یێ تژی ئەڤین
تێکدا ..
تێکدا بو برین !..

دارێ کولیلکا ...
دارێ کولیلکا یێ خەم گرانە
وارێ وان یێ ویرانە ..
خەم گەشو هنبزن
ژڤان داما و کزن ..

(لەهلەهلوکێ) تازی و تالانە
لهیڤیا ژینێ
ژڤانیا ڤینێ ..
(شەڤ بشکڤێ)
شەڤ جرمساند
تالخو چەماند ..

جانەمەرگێ ..
مەرگێ خو قەتاند
(بابەلیسکێ) ...
بهار و پاییز جەماند

رەشە باران رەڤاند
گول شەلیڤێ
گول باژێلێ

روندك وەراند ...
روی جرمساند
(نێرگزوکێ)
هژ رەنگ خسکوکێ

دلێ چیای کەواند ..
هات رەشە با و باران
مەرگ و بەرگ لێ رزاند
دیلانا گولا مابێ شڤان ..

سەرفەراز عەلی
زانکوایا سلیمانیێ

هوزانڤان عبدالرحمن صالح مزوری

● سالا ١٩٤٦ ل دهۆکێ یێ ژ دایکبووی ، خویندنا خۆیا سەرەتایی و ئامادەیی هەریا ل وێرێ بدویماهی ئینای ، نهو سەیدایێ خویندنگەها نافنجیا برایەتی یە .

هەژ زرکوری حەژ تۆرەی دکرو .. خۆ ب ڤەهاندنا هوزانانڤە گرێدا .. ئێکەم هوزانا وی سالا ١٩٦٧ هاتە بەلاڤکرن . نهو هوزانڤانەکێ پێشکەڤتیەو نافێ وی ل هەمی دەڤەرێ یێ دەنگڤەدای .

● لسەر چەند ئاستەنگێت تۆرەی گوت :

دەفەرا دهۆکێ ژ لایێ رۆشەنبیریێ ڤە یا پاشکەڤتیەو . پێدڤیە هەمی لایەك چافێ خۆ بدەنێ و .. ئەز دێژم نەقابا سەیدایێت هەرێما ئوتونومی ، پشکا دهۆکێ بەری هەمی لایەکی کۆرێت ئەدەبی و رۆشەنبیری بگریت . ئەز نزانم ژی بۆچی لە پارچێت دی یێت هەرێما ئوتونومی هەنەو لنك مە نیین ؟ هەلبەت ئەڤە نموونەیەکەو .. دەزگەهێت دێژی هەروەسا .. براستی ژی رۆژنامە هاوکاری نهو چافێ خۆ یێ دایە فە تشتی و خەلکێ دەڤەرێ ژی یێت کەتینە بزافەکا گەرم .

● هوزانڤان مزوری دەربارێ پرۆژێت خۆژی گوت :

ئەز یێ ل هیڤیێ کتێبەکێ ب ئەزمانێ عەرەبی لسەر زانایێ مەزن (مەلا یەحیایێ مزوری) دانم هێشتا هەمی سەرۆکانیێت وێ نەکەڤتینە دەستێ من .

هەکە خودێ ژ من ئینا ـ نیف دیوانەك من یێ هەی ـ د پاشەرۆژێدا دێ چاپکەم .

هەروەسا نێزیکی هزار گوتنێت مەزنان ب رهوریشالڤە یێ ل بێدەرا من خرڤەبووین یێ لهیڤیا بەلاڤکرنێ .

● یا فەرە ئەم بزانین کو عبدالرحمن مزوری سەرێ ڤەهاندنا خۆ لسەر رێازا مەلایێ جزیری دچوو .. بەلێ نهو هەروەکو ئەو بخۆ دبێژیت :

(بهزرا من ـ ئەز نهو سەروچافێت کەسێ قەرناکەمو .. من دەنگەکێ خۆبخۆ یێ هەی .. هەر هوزانەکا ئەز دچنم د قازانکا ـ مزویری ـ دا دکەلینم) .

هەلبەت (مزویری) باوەریێ ب خویندنگەها واقعی تینیتو لدوی رێکا وێ دچیت .

ئەڤا خارێ برگەیەکە ژ هوزانا وی یا دویماهیکێ :

هەی یارا من
من گەرم نابیت
حەتا کەشتی یا من نەنشیتە
شەنگە کەنارێت چافێت تە
بێ بهارم
حەتا کولیلکا نەچنم
ژ گولستانا لێڤێت تە
هنداو سەرگەردانم ئەز
حەتا نەکمەڤە ناف پێچێت تە

صدیق علی

دێ گەهەتە

دلبەرا من ...
ل خوشی یا
ل تەنگاڤی و ..
دل تەنگی یا
تۆ دگەل منی

× × ×

ئەز بکەڤم ناف شویرهادا ..
تۆ بکەڤی پشت هەفت دەریادا ...
رەنگێ تە ... رەوشەنا منێ ...
ژبەر چافێت من ناچیت و
تاڤا تە هیچ ئاڤا نابیت ...
هەر دێ رووەکەت
ئەڤێ دنێ

× × ×

هەر کوژیکەکێ دلێ من
هزار کولیلکێت هیڤی یا
تێدا دگەشو بشکڤنە
خەونێت من ژی ،
ئەی دەلالێ
هەمی یێ لناف
سێرانکەهێت
ڤی دلینە

× × ×

ئەز دزانم هەر دێ گەهمە تە
چونکی ئەز مالخزیێ هزرو
بیرێت تە مە
تۆ ژی وارێ جەرگێ منی
هندی هەمە

× × ×

مهدی طاهر

ناڤێ مەو چەند وێنەیەك

— ١ —

ئەگەر جارەکێ ناڤێ من
بو سترانو ژدانەکێ کەت
دێ ئێت سیارێ هەسپەکی
کمێتەیێ هاتی دەرێ ..
ژ جەرگێ لەت لەت

ژ هەستیێ کولۆخێ من
ابەلیسکە .. بێن نافەدەت
هەر غارە غارە نیف شەڤا
دێ ئێتەڤە نەوەستیایە
و لکەتنا .....!
پەیتە بۆ رابۆنەکا دی .

— ٢ —

دگەل ناڤێ من ... هێڤریا
دێ ئێت ئەفینداری شەڤێ ..
سەرخۆش و گێژ
دەستەکێ لسەر ستوێ یارێ
و رێڤە چوونە کا درێژ .

— ٣ —

دگەل ناڤێ من .. هێڤریا
ئەگەر جارەکێ ـ بخەلەتی ـ
رۆناهی بێت ،
دێ ئێت سەر رەنگێ ئەدانا ...
برویسی یا ،

— ٤ —

باوەربکەت ئەڤێ جارێ
وێنێت کەڤن
دێ برتکن
خر دێ رەڤن
دێ بنە تورڤو مزگینی
بۆ شوینبۆنا هندەکێت نوی

عمر علی بادی
٣ـ١١ـ١٩٧٧

داخازایێت کتێبخانا گشتی لدهوکێ

وەکو ئەم هەمی دزانین ، کتێبخانان دەورەکێ مەزن یێ هەی بۆ بەلاڤکرنا رۆشنبیریێ لناڤ خویندەواران دا ئەڤجا یافەرە بیتە پێ بهێتەکرن داکو بشێن براستی خزمەتێ بکەن و ئارمانجێت خۆ بجهبینن .

وەکو هەمی باژێرێت عیراقێ کتێبخانەکا گشتی یا ل پارێزگەها دهۆکێ ژی هەی ، لێ ژبەر هندەك کێماسیان حەتا نهو نەکاریە بەرێ خویندەواریت پارێزگەهێ بدەتەخۆ .. لەوا یافەرە رێبەریا نافخۆ پتر بیتە بێ بکەت ، نهوژی دێ هندەك ژ ڤان کێماسیان دەستنیشانکەین :

● ئەڤە چەند ساڵە رۆژنامە یێ دکەڤیتە سەرێك و بەرگ نەکریتە .. هەکە کەسەکی بڤێت ژمارەکێ ژێ ببینیت ، نەشێت ، هندی دبێ سەروبەرن . هیڤیا مە ئەوە ڤان رۆژنامان بەرگ بکەت .

● ڤێ کتێبخانێ بەری نهو پشکداری دگەل هندەك گۆڤارێت دەرڤەی عیراقێ هەبوو . ئەڤە هەلیامەکە ئەو پشکداری نەمایە . هیڤیا مە ئەوە بزڤرینەڤە .

● مێژیت هۆلا خویندنێ دنزمن و پێدڤی گوهۆڕینن .

● ئاڤاهیێ کتێبخانێ یێ تەنگە . هەروەسا هندێ کەڤنە ستوینێت ئاسنی یێت داینەبەر دا نەهەڕڤیت !! هیڤیا مە ئەوە بۆ ساڵا نوی چارەك لێ بهێتەکرن .. باشترژی ئەوە ئاڤاهیەکێ نوی بۆ بهێتە بەرهەڤکرن نەخاسمە ئەڤە سێ ساڵە ئەڤ بریارە هەی !

● یافەرە دەواما کتێبخانێ هەردوو دانا هەبیت یانیکو ئێفاریژی وەکو سپێدێ دەوام هەبیت ، دا ئەو کەسێت سپێدەهیان کاردکەن ژێ زڕبەهرنەبن . ئەڤەو باوەریا مەژی گەلەکا موکومە کو ئەڤ داخازە زوی دێ بجهێتن .

پ. هاوکاری لدهوکێ

(رۆشنبیری نوێ) لە بەرگێکی تازەدا

لە بەرگێکی تازەو لە ناوەرۆکێکی بەتاسوختر و لەبارتر ، ژمارە (٦٣) گۆڤاری خامەبەدەستانی کورد گۆڤاری شاعیرو رۆشنبیرو هونەرمەندو ئەدیبانو قوتابیانی کورد لسەر سەرەتای وەرزی بەفروباران وژریانو جوانی کوردستانا ئەمجارەیش لەگەل خوێنەران پێك ئەگاتەوە .. **(رۆشنبیری نوێ)** ئەوەندەی حەزی لە دۆستایەتی ئێوەیە ، وە ئەوەندەیش هەمو ئامانجەکانی خۆی بۆ خزمەتی وشەی پاکی کوردی تەرخان کردوە .. لەم ژمارەیەشدا ئەم باسو بابەتو لێکۆلینەوەو شیعرو چیرۆکانە ئەخوێنیتەوە :

لێکۆلینەوەیەکی کاك **حسین عارف** لە بارەی شێوەکانی تەکنیك لەچیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠دا ، کە خۆی لەخۆیدا وەکو نوسەریش خۆی ئەڵێ : (بەڵام وا تیدەگەم) لەبواری ئەم باسەدا کە زۆری لەسەر نەنوسراوەو شی نەکراوەتەوە من بەم لێکۆلینەوەیە شتێکم کردوەو دەرگایەکم لێ خستۆتە سەر پشت) .

پارچە شیعرێکی شاعیری لاو سەلام محمد لەژێر سەرتاوی (وەك هەزاران رێکەوتی تر) چاوەڕێتە ..

لە بارەی کەلەپوری رۆشنبیری عەرەبی کوردی هاوبەشەوە باسێکی **زهیر القیسی** ئامادەکراوە ..

وەکو هەمو قارەمانانی وڵاتەکەشمان (مامەیارە)ی قارەمان بێ بەش نەبوەو کاك **غفوری میرزا کریم** یادێکی بوختی کردوە ..

لە گەل وەنەوشەخەمگینەکانی کاك **حسین سابیریش** چەند تاسەیەکی شاعیرانە دات ئەگرێ ..

کاك **نازاد عبدالواحدیش** لە لێکۆلینەوەیەکی خێراو پوختیدا لە بارەی هەندێ مەسەلەی شیعریەوە ئەڵێ : (مەسەلەی شیعر نووسین زۆر لە خۆگردن و شتدروست کردنیە ..) ..

لە بارەی گرینگترین بەشە شیعرەوەیش (شیعری شانۆ) لە بیرمان نەکردوە شتێ بۆ شەیدایانی ئەم بابەتە بەتامە ئامادەبکەین .

لە دوتوێی کورتە چیرۆکێکیشا ژانێکی وروژاوی کاك **عبدالله عباسی** شاعیر خۆی نواندوەو ئەدوێ ..

چیرۆك نوسی لاو کاك **محمد رشید فتاحیش** ، وەکو ئەرکێکی تری سەرشان بەنجەی بۆ مەسەلەیەکی هەرە خەستو بەتامی بلیمەتی و داهێنانو کۆمەڵکێشاوە وتارێکی بەنرخی بۆ ئامادەکردون ..

(کاتێك خازە ئەدوێ) کورتە چیرۆکێکی کەی کاك **عبدالله عزیزە** .

لە نێو جیهانی کەلەپوری ئەتەوایەتی پیرۆزیشماندا ، بەدەم چەند حەیرانێکەوە کاك **(خالدی جوتیار)** باسێکی هەرەگرینگو بەتامی لەبارەی (حەیران)ەوە بۆ رەبێش کردون ..

کاك **نازاد عبدالوهابیش** ، کە چیرۆکنوسێکی تازە هەلکەوتوە دیمەنێکی شیرینی

بروانە ـ ل ٧

هوزانەکا نەبەلاڤکری ..

(شێخ طه مائی) شاعرەکێ کوردێ بناڤودەنگو زانایەکێ قەدرگرانو پێش کەفتی بوو .. دیرۆکا ژیانا وی باهاتیە ئاشکەراکرن ، وەلێ مخابن ژ چەند رێزێت هوزانێت وی بێ بەهر نەهاتینە بەلاڤکرنو رۆناهی نەدیتینەو .. ئەز وەسان دزانم کو تێرا دیوانەکا بەرکەفتی ژ هوزانێت وی یێ دگەل نەفێ وی (ملا طه مائی) ، بەلێ نزانم ئەگەرا نەبەلاڤکرنا وان چیە ؟! هیڤیا مە ئەوە د دەلیڤەکا نێزیك دا رۆناهیێ ببینن ، دا خویندەڤان ژ بەحرا هوزانێت وی بێ بەهر نەبن و قووچەکێ ژێ ڤەخۆن ...

نهو هوین و هوزانەکا وی یا نەبەلاڤکری ، هیڤیدارم سوودەکێ ژێ وەرگرن ...

من دل ژ دوو قەوسێن دوو هلالێن بەبرینە
کارێ مە هەمی شەڤو رۆژا زارو گرینە
تو رەحمەت بکە جانو وەرە حالێ مە ببینە
ئینصافو مروەت کە برینان ڤەکەینە

کارەم هەمەکی غولغولەنو بانگو صدایە
دەرمان ژبو سینەئێ مجروحێ لقایە
بشەف بێ خەوی و برۆژێ برینداری یو تایە
لوقمانێ زەمان رەوشەنی یا رویێ زەمینە

سەد ئاه ژ دەستێ ئەوێ بێ رەحمو انصافێ
وێ دل حەجەرێ گەردەنو ئەندامە شفافێ
ژ حەربا دلو چاڤا ئەزێ کەفتی مە مەسافێ
یا رەب چ بەلی یا تە ژ دەستێ تە مە دینە

چافێن دسیەم بادلێ سەودا زێدە شەرکر
سەهما حەدەڤا قەلبێ بریندارێ ئەسەرکر
دل سوتو جەگەر کونکرو مێلاك لە کەرکر
یا رەب مە ژ ڤێ بەندو بەلایێ تو دەرینە

هندی بەچەئو عەقرەبو زولفێن دسیەم دل
گرت سەر حەدوو ئەبرویو بەناپوشو بەرو مل
صەف صەف لقتالا دلێ بێ چارە مقابل
چیکەت دلێ شەیدا نەکەمینەو نەرەڤینە

دێ کیڤە رڤیت یێ تە بزولفا خۆڤە بەستی
یا جەنگی دێ چکەت یێ د رەشاریێ تە گەستی
هەستی لە بهشتێ وەرە جانو ئەڤە هەستی
دوهنێ بنێ قەلبێ مە ژ چافێت مە دەرینە

رۆحێ چبکەت رۆح !! بلا بچیتە ڤەنایێ
بێ تە من نەڤێت کیسوەتو قومری یو بەقایێ
ژ دەستێ تە گرفتارە (بەهائی) بەلایێ
لاکین مە بەلا شادی یەو گری کەنینە

من کاغەزەك ژ (ملا طه مائی) را عنارت کو ڤێ شیعرێ بۆ من فرێکەت دا بزانم کا یا دروستە یان نە ، وەلێ بەرسڤ نەدا .. ئەڤجا هەکە کێم و کورتی یەك تێدا هەبیت لمن نەگرن ، چنکو من بڤی رەنگی یا وەرگرتی ..

خلیل محمد دهوکی

Institut Kurde de Paris

هەڵوێستو « پاشماوە »

نێوان ئەم لایانەدا بە دوای سەردانە نهێنیەکاندا بێت ٠ هەروەها وایان لێ هات لە پێشبڕکێی ئەسپ ئەجوون بۆ ئەوەی بەو خێراییەی لە توانادا هەیە بگەنە ئەوسەری مەیدانەکە ، بە تایبەتی دوای ئەوەی سادات داوای کرد کۆنفرانسە گۆشەگیریەکەی لە قاهیرە ببەسترێ کە داخوازیی بەسترانی کرابوو ، هەروەها لەسەر راسپاردەی واشنتۆن دواخرا دوای ئەوەی هێزە نیشتمانیو پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبو غەیری عەرەب بەشداریان تیادانەکردو لە لایەن تێکڕای هێزو حکومەتو گەلە تێکۆشەرەکانەوە ریسواکرا ، لە پێشیانەوە یەکێتی سۆڤییەتی دۆست ، کە ساخی کردۆتەوە هەمیشە دۆستی هەموو گەلانەو بە تایبەتی گەلی عەرەب ٠

ئەو خاینەی عەرەب لەو وتارەدا کە لە بەردەم ناونراو بە ئەنجومەنی گەلی میسردا خوێندیەوە سڵی لەوە نەکردەوە کە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین بە رێکخراوی رزگاریخوازی (ئیسرائیل) ناو بەرێت ٠٠ فرمانیشی دەرکرد رێگای هیچ لێپرسراوێکی رێکخراوە فەلەستینیەکان نەدرێت بچن بۆ میسر ، سەرەڕای ئەوەی کە باوەشی بۆ بەکرێگیراوانی زایۆنی لە خاینانی عەرەب کردوەتەوە هەروەها رێگای داوە کە کتێبخانەکانی میسر لە کتێبو چاپەمەنی زایۆنی پڕبن کە ستایشی داگیرکردنی فەلەستینو تاوانەکانی رێکخراوە تێرۆریستە فاشیەکان ئەکەن دژی عەرەبو دووپاتی ئەکەنەوە کە (سنوری ئیسرائیل لە نیلەوەیە بۆ فورات) و (خاکی چاوەروان کراو ـ بەڵێن پێدراو ـ) هی (گەلی هەڵبژاردەی خوایە) ٠ لە هەمانکاتدا گرتنو چەککردنی دەهەزاران مەدەنیو عەسکەریی ڕۆژلە عەرەبە تووڕەکانی میسر بەردەوامە ٠

ئەم دۆخەدا ، ئەم قۆناخە گرنگە مێژوییەدا کۆبونەوەی ناڕاسایی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستکرا ، ئەویش لە ئەنجامو بەهۆی گەلەکۆمەکێی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستیەوە کە دژی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبیو هەولی ناباکانە بۆ کۆتایی هێنانی شەڕەکە ئەدەن لە پێناوی بەرژەوەندی پیسو چەپەلی خۆیاندا کۆبونەوەکە بە مەبەستی ڕەنگ ڕشتنی نەخشە پێویستیەکان کرا بۆ ئەوەی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبو خێر خوازان لە فراوانترین بەرەدا کە لە توانادا بێ ، بەڕاستی بەرەنگاری هێزەکانی کۆلۆنیالیزمو ئالقە لە گوێکانی بکەن ٠

ئەم قۆناخە واپێویست ئەکات کە هەموو دەستەو لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازانی عەرەب بەو پەڕی دڵێرییەوەو بەبێ دوودڵی کردنو بەبێ شوین پێکەوتنی بیاری سەرنجی خودی چیتایەتییان چاو بە نەخشەکانیاندا بخشێننەوەو بەرژەوەندی بەرزی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازیان لەبەرچاوبگرنو هەموو ئاکۆکییەکی کاتیو قوتری بخەنە لاوە هەرچۆنێکبێت ، بۆ ئەوەی ڕەنگی رێگای ڕاست بریزدرێو بە کردەوە بڕیاربدرێت کە لەگەڵ قۆناخە نوێیەکەدا بگونجێو بە جۆرێك چێبەجێ بکرێن کە کاری یەکگرتوی عەرەب دەستەبەر ئەکەن لە پێناوی بەرژەوەندیی شۆڕشی عەرەبیو مەسەلە تایبەتییە ناوەندەکەی ، مەسەلەی فەلەستین ، دژی پیلانی هاوکۆیی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستیی ٠

هەروەها ئەرکێکی ئەتەوەییە ئەڵێ بە تەنیا لە سەرشانی ئەتەوەی عەرەب بەلکو ئەم ئەرکە ئەکەوێتە ئەستۆی هەموو ئەتەوەو گەلو ئەو بزوتنەوە ئەتەوەییە پێشکەوتنخوازانەی بە تەنگ سەرکەوتنو باشە ڕۆژیەوەن ، چاو بە یەیوەندییەکانیاندا بخشێننەوەو ئەو هێزانە لە یەکتری جیابکەنەوە کە مامەلەیان لەگەڵدا ئەکەن ، زۆرو زیانیش ئەیسەپێنن کە هەڵوێستی کرداریانەو ڕووداوەکان خۆیان سەنگی محەکن نەك بێجە بەدەوزەو دیماگۆگیەتو بەیوەندی ڕووکەشیو لافو گەزافی درۆزنانە ٠

سەردانە خیانەتکاریەکەی سادات کە لە لایەن بە یارمەتیو پشتگیریی ئیمپریالیزمو ئۆکەرانیان لە نیشتمانی عەرەبو دەرەوەیدا ئەخشەی کێشرابوو ، دەری خست ، بە شێوەیەك کە هیچ گومانی لێناکرێت ، کامانەن دۆستودوژمنانی عەرەبو کوردو ئاشکرای کرد کێ داوای چارەسەری خۆبەدەستەوەدان ئەکاتو ڕێگای بۆ تەخت ئەکاتو بەسەر ئەتەوە مەزنەکەدا ئەیسەپێنێ بۆ تێك شکاندنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکەیو دەریخست کێ دوژمنی خوێنخوریەتی ٠

شانبەشانی ئەمەش هێزی تر هەن ، رێکخراوو حزبو حکومەتەکان ئەو هەڵویستەیان نواند کە پێویستبوو هەموو ئابڕومەندانی جیهان بەرامبەر بەمەسەلە ڕەواکان بینوێنن ، مەسەلەکانی ئەتەوەو میللەتان ، مەسەلەکانی ئەو جەماوەرەی دلێرانەو لە پێناوی ئاواتە ڕەواو مافە پێشێلکراوەکانیدا دژی ئیمپریالیزمو فاشیزمو کۆنەپەرستی تێدەکۆشێ جەماوەر کە هەمیشە بەوەفابووە هەڵوێستی ئەو هێزە خێر خوازانەیان لە بیر ئەبێتو لەیادیان ناکەن کە لە مەسەلەی عەرەبو کورددا پشتگیریان کردوە ٠٠٠٠ مەسەلەی فەلەستین کەبووە بە یەکێك لە مەسەلە مرۆڤایەتییە دیاروگرنگەکانی سەدەی بیستەم ، لە پێشەوەی ئەم هێزانەش لۆژدوگای سۆشیالیستیو بە تایبەتی یەکێتی سۆڤیەتی دۆست دێن کە پێویستە پەیوەندی لەگەڵدا پتەوبکرێت لە پێناوی بەرژەوەندی خەباتی ئایندەماندا ٠ بانگەوازی ناکۆکیە قوتریەکان خستنە لاوە لە پێناوی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەییداو پتەوکردنی هاوپەیمانییەتیو کۆمەکی نێوان هێزەکانی بزوتنەوەی نیشتمانی هێزە پێشکەوتنخوازەکاندا لە نواندنی هەڵوێستی مەبدەئی سڵنەکردنەوە لەو بەشداربوون بەکردەوە لە تێکۆشانی شەڕی چارەنووسدا ، چارەنووسی عەرەبو کوردو بەرچاو ڕوونیی ٠٠ هتد ٠٠ ئەم بانگەوازە لە کاتی شیاوی خۆیدا هاتو بوو بە پێداویستییەکی دەستنیشان کردنی رێگاکانی خەباتی ڕاستەقینە لە مەیانی زۆرانبازیی مێژووییدا کە گەلە تێکۆشەرەکان لەم قۆناخەی مێژووی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازدا بەرپایان کردوەو ٠ هەروەها لە پێناوی پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانی پێشکەوتنخواز نەك تەنیا بۆ ڕوو بە ڕوو بوونی ئیمپریالیزمو بەڵکو بۆ بەزاندنو هەڵکێشانی ڕەگوڕیشەیو سڕینەوەی شوێنەوارەکانیو ئنجا پاکژدانی سەرمایەداری لە نیشتمانی عەرەبداو بنیاتنانی کۆمەڵی یەکگرتووی سۆسیال دیموکرات ٠

ئاقی کردنەوەکانی خواروی ڕۆژهەڵاتی ناسیاو نیشتمانی عەرەب دەربارەی چۆنیەتی بەچۆکاهێنانی ئیمپریالیزم ، بە تایبەتی لە جەزایرو فێتنامو عیراقو کەمبۆد ٠٠ زۆرو بە پێزن ٠ گەلی عەرەبی جەزایر بە تەنیا خۆی لە خەباتادا لە پێناوی سەربەستیو سەربەخۆییدا ملیونو نیوێك شەهیدیدا ئەم گەلەش بەشێکە لە نەتەوەیەکی مەزنی خاوەن مێژوویەکی دێرین ٠

بەرەیەکی فراوانی پێشکەوتنخواز کە هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان کۆبکاتەوە دەستەبەری تێکشکاندنی هەموو نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم ئەکات ، بەرەیەك بڕوای بە خەباتی میللیی چەکدار هەبێو ڕووبەڕووی ئیمپریالیزم یەك ریز بوەستێ پێداویستییەکی مێژوویە ٠

بەیان (پاشماوە)

ئەکەویتە نێو ئەندێشەوە ٠٠٠ ئینجا لە تەك وملی دێوانەی عاشق رێگای هاتو نەهاتی (شەم) ئەگرێتە بەر ٠٠ تا لەگەڵ کورتە چیرۆکێکی کاك **عبدالله عباسی** شاعیر ڕوبەڕو ئەبیتەوە ٠٠ ئەمەو گۆڤارە ئەوەیشی لە بیرنەکردوە دەمەتەقەیەکی بەتامی دیارترین ئەفسانەی جیهانی (سیزیف)ت بۆرەپیش بکات لە تەك دەستە چیرۆکێکی سادەو ڕوحسوکی منداڵانە کە کاك **م٠ زامدار** ئامادەی کردوە٠٠ ئینجا لەگەڵ سێ پارچە شیعری کاك **(مدحت بیخەو)**و کاك **(صلاح شوان)**و کاك **(حەمەی حەمە باقی)**و پارچە شیعریکی تەرجەمەکراوی لەمەر کاك جلال دەباغەوە ٠٠ لە پاڵ باسێکی بەتامی کۆمەڵایەتی (ئافرەتی لادێ)و (ڕاگوزاری بەیانی) کاك **سەربەست بامەرنی** و گەلێ باسو بابەتی بەکەلكو پرسودی ئێرەو ئەوێو هەمەچەشن ٠٠

هیوادارین ژمارەی داهاتومان هەونگاوێکی تر بێ بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوتی دیارو هەنگاوی ئازایانەی ئەم گۆڤارەی کە خەڵکێکی زۆری ئەم کوردستانە ئازیزە لە باوەشیان گرتوە ٠

ڕۆشنبیری نوێ (پاشماوە)

کۆمەڵایەتیمان بۆ دەس نیشان ئەکات ٠٠

کاك عبدالکریمی دەشتیش دنیای پڕ لە شیعرو خەباتو جادوبەندی کە لە شاعیرێکی وەکو (پۆل ئیلوار)مان بۆ سەراوەلتر ئەکاتەوە ٠٠

لەبارەی جیهانی منداڵانیشەوە چەند باسو چیرۆکی منداڵانەی بەپێزی ئەم کەرتە هەرەگرنگو بایەخدارەی کۆمەڵ ئەخوێنیتەوە کە برایان **(فواد انور)و (محمود زامدار)** پێشکەشی ئێوەو دنیای پڕ لەباکی منداڵانی کوردیان کردوە ٠٠

لە تەك مامۆستا **عبدالستار طاهریشا** پارچە بەخشانێکی بەتامی کوردی دڵی بۆ کردوینەوە ٠٠

کەلەپوری ئەدەبییشان لەژێر سەرتاوی (پرتەو بەگیهەکاری)و بەخامەی کاك **مصدق تۆفی** خۆی نواندوە ٠٠

لەبارەی سۆفیگەرێتیو ئەدەبی سۆفیگەرێتییەوە لە ئەوروپادا باسێکی هەرەدڵگیر جاوەنۆرتەو کاك **حمید عزیز** بۆتی ئەگێڕێتەوە ٠٠

ئەمەو هیوادارین لە ژمارەکانی ئایندەدا گەلێ لەو خەونانەی کە ڕۆشنبیرانی کورد بە (ڕۆشنبیری)یەوە ئەبینن بێنەدێ ٠٠!!

هاوڕێ سەرکردەی پاشماوە

بوو ٠

هاوڕێ سەرکردەی دامەزرێنەر قسەی بۆ هاوڕێکان کردو وتی ، ئێمە دەبێ کارێکی دووسەرەبکەین ٠٠ بیرو باوەڕو دەروون ئامادەبکەین تواناش بۆ بەرەنگار بوونەوەی پیلانە گەورەکە سازبکەین دوای ئەوەی کە دوا پەردە لە ڕووی هەڵماڵرا ٠

هەروەها وتی دەبێ لە هەمان کاتدا بە سەرنجێکی شیکەرەوانە بڕوانینە ئەو واقیعە عەرەبییەی کە دەستکردەو نە ڕاستیەتی ئەتەوەو تواناکانی وە نەڕاستیی خواستەکانی ئانوێنێ ٠

پەنجەشی بۆ ئەوەکێشا کە دەبێ لە هەر بادانەوەیەکی رێبازی تێکۆشانماندا بگەڕێینەوە بۆ بیرو باوەڕو بیرو ڕاکانمانو پەیڕەویی پێبکەینو لەسەر تیشك ڕۆشنایی یەکانیان دۆخو بار شیبکەینەوە ٠

دەربارەی جەنگی تشرینیش سەرکردەی دامەزرێنەر هاوڕێ میشێل عفلق وتی ، ئەوجەنگە ڕووداوێکی جیهانی بوو بەوەی کە باوەڕ بە خۆکردنی بۆ ئەتەوەو بۆ مرۆڤی عەرەب پەیداکردەوە٠٠ ڕووداوێکی جیهانییش بوو بەوەی کە هەموو ئەو پرۆپاگەندە ئالەبارە ئاحەزانەی داپۆشین ، کە ئیمپریالیزمو زایۆنی ڕۆژگارێکی درێژ رێکی خستبوو بۆ ئەوەی ڕاستی ئەتەوەی عەرەب بشێوێنێو ناوو ناونیشانی لکەدار بکات ٠٠

جەنگی تشرین دادڕینی ئەو بەردانەو بانگ ڕاهێشتنی سەر هەڵدانی هێزێکی جیهانی بوو لەسەر شانۆی دەوڵەتانو لە شارەستانیەتی چەرخدا کە ئەو هێزەش ئەتەوەی عەرەبە ٠

لەو موحازەرەیەدا هاوڕێ منیف الرزاز یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی حزبو هاوڕێیان ئەندامانی مەکتەبی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنی ئەتەوەیی ئامادەبوون ٠

ئا٠ د٠ ع

لە سەر ری « پاشماوە »

زوێدا ! ڕوم کردە هاوڕێکەمو گوتم برا ئەوەی کە بەیادنا نایەت ڕوو بدات ڕوودەدات سەیرە ئەمڕۆ هاورتیەتی بریتیە لە سوود لە سەرکەوتن لە سەرشانی یەکتری لەڕیایی لە فرۆشتن کەبوت هەموکەسێك هاوڕێتە یالەپلەیەکی باشدا بیت ئەوا ئەو جۆرە هاوڕێـیانەی کە باست کردن هەمو دەست لەسەرسنگ بەرەوپیرت دێن جێگای خۆیانت بۆ چۆل دەکەن ئەمڕۆ ڕۆژێکە کەپولو پارە خاوەنی هەموشتێکە ٠٠ هاوڕێتی چییە لەم کاتەداهاوڕێکەم دوو دێر شیعری عەرەبی پێشاندام و گوتی ئەوڕۆژەوە من ئەم شیعرە عەرەبییەم بەخەتێکی گەورەنوسیوەتەوە وەخستومەتە بەردەمم کەدێمە سەرکار یەکدووجار دەیخوێنمەوە ئینجا دەست دەکەم بەکارکردن پارچە شیعرەکەش ئەمەبو ٠

وما اکثر الاخوان حین تعدهم ولکنهم فی النائبات قلیل

بەڕاستی پارچە شیعرەکەشتێکی زۆر جوان بو وەپڕ مانابو بەڵی هاوڕێکە سەرـزەمێریان دەکەیت زۆرن بەڵام لەکاتی ناخۆشیدا کە بویان دەگەڕێت بەچرای زۆن گەرچەکیشەوە هێشتا بەدیپان ناکەیت سەیرە سەیر ٠

بۆ زانین قۆنتەرات کردن

١ ـ میوانخانەی زاخو
٢ ـ میوانخانەو گازینۆی سوارەتوکا ٠
٣ ـ گازینۆی سەرسەنگ ٠
٤ ـ یانەی شەوانی لە سەرسەنگ ٠
٥ ـ سینەماو گازینۆی سەلاحەدین ٠
٦ ـ گازینۆی بێخال لە ڕەواندز ٠
٧ ـ گازینۆی سەری ڕەش ٠

٨ ـ گازینۆو چێشتخانەی سەلاحەدین ٠
٩ ـ گازینۆی ڕۆژهەڵاتی لە سەلاحەدین ٠
١٠ـ دوکانو مەلەوانگەی سەلاحەدین ٠

ئەمینداریەتی گشتی بەرێوەبردنی شارەوانیو هاوینە هەوارەکان داوا لەو کەسانە ئەکات کە ئارەزوویان هەیەو شارەزاو پسپۆرن لە بەرێوەبردنی میوانخانەو گازینوو خانوو بەرەی گەشت گوزاری کە بەشدار بن لەو موزایەدەدا بۆ قنتەرات کردنی خانووی گەشتو گوزاری کە لە سەرەوە پاس کراوەو ماوەی کرێکە ساڵێکە لە ١ـ١ـ١٩٧٨ تا ٣١ـ١٢ـ١٩٧٨ ، ئەتوانرێ نوسخەیەك لە مەرجەکانی ئەو قۆنتەراتە لە ئەمینداریەتی گشتی بەرێوەبردنی شارەوانیو هاوینە هەوارەکان دەست بکەوێت ٠

ئەندەزەکان بە بەرێوە بردنی شارەوانیو هاوینەهەوارەکان لە ناو زەرفێکی مۆرکراودا پێشکەش ئەکرێت و پێویستە ئەندەزەکان بارمتەی سەرەتایی یان لە کەمتر نیە (٤٠٠) چوارسەد دینار ئەقدی بۆ میوانخانەکانو (٢٥٠) دووسەدو پەنجا دینار ئەقدی بۆ گازینۆکان ، نووسراوێکی باوەڕپێکراوەکە لە یەکێك لە بانقەکان دەرچووبێت لە ئێوەی کەفالەی بانقدا وهەر چەکێکی مۆرکراو نەبێ قبول ناکرێتو موزایەدەکەش ئاشکرا نەبێ ٠

ماوەی پێشکەش کردنی ئەندەزەکان لە کاتژمێری دوانزەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٤ـ١٢ـ٧٧ هەر ئەندەزێك لە کاتو ڕۆژی دیاری کراوی خۆیدا پێشکەش ئەکرێت یاپسولەی بارمتەر نووسراوی (ضمان) و یا شەهادە ئنامەی شارەزایی لەگەڵ ئەندەزەکە هیچ ئەژمێردرێو پشت گوێ ئەخرێ ، کرێ کە ئەکرێت بە سێ بەش لە ماوەی شەش مانگی یەکەمیدا ئەدرێتو بارەی بڵاو کردنەوەی ئەم بۆزانینە لەسەر ئەو کەسەیە کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرئەچێت ، ئەم ئەمینداریەتییە لە سەری نیە بەرزترین نرخ یا هەر نرخێکی کە قبول بکات ٠

ئەمینداری گشتی بەرێوەبردنی
شارەوانیو هاوینە هەوارەکان

لە چاپکراوەکانی :
دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی

لەسەر نووسینو لێکۆڵینەوەی
دوکتور مارف خەزنەدار

کەرتە بازاڕەوە

ڕەسوول گەمزاتۆف (پاشماوە)

بدەن ، هەڵدەستن بە جلوبەرگی خواستەمەنیو ناڕەسەن دایان دەپۆشن ٠ تەقەلا دەدەن لە بەنا فۆرمی بریقەداردا لاوازیی بیری خۆیان بشارنەوە[١٠] ٠

یەکێ دلسۆزی هونەر بێ ، هەڵبەتە دەبێ دلسۆزی بیری خۆیشی بێ ٠ بەپێچەوانەشەوە یەکێ دلسۆزی بیری خۆی بێ ، دەبێ دلسۆزی هونەرەکەیشی بێ ٠ دیارترین ڕووی فۆرمی شیعر زمانە ٠ بۆیە زمان کاریگەرترینو بڕندەترین چەکە بەدەست نووسەری سوارچاکەوە ٠ ئەگەر بیر وەکو ئاوێکی ڕوون بێ ، زمانیش وەکو دەفر وایە ، دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگی ئاو بگۆڕێ ٠ ئەگەر بیرکردنەوە نەچێتە ناو قالبی زمانێکی باراوو بێگرێوە ، بیرکردنەوە نییە ٠ گەمزاتەف کە بیر لە فۆرمێکی لێوەشاوەو لەبار دەکاتەوە ، پێش هەموو شتێك سۆزاخی زمان دەکا ، چونکە « ئەوکەسەی کە بڕیاری شیعر نووسین دەدا ، بێ ئەوەی زمان بزانێ ، وەکو گێلۆکەیەك وایە کە باز بۆ ناو ڕووبارێکی بەکوڕو بەنگاو هەڵاوێ بێ ئەوەی مەلە بزانێ »[١١] ٠

گەمزاتەف جگە لە زمانی زگماك زمانیتریش دەزانێ کە ڕەنگە دەوڵەمەندترو دەزبڕتر بێ لە زمانی ئافاری کە زمانی کەمایەتییەکی زۆر بجووکە ٠ بەڵام بەدرێژایی ژیانی هەر بەو زمانەی نووسیوە کە دایکی لایلایەی پێ بۆ گوتووە ٠٠ هەقایەتۆکەو ئەفسانەی بۆ گێڕاوەتەوە ٠ وەکو ئینینەر ناسیۆنالیستێکی ڕاستەقینەو دوژمنێکی خوێنەخۆی هەموو دیاردەیەکی کۆسمۆپۆلیتیزمی شانازی بە زمانەکەی خۆیەوە دەکاتو هەموو ڕۆژی پەیمانی عەشقی لەگەڵدا نوێ دەکاتەوە ٠٠ ڕۆژی لە کەسێکە کە بە هەڵە بینووسێ یا پێی بدوێ ٠ شاعیر نووسیویە دەڵێ :

« بەلای منەوە زمانی میللەتان وەکو ئەستێرەن بە ئاسمانەوە ٠ من حەز ناکەم هەموو ئەستێرەکان تێکەڵەوەو تاکە ئەستێرەیەکی گەورەی ئەوتۆیان لێ پێکبێ کە نیوەی ئاسمان داگیر بکات ٠ لەبایتی ئەستێرەیەکیوا خۆرمان هەیە ٠ لێگەڕێن با ئەستێرەیەکیوا بدرەوشێتەوە لێگەڕێن با هەرکەسەو ئەستێرەیەکی خۆی هەبێ ٠٠ من ئەستێرەی خۆم خۆش دەوێ کە زمانی خۆشەویستی ئافاریە ٠٠ من بڕوا بە گیۆلۆژەکان دەکەم کە دەڵێن : لە هەناوی چیایەکی پچووکیشا دوور نییە زێڕێکی زۆر هەبێ »[١٢] ٠

پەراوێزەکان :

(١) ڕەسوول گەمزاتەف ، چاپی ئینگلیزی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٤ ، لاپەڕە ١٢ ٠
(٢) هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ١٣ ٠
(٣) ئینستیتووت : معهد ٠
(٤) ڕەسوول گەمزاتەف ، داغستانەکەم ، بە ڕووسی ، مۆسکۆ ، لاپەڕە ٤٥ ٠
(٥) ڕەسوول گەمزاتەف ، شیعر ، چاپی ڕووسی ، مۆسکۆ ١٩٧٤ ، لاپەڕە ٥٢٨ ٠
(٦) هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ٥١٨ ٠
(٧) ڕەسوول گەمزاتەف ، داغستانەکەم ، بە ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ ، لاپەڕە ٧٢ ٠
(٨) ئایدیا : فکرە ٠
(٩) ڕەسوول گەمزاتەف ، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ١٨ ٠
(١٠) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ٤٢ ٠
(١١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ٥٢ ٠
(١٢) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ٥٥ ٠

تیغەکەی ناوی دارین بێ ، ئەوا لە هەوا بەولاوە هیچیتری نەبێ نابڕێ ! جلوبەرگ ٠٠ ئەگەر مرۆڤێکی جوان هەبێ ، بۆچی هەول ئەدەین کاڵایەکی لێوەشاوەشی بۆ بدووورین ؟

ڕاستە ، ناوەڕۆکو فۆرم ، بە لای منەوە ، نەك هەر مرۆڤو کاڵان ، خەنجەرو کاڵانن ٠٠ بگرە وەکو گۆشتو ئێسقان ، خوێنو دەمار ، قارچکو ڕیشە ، باڵدارو باڵ یەکتر تەواو دەکەنو هیچیان بێ ئەویان ماناو شوێنی خۆی بزر دەکا ٠

شاعیر ئەگەر درۆزن نەبێو بزانێ دەڵێ چی ، دەبێ بردێك دروست بکات لەنێوان خۆیو خوێنەرەکەیدا ٠ ئەو بردەش بە کەرەستەی زمانو وێنە شاعیرانە هەڵدەبەسترێو دارەڕا دەکرێ ٠ گەلێ جاران کە خوێنەر لە شاعیر ناگات ، لەبەر قووڵیو پەیتی بیری شاعیر نییە ، بەڵکو لەبەر ناڵۆزی یەتی ٠ گەمزاتەف لەم ڕووەوە دەڵێ : « هەندێ هونەرمەند ، ئەوانەی بێبەشن لە بەهرە ، لە دان بە خودا گرتنو سەرفرازی ، بۆئەوەی برەو بە کەڵوپەلەکانیان

لەگەڵ ئافرەتانی (پاشماوە)

باخچەی منداڵان لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا پێشنیاریکم پێش کەش کرد ، کە یاری منداڵانیان تێدا مسۆگەربکرێت وە خانووی بەخێوکردنی ساوایان (دور الحضانة) بڵاو نەبێتەوە بەشێوەیەکی دواکراو پێویستی لە ئاڵمانیادا بایەخدانبە خواردنو تەندروستی منداڵ زۆر گەورەیە ئەم بایەخدانەش لە لای نیمە هەیە بەڵام یاریەکانی منداڵ زۆرکەمن بگرە هەر نییە ٠

بینایەتی قوتابخانەکان جێگای زمارەی قوتابیانی تێدا نابێتەوە ودەمەش وامان لێدەکات کە بینایەتێك بوسێو چوار قوتابخانە بەکاربهێنین ، لەبەر ئەمە پێویستیەکی زۆرمان هەیە بە درورستکردنی بینایە بۆ قوتابخانە ٠

ـ ئایا هیچ گۆڕانیکت بەدیکرد لە کارەکەتدا ؟

وتی : گۆڕانی دەوری سەربەرشتییە بەروەردەیەکان بەشێوەیەکی دیارکراو پاش بەربابوونی ئۆتۆنۆمی ٠٠ لەپێشدا موشرفی پەروەردە وەکو ڕاوچیەك هەڵەکانی مامۆستای ڕاو ئەکرد هەمیشە موشیرفو بەڕێوبەری قوتابخانە لەبەریەکدا بوونو مامۆستاش لەبەریەکیتر ٠ ئیستا کە موشیرف لەگەڵ مامۆستادایەو ئاراستەی دەکاتو ڕاپورتەکان بەنهێنی ئاووسیرین ، بەڵکو موشریف دێت مامۆستا ئاگاداری کەمو کوڕیەکان دەکاتو بڕیای چاکی ڕاپورتەکە دەدات ٠ وەپیاـ بوونی پەیوەندیەکی پێشیی مرۆڤایەتی ، ئەویش بە هۆی چاودێریکردنی حیزبیو میللیوە ٠

سەبارەت بە ئارەزووکانی پرسیارم لێکرد ؟

وتی : گۆڤاری (الاجیال)و گۆڤاری منداڵ بەشێوەیەکی گشتی هەردوو مامۆستا کەم بەجێهێشت لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی بەسەر زیانیاندا هاتووە پاش ئۆتۆنۆمی وە خەون بەگەشەکرنیکی مەزنترەوە دەبینن ، وەباوکیانیش ناوبەناو بەشداری کۆڕەکەی دەکردین دوای چەند ساڵیکی دوورو درێژ لە پەروەردەکردنی ئەوەکاندا بەسەربردوە ٠

Institut Kurde de Paris

(هاوکاری)تان چۆن ئەوێ ؟

خوێنەری بەڕێز :

لە ٩-١-١٩٧٨دا ، وۆژنامەی (هاوکاری) مۆمی ژمارە نۆی تەمەنی لە دنیای رۆژنامەگەری کوردیدا دائەگیرسێنێ ، وەك هەموو کات بۆ هەنگاوناں بەرەو پێشەوەو بەرەو پەرەپێدانی زیاتر پشتمان بە هاوکاری دۆستانەو پێشنیاری خوێنەرانی بەڕێز بەستوە ئەمجارەش ، وە لە چوارچێوەی ئەخشەیەکدا بۆ پەرەپێدانی چاکتری (هاوکاری) تکامان وایە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە :

- پێشنیارتان (تێکرا) بۆ پێشخستنی رۆژنامەکە چیە ؟!

- بیروڕات بەرامبەر چۆنیەتی دابەش کردنی لاپەڕەکان بەپێی باسو نووسراوەکان چیەو بەلای تۆوە چۆن بێ چاکترە ؟

- پێشنیارت چیە بۆ کردنەوەی گۆشەی نوێ یان لاپەڕەی تایبەت بۆ ئەو کاروبارانەی بەلای تۆوە زیاتر شایانی بایەخ پێدانە ؟

هیوادارین لە ئێستاوە هەتا کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم ـواتە ئەم مانگەـ وەڵامەکانمان بێ بگات و بەم ناونیشانە :

بەغدا - مەیدانی خەلانی - دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - رۆژنامەی (هاوکاری)

بغداد - شارع الجمهورية - ساحة الخلاني - دار الثقافة والنشر الكردية - جريدة (هاوكاری)

پێشانگای فۆتۆگرافی دووەمی هونەرمەند نەوزاد مەجید

● رۆژی دووشەمەی رابوردوو لە ژێر چاودێری بەڕێز ئەرشەد ئەحمەد محمد پارێزگاری سلێمانیدا ئەقابەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لقی سلێمانی پێشانگای دووەمی فوتوغرافی هونەرمەند نەوزاد مەجیدی کردەوە .

لە هۆڵی ئامادەیی کوردوستانی کچان کە تا ٤-١٢-١٩٧٧ ئەخایەنێ

● لەکردنەوەی پێشانگاکەدا بەڕێز محمد زمام راستگری سەرکردایەتی شعبەی سلێمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو بەڕێز محمد پیرۆز روستم بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی ئامادە بوون .

● ئەوەی شایانی باسە هونەرمەندی ناوبراو ساڵی ٩٤٢ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە وە لە دەرچوانی خویندنگای هونەرە جوانەکانی بەغدایە ئێستاش ئەندامی کۆمەڵو هونەری وێژەی کوردی - مەڵبەندی گشتی سلێمانیەو لە هونەری وێنەگرتنی فۆتۆغرافیدا دەستێکی باڵای هەیەو گەلێ تازەبابەتی هێناوەتە کایەوە لە لەوحەکانی ئەمجارەیدا .

● هەروەها ساڵی ٩٧٥ پێشانگای یەکەمی کردۆتەوە ئەمەیش دووەم پێشانگایەتی کە نزیکەی ٣٩ وێنەی جۆراو جۆری تیا پیشانداوەو گەلی بابەتی جوان جوان باس ئەکەنو هەندێ فولکلۆری کوردی ڕەسەنی تیایە وەکو کۆچەرو شەرە کەوو ماڵە قۆڵێی منالان .. هتد لەم جۆرەشتانە .

● سەرەڕای ئەوەی کە هونەرمەند وێنەگرێکی یەکجار بە توانایە لە دەرهێنانیشدا دەستێکی باڵای هەیەو بەرهەمیش لەم روەوە پێش کەش کردوە .

● **دەربارەی هونەرەکەی ئەڵێ .**

★ هەمیشە بەئاواتەوەم کە بتوانم باشترین بەرهەم پێش کەش بکەمو بتوانم بەگوێرەی توانای تایبەتی خۆم خزمەتی پێش خستنی هونەری کوردی بکەم وەنیازیشم نیە کە لەم روەوە کەم تەرخەمی بکەم وئیتر پاشە رۆژو چارەنوسیش خۆیان ئەزانن چیان بەدەستەوەیەو ، چی ئەهێنەکایەوە . خوا بکات هەموو دلسوزانی هونەر شانی هەول بجوڵێنو هونەر بەرەو هونەری پێشکەوتن خواز بەرن بۆ پاشە رۆژێکی روناکی هونەری کوردی .

ئەم هەرۆهشە بۆ خەم دەخوا؟

● **ناوت چیە ؟**

- نازانم ..

● **خەڵکی کوێی ؟**

- نازانم ..

● **کەست هەیە .. دایکت هەیە ؟**

- ئەگەر دایکم هەبوایە وام لێ نەدەهات !

یەکەمجار چوومە لای ئەم مرۆڤە ئەوەبوو گفتوگۆم لە گەڵیدا . خۆی دەڵێ نازانم خەڵکی کوێم ؟ دەبێ وابێ .. ! نەخێر ...

زۆر چوومەتە لای ئەم پیاوە ، خەڵکی پێی دەڵێن شێتو بە ڕوخساریش لە شێت ناچێ .. جنێو ناداو بە هیچ جۆرێ قسەی ناشیرین ناکات .. هیچ کردارێکی لەوتۆ ناکات لە ڕەفتاری شێت بچێ .. دیارە لەلای ئێمە ئەوەی ژیان سەرگەردانی بکات شێتە !!

لە پەنا دیوارێکدا لە گەرکوك - لە رێگای شۆریجە ، پاڵی داوەتەوەو هەندێ تەنەکەو شتومەکی ناوەتە پاڵ یەکەوەو وەکو هێلانەی بۆ خۆی کردبێ وایە .. سوالیش ناکات ، خێرەومەند خواردنو جگەرەو پێویستی تری بۆ دەهێنن بە درێژایی رۆژ جگەرە دەکێشی ، وەکو لە بیرکردنەوەیەکی بێ بنو دابێ وایە دەبێ بیر لەچی بکاتەوە ئەو خەمە قورسەی وای لێ کردوە دەبێ چی بێ ؟ ئاخۆ ئێستا ئەم ژیانە چەند شکەژاوو سەر لێ شێواوە لە دەروونی ئەم مرۆڤەدا .. ! دوور نیە دلداریو خۆشەویستی وای لێ کردبێ !

وەکو هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە ئەم پیاوە (حەمە)ی ناوەو خەڵکی ناوچەی سەنگاوە ، ئافرەتێکی خۆش ویستووەو باوکو کەسو کاری ڕێگایان لێ گرتوە ، ماوەی سێ ساڵ لەمەوبەر .. لە ئەنجامی ئەو ژیانو بیرکردنەوەو پەژارەیەدا ئەم پیاوە باری دەروونی هێندە گران بووە کە دەیبینی تەنها هەست بەوە دەکەی هەر خەم دەخوا .

مارف عمر

سینەما..

چاکترین ئەکتەر :

لە میهرەجانی سینەمایی موسکۆدا « نیرینا بتروفتش » بە چاکترین ئەکتەر هەڵبژێردرا ، لەو دەورەدا کە لە فلیمی « خۆشەویستی وەرزێکی تری هەیە » . لە فلیمە بە ناوبانگەکانی ئەم « شالیمار »ە وە کە باسەکەی دەربارەی نەرێتی « ماهورات » یەو نەرێتێکی کۆنی هیندیە . بەر لە دەستکردن بەکار لە فلیمەکەدا ، جینا جۆنە لا بەخت گرەویەکی هیندیو بەختی خۆی گرتۆتەوە ، بەختگرەوەکە مژدەی داوەتێ فلیمەکەی سەرکەوتو نەبێ !

صۆفیا لۆرین :

ئێستا صۆفیا لۆرین خەریکی دەوربینینە لە فلیمێکی میزوویدا بەناوی « ئەنجیلا »ە وە کە لە داستانی ئەغریقی بەناوبانگ « مەلیك ئۆدیب »ە وە وەرگیراوە ، صۆفیا وتویە : زۆر شانازی بە دەورەکەمەوە ئەکەم لەم فلیمەداو بەچاکترین فلیمی ئەزانم کە دەوری باڵەوانیەتیم تیاگێڕابێ . فلیمەکە لە لایەن « بوریس سیجال »ەوە دەرئەهێنرێ لە وڵاتی کەنەدا وێنەی ئەگیرێ ؛

جینا لۆلۆ لە هیندستان :

جینا لۆلۆ برجیدا ئەکتەری ئیتالیایی ناسراو ئێستا بەشداری فلیمێکی هیندستانی ئەکات بەناوی « ئەوەی بەرگری لە چیاکان ئەکاتو گەلەکەی ئەپارێزێ ، سەرکەوتوو نابێت ، تۆ کە بەرگری لە چیاکان ئەکەیت ، پێویستە لەلات ڕوون بێت کە تۆ بەرگری لەگەلەکەت ئەکەیت کە لەسەر ئەم چیایانە ئەژی .

« هاوڕێ صدام حسین »

درەختێکی زەبەلاح

لەم دواییانەدا زانایانی ڕووەك لە چین ، درەختێکی (سەروو)ی زەبەلاحیان لەبانی(تێبت) دۆزیوەتەوە لە ئەسیلەی (سەنەوبەر)ەوتەمەنی هەزار ساڵە .

قەدی درەختەکە پێنج مەتروهەشتا سەنتیمەتر ئەستوورە ، وادەرئەکەوێت گەورەترین درەختیشە لەناوچەکەدا دۆزراوەتەوە ، درێژاییەکەشی لەنێوان سێ هەزار تا سێ هەزارو چوار سەد مەتردایە ، ئەم جۆرە درەختەش تەنیا هەر لەناوچەی تێبتدا هەیە .

هەرچارەی نووسینێك

ڕوون کردنەوەیەك دەربارەی « ئاگرە سورە لەخۆم دورە »

کاك ئازاد محمود لە ژمارە ٣٩٤ی رۆژنامەی هاوکاریدا وتارێکی لە ژێر ناوی « ئاگرە سورە لەخۆم دورە » لەگۆشەی (هەر جارەی نووسنێك) بڵاوکردبۆوە ، لەم وتارەدا کاك ئازاد دەڵێ : « زۆر جار لەدوایی مردنی هونەرمەندێ یان گۆرانی بێژێ یان مۆسیقا ژەنێکی کورد دەست ئەدەین بەیەکداو ئاخ هەڵئەکێشین ... » .

منیش دەست دەخەمە ناو دەستی کاك ئازادو بیرو ڕایەکەی پەسند دەکەم وە زۆر کەیفخۆش دەبم کاتێ کە دەبینم هەستی جەماوەر بەرامبەر بەهونەر بەهەموو شێوەکانیەوە بەتایبەتی لەکوردستانا دەجۆڵێتەوە ، ئەمەش نموونەیەکە بەلکو بەلکەیەکە کە هونەرمەندانی کورد بەهۆی بەرهەمەکانیانەوە چوونەتە ناو ناخی دەروونی هەموو هاوولاتیێك و هونەری کوردیش شوێنی پێی خۆی لەناو کۆمەڵدا کردۆتەوە ، دوای ئەوەی چەند تیبێکی هونەریو چەند هونەرمەندێك توانیان لەم ساڵانەی دووایيەدا هونەرێکی پاکو ڕەسەن پێشکەش بە جەماوەری کوردستان بکەن .

دووبارە دووپاتی دەکەمەوە کە پێویستە هونەرمەندان بەخەڵك بناسێنین و لەژیانیان بکۆڵینەوەو بەرهەمەکانیان بنرخێنین ، ئەمەش پێویست بەوە دەکات هەرچی پەیوەندی بەهونەرمەند هەیە بیارێزرێ بو ئەوەی وەکو سەدان بلیمەتی گەلەکەمان ناویان وون نەبێت .

لەم بارەیەوە حەز دەکەم شتێك ڕوون بکەمەوەو بەکاك ئازادو هەموو خوێنەران ڕابگەیەنم کە لە بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری لە ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیریو لاوانی ناوچەی کوردستان لقێك هەیە بەناوی (لقی ئەرشیفو پاراستنی بەلگەنامە) واتە (شعبة الارشيف وحفظ الوثائق) بۆ مەبەستی بارێزگاری کردنی ناوو بەرهەمی هەموو هونەرمەندو ئەدیبی ناوچەکە پێکهاتوە ، چەند (ئیستارە) یەکی تایبەتیش ئامادەکراوە کە تیایدا چەند پرسیارێك دەربارەی ژیانو خوێندنو بەرهەمی ئەو کەسانە نووسراوەتەوە . ئەم ئیستارانەش بۆ چەند هونەرمەندو ئەدیبو رۆشنبیر ناردراون ، وە نیاز وایە لە رۆژانی داهاتودا بۆ گشت هونەرمەندو ئەدیبان بنێردرێ . بێگومان بەرخستنی ئەم هەنگاوە ئەرکی سەرشانی گشت رۆشنبیرێکی دلسۆزە بۆ ئەدەبو هونەری گەلەکەمان چونکە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگو سوودبەخش بۆ ئەو کەسانەی لەلایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبو هونەری کوردی دەکۆڵنەوەو باس دەنووسن .

جان توماس جانو

جیهانی منالان

کەشتی

چیرۆك بۆ منالان

رۆژێك لە رۆژان ، جووجەلەو بۆقو مشكو میروولەیەك پێکەوە چوون بۆ سەیران .. رۆیشتن هەتا گەیشتنە سەر ڕووبارێك !

بۆقەکە ووتی : با هەلە بکەین ... ئەمەی ووتو خۆی خستە ناو ئاوەکەوە .

جووجەلەو مشكو میرولە ووتیان :

خۆ ئێمە مەلەوانی نازانین !

بۆقەکە پێکەنیو ووتی ئەی ئێوە ، چ دەزانن ؟!

گەلێك پێکەنیو خۆی نقووم کرد .

جووجەلەو مشكو میروولەکە ، خەم دایگرتن ، کەوتنە بیرکردنەوە ، بەڵام دوایی بریاریاندا .

جووجەلەکە ووتی :

با کەشتیەك دروست بکەین ، هەندێ گەڕاو گەلایەکی هێنا !

مشکەکە : پەلکە گوێزێکی هێنا

میروولەکە : بۆشکەیەکی هێناو جووجەلەکە دیسان داوێکی هێنا !

ئیشەکەیان دەست پێ کرد .

پووشکەکەیان لە پەلکە گوێزەکە چەقاندو گەڵاکەیان بەداوەکەوە گرێ داو ، کەشتیەکی چارۆگە داریان دروست کرد .

کەشتیەکەیان خستە ناو ئاوەکەوەو ، هەر سێیان چوونە ناوی ، بەم جۆرە لە ڕووبارەکە پەڕینەوە !

کاتێك بۆقەکە سەری خۆی لە ئاوەکەدا ، دەرهێنا ویستی جارێکی تریش پێیان بکەنێ ، بەڵام کەشتی یەکەیان زۆر دوورکەوتبۆوە ، زەحمەت بوو ، بتوانێ جارێکی تر بیانگاتێو پێیان بکەنێ !!

ئەبوبەکر خۆشناو
کردوویە بە کوردی

بۆتان بگێڕەوە ..

منالە ئازیزەکان ، ئەمجارە باسێکتان دەربارەی (سپلەیی) بۆ ئەگێڕمەوە :

خالۆ شاسوار بێچووەگورگێکی لە ناو شاخێك دا دۆزیەوە .. کردیە باوەشیو هێنایەوە بۆ ماڵ .. لە ڕێگا بەخۆی دەوت :

- بە خوڵای هاوەڵێکی چاکم بۆ بەرخۆلەکە پەیدا کرد .. بابەیەکەوە یاری بکەنو منیش شمشاڵیان بۆ لێدەدەم .. خالو شاسوار ئێواران بەرخەکەو بێچووە گورگەکەی لەگەل خۆی دەبردە پشتێ .. لە پەنا بەردێك پاڵی دەدایەوەو شمشالەکەی ئەخستە سەر لێوی یەوە .. ئەوانیش گوێیان لێ دەگرت .. جاریوا هەبوو پاروویی لەزاری خۆی دەردەهێنایەوەو دەیکرد بە دەمی بێچووە گورگەکەیەوە .. بەیانیەك خالۆ شاسوار کیسەو سەبیلەکەی دەرهێناو یەك دوومزی قوولی لە سەبیلەکەیدا تەماشای بەرخەکەی کرددیتیوا دووگەکەی داخستووە ، بێچووە گورگەش لەلایەوە پاڵی داوەتەوە .

دوای ماوەیەك دەستیان کردبەیاری کردن .. خالۆ شاسوار هەر لای وابوو وەك جاران یاریو گەمان دەکەن ، کەچی لەپڕ بارەیەك پەیدا بوو .. تومەز گورگەکە پەلاماری بەرخەکەی دابوو .. مامشاسوار هەستاو پەلاماری داری لەگورگ داو ڕاوی ناوسەگەلی ئاوایی تێگردو دەری کرد .

منالە خۆشەویستەکان : ئەمە مانای سپلەیی گورگەی دەرخست ، لەبەر ئەوەهەرچی سپلەیی و بێ وەفایی بکات ناتوانێ دۆستایەتیو خۆشەویستی بۆ خۆی زامن بکات ، مرۆڤ دەبێ بەوەفاچاکەی لەبیر نەچێو بەچاکە وەڵام بداتەوە .

- شکریە -

منالی کوردو مۆسیقا

زۆر مایەی دلخۆشیە کە منالانی کورد لە پێشکەوتندا بن وەکو منالانی دیکەی جیهان منالانی کورد زۆر بە چاکی حەز بە فێربوونی مۆسیقاو گۆرانیو نواندن دەکەنو هەوڵی دوا رۆژێکی روناك ئەدەن بۆ زیاتر پێشکەوتنی وڵاتەکەیانو خزمەت گوزاری نیشتمانەکەیان . وەئێستاش لە زۆر ناوچەی کوردوستان هەوڵی فێرکردنی منالان دەدرێ لەو روەوە ، بۆ نموونە لە ناوچەی رەواندووز تیپی مۆسیقای منالان کراوەتەوە لە قوتابخانەی (پاشای گەورە) ، ئەمەش لە ژێر چاو دێری مامۆستای مۆسیقازان (زرار حاجی محمد) .

مامۆستا زرار بە هەوڵی خۆی توانیوێتی چەند ئامێرێکی مۆسیقا بۆ منالان ئامادە بکات ، وەکو (عود ، کەمان تەبلە) بۆ ئەوەی منالانی ئەو ناوچەیە فێری مۆسیقا بێو لە هەنگاو نانو چالاکی دایە لە رووی هونەریەوە .

ئەم تیپە خنجیلانەیە توانی ئاواتی منالان بێنێتەوە جێ لە ٢٦-٦-١٩٧٧ دا ، کە تا ئەو رۆژە هەر چاوەڕوانی ئەو ئاواتە پیرۆزە بوون ، کە دەنگی مۆسیقا لەگەل دەنگی تافگەکانو هاژەی بادا دەنگ بداتەوە .

ئامادە کردنی
چیناز بەکر خان

چالاکی جیهانی منالان

● لە هۆڵی مۆزەخانەی هونەرە تەشکیلیەکانی قوتابخانەکان ، لە پارێزگای بەغدا پێشانگای دۆستایەتی یابانی - عێراقی بۆ منالان هەر دووك دەوڵەتی دۆست ساز کراوە . وەئەم پێشانگایەش چەندەها نیگارو وێنەی بە دەست کێشراووقەشەنگی هەر دوو لا تیا پیشان دراوە .

● بەشی بڕۆگرامی منالان لە تەلەفزیۆنی کۆماری عێراق بە یارمەتی لەگەل یەکێتی گشتی لاوانی عێراق شانۆگەرییەکی نوێی بە ناوی (براەدران)ەوە تۆمار کردوە ، وەئەم شانۆگەرییەش لەئامادەکردنو دەرهێنانی (عبدالعزیز عبدالوهاب)ە .

● تیپی ئاوازو گۆرانی منالان لە ئیزگەی (صوت الجماهير) بەرەو ئیسپانیا کەوتە ڕێ بۆ پێشکەش کردنی گەلێ چالاکی منالان .

هەڵبژاردە

★ بە نرخترین شت چیە لە سەر زەوی ؟

هەندێك وا دەزانن کە زێڕو ئەلماسو زیوو بە نرخترین شتن لە زەویدا ... کەچی خاڵو خۆڵ لە هەموو شت بە نرخترە ، چونکە رووەکو دارو درەخت بە گشتی پشت بە خاڵو خۆڵ دەبەستن لە ژیانا ، ئەمە سەرە ڕای ئەوەی کە سەرچاوەیەکی سەرەکی کشتوکاڵو کەرەسەی تری پیشەسازیە .

★ منالی وەرزشەوان !

بچوکترین مەلەوان منالێکە تەمەنی (١٨) مانگە !! ئەم منالەش کچەو ناوی (ستیفانی) یە وەبۆ ماوەی (١٨) دەقیقە لە ناودا مەلە دەکات !

ئەم کچە باوکی راهێنانی بۆ دەکات ، لەوە بارەیەوە ئەڵێ : لەو باوەڕەدام (ستیڤان) ئەبێتە باشترین مەلەوان لە جیهاندا .

هاوڕێیانی گۆشە

سیروان سعدالله — هەڵکەوت سعدالله

وزا عبدالرحمن — بیجان همره

لوقمان علی — محمد صباح — ارنج شاکر — علی عبدالعزیز — خالد حامد — تریفە صباح — سۆران همزە

Institut kurde de Paris

چاپخانەی (دار العراق) لە بەغداد